قادر وریا

# قاسملوو
# لە ڕێبازی دا زیندووە



# "قاسملوو"

# له ڕێبازی دا زیندووه

( نووسین و وەرگێڕان لەبارەی کەسایەتی و
بیرو بۆچوونەکانی دوکتور قاسملووی نەمرەوە )

قادر وریا

**ناوی کتێب:** قاسملوو له ڕێبازی دا زیندووه

**بابەت:** نووسین‌و وه‌رگێڕانی سیاسی

**ساڵی چاپ:** ٢٠٠٥

**نۆرەی چاپ:** چاپی یه‌که‌م

**پیتچنین:** مه‌سعوود ره‌واندوست، کوێستان فتووحی، ئه‌فشین ئیسماعیلی

**دیزاینی ناوەوە:** کوێستان فتووحی

**دیزاینی بەرگ:** لوقمان که‌ریمی



نووسەر لەگەڵ ڕێبەری نەمر، دوکتور قاسملوو دا،
کانی مێو، کۆتایی سەرماوەزی ١٣٦٤(١٩٨٥)، کۆنگرەی حەوتەم

# پێرست

چەند قسەیەك لەگەڵ خوێنەرانی ئەم كتێبە دا ٩
پوختەیەك لە ژیانی پڕ بەرهەمی دوكتور قاسملوو ١٥

## فەسڵی یەكەم

**هەڵبژاردەی نووسینەكانم لە یادی ڕێبەری مەزن دوكتور قاسملووی نەمردا**

. خوێنێكی تازە لە دەماری خەباتو تێكۆشانی شۆڕشگێڕانەی كوردستان دا ٢٣
. شانازییەكی گەورە بۆ گەلی كوردو بۆ وڵاتی ئێران ٢٧
. یەكەمین كوردو یەكەمین ئێرانیی كاندیدای خەڵاتی نۆبێل ٣١
. گەلەكەمان لە پەژارەی لەدەستدانی ڕێبەرەكەی‌دا تەنیا نەبوو ٣٣
. ساڵێك دوای مەرگی دوكتور قاسملوو ٣٨
. دوكتور قاسملوو و بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێران ٤١
. قاسملوو بە فەرهەنگ، هونەردۆستو ئەویندارى ژیان بوو ٤٧
. دوكتور قاسملوو لە ڕێبازی دا زیندووە ٥٢
. ئەستێرەیەكی پڕشنگدارو بێ ئاوا بوون ٥٨
. لەسەر گڵكۆی ڕێبەرێكی گۆڕغەریب ٦١
. "هەموو شتێك بۆ جەبهە، هەموو ئیمكاناتێك بۆ سەنگەر" ٦٤
. "بەخۆڕایی لەدەستی بەرمەدەن ئەم خاكە شیرینە، حورمەتی بگرن" ٧٤
. تەقەكردن لە شانازییەكانی حیزبی دێمۆكرات لە پەنا ناوی بەرزی دوكتور قاسملۆوە ٧٧

. با درێژەدەری راستەقینەی رێبازی دوکتور قاسملووی نەمر بین ٨٧
. شەوێکی روون بۆ رۆژانی تاریك ٨٩
. سەفەر بۆ پێتەختی خەباتێکی خوێناوی ٩٣
. میللەتی قاسملوو لە سەر رێبازی رێبەری شەهیدیان ٩٧

## فەسڵی دووهەم

### هەڵبژاردەیەك لە وتووێژ، وتارو وتەکانی دوکتور قاسملوو

ـ شەڕی ئێران و عێراق و شوێنەواری ئەم شەڕە لە سەر جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد ١٠٢
ـ چەند بەشێك لە وتووێژی دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو لەگەڵ بڵاوکراوەی "راه ارانی" ١١٠
ـ بیرەوەریی دیدارێکی مێژوویی لە بەینی دوو شەهیدی گەورە دوکتور قاسملوو و داریووش فرووهەر ١١٩
. وتووێژێکی خوێناوی لە بارەی خودموختاریی کوردستانی ئێرانەوە ١٢٦
. گوڵبژێرێك لە وتەکانی رێبەری زانا، قاسملووی نەمر ١٣٤
. لە پازدەساڵەی ئاوابوونی هەتاوێك دا ١٥٢

## فەسڵی سێهەم

### هاوەدەردیی بە بۆنەی تیرۆری دوکتور قاسملۆوە، بیروڕاو بۆچوون لەسەر کەسایەتیی ئەم رێبەرە

. پەیامی حیزب و رێکخراو و کەسایەتی‌یە ئێرانی‌یەکان ١٦٠
. پەیامی حیزب و رێکخراو و کەسایەتی‌یە بیانی‌یەکان ١٧٠
. چەند بەشێك لە قسەکانی دوکتور بێرنارد کوشنێر لەسەر گڵکۆی شەهیدان لە پیرلاشێز ١٨١

. قسەکانی توماس هامیر بێرگ، لەسەر گڵکۆی شەهیدان لە پێرلاشێز ١٨٣
. وتەکانی پاتریك بودوان لەسەر گڵکۆی شەهیدان ١٨٥
. ڕاستەخۆ بۆ سەرو هەر بۆ سەر چوو
هەردی جێهێشت و لە هەوران دەرچوو،عەلیرەزا نووری زادە ١٨٧
ـ قاسملووی ژیرو زانا سەفیرێکی هەڵسووڕ بۆ جووڵانەوەیەکی بێیارو یاوەر
مارك كراویتیز ١٩٦
. چەند پەیامی هاودەردی لە یەکەمین ساڵوەگەڕی شەهید بوونی دوکتور قاسملوودا ٢٠٣
. لەسەر دوکتور قاسملوو گوتراوە ٢١٠
. دوکتور قاسملوو لە ئاوێنەی بیروڕادا ٢١٥

**پەیام، وتارو نووسین بە بۆنەی ١٠ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملۆوە**

. ڕێوڕەسمێك لە پاریس بۆ ١٠ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی ٢٢٠
. پەیامی پیەر مۆروا سەرۆکی ئەنتێرناسیۆنالی سوسیالیست ٢٢٢
. وتاری مادام دانیەل میتران سەرۆکی بنیاتی فرانس لیبرتە ٢٢٣
ـ قسەکانی دوکتور بێرنارد کوشنێر، وەزیری لەشساغی و کاروباری کۆمەلایەتیی فەرانسە ٢٢٥
ـ قسەکانی دوکتور بیرنارد گرانژۆن سەرۆکی ئیفتیخاریی ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان ٢٢٨
. وتاری ئالێن شێنال دەبیری نەتەوەیی حیزبی سوسیالیستی فەرانسە لە کاروباری مێدیتەرانەدا ٢٢٩
. وتاری دوکتور کەندال نزان، سەرۆکی ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس ٢٣١
. کریس کۆچێرا: دوکتور قاسملوو ئەنیسکلوپیدیایەکی زیندوو بوو ٢٣٣

ـ بەیادی کاك دوکتور لە شەوی هەزارەی سێهەم دا دوکتور عەلیرەزا نووریزادە ٢٣٩

. پێش بینی‌یەکان‌و بۆچوونەکانی دوکتور قاسملوو زۆر زوو وەڕاست گەڕان دوکتور عەلیڕەزا نووریزادە ٢٤٥

## فەسڵی چوارەم

### لە پێوەندی لەگەڵ پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوودا

. سەفەری هەیئەتی ئوتریشی بۆ ئێران ٢٥٦

. هەواڵێکی تازە! لەبارەی پەروەندی تیرۆری وییەنەوە! ٢٦٠

یادی١٠ ساڵەی شەهیدانی وییەن لە وییەن: ٢٦٣

ـ قسەکانی دوکتورپیتێر پلیتس نووسەری کتێبی "ئیسکۆرت بەرەو تاران" ٢٦٤

. قسەکانی دوکتور هاینس فیشێر سەرۆکی پارلمانی ئوتریش ٢٦٧

. کورتەیەك لە قسەکانی نەسرین(هێلێن) قاسملوو,هاوسەری دوکتور قاسمللوی شەهید ٢٦٩

. کرۆنۆلۆژیی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو ٢٧٠

.ئەلبۆمی کتێب ٢٨٠

# چەند قسەیەك لەگەڵ خوێنەرانی ئەم كتێبەدا

دوكتـور قـاسملووی نـەمر، درێـژەدانی رێگـای شـەهیدانی بـە باشـترین پـاداش بـۆ ئـەوان دەزانـی. پـێم وایـە ئـەم وتەیـە قسـەیەكی یـەكجار جـوان و پڕمانایـە، هـەر بۆیـەش لـە مێـژە ساڵە بووە بـە دروشمـی سـەر زاری رێبـوارانی رێگاكـەی و، بـە كـردەوەش هـەوڵیان داوە وەفـاداری، ئەمەگناسـی و قـەدرزانیی خۆیان بەرامبەر بەم رێبەرە بە سوور بوون لەسەر خەبات لە پێناوی بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەكانی كـە ئامانجـەكانی گـەلی كـوردن، بسـەلمێنن. بەخۆشـی یـەوە رێگـا و رێبـازی قـاسملوو هـەر وا بـەردەوام و، رێبـوارانی رێگاكـەی و ئـۆگرانی بیروبۆچوونەكانی هەر لە زیاد بوون دان. لە حاڵێك دا ١٦ ساڵ لە شەهید بوونی ئـەم رێبـەرە مەزنـە رابـردوە، نـاوی، یـادی و بیروئەندیشـەكانی نـەك هـەر لـەبیر نەچـوونەوە، بـەڵكوو هـەر لـە گەشـانەوەدان و، بـۆ نەسـلە نوێـیـەكانی خـەڵكی كوردسـتانیش هـەروا سـەرنجراكێش، خۆشەویسـت و جێگـای رێـزن. نـاوی ئـەم رێبـەرە و ئامانجـەكانی بـوون بـە دروشمـی سـەرزارو، ئـاڵای دەسـتی لاوانـی

ئەمڕۆی کوردستان له کۆڕی خەبات‌و تێکۆشان به دژی دیکتاتۆری‌و زۆرداریی دەسەڵاتدارانی ئێران دا.

بەڵام لەگەڵ ئەو هەمووه ڕێزو خۆشەویستی یەش دا که بەرامبەر بەم ڕێبەره له نێو ڕۆڵەکانی گەلی کورد دا هەیەو سەرەڕای بەردەوامیی ڕێگاکەی، پێویسته خەڵکی کوردستان بەگشتی‌و به تایبەتی لاوەکان، وردترو زیاتر لەگەڵ ڕەهەندو لایەنه جۆراوجۆرەکانی کەسایەتی‌و بیروبۆچوونەکانی دوکتور قاسملوو ئاشنا بکرێن. هەر له بنەڕەتیش ڕا، درێژەدانی هەرچی باشتری ڕێگاو ڕێبازێك، پێویستی به ناسینی قووڵترو فراوانتری ئەو ڕێگاو ڕێبازه هەیه. بۆ ئەم مەبەسته له لایەکەوه پێویسته زۆر له نووسین‌و لێداوانه گرنگەکانی ئەم ڕێبەره شەهیدەو، ئەو باس‌و بابەتانەی له بارەی دوکتور قاسملۆوه له درێژایی ساڵانی ڕابردوودا نووسراون‌و بڵاوبوونەوه، سەرلەنوێ چاپ‌و بڵاوبکرێنەوه‌و بخرێنه بەرچاوی ئۆگرانی زانین له بارەی ئەم ڕێبەرەوه. چونکه دڵنیام بەشێکی زۆری ئەو بابەتانه، به هۆی زاڵبوونی هەلومەرجی پۆلیسی‌و زەبروزەنگ‌و بێ‌ئیمکاناتی‌و کەم دەرەتانی، ڕێژەیەکی زۆری خەڵك نەیدیتوون‌و نەیبیستوون. له لایەکی دیکەشەوه، پێویسته ژیان‌و خەبات‌و تێکۆشانی دوکتور قاسملوو، بیروئەندیشەکانی زۆر لەمه زیاتریان لەسەر بنووسرێ‌و له ڕوانگەی جۆراوجۆرەوه تیشکیان بخرێته سەر. بۆ ئەوەی نێوەرۆك‌و تایبەتمەندی‌یەکانی ڕێبازی ئەم ڕێبەره گەورەیه، وردترو زیاتر بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد‌و ئۆگرانی ڕزگاریی ئەم نەتەوەیه له بندەستی، دەربکەوێ‌و بۆ دەوڵەمەندتر کردنی ئەزموونی سیاسی، کەلتووری خەباتی نەتەوەیی‌و ئازادیخوازیمان کەلکی لێ‌وەربگرین. بەخۆشی یەوه ژمارەی ئەو کەسانەی خەریکی لێکۆڵینەوه لەسەر بیروبۆچوونی دوکتور قاسملوو، ڕۆڵی ئەو ڕێبەره له خەباتی نەتەوەیی‌و دێمۆکراتیی گەلی کورد دان، تا دێ زیاد دەکا که هیوادارم بەرهەم‌و ئاکامی زانستی‌و باشیان لێ‌بکەوێتەوه.

هەنگاو نانی من بۆ ئاماده کردنی ئەم کتێبەش لەم پێویستی یەوه

سەرچاوە دەگرێ کە ئاماژەم پێکرد. بەلاّم ئەوەندەی پێوەندیی بە نووسینەکانمەوە هەیە بە هیچ جۆر ئیددیعا ناکەم کارەکەم لە ئاستی گەورەیی کەسایەتیی دوکتور قاسملوو دایە، یا وەلاّمدەری ئەرکی پێویستی لێکدانەوە لە سەر روانین و بۆچوون و هەڵوێستەکانیەتی. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ: یەکەم ئەوە کە رەنگە هەر لە جێدا من بۆ هەنگاوێکی ئاوا گەورە، ئامادە و گونجاو نەبم. دووهەم هۆ ئەوەیە زۆربەی ئەم نووسینانەم کە لەم کتێبەدا بلاّو بوونەوە، کاتی خۆی بە مەبەستی یادی کارەساتی تیرۆری دوکتور قاسملووو رێزگرتن لە بیرەوەریی ئەو رێبەرەمان بۆ رادیۆو چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نووسراون. واتە نەهاتووم بە پێی پلان و پرۆژە، کتێبێك لە سەر کەسایەتی و بیروبۆچوونەکانی دوکتور قاسملوو بنووسم و لە ئاکام دا بپرژێمە سەر هەموو ئەو بوارو لایەنانە کە مەبەستمن. شتێکی سروشتی یە ئەگەر خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی ئەم وتارو بابەتانەدا کە لە فەسڵی یەکەمی ئەم کتێبەدا هاتوون، هەست بە دووپاتبوونەوەی چەند شتێك بکا. چونکە وتارەکان– زۆربەیان –بە بۆنەیەکی وەك یەکەوە نووسراون و، پێویستیش بوو لەم بۆنانەدا ئەو شتانە دووپات بینەوە.

فەسڵی دووهەمی کتێبەکە تەرخان کراوە بۆ وتارو وتووێژو وتەکانی دوکتور قاسملوو. دیارە ئەو بەشە لە وتارو وتووێژو وتەکانی کە بۆ خۆم لە درێژایی نزیك بە دوو دەیەی رابردوودا کردوومن بە کوردی، یا گوڵبژێرم کردوون و سەردێرم بۆ داناون و لە بیرەوەریی ساڵانەی شەهیدبوونی لە رۆژنامەی "کوردستان"دا بلاّوم کردوونەوە. لانیکەم دوو لەم بابەتانەم لەو کاتەدا کردوون بە کوردی و بلاّوبوونەتەوە کە دوکتوری نەمر هەر لە ژیان دابوو.

لە فەسڵی سێهەم دا ئەو پەیام و لێدوان و نووسینانە هەن کە لە بارەی کەسایەتیی بەرزی دوکتور قاسملووو روانگەو هەڵوێستەکانی ئەو شەهیدەو، کارەساتی تاڵی ١٣ی ژوئیەی ڤیەنەوەن. دیارە لەم بەشەش دا تەنیا ئەو پەیام و نووسین و وتووێژانەم هێناون کە بۆخۆم کردوومن بە کوردی. ئەمانەش، لەگەڵ

ئـەوەی هـەموو ئـەو شـتانه نـین کـه لـه پەسـنی دوکتـور قـاسملوودا گـوتراون‌و نووسـراون، بـەڵام کـەمیش نـین. چـونکه زۆربـەی ئـەو پـەیام‌و وتارانـەی دوای تیرۆری دوکتور قاسملوو، له ڕێورەسمی بەخاکسپاردنی‌و له یەکەم ساڵڤەگەڕی شـەهید بـوونی‌و لـه ۱۰ سـاڵەی کارەسـاتی ڤیـەن دا، بـه زمـانی فارسـی گەیشـتوونەته ڕۆژنامـەی "کوردسـتان"و بـۆ خـۆم کـردوومن بـه کـوردی، دەگرێتەوە. گونجاندنی پەیامی سەرەخۆشی‌و هاودەردیی حیزب‌و ڕێکخراوو کەسـایەتی یـه بیـانی‌و ئێرانـی یـەکان لـەم کتێبـەدا، بـۆ ئاگـاداریی خوێنـەری ئەمڕۆی کورد هەم له ناوو ژمارەیان‌و هەم له نێوەرۆکی پەیام‌و وتەکانیان‌و له هەڵوێسـتیان لـه کاتوسـاتێکی ئەسـتەمی مێـژووی گەلەکـەمان دا، شـتێکی پێویست بوو.

لـه چـوارەم فەسـڵیش دا کرۆنۆلـۆژی (ڕۆژمێـر)ی پەروەنـدەی تـیروری دوکتـور قـاسملوو لەگـەڵ دوو وتـاری پێوەندیـدار بـەو پەروەنـدەوە هـەن. ئـەم کرۆنۆلۆژی‌یەش بۆ کەسانێك که دەیانەوێ له پەروەندەی ئەم تیرۆره بکۆڵنـەوە، زانیاریی باشی تێدایـه. لـه راستی دا یـەکێك لـه مەبەستەکانم لـه ئامادە کردنی ئەم کرۆنۆلۆژی‌یه به تایبەتی‌و کتێبەکه به گشتی، کارهاسانی بۆ ئەو کەسانەیه که دەیانەوێ له بارەی دوکتور قاسملووە لێکۆڵینەوە بکەن.

نـاوی ئـەم کتێبـه: "قـاسملوو لـه ڕێبـازی دا زینـدووە"، بـه ڕێکـەوت هـەڵ نەبـژێردراوە. جگـە لـەوەی هـەر لـەنێو نووسـینەکانم دا، وتارێـك لـه ژێـر ئـەم سەردێڕەدا هەیه، لەسەرجەمی نووسینەکانم‌و له زۆربەی ئەو پەیام‌و وتارانـەش دا که وەرم گێڕاون‌و لێرەدا خراونەته بەرچاوی خوێنەران، ئەم باوەڕو بۆچوونه زاڵه که به شەهید بوونی دوکتور قاسملوو، ڕێبازەکەی کوێر نابێتـەوە‌و خەبات لـه پێنـاوی بەدیهێنانی ئامانجـەکانی دا، درێـژەی دەبێ. لێرەدا جێـی خۆیـەتی ئامـاژه بـەوە بکـەم کـه داهێنـەری ئـەم دروشمـە، هـاوڕێ‌و هاوسـەنگەری دێـرین‌و خۆشەویستی دوکتۆر قاسملووی ڕێبەر، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسـەن زادەیه کـه بـۆ تراکـت‌و ئافیشـی تایبـەت بـه یەکـەمین سـاڵڕۆژی شـەهیدبوونی دوکتـور

قاسملوو، ئەم دروشمەی لەگەڵ کۆمەڵێك دروشمی دیکەدا ئامادە کرد.

بە پێویستی دەزانم ئەوەش بڵێم عینوان وبەرپرسایەتیی ئەو کەسانەی وتار و پەیامیان لە سەر د.قاسملوو هەبووە، لە گەڵ ئەوەی لەوانەیە تا ئێستا گۆرانیان بە سەر داهاتبیّ،هەر وەك خۆیان هێشتوومنەوە.

لە نێو نووسەران و لێکۆڵەران و بە گشتی دانەرانی کتێب دا، رەسم وایە کە بەرهەمەکەیان پێشکێش بە کەس یا کەسانێك دەکەن. دیارە هەر کەس بە ئینسافەوە داوەری بکا و هەڵوێستەیەك لە نێوەرۆك و رێکەوتی نووسین و وەرگێڕان و ئامادە کردنی هەر یەك لە بابەتەکانی ئەم کتێبەو رادەو حەجمیان بکا، قەبووڵ دەکا کە لە پشت ئەم کارە بەردەوام و درێژخایەنەوە، خۆشەویستیی دوور لە ریا و ئۆگرییەکی راستەقینە بە کەسایەتی و بیروبۆچوونەکان و رێگا و رێبازی قاسملوو هەیە. هەر ئەم خۆشەویستی و ئۆگرییەشە هانم دەدا ئەم کتێبەم لە پێش دا پێشکێش بە یادی دوکتور قاسملووی مامۆستامان بکەم. پاشان پێشکێشی دەکەم بە هەموو ئەو کەسانەی دوکتور قاسملوو بە موڵکی هەموو حیزبی دێمۆکرات، هەموو گەلی کورد و مرۆڤایەتی بە گشتی دەزانن. پێشکێش بەوانە کە لە جیاتی خەوشداركردنی "ناو و رێبازی قاسملوو"_ بەکەلك لێ وەرگرتنیان وەك ئامرازێك لە شەڕی پۆست و مەقام و بەرەوپێشبردنی مەبەستی ناپیرۆزدا– هەوڵ دەدەن ناوی دوکتور قاسملوو بکەن بە رەمزێك بۆ یەکیەتی و هاوخەباتیی نەتەوەیی و، رێبازەکەی دەکەن بە قوتابخانەیەك بۆ لێ‌هەڵێنجانی بەها بەرزو ئەمرۆیی یەکان و، لەم رێگایەوە خەباتی نەتەوەکەیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم رێبەرە مەزنە، بەهێز دەکەن.

قادر وریا

خەرمانانی ١٣٨٤

( سێپتامبری ٢٠٠٥)

# پوختەیەك لە ژیانی پڕ بەرهەمی دوکتور قاسملوو

عەبدولرەحمان قاسملوو لە شەو زستان (شەوی یەلدا) ی ساڵی ١٣٠٩ی هەتاوی ڕێکەوتی ٢٢ی دیسامبری ساڵی ١٩٣٠ زایینی‌دا لە شاری ورمێ لە بنەماڵەیەکی خاوەن ملْکی دەست ڕۆیشتوودا لە دایك بوو. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی، پێشان لە ورمێ و دوایە لە تاران تەواوکرد. هێشتا زۆر منداڵ بوو کە لەگەڵ مەسەلە سیاسی‌یەکان ئاشنا بووو بیرو باوەڕی ئازادیخوازانە لە مێشکی‌دا جوولا. بۆ خۆی لەم بارەیەوە لە کتێبی "چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی"دا پاش باسی سەفەری ٣٠ کەس لە کوردەکان بۆ باکۆ لە سەر بانگهێشتنی دەوڵەتی شوورەوی، دەنووسێ :"هەر چەند ئەو کاتە من تەمەنم یازدە ساڵ بوو، بەڵام وەك زۆر منداڵی ئەو سەردەمە سیاسەت

سەرنجی ڕاکێشا بووم. بابم یەکێك لە ئەندامانی ئەو هەیئەتە بوو. زۆر باشم لە بیره کە لە باکۆ هاتەوه چەندین تاقەندی لەگەڵ خۆی هێنابوو، تا پڕێکی باشیشی پێ بوو. وادیاره سۆویتی‌یەکان قەندو تفەنگ‌و شتی دیکەیان بە دیاری دابوو بە هەموو ئەندامانی هەیئەت. قەند بە تایبەتی زۆر بە نرخ بوو، چونکه ئەو کاتە لە ئێران زۆر کەم و گران بوو. من ئەو کارەم زۆر پێ سەیر بوو، چونکه لە ماڵی ئێمە براکانم و ئامۆزاکانم کە لە من گەورەتر بوون، باسی ئەوەیان دەکرد کەبابم لەگەڵ چەند کەسی دیکە چوون بۆ باکۆ حەق‌و ئازادیی کوردان داوا بکەن. بۆیە ڕاست‌و ڕەوان لە بابم پرسی: ئەدی مافی کوردان چی لێ هات؟"

*(چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، چاپی دووهەم، ١٣٦٧ لاپەری ٦٢ - ٦١).*

عەبدولڕەحمان قاسملوو ساڵی ١٣٢٤ تێکۆشانی سیاسیی خۆی بە دامەزراندنی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لە شاری ورمێ دەست پی کرد. ساڵی ١٣٢٥ کۆماری کوردستان لە مەهاباد ڕووخا. بە دوای ئەو دا ئەویش بۆ خوێندن چووه تاران. ساڵی ١٣٢٧ بۆ درێژه پێدانی خوێندن چوو بۆ پاریس پایتەختی فەرانسە. گەیشتنی بە پاریس هاوکات بوو لەگەڵ تەقە کردن لە شا لە زانستگەی تاران (٢٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٧) کە بوو بە هۆی لە نێو چوونی ئازادی‌یە دێموکراتی‌یەکان لە سەرانسەری ئێراندا. بەو بۆنەیەوه کۆبوونەوەیەکی بەرینی خوێندکاره ئێرانی‌یەکان لە پاریس پێك هات کە لەوێ دا عەبدولڕەحمان قاسملوو بە درێژی لە دژی شاو ڕێژیمەکەی قسەی کرد لە ئاکام دا خوێندکاران پەیامێکی ئیعترازییان بۆ حەمە ڕەزا شا نارد. ئەم کاره بوو بە هۆی فشاری باڵیۆزخانەی ئێران لە پاریس، تەنانەت حکوومەتی فەرانسە بۆ سەر قاسملوو. سەرئەنجام ناچار بوو پاریس بە جێ بهێڵی‌و وەك یەکەم بوورسیەی ئێرانیی "یەکیەتیی نێونەتەوەیی خوێندکاران" چوو بۆ پراگ پێتەختی چیکوسلۆواکی. هەر لەو ماوەیەدا کە لە فەرانسە بوو، بە هاوکاریی

چەند خوێندکاری دیکەی کورد"کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئورووپا"یان دامەزراند.

لەو ماوەیەدا کە لە پراگ خەریکی خوێندن بوو لە تێکۆشانی یەکیەتیی نێونەتەوەیی خوێندکارانیشدا بەشدار بوو. ساڵی ١٣٣٠ بە نوێنەرایەتیی خوێندکارانی ئێران لە دووهەم کۆبوونەوەی ئەم ڕێکخراوەدا کە لە شاری پراگ گیرا، بەشدار بوو. هەر لەو ماوەیەدا وەك نوێنەری ئێران لە زۆر کۆبوونەوەو کۆنفرانسی فیدراسیۆنی جیهانیی لاواندا لە شاری بووداپێست پێتەختی مەجارستان بەشدار بوو.

ساڵی ١٣٣١ لە سەردەمی حکوومەتی میللیی دوکتور موسەدیقدا عەبدولرەحمان قاسملوو پاش ئەوەی لە زانستگەی پراگدا لیسانسی زانستە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانی وەرگرت گەڕایەوە ئێران. ئەو کاتە لە نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو حیزبی توودەی ئێران دا یەکیەتیی تەشکیلاتی هەبوو. قاسملوو پاش شەش مانگ تێکۆشان لەتاران هاتەوە مەهابادو لەوێ بەرپرسایەتیی کاری حیزبی بەئەستۆ گرت.

پاش کودیتای شوومی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ ناچار بوو بە تەواوی خۆی بشارێتەوەو بە نهێنی لە تاران و لە کوردستان خەریکی کاری حیزبی بێ. لەو ماوەیەدا عەبدولرەحمان قاسملوو سەرپەرستیی ڕۆژنامەی "کوردستان" ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی بە ئەستۆوە بوو کە تەنیا پێنج ژمارەی بە نهێنی لێ دەرچوو. هەر لەو ماوەیەش دا بوو کە کۆمیتەیەکی سەرانسەری بۆ کاروباری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەرپرسایەتیی ئەو پێك هات.

عەبدولرەحمان قاسملوو پاش پێنج ساڵ تێکۆشانی سیاسی لە ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان، ساڵی ١٣٣٦ جارێکی دیکە چۆوە چیکوسلۆواکی، ساڵی ١٣٣٧ (١٩٥٨) پاش سەرکەوتنی شۆڕشی عێراق و بووژانەوەی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی عێراق قاسملوو لەگەڵ چەند ئەندامی

مەسئوولی دیکەی حیزبی هەوڵیان دا له ڕێگای عێراقەوە ڕێکخراوەکانی حیزبی زیندوو بکەنەوە. بەڵام بە هۆی کارشکێنیی هێندێك لە بەڕێوەبەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لەو کارەدا سەرنەکەوتن. ساڵی ١٣٣٩ عەبدولرەحمان قاسملوو بە دەستووری دەوڵەتی عێراق لەو ولاتە دەرکراو گەڕایەوە بۆ پڕاگ.

ساڵی ١٣٤١ (١٩٦٢) قاسملوو لەزانستگەی پڕاگ دوکتورای زانستی ئابووریی وەرگرتو هەتا ساڵی ١٣٤٩ لە زانستگەی پڕاگ دەرسی "ئابووریی سەرمایەداریو ئابووریی سۆسیالیستیو تیئۆریی هەڵدانی ئابووری" ی گوتەوە. لەو ماوەیەدا دوکتور قاسملوو چەندین کتێبو نامێلکەی لە سەر گیرو گرفتە ئابووریو کۆمەلایەتیو سیاسییەکان نووسی کە لە هەموویان بە ناوبانگتر کتێبی "کوردستانو کورد"ە. ئەم کتێبە لە جێدا بە زمانی چێکی نووسراوە، تا ئێستا بە زمانەکانی ئینگلیسی، سلۆواکی، لەهێستانی، عەرەبیو کوردیو فارسیو هێندیوچەند بەشیشی بە فەرانسەیی چاپ و بلاو کراوەتەوە. دوکتور قاسملوو زمانەکانی کوردی، فارسی، تورکی، عەرەبی، فەرانسە، ئینگلیسی، چیکیو رووسی بە باشی دەزانیو بە زۆر زمانی دیکەش وەك ئەلمانی و زمانەکانی سلاو تا رادەیەك ئاشنا بوو. ساڵی ١٣٤٩ پاش دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی مارسو ڕێککەوتنی نێوان ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد لەکوردستانی عێراقو دەوڵەتی ئەو ولاتە ئیمکانی تێکۆشانی سیاسی لەکوردستانی ئێران زیاتر بوو. لەو کاتەدا دوکتور قاسملوو لە ئورووپا گەڕایەوەو بە هاوکاریی چەند کەس لە یارانی نیزیکی ئەرکی زیندوو کردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی بەئەستۆ گرت. لە کۆنفرانسی سێهەمی حیزبدا کە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٠ گیرا، دوکتور قاسملوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو پاشان بە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژێردراو لەو کاتەوە لە هەموو کۆنگرەکانی حیزبی دا وەك سکرتێری گشتی هەڵ بژێرایەوە. بەم جۆرە بۆ ماوەی هەژدە ساڵ وەك

رێبەرێکی کارزانو شارەزا لە پلەی یەکەمی مەسئوولییەتدا کاروباری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە یەکێك لە سەختترین قۆناخەکانی خەباتی ئەم حیزبەدا بەڕێوەبرد.

مامۆستای رێبەر دوکتور قاسملوو رۆژی ٢٢ی پووشپەری ساڵی١٣٦٨ (١٣ی ژوئیەی١٩٨٩) لە کاتێکدا بۆ دۆزینەوەی رێگای چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد لە ئێراندا لەگەڵ چەند نوێنەری حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە وییەن لە سەر مێزی وتووێژ دانیشتبوو لەگەڵ هاوڕێی تێکۆشەر کاك عبداللە قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتە یناوەندیو نوێنەری حیزب لە ئورووپا بە دەستی بە ناو نوێنەرانی دەوڵەت بۆ وتووێژی ئاشتی، شەهید کرا. لەو تیرورە ناجوانمێرانەیەدا دوکتور فازل رەسووڵ کوردی عێراقیی مامۆستای زانستگە لەوییەنیش هەر بە دەستی ئەو تیروریستانە شەهید بوو. (*)

**وەرگێڕاو لە رۆژنامەی "کوردستان" ژمارە١٦٣، پووشپەری ١٣٦٩( ژوئیەی ١٩٩٠)**

(*) ئەم بابەتە مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە، کاتی خۆی بۆ رۆژنامەی "کوردستان"، ئامادەی کردبوو. لە گەڵ ئەوەی لەم کتێبەدا تەنیا نووسین و وەرگێڕانەکانی خۆم لە بارەی دوکتور قاسملۆوە بڵاو کردوونەوە، گونجاندنیم لێرە دا بۆ ئاگاداریی خوێنەران لە ژیاننامەی رێبەری شەهیدمان بە پێویست زانی.

# فەسڵی یەکەم

## هەڵبژاردەی نووسینەکانم
## لە یادی رێبەری مەزن
## دوکتور قاسملووی نەمردا

# خوێنێكی تازە لە دەماری
# خەبات‌و تێكۆشانی شۆڕشگێڕانەی كوردستان دا

مانگێك لەمەوبەر لەودەم‌و ساتانەدا بوو كە رادیۆی دەنگی كوردستانی ئێران هەواڵی دڵتەزێنی تیرۆری جینایەتكارانەی دوكتور قاسملوو سكرتێری گشتیی حیزب‌و هاوڕێی بەوەج كاك عەبدوڵڵا قادری ئەندامی كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیمۆكراتی كوردستانی ئێرانی بڵاوكردەوە. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو خەبەرە ناخۆشە، دڵنیایی بە كۆمەڵانی ئازادیخوازی كوردستان‌و هەموو دۆستان‌و دڵسۆزانی راستەقینەی بزووتنەوەی كوردستان درا كە مەرگی رێبەرو مامۆستای بلیمەتی حیزب‌و گەلەكەمان نەك هەر نابێتە هۆی دامركانی ئاگری خەباتی شۆڕشگێرانەی خەڵكی كوردستان، بەڵكوو ئاگری ئەو خەباتە زیاتر دەگەشێنێتەوەو، لافاوێكی بە تەوژمی رق‌و بێزاری لە دژی دوژمنانی بەخوێن تینووی كورد وەڕێ دەخا.

لە دەم‌و ساتێكی ئاوادا رەنگە ئەو دەسەڵاتدارە كۆنەپەرستانەی پێیان وابوو بە تیرۆری دوكتور قاسملوو دەتوانن بەرۆكی خۆیان لە دەستی هەق ئەستێنی گەلی كورد لە كوردستانی ئێران رزگار بكەن، زۆر باوەڕیان بەو بڕیارە شۆڕشگێرانەیەی رۆڵە خەباتگێڕەكانی حیزبی دیمۆكرات، قوتابیانی مامۆستای شەهید نەبووبێ. بەڵام ئێستا كە تازە مانگێك بەسەر ئەو كارەساتەدا رابردوە، ئاخوندە كۆنەپەرستەكان دەبێ وردە وردە لێیان روون بووبێتەوە كە چ قوڕێكیان بۆ سەری خۆیان گرتۆتەوەو چۆن لەبەر نەزانی‌و جینایەتكاری، كوردستانیان لە ژێر پێی بەكرێگیراوانی خۆیان دا ئەوەندەی

دیکەش کردۆتە ئاگر. ئەوان بەرە بەرە دەبێ بۆیان دەرکەوتبێ کە ئەگەر لەلایەکەوە لەدەستچوونی دوکتور قاسملوو خەسارێکی گەورەیە لە بزووتنەوەی کوردستانو خەباتی سەرانسەریی گەلانی ئێران بۆ ئازادی، لەلایەکی دیکەشەوە ئەم تیرۆرە دەبێتە هەوێنی رقو بێزارییەکی زیاترو، ریزەکانی شۆرشگێرانی کوردستان پتەوترو یەکگرتووتر دەکا.

لەماوەی یەك مانگی رابردوودا دیتمان کە چۆن لە نێو کوردستان بە میلیۆن کەس لە پەژارەی مەرگی رێبەری پایەبەرزی خۆیان دا فرمێسکیان رشت، لەگەڵ حیزبی خۆشەویستی خۆیان، حیزبی قاسملووی نەمر هاودەردییان نواند، بەرانبەر بە گیانی پاکی پێشەواکەیان پەیمانیان نوێ کردەوە کە بە ئامانجو رێبازەکەی وەفادار دەبنو ساتێك لە خەبات لە پێناوی ئەو ئامانجانەدا راناوەستن.

لەنێو هێزو رێکخراوە سیاسییەکانو شەخسیەتە پێشکەوتنخوازەکانی ئێرانیش دا دیتمان چلۆن رێز بۆ خەباتو ئامانجەکانی قاسملووو حیزبە تێکۆشەرەکەی دادەنێنو پشتیوانی لە خەباتو داخوازەکانی حیزبی دیمۆکراتو گەلی کورد بە ئەرکی  نیشتمانیی خۆیانو هەر ئێرانییەکی خاوەن شەرەفو ئازادیخواز دەزانن.

لە ئاستی نێونەتەوەییش دا مەرگی رێبەری هەڵکەوتوومان جارێکی دیکەو ئەم جارەیان بە شێوەیەکی کەم وێنە سەرنجی بیروڕای پێشکەوتنخوازانەی جیهانی بۆ لای مافو داخوازەکانی گەلی کوردو پێویستیی پشتیوانی لە خەباتی عادڵانەو بەرهەقی ئەم گەلە بۆ ئازادی راکێشا.

بەڵام لە هەمووان گرنگتر بڕیاری لێبڕاوانەو قارەمانانەی پێشمەرگە نەبەزەکانی حیزب بوو بۆ نیشاندانی ئەوە کە باشترین پاداش بۆ قاسملوو درێژەدانی رێگاکەیەتی. کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی دیمۆکرات لە ماوەی ئەم یەك مانگەدا دەریان خست کە زیاتر لە هەموو کاتێك لەسەر درێژەدانی رێبازی پێشەوای مەزنیانو خەبات لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجە

رەواکانی گەلەکەیان دا سوورو لێبڕاون. ئەوان کە ئەم ڕێزو خۆشەویستی‌یەو دەنگدانەوەی ئەم شەخسییەتە جیهانی‌یەی دوکتور قاسملووی گەورە پیاوی کورد دەبینن، ئەوان کە بە کردەوە دیتیان دوکتور قاسملووش وەك قازی محەممەدی پێشەوا چلۆن لە پێناوی بەختەوەریی گەل‌و نیشتمانەکەی دا گیانی بەخت دەکا، بۆ ئەوەی گیانی بەرزی دوکتور قاسملوو بسرەوێ‌و بە ئاسوودەیی سەربنێتەوە، تین‌و گوڕێکی تازەیان نایە بەرخۆیان‌و لە یەك مانگی رابردوودا بە جۆرێك بەگژ دوژمنانی خوێنخۆری گەلی کوردو قاتڵانی پێشەواکەیان دا چوونەوە کە هەر دەڵێی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی گەلی کورد دا دەستی پێ‌کردوە.

ئەگەر ئەمڕۆ بە فیداکاری‌و هەوڵ‌و هیممەتی هاوسەنگەرانی قاسملوو، بست بە بستی خاکی کوردستانی ئێران لە هەموو ناوچەکانی شیمال، ناوەندو جنووب لە ژێر پێی دوژمنانی دیموکراسی‌و خودموختاری‌دا بۆتە یەکپارچە ئاگر، ئەگەر ئەمڕۆ بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان دا تەنگیان پێ هەڵچنراوەو لە راستی‌دا کوردستانیان لێ‌بۆتە گۆڕستانێکی سامناك، ئەگەر لە یەك مانگی رابردوودا کوردستانی میلیتاریزەکراو شاهیدی کوژران‌و بەدیل گیرانی سەدان کەس لە هێزی کۆنەپەرستی بە دەستی پێشمەرگە بە دەست‌و بردەکانی حیزبی دیموکرات بووە، هی ئەوەیە کە مەرگی دوکتور قاسملوو بۆتە هۆی وەگەڕکەوتنی خوێنێکی تازە لە دەماری خەبات‌و تێکۆشانی شۆڕشگێڕانی حیزبی دیموکرات دا.

ئەو شۆڕشگێڕانەی کە ئاوا زیندوو هەست بە پشتیوانیی هێزی لەبڕان نەهاتووی گەلەکەیان دەکەن، ئەو خەباتگێڕە شێلگیرانەی کە ئازادیخوازانی ئێران‌و هەموو ڕێکخراوە بەشەردۆست‌و پێشکەوتنخوازەکانی جیهان وەك پشتیوان لە پشت خۆیان دەبینن‌و، سەرەنجام ئەو قارەمانانەی کە دەبینن دوژمنەکەیان بە شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو خەیاڵی تواندنەوەی بزووتنەوەی گەلی کوردی لە مێشکی دایە، ئەم یەك مانگ فیداکاری‌یە وەك

چەپکێکی چکۆله لەو خەرمانە گوڵە چاو لێ دەکەن کە پێویستە پێشکەشی بارەگای سەرداری دیموکراسی و ماموٚستای نەمری گەلەکەیانی بکەن. ئەوان دیارە باش دەزانن کە کوشتنی هەزاران کەسی دیکە لە هێزی سەرکوتکەری ڕێژیم ناتوانێ بارتەقای تنۆکێك لە خوێنی ئەو ڕێبەرە بێ کە بە لێوەشاوەیی و لێهاتوویی یەکی کەم وێنەوە حیزبەکەی لە ڕێگای دیموکراسی و خودموختاری دا بەرەوپێشەوە دەبرد. هەر بۆیە کادرو پێشمەرگە شۆرشگێرەکانی حیزبی دیموکرات و ئەندامان و دڵسۆزانی حیزبی قاسملوو ئەو کاتە پێیان وایە گیانی ڕێبەرەکەیان بۆ هەتا هەتایە شاد کردوە کە ئامانجەکانی ئەو یانی دیموکراسی ومافە نەتەوایەتی یەکانی گەلی کوردیان لە ئێران دا وەدی هێنابێ. تا گەیشتن بەو ئامانجەش هەر ئەو لێبڕاوی یەو فیداکاری یە دەنوێنن کە تا ئێستا و بە تایبەتی لەم یەك مانگەی ڕابردوودا لەخۆیانیان نیشان داوە.

ئەم وتارە ڕۆژی سێ شەممە ١٣٦٨/٥/٢٤ لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران بڵاو بۆتەوە

# شانازی‌یەکی گەورە بۆ گەلی کوردو وڵاتی ئێران

هەر وەك راگەیەنە گشتی‌یەکانی جیهان لە چەند رۆژی رابردوودا رایان گەیاند، شەهید دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو رێبەری پایەبەرزی گەلەکەمان و سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، یەکێك لە کاندیداکانی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لە ساڵی ۱۹۹۰ دایە.

بۆ خەڵاتی نۆبێل لە ساڵی ۱۹۹۰دا دەیان کەس لە سەرۆك و رێبەرە پایەبەرزەکانی زۆر وڵات و رێکخراوی جیهان کاندیدا کراون کە لە نێو ئەوان دا ناوی کەسانێکی بەناوبانگی وەك میخائیل گورباچۆف رێبەری حیزبی کومونیستی سۆڤیەت و سەرۆکی وڵاتی شوورەوی، سەرۆك کۆماری وڵاتی چێکۆسلۆواکی، واسلاف هاوێل و ئەلێکساندێر دوبچێك سەرۆکی پارلمانی ئەو وڵاتە، خەباتگێری گەورەی ئەفریقای جنووبی نیلسون ماندیلا، پاپ ژان پۆلی دووهەم رێبەری کاتولیکەکانی جیهان و، جۆرج بووش سەرۆك کۆماری ئەمریکا سەرنج رادەکێشن.

دیارە هەرکام لەو کەسانەی بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لە ساڵی تازەی زایینی دا کاندیدا کراون، لە روانگەی بەشێکی زۆر لە بیروڕای گشتیی جیهانی‌یەوە، وەك خەباتگێرانی رێگای ئاشتی و مرۆڤایەتی تەماشا دەکرێن و بێگومان لەو نێوەدا کەسانێك هەن کە هەموو مرۆڤایەتی پێشکەوتنخواز لەبەر ئەوەی شوێنەوارێکی گرنگیان لە رەوتی ئاشتیی جیهانی، دیموکراتیزاسیۆن و لەنێوچوونی نابەرابەری‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە بەشێکی کۆمەڵگای بەشەری‌دا

هەیە، ڕێزیان بۆ دادەنێ. کەسێکی وەك میخائیل گورباچوف کە بە هێنانەگۆڕی گلاسنۆستو پێرێسترۆیکا رووکاری دەرەوەو ژوورەوەی کۆمەڵگای سۆڤیەتی گۆڕیوەو بۆ کەم کردنەوەی مەترسیی شەڕ لە نێوان دوو بلووکی رۆژهەڵاتو رۆژئاوادا، هەروەها دیمۆکراتیزەکردنی وڵاتەکەی قورسترینو گەورەترین هەنگاوەکانی ناوە، کەسێکی وەك دوبچێك کە بیستو چەند ساڵ لەمەوپێش، بە تاوانی دەست پێکردنی ئیسلاحات لە وڵاتەکەیداو هەولدان بۆ جێگیر کردنی سۆسیالیزمی دێمۆکراتیك، چەند وڵاتی ئەندامی پەیمانی وەرشەو هێرشیان کردە سەر وڵاتەکەیو ئەویشیان لەسەر کار لابرد، بە چاوی ئالاهەڵگرانی بەختەوەریی مرۆڤ، سەیر دەکرێن. یان خەباتگێرێکی وەك نێلسۆن ماندیلا کە نزیکەی ٢٧ ساڵ لە تەمەنی خۆی بە تاوانی خەبات بە دژی جیاوازیدانانی رەگەزیو نیژادی لە زیندانی رێژیمی رەگەزپەرستی پێرۆتۆریادا بردۆتە سەر، جێی خۆیەتی ببنە خۆشەویستی هەموو ئەو ئینسانە خەباتگێڕانە کە لە سەرانسەری ئەم جیهانەدا بۆ لەنێوبردنی نابەرابەرییە کۆمەڵایەتییەکان خەبات دەکەن.

دوکتور قاسملوو ڕێبەری شەهیدی گەلەکەمانو سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیش لەو کەسانەیە کە بە حەق لە گەورە پیاوانی سەردەمی خۆیانن، کۆمەڵگای بەشەری بە بوونی کەسانێکی وەك ئەوانەوە دەتوانێ ڕێگای گەیشتن بە ئازادیو ئاشتیو لەنێوچوونی ستەمو چەوسانەوە بپێوێو، دێوی شەڕو نابەرابەریو چەوسانەوە زراوبردوو بکاو، بە زبڵدانی مێژوو بسپێرێ.

دوکتور قاسملوو لە ناوچەیەکی ئاڵۆزی ئەم جیهانە دا کە حاکمانو دەسەڵاتدارانی بە داخەوە جگە لە سەرکوتو شەڕفرۆشتن ڕێگایەکی دیکە بۆ چارەسەری گیروگرفتەکانی وڵاتەکانیان ناناسن، بە لێوەشاوەییەوە خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەی لە کوردستانی ئێران بۆ دێمۆکراسیو مافی نەتەوایەتی ڕێبەرایەتی کردوە. گرنگیی هەرە گەورەی دوکتور قاسملووو

لەویشـەوە حیزبەکـەی، حیزبـی دیمـۆکراتی کوردسـتانی ئێـران لـەوە دایـە کـە خۆیـانو گەلەکـەیان وا راهێنـاوە هـەر لـەو کاتـەدا کـە بـۆ رزگـاریو مافـە ئینسانییەکانی خەڵکی کوردستان خەبات دەکەن، هەرگیز ئاشتییو ئازادی وەك ئامانجی پیرۆزی کۆمەڵگای بەشەری لەبیر نەکەنو، لە هەر تێکۆشانێك بۆ سەقامگیر بوونو وەدیهاتنی ئەو ئاواتە ئینسانییە دەست نەگێڕنەوە. هەر لەمەش ڕایە گەلو حیزبی قاسملوو لە کاتێك دا زیاتر لە یازە ساڵە بە تاوانی دێمۆکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان شەڕێکی نابەرابەرو خوێناوییان بەسەردا سەپاوە، ساتێك بۆ تەبلیغ بۆ ئاشتیو ئەم راستییە کە مەسەلەی کورد ڕێگاچارەی نیزامیی نیە، نەوەستاون. بەڵێ دوکتور قاسملوویەك کە خەباتگێڕی شێلگیری ڕێگای مافە نەتەوایەتییەکانی گەلەکەی بووو، بە هەموو تواناوە بۆ جێگیر بوونی دێمۆکراسیو نیزامێکی دیمۆکراتیك لە ئێران دا هەوڵی دەدا، دوکتور قاسملوویەك کە هەر چەشنە چەوسانەوەیەکی نەتەوایەتی، چینایەتی، رەگەزیو جینسیی رەد دەکردەوە، لە خەباتو تێکۆشان دا دژی رەشەکوژیو تیرۆریزمو هەموو ئاکارو کردەوەیەك بوو کە بەشەرییەتی پێشکەوتنخواز بە چەوتو دزێوی دادەنێ، دوکتور قاسملوویەك کە بە دامرکاندنەوەی ئاگری شەڕو ئینسانکوژی، بەسەقامگیربوونی ئاشتیو دیموکراسیو بڕانەوەی شوێنەواری ستەمو چەوسانەوە لە هەر سووچێکی ئەم جیهانە دەگەشایەوەو خۆی بە شەریکی رەوتی بەختیاریی مرۆڤ لەم جیهانەدا دەزانی، سەرئەنجام گیانی لە پێناوی ئاشتی، لە پێناوی لابردنی سێبەری شوومی شەڕو ماڵوێرانی لەسەر گەلەکەیو مافە ئینسانییەکانی وەك دیموکراسیو خودموختاری دا دانا. دوکتور قاسملوو بۆ چاوپێکەوتنی نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی چوو بووە وییەن پێتەختی ئوتریش، تا ڕێژیمەکەیان ناچار بە قبوولی داخوازەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بکاو، بەم جۆرە خەڵکی گۆشەیەکی دیکەی ئەم جیهانە بە ئاشتیو وەدیهاتنی ئامانجەکانیان بگەشێنێتەوە. بەڵام دەسەڵاتدارانی تامەزرۆ بە خوێنو شەڕو

بێعەداڵەتی، چاوی دیتنی پێغەمبەری ئاشتییان نەبووو شەهیدیان کرد.

ئەو کەسایەتیو ئەو کۆڕو کۆمەڵە ئینساندۆستانەی وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان کە ناوی ڕێبەری شەهیدی گەلەکەمانیان لە ریزی کەسانێکی وەك گۆرباچوف، دوبچێكو نێلسۆن ماندیلادا گونجاندوەو، خەڵاتی ئاشتیی نوبێلی پێ ڕەوا دەبینن، لە راستیدا رێزیان بۆ فیداکاریو لەخۆبردوویی قاسملووی مەزنو ئەو ڕێبازو ئامانجە داناوە کە دوکتور قاسملوو، حیزبەکەی، گەلی کوردو هاونیشتمانانی دوکتور قاسملوو لە ئێران دا پێی وەفادارن.

مانای ئەم کارە ئەوەیە جیهانی پێشکەوتوو کەسانێك کە بە فیداکاریو شێلگیرییەوە بۆ ئامانجە پیرۆزو ئینسانییەکان خەبات دەکەن، بە هی خۆی دەزانێو شانازییان پێوە دەکا. ئەو هێزە کۆنەپەرستو دژی ئینسانییانەی وەك رێژیمی ئاخوندیی ئێرانیش کە بە دژی خەباتو هەوڵدانێکی ئاوا دەوەستنو ئینسانە گەورەکانی وەك دوکتور قاسملوو لە جیهانی خێرخوازو بەشەردۆست دەستێننەوە، بە رووڕەشو ریسواو شایانی رقونەفرەتی خەڵکی جیهان دادەنێن. گەلی کوردو خەڵکی ئێران شانازی بەم رۆڵە خەباتگێڕو هەڵکەوتووەی خۆیانەوە دەکەن کە لە رادەی جیهانیداو لە نێو کۆمەڵی ئینسانە ئاشتیخوازەکان دا سەری لە نێو سەران دیارە، جیهان بە موڵکی خۆی دەزانێو، ژیانی، ناویو مەرگی سەربەرزانەی، بیروڕای گشتیی جیهانو هێزە دیموکراتو پێشکەوتنخوازەکانی دنیا بۆ یارمەتیو هاوکاریی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کوردو جووڵانەوەی سەرانسەریی گەلانی ئێران بە دژی سەرەڕۆییو کۆنەپەرستی بانگەواز دەکا.

*ئەم وتارە رۆژی سێشەمە ٢٤ی رێبەندانی ١٣٦٨ لە رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران بڵاوبۆتەوە*

# یەکەمین کوردو یەکەمین ئێرانیی کاندیدای "خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل"

ژمارەی ئەمجارەی "لاوان" لە دوا کاتەکانی چاپو بلاوبوونەوەی دابوو کە راگەیەنەکانی جیهان رایان گەیاند شەهید دوکتور قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکێك لە کاندیداکانی خەلاتی ئاشتیی نۆبێل لە ساڵی ١٩٩٠ دایە.

لەنێو کاندیداکانی خەلاتی ئاشتیی نۆبێل لە ساڵی ١٩٩٠ دا دەیان کەس لە کاربەدەستە پایە بەرزەکانی ولاتانی جیهانو رێبەرانی زۆر ریکخراو هەن کە میخائیل گورباچۆف، واسلاڤ هاوێل، ئەلێکساندر دوبچێك، نێلسۆن ماندێلا، جۆرج بووشو پاپ ژان پۆلی دووهەم بەناوبانگترینیانن. بێگومان کەسانێکی وەك گورباچۆف، دۆبچێك، ماندێلا لە بەناوبانگترین ئالا هەڵگرانی خەبات بۆ ئاشتی، دیموکراسیو لەنێو بردنی ستەمو زۆر دارینو، هەرکام بەنۆبەی خۆیان لەسەر رەوتی ئاشتیو دیموکراسی لەجیهان دا شوێنەواریان هەیە. هاتنی ناوی دوکتور قاسملوو لەگەڵ کەسانێکی ئەوتۆ هەر لەو کاتەدا بۆ گیانی سرەوتووی دوکتوور قاسملوو، بنەماڵەکەی، حیزبەکەیو گەلەکەی لە کوردستانی ئێران دا مایەی فەخرو شانازییە، بۆ گەلی کورد لەهەموو پارچەکانی کوردستان، هەروەها بۆ خەڵکی ولاتەکەمان ئێران جێگای خۆشحاڵیو شانازییە. چونکە دوکتور قاسملوو جگە لەوە کە خەباتگێڕی

**شـێلگیری ڕێگـای ئاشـتیو دیموکراسـیو مافـە ئینسـانییەکانی خـەڵکی وڵاتەکەمانو گەلی کورد بووو سەرئەنجام هەر لەو ڕێبازەش دا گیانی خۆی دانا، یەکەمین کوردو یەکەمین ئێرانییە کە بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل کاندیدا دەکرێ. بەڵی هەروەك بێرنارد کوشنێر وەزیری کاروباری ئینسانیی فەرانسە گوتی." دوکتور قاسملوو پێغەمبەری ئاشتی بوو، بەڵام دوژمنانی لە پەیامی ئاشتی ترسان بۆیە پێغەمبەری ئاشتییان کوشت".**

**لە ژمارە ٣٥ی گۆڤاری "لاوان" ڕێبەندانی ١٣٦٨دا بڵاو بوتەوە.**
**هەر وەها بەشێکی ئەم وتارەلە کتێبی"دوکتور قاسملوو،ڕێبەرێکی مودێرن و شۆرشگێرێکی دیموکرات"دا، (کۆ کردنەوە و ئامادە کردنی کاك کاوەی بەهرامی)، تێهەڵکێشی بابەتێکی دیکە کراوە.**

# گەلەکەمان لە پەژارەی لە دەستدانی ڕێبەرەکەی دا تەنیا نەبوو

ساڵی رابردوو کاتێك دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، کاك عەبدوڵڵا قادری ئازەر و دوکتور فازڵ رەسووڵ بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە وییەن پێتەختی ئوتریش شەهید کران، شەپۆلێکی گەورە لە خەم و ماتەم بە بۆنەی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی دنیای داگرت و، لە هەموو لایەکەوە دەنگی بێزاری لە دژی ڕێژیمی تیرۆریستی ئاخوندی و ئەم پیلانەی بەرز بۆوە.

دوکتور قاسملوو وەك سیاسەتمەدارێکی ناسراو، دیپلۆماتێکی بە توانا و ئابووریزانێکی گەورە و، وەك ڕێبەری گەلێك کە ئەمڕۆ سەرنجی جیهانیانی بو لای خەباتی خۆی راکێشاوە، هەروەها وەك ڕێبەری حیزبێك کە خەباتێکی ئوسوولی لە پێناوی ئاشتی و دێموٚکراسی و مافە ئینسانی یەکان دا دەباتە پێش، لە کۆڕی جیهانیی مرۆڤدۆستان و ئازادیخوازان دا ڕێز و حورمەتێکی تایبەتی هەبوو. ئەو ڕێز و خۆشەویستی یە و گرینگیدانی کۆمەڵگای جیهانی بە شەخسییەتی بەرزی قاسملوو و ئامانجەکانی ئەو و حیزبەکەی و گەلەکەی، بەدوای شەهید بوونی دا زۆر بە باشی خۆی نواند.

پاش شەهید بوونی دوکتور قاسملوو بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ، باس لە بارەی شەخسییەتی قاسملوو و لە سۆنگەی ئەو دا دەنگ و باسی کوردستان، درێژترین و گرینگترین بەشی هەواڵ و لێکدانەوەکانی ئاژانسە خەبەری یەکان و ڕاگەیەنە گشتی یەکانی جیهانی پێك هێنا. دەنگدانەوەی کارەساتی وییەن و باس لەبارەی دوکتور قاسملوو، چوار چێوەیەکی ئەوەندە بەرینی بە خۆوە

گرت كه به دڵنیایی یەوه دەكرێ بڵێین مەرگی دوكتور قاسملوو له مەرگی زۆر ڕێبەر و سەرۆكی وڵاتانی جیهان زیاتری بایەخ پێ درا.

هاودەردیی بیروڕای جیهانی بەم بۆنەیەوە بە زۆر شێوه خۆی نواند. كاتێك تەرمی دوو شەهیدی گەورەی نەتەوەكەمان بۆ دوا ماڵ ئاوایی گوێزرایەوه ئەنیستیتۆی كورد له پاریس و پاشان له وێ را بردرانه گۆڕستانی پێرلاشێز و به خاك سپێردران، گۆشەیەكی دیكه له هاودەردیی بیروڕای گشتیی خەڵكی بەشه جۆربەجۆرەكانی جیهان له گەڵ حیزب و گەلەكەمان خۆی نواند. سەدان كەس بریتی له كورد، ئێرانی و ئورووپایی و... به نوێنەرایەتیی ئەو حیزب و ڕێكخراوه سیاسی یانه یا ئەو كۆڕ و ناوەند و دامەزراوه حوقووقی، فەرهەنگی و ئینسانی یانه كه تێی دا ئەندامن، زۆر كەسی دیكەش وەك دۆست و دڵسۆزی گەلی كورد و حیزبەكەمان، تاجی گوڵیان بۆ سەر تەرمی دوو شەهیدی خۆشەویستی ڕێی ئازادی هێنا. به سەدان كەس دەفتەری یادبووديان ئیمزا كرد و هەستی ماتەمینی خۆیان بۆ له دەستدانی شەهیدەكان دەربڕی. زۆر شەخسییەتی گەورەی ئوڕووپایی وەك بێرناردكۆشنێر، وەزیری كارو باری ئینسانیی فەڕانسه، ژۆسپین وەزیری پەروەرده و فێركردنی میللی و جێنشینی سەرۆك وەزیری دەوڵەتی فەڕانسه، پاتریك بۆدوان سكرتێری گشتیی فێدراسیۆنی مافی مرۆڤ، تۆماس هامێر بێرگ سكرتێری گشتیی كۆمیتەی پشتیوانی له مافه ئینسانی یەكانی نەتەوەی كورد و زۆر سیمای ناسراوی سیاسی، فەرهەنگی و حوقووقی و... ی كورد، ئێرانی و بێگانه له ڕێو ڕەسمی به خاكسپاردنی شەهیدەكان دا بەشدار بوون.

له نێو كۆڕ و كۆمەڵ و ناوەند و دامەزراه نێونەتەوەیی یەكان دا كه مەرگی قاسملوو هەژاندنی و ماتەمباری كردن دەتوانین ئەنتێرناسیۆنالیستی سۆسیالیست، ئەنجومەنی جیهانیی قەڵەم، فێدراسیۆنی مافی مرۆڤ، ڕێكخراوی پزیشكانی بێ سنوور و ڕێكخراوی پزیشكانی جیهان ناو ببەین.

دەیان حیزب و ڕێكخراوی گەورەی سیاسی و كۆمەڵه و ناوەندی

ئینسانی و فەرهەنگی و زۆر شەخسییەتی ناسراوی سیاسی و هونەرمەند، ئەدیب، کۆمەڵناس، رۆژنامەنووس، نوێنەری مەجلیس، حوقووقزان و... لە ئورووپا و وڵاتانی دیکەی جیهانەوە، لە خەمی لە دەستچوونی دوکتوری مەزن دا هاوبەشییان کرد و سەرەخۆشیی خۆیان لە بنەماڵەی شەهیدەکان، حیزبی ئێمە و گەلی کورد کرد کە حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا، حیزبی کۆمۆنیستی فەڕانسە، حیزبی کۆمۆنیستی ئیسپانیا، حیزبی دێموکڕات مەسیحیی ئیتالیا، حیزبی سۆسیال دێموکڕاتی ئاڵمان، حیزبی سەوزەکانی ئاڵمانی فێدڕاڵ، ئەنیستیتۆی هاوپێوەندی لە گەڵ گەلانی ئەفریقا و ئەمریکای لاتین و خاچی سووری سوئێد لە نێویان دا دەبینران. لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش دا زۆر حیزب و رێکخراوی سیاسی و ژمارەیەکی زۆر لە ئینسانە ناسراوەکان بۆ کۆچی دوایی دوکتور قاسملوو بە پەرۆش و خەمبار بوون. رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین، حیزبە کۆمۆنیستەکانی عێراق و سووریە و حیزبی سوسیالیستی کرێکارانی تورکیە، ناسراوترینی ئەو رێکخراوانەن کە بە گەرمی لە ماتەمی لە دەستچوونی رێبەری گەورەمان دا بەشدار بوون.

رێکخراوە سیاسی یە ئێرانی یەکان و کۆڕ و ئەنجومەن و ناوەندە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی یە جۆربەجۆرەکان و شەخسییەتە نیشتمانپەروەرەکانی وڵاتەکەمان، ئەم کۆستە گەورەیان بە هی خۆیان زانی و لە دەربڕینی گەرمترین هاودەردی دەستیان نەگێڕایەوە. زۆربەی هەرە زۆریرێکخراو و شەخسییەتە پێشکەوتنخوازەکانی دژی کۆماری ئیسلامی، هەم لە رێورەسمی بە خاکسپاردنی رێبەری شەهیدمان، هەم لە کۆبوونەوە جۆربەجۆرەکان دا کە لە دەرەوەی وڵات بۆ یاد و بیرەوەریی دوکتور قاسملوو پێك هاتن، هەروەها لەو خۆپێشاندانانەدا کە لە ئورووپا و ئەمریکا بۆ ئێعتراز بە هەڵوێستی دەوڵەتی ئۆتریش بەڕێوە چوون، چالاکانە بەشدار بوون. ئەمەش جگە لەو نووسراو و پەیامە سەرەخۆشی یانەیە کە بۆ حیزبی دێموکراتیان نارد یان لە چاپەمەنی یەکانی خۆیان دا بڵاویان کردەوە.

بێگومـان سـەرنج ڕاکێشـترین دیمـەنی ئـەو هاودەردییانـە کـە لـە گـەڵ حیزبەکـەمان کـران هـاودەردیی حیـزب و ڕێکخـراو و شەخسـییەتە کوردسـتانی یەکانە. زۆربەی نیزیك بە تەواوی هەموو حیزب و ڕێکخراو و کۆمەڵە سیاسی یـەکانی کوردسـتانی تورکیـە، عێـراق، سـووریە و ئێـران نـەك هـەر بـە پـەیامی سەرەخۆشـی، هاوبەشـیی خۆیـان لــە خــەم و ماتــەمی حیزبـی دێمـوکراتی کوردستانی ئێران دا دەربڕی، بەڵکوو لە نیزیکەوە و بە کردەوە باشترین و گەرم و گوڕترین هاوەدەردییان لە گەڵ حیزبەکەمان لە خۆیان نیشان دا.

ناکرێ هـەموو ئـەو کەسـانەی بـە بۆنـەی لـە دەستچوونی ڕێبـەری پایـە بەرزی گەلی کورد دوکتـور قاسملوو، کۆڕی ماتـەمینیان بەست و هاودەردییـان لە گەڵ حیزبەکەمان کرد لێرە باس بکەین. چونکە هـەر ئینسـانێکی ئازادیخواز و لایــەنگری ئاشــتی و هــەر مرۆڤێکــی ئەوینــداری عەداڵــەت و ئینســـان کــە قاسملووی ناسیبێ بێگومان بۆی بە پەرۆش بووە. ئەو کوردانەی کە کوردبوون و ستەمی حکوومەتی وڵاتـەکانیان ناچاری کردوون ئاوارە و پـەڕیوەی وڵاتـانی دراوسـێ، ئورووپـا، ئـەمریکا و ئوسـترالیا بـن و ئەوانـەش کـە بـە ژێـر دەسـتی و بەنــدکراوی لــە ســەر خــاکی نیشــتمانەکەیانن، بــۆ خــەباتگێڕێکی مــەزنی نەتەوەکەیان گریان. ئەوان بە پێکهێنانی ڕێورەسمی تایبەتی و نامە نووسین بۆ ڕێبەرایەتیی حیزب و، ئەمانەش " بە فرمێسکی وشك، بە ناڵەی بێ دەنگ ".

لـەکۆتایی ئـەم باسـە دا جێـی خۆیـەتی بـە شـێك لـە قسـەکانی نوێنـەری حیزب لە سەرگلکۆی شەهیدەکانمان لە پاریس وەبیر بێنینەوە :

((... هاوڕێی شەهید! بۆ لە دەستدانی تۆ هەزاران پێشمەرگە و دەیـان هـەزار ئەندامی حیزبەکەت، سەدان هەزار دۆست و لایـەنگری ڕێبازەکـەت و بـە میلیـۆن کەس لە ڕۆڵەکانی گەلەکەت غەمیان بەسەر دا باری و فرمێسکیان هـەڵ وەراند. بــەڵام نــەك لەبــەر دامــاوی و ناهومێــدی، چــونکە گــەلێك ڕۆڵــەی وەك تــۆی پێگەیاندبێ ناهومێدی ناناسێ. ئەوان بۆت گریـان تـا بـە ئاوی چاوی خۆیـان و بە خاکی ڕێگای تۆ قوڕێك بۆ سەری هەمووی ئەوانە بگرنەوە کە پێیـان وایـە بـە

**مردنی قاسملوو، میللەتی قاسملوو و ڕێبازی قاسملووش دەمری. ))**

**لە ژمارە ١٦٣ ی رۆژنامەی (( کوردستان )) پووشپەڕی ١٣٦٩ ( ژوئیەی ١٩٩٠) دا کە تایبەت بوو بە یەکەمین ساڵڕۆژی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو، بڵاو کراوەتەوە.**

# ساڵێك دوای مەرگی دوكتور قاسملوو

ڕۆژی ٢٢ی پووشـپەری سـاڵی ١٣٦٨ لـە ئاپارتمانێـك دا لـە وییـەن پێتەختی ولاتی ئۆتریش، دوكتور عەبدولرەحمان قاسملوو سكرتێری گشتیی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران، عەبدوڵلا قادری ئازەر ئەندامی كومیتەی ناوەنـدیو بەرپرسـی كاروبـاری حیـزب لـە ئورووپـا و دكتـور فـازڵ رەسـوول كـوردێكی عێراقیـی دۆسـتی دوكتـور قـاسملوو، بـەپێی پیلانێكـی لەپێشـدا دارێـژراو كەوتنـە بـەر پـەلاماری تیرۆریستەكانی كۆماری ئیسلامیو بەداخـەوە هەرسێكیان شەهید كران. لە ئێنسانكوژەكانی ڕێـژیمی ئاخوندییش یـەكیان بـە برینـداری ـ كـە هـەر بـەهۆی تەقـەی خۆیـان برینـدار ببـوو ـ یـەكیشـیان بەسـاغی كەوتنە دەستی پۆلیسی ئوتریشو بازداشت كران. بەلام ئەوانی دیكە توانیان خۆیان دەرباز بكەن. دوای تێپەربوونی ماوەیەك بەسەر ئەو ڕووداوەدا سەرەڕای فشـاری زۆری بـیروڕای گشـتیو هێـزە ئازادیخوازەكـانی ئێرانـیو جیهـان بەداخـەوە بـەهۆی ساتوسـەودای نهێنـیو پیوەنـدیی شـەرماویی دەوڵـەتی ئوتریش لەگەڵ ڕێژیمی ئاخوندەكان ئەو دوو كەسەش كە گیرابوون، تەحویلی كاربەدەسـتانی ڕێـژیمی ئاخونـدی درانـەوەو، جگـە لەوەكـە ماوەیـەك دواتـر وەزیری دەرەوەی ئوتریش ناچار بوو پێ لەوە بنێ كە ئەو كارەساتە لەلایەن كەسـانی سـەر بـە ڕێـژیمی كۆمـاری ئیسـلامییەوە بەڕێوەچووە، ڕەسمـەن هـیچ هـەنگاوێكی دیكـە نەهاویژراو،هـەتا ئێسـتاش راسـتییەكان هـەروا بـە رانەگەیاندراوی ماونـەوە، كـە لـەم بـارەوە دەنگـی ڕەخنـەو نارەزایـەتیی بیروڕای گشتی بەدژی سیاسەتی دەوڵەتی ئوتریش هەروا درێژەی هەیە.

هەرچـەندە كـردەوە تیرۆریسـتییەكانی كۆمـاری ئیسـلامی لـەماوەی تەمـەنی ئـەو ڕێژیمـە دا بـۆ هـەموو خـەڵكی دنیـا ڕوون بۆتـەوەو هـەتا ئیسـتا بـەدەیان جـاری دیكـەو لـە زۆر شـوێنی جیهـان كارەسـاتی ئـاوای خولقانـدەوە، بەڵام تیرۆری دوكتور قاسملوو و هاورێیـانی لە چەند بارەوە جێگـای سـەرنجی

تایبەتی‌یە.

یەکەم، دوکتور قاسملوو، وەك سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لەکاتێك دا کەوتە بەر هێرشی ئینسانکوژانی کۆماری ئیسلامی، کە بە ناوی چاوپێکەوتن و دۆزینەوەی ڕیگایەك بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کوردستان چووبووە وییەن و، لەگەڵ بەناو نوێنەرانی ڕێژیم دانیشبوو هەتا بۆچوونەکانی حیزبی دیموکرات لەبارەی خودموختاریی کوردستانەوە بەگوێی دەمراستەکانی ڕیژیم بگەیەنێ. بەڵام هەر وەك دیترا ئەوان بە مەبەستێکی دیکەو، بۆ بەرێوەبردنی گەڵاڵەو پیلانی تیرۆریستانەی خۆیان هاتبوونە کۆبوونەوەکە. ئەو کارەساتە نیازپاکی و سەداقەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بۆ چارەسەری مەسەلەی کوردستان لەلایەك و نادروستی و ناپاکیی بەرێوەبەرانی کۆماری ئیسلامیی لەلایەکی دیکەوە بەروونی نیشان دا.

دووهەم، ریژێمی ئاخوندی بەو مەبەستە گەڵاڵەی شەهید کردنی دوکتور قاسملووی دارشت و بەرێوەی برد کە پێی وابوو بە نەمانی رێبەر، جوولانەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان و حیزبی دێموکرات بەتەواوی لێك بڵاو دەبێ. ئەو بۆچوونە میراتێکە کە لە ریژێمە دژی گەلی‌یەکانی پێشوو بە ریژێمی ئاخوندی گەیوە. گەرچی ئەو پیلانەی ریژیم بەرێوەچوو، بەڵام مەبەستە دژی گەلیی‌یەکانی هەرگیز نەهاتە دی.

ئەوە کە دەڵێین ریژیمی کۆماری ئیسلامی بەتیرۆری دوکتور قاسملوو نەیتوانی جوولانەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە نێو بەریێ و تووشی شکستی بکا، دروشم نیە. بەڵکوو راستی‌یەکی حاشا هەلنەگرە کە ئەمرۆ پاش تێپەربوونی ساڵێك بەسەر ئەو کارەساتە دا بۆ هەموو لایەك، چ دۆست و چ دوژمن روون و ئاشکرایە. هەر دوا بەدوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و هاورێیانی‌دا، هەرچەند ئەندامان و لایەنگران و پێشمەرگەکانی حیزب و بەگشتی هەموو خەڵکی کوردستان بۆ لەدەستدانی ئەو رێبەرە مەزنە تەمی خەم

دایگرتن‌و شینیان گێڕاو، لەدەستچوونی ئەو ڕێبەرە زانایەیان بە خەسارەتێکی گەورە زانی، بەڵام ڕق‌و قینی شۆڕشگێرانەیان زیاتر کڵپەی ئەستاندو بەهەموو هێزو توانایانەوە، بەگژ داخ لەدڵان‌و خوێنرێژان دا چوونەوە. هاوپێوەندی‌و هاودەنگیی خەڵك‌و پێشمەرگەو وەشاندنی زەبری پەیتا پەیتاو جەرگبڕی قوتابیانی دوکتور قاسملوو لە پەیکەری بەکرێگیراوانی ڕێژیم لەساڵی رابردووداو ئەمساڵیش شاهیدێکی باشن بۆ ئەوەی دوژمن تێبگا کەبە شەهیدکردنی سەربەستی‌ویستان،سەربەستی نامرێ.

لە ساڵرۆژی کۆچی ناوەختی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، شەهید دوکتور قاسملوو‌و کاك عەبدوللا قادری ئازەر دا وێرای هەزاران سلاو لە گیانی پاکیان‌و ڕێزدانان بۆ بیروباوەڕو هەستی گەلدۆستی‌و شۆڕشگێڕییان، یادیان دەکەینەوەو چەپکە گوڵی وەفاداری دەخەینە سەر گۆڕەکەیان. هەر لەو کاتەدا پەیمان‌و بەلێنیان لەگەڵ دووپات دەکەینەوە کە ئاوات وئامانجیان، ڕێبازو ئامانجمان بێ‌و، هەتا گەیشتن بە داوا ڕەواکانی گەلی کورد کە دوکتور قاسملوو‌و کاك عەبدوللاو هەزاران شەهیدی دیکە گیانیان بۆ فیدا کردوون، ساتێك لە خەبات و تێکۆشان نەوەستین.

لە ژمارە ٣٧ی"لاوان"، پووشپەڕی ١٣٦٩دا بلاْو بۆتەوە

# دوکتور قاسملوو و
# بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێران

کاتێك بیرورا و بۆچوونەکانی دوکتور قاسملووی نەمر لە پێوەندی لەگە ڵ بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێران دا هەڵ دەسەنگێنین و، لە ئەوین و عەلاقەی رێبەری شەهیدمان بە وڵاتەکەی و دواڕۆژی ئێران ورد دەبینەوە، مەیدانێکی دیکە بۆ ناسینی بۆچوونە ئوسوولی یەکان، شەخسییەتی بەرز، لێزانینی سیاسی و نیشتمانپەرستیی ئەم مرۆڤە گەورەیە لە بەرامبەرمان دا خۆ دەنوێنێ.

دوکتور قاسملوو، خەباتگێڕێکی سەر سەختی رێگای سەربەخۆیی ئێران بوو. هەروا کە لە نێو حیزب دا بڕوایەکی پتەوی بە سەربەخۆیی حیزبەکەی هەبوو، سەر بەخۆیی وڵاتەکەشی بە مەرجی یەکەمی پێشکەوتن و هەست بە شەخسییەت کردنی دانیشتووانی دەزانی. ئەو، بە هەموو وجوودی یەوە لە بەستراوەیی ئێران بە هەر دەسەڵاتێکی بێگانە بێزار بوو و خەباتی شێلگیری خۆی و حیزبەکەی لە دژی نفووزی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و نیزامیی ئیمپریالیزم لە ئێران دا، نموونەیەك لەو بێزاری یە یە. ئەو، دژی هەر چەشنە هەوڵ و تەقەلایەکی دەسەڵاتێکی خاریجی بۆ کەند و کۆسپ داتاشین لە سەر رێی سەربەخۆیی وڵاتەکەمان بوو. کاك دوکتور بە درێژایی تەمەنی پڕ لە خەبات و تێکۆشانی خۆی ئەم ئەسلە پیرۆزەی لەبیر نەکرد کە بڕیار لە بارەی چارەنووسی وڵاتەکەمانەوە، مافی بێ ئەم لا و ئەولای گەلانی ئێران و حکوومەتێکە کە نوێنەرایەتیی ویست و داخوازەکانی ئەوان بکا. ئەمە قسەیەك نیە تەنیا بۆ یاد و بیرەوەریی رێبەری شەهیدمان بیکەین . کارنامەی دەیان ساڵ خەباتی بێ وچان و نووسراوە و لێدوانەکانی دوکتوری شەهید و سەرەنجام رێبازی سیاسی و کردەوەکانی حیزبێك کە قاسملوو رێبەرایەتیی

کــردوه، ئــەم راســتی یــەمان بــە باشــی پێشــان دەدەن. دوکتــور قــاسملوو سـەربەخۆیی ئێرانـی بـە یەکـەم ئامـانجی هاوبەشـی هـەموو هێـزە شۆڕشـگێڕ و رەسـەنەکانی وڵات و، هۆیــەکی گرینگــی لێــك نیزیــك کردنــەوە و یــەکگرتنی ئۆپۆزیسیۆنی پێشکەوتنخوازی وڵات دەزانیێ.

ڕێبـــەری مـــەزنمان لـــەو رۆژەوە کـــە وەك کـــوردێکی تێکۆشـــەر و خــەباتگێڕێکی ئێرانــی پێــی نایــە مەیــدانی خــەبات و، ریزەکــانی حیزبــی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بۆ خەبات و تێکۆشان هەڵ بژارد، بۆ رووخـان و لەسەر کار لاچوونی ڕێژیمی پاشایەتیی ئێران شێلگیرانە خەباتی کرد. بە دوای رووخـانی ڕێـژیمی پاشایەتی لـە ئاکامی راپـەڕینی پڕشـکۆی گـەلانی ئێـران لـە سـاڵی ١٣٥٧ یـش دا، لـە هـەموو دەرفـەتێکی لـەبار مەترسـیی گەڕانـەوە و داسـەپانەوەی ئـەو نیزامـەی وەبیر گـەلانی ئێـران و هێـزە نیشـتمانپەروەرەکانی ئێـران دێنایـەوە. بـۆ بـیێ ئاکـام کردنـی هـەر جـۆرە هـەوڵێکی ئیمپریـالیزم و پاشماوەکـانی نیزامـی سـەڵتەنەتی لـەم پێوەنـدی یـەدا، داوای وشـیاری و هـاو هـەنگاوی و یەکیـەتیی کردەوەی لـیێ دەکردن. دژایـەتیی قاسملووی شـەهید لـە گەل نیزامی سەڵتەنەتی لە بەر ئەوە بوو کە ڕێـژیمی شایەتی نـەدەتوانیێ لەگـەڵ سەربەخۆیی وڵات و جێگیر کردنی دێموکڕاسی لە ئێران دا موافق بیێ و، نـە لـە ماهییـەتی دایـە وڵامـدەری داخـوازە میللـی و کۆمەڵایـەتی یـەکانی گـەلانی ژێـر دەسـت و چـین و توێـژە زەحمەتکێشـەکانی نیشـتمانەکەمان بـیێ. ئـەو، وەبـیر هاونیشـتمانانی دێنایـەوە کـە لـە وڵاتێکـی دواکـەوتووی وەك ئێـران دا شـا کـە پێگـەی کۆمەڵایـەتیی لـە نێـو وڵات دا نیـە، سـەرەنجام دەبێتـە دیکتـاتۆر و وڵاتەکەمان بەرەو بەستراوەیی دەبا. لەم جۆرە وڵاتانەدا دەسەڵات بە تـەواوی لـە دەست شادا کۆدەبێتـەوە، ئەمـەش لـە گـەڵ ئامـانجی بزووتنـەوەی سەرانسـەریی ئێران و داخوازەکانی گەلی کورد کە دەبیێ خـەڵك لـە دەسـەڵات دا بەشدار بن و، بەشـێك لـە دەسـەڵاتی مەرکـەزی بدرێت بـە گـەلانی ژێـر دەسـتی وڵات ناتـەبایی هەیـە. هـەر بۆیـە دوکتـور قاسملوو لایـەنگری نیزامـی کۆمـاری بـوو و، نیزامـی

کۆماریی بە ئاڵترناتیوێك دەزانی کە پێویستە هەموو هێزە شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخوازەکانی وڵات بۆ هێنانە سەر کاری خەبات بکەن.

دوکتور قاسملوو، بۆ ئەوەی هەم خەڵکی وڵاتەکەی هەست بە ئازادی و بەکارهێنانی ئیرادەی خۆیان لە دیاریکردنی چارەنووسی وڵاتەکەیان دا بکەن، هەم خودموختاریی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە داهاتوو دا دەستەبەرێکی دڵنیای هەبێ، نیزامێکی کۆماریی ئەوتۆی دەویست کە بناغەکەی لەسەر پلۆرالیزم دامەزرابێ. رێبەری شەهیدمان لەم بڕوایە دابوو تەنیا حکوومەتێکی دێموکراتیك و نیزامێکی چەند حیزبی دەتوانێ وڵاتەکەی بەو هەلومەرجە تایبەتی یە کە هەیەتی، بەرەو پێشکەوتن و بەختەوەری بەرێ. ئەو، زۆر جار ئەو مەترسی یەی وەبیر حیزب و رێکخراوە سیاسی یەکانی ئێران دێنایەوە کە لە وڵاتێکی وەك ئێران دا کە لە نەتەوە و ئایینی جۆربەجۆر پێك هاتوە، خۆسەپاندنی هەر نەتەوە و ئایینێك بە سەر ئەوانی دیکە دا و، بە کورتی هەر چەشنە پاوانخوازی یەك لە دەسەڵات بەدەستەوە گرتن دا، یەکیەتیی نیشتمانیی وڵاتەکەمان دەخاتە خەتەر و، ئێران بەرەو شەڕێکی نێوخۆیی دەبا. دوکتور قاسملوو گرینگی یەکی تایبەتی دەدا بە یەکیەتیی هێزە خەباتگێڕەکانی ولاتەکەی و گرێدانی بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی خەڵکی کوردستانی ئێران لەگەڵ بزووتنەوەی سەرانسەریی وڵاتەکەمان، بۆ ئەوەی رێگا نەدرێ لە داهاتوو دا هیچ دەستە و تاقمێك بە تاقی تەنیا دەسەڵاتی وڵات لە پاوانی خۆی بگرێ. قاسملوو، نەیدەشاردەوە کە بە دەستەوە گرتنی حکوومەتی ئێران مافی تایبەتی و بە تەنیای هیچ رێکخراو و دەستەیەکی تایبەتی نیە و، پێویستە هەموو حیزب و رێکخراو و بەشەکانی کۆمەڵ بە گوێرەی نفووزی خۆیان لە دیاریکردن و بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی وڵات دا نەخشیان هەبێ. ئەو، دژی هەر چەشنە دیکتاتۆری و پاوانخوازی یەك لە نێو وڵاتەکەمان دا بوو و، بە شانازی یەوە رایدەگەیاند " خراپترین دێموکراسیم لە باشترین دیکتاتۆری پێ باشترە".

ڕێبەری شەهیدی حیزبەکەمان ڕێگای بە هیچ کەس نەدەدا خۆی لەو و لە هەر کوردێکی ئێرانی بە ئێرانیتر بزانێ. هەمیشە لەوە بێزار بوو کە خۆی و گەلەکەی لە چوارچێوەی ئێران دا بە هاو نیشتمانی دەرەجە دوو دابنرێن. دوکتور قاسملوو لابردنی ستەمی نەتەوایەتی لە سەر خەڵکی کوردستانی ئێران بە ڕێگا چارەیەك دەزانی کە خەڵکی کوردستان لە وڵاتەکەیان دا خۆیان وەك هاونیشتمانی دەرەجە دوو نەبینن و لەگەڵ هاو نیشتمانانی دیکەیان هەست بە بەرابەری بکەن.کاتێك دوکتور قاسملوو، یان حیزبەکەی بە جیاوازیخواز ( تجزیة طلب ) تاوانبار کرابا، بە راشکاوی دەیگوت ئەو حکوومەتانە کە گەلی کورد و گەلە ژێردەستەکانی ئێران لە ژێر دەستی و زۆر لێکراوی دا رادەگرن، وڵات بەرەو لەت لەت بوون دەبەن . دەنا لە نیشتمانێك دا کە هەموو گەلانی پێکهێنەری ئەو نیشتمانە هەست بەوە بکەن کە ئازادن و، چارەنووسی خۆیان بە دەستەوەیە، چ گەلێك بیری جیاوازیخوازیی بە مێشك دا دێ ؟ دوکتوری شەهید لەو بڕوایە دا بوو گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە گەڵ گەلانی دیکەی ئێران خاوەنی مێژوو، فەرهەنگ و داب و نەریت و قازانجی سیاسیی هاوبەشە و، ئەگەر ستەمی نەتەوایەتیی لە سەر لابچێ، ئەو بەستراوەیی یە بە کۆمەڵ و وڵاتی ئێران پتەوتر و چەسپاوتر دەبێ.

بەڵام دوکتور قاسملوو هەر بە تەنیا خوازیاری چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستانی ئێران نەبوو. ئەو، بۆ وەدیهاتنی مافە میللی یەکانی هەموو گەلانی ژێر دەستی وڵاتەکەی تێ دەکۆشا. بۆیەش لە هێنانە گۆڕی هەر بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ یەکگرتن لە گەڵ هێزە سیاسی یەکانی ئێران دا، لە سەر گونجاندنی مافە میللی یەکانی گەلانی بندەستی وڵاتەکەی پێی دادەگرت. دوکتور قاسملوو بە خەباتی گەلە زۆر لێکراوەکانی وڵاتەکەی وەك بەلووچ، ئازەری، عەرەب و تورکەمەن دڵخۆش بوو و، هەر چەشنە جموجۆڵێکی رزگاریخوازانەی ئەوانی بە پاڵپشتێکی قایم بو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و، بە بەشێکی گرینگ لە

بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێران دادەنا. تێ دەکۆشا حیزبەکەی لە هیچ چەشنە تێکۆشانێك بۆ دامەزراندن و قایمتر کردنی پێوەندی لە گەڵ شۆڕشگێڕانی گەلانی ژێر دەستی ئێران و یارمەتی کردنیان دەست نەگێڕێتەوە. قاسملوو، نیزامێکی فێدراڵی بە باشتری شێوە چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی بۆ ولاتەکەی دەزانێ.

خاڵێکی دیکە لە پێوەندی لە گەڵ دوکتور قاسملوو و بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێران دا گرنگیدانی رێبەری شەهیدمان بە یەکگرتن و یەکیەتیی هێزە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی ولاتە. قاسملوو، لەو شەخسییەتە ئێرانی یە گەورانە بوو کە هەمیشە ئالا هەڵگری هاوپێوەندی و یەکگرتن لە نێو هێزە خەباتگێڕەکانی ئێران دا بوو. حیزبی ئێمە لە ژێر رێبەرایەتیی دوکتوری شەهید بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دوایی دا کە کوردستان بە حەق بۆتە سەنگەری ئازادیی سەرانسەری ئێران ، نموونەیەکی زۆر باشی هاوکاری لە گەڵ هێزە سیاسی یەکانی ئێران بوو. هیچ هێزێکی سیاسیی ئێران نیە کە بەشێك لە تێکۆشانی خۆی هێنابێتە کوردستان و، حیزبی ئێمە هاوکاری یەکی بێ دریغی لە گەڵ نەکردبێ. قاسملوو ئەم جۆرە هەنگاوەی بۆ لێك نیزیك بوونەوە و یەکگرتن لە گەڵ هێزە سیاسی یەکانی ئێران بە شتێکی باش دادەنا. ئەگەر دەبینین لە پەیامی سەرەخۆشیی زۆربەی رێکخراوە سیاسی یەکانی ئێران دا بە بۆنەی تیرۆری قاسملووی شەهیدەوە، ستایشی تێکۆشانی قاسملوو بۆ پتەو کردنی یەکیەتیی نێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی خەباتگێڕی ئێران کراوە، شتێکی بە رێکەوت نیە. رێبەری شەهیدمان لەم بڕوایە دابوو کە باشترین شێوەی یەکگرتن و هاوکاری لە نێوان هێز و رێکخراو و شەخسییەتە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی ئێران، بەرەیەکی دێموکراتیك و دژی ئیمپریالیستی یە " بەرەیەك کە بتوانێ هەم رێژیمی دژی گەلیی ئاخوندی بڕووخێنێ و، هەم ئالتێرناتیوێکی دێموکراتیك کە وڵامدەری ئامانجە کانی شۆڕشی گەلانی ئێران بێ، لە ولاتەکەمان دا سەقامگیر بکا.

دوکتور قاسملوو ئەگەر بۆ حیزبی دێموٚکرات و گەلەکەمان ڕێبەرێکی لێوەشاوە و کارزان بوو، بۆ گەلانی ئێران و بزووتنەوەی سەرانسەریی وڵاتەکەشمان خەباتگێڕێکی گەورە و ڕێنوێنێکی مەزن بوو. بێگومان هەر وەك خەڵکی کوردستان شانازی بە ماموٚستا و ڕێبەرەکەیانەوە دەکەن، گەلانی ئێرانیش شانازی بە بوونی هاووڵاتێکی وەك دوکتور قاسملۆوە دەکەن و، بۆچوونەکانی ئەو لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێران دا دەکەنە ڕێنوێن و ڕێ نیشاندەری خۆیان. بۆیە مەرگی قاسملوو هەر بۆ کورد نا، بۆ هەر ئێرانی یەکی خاوەن شەڕەف کۆستێکی گەورە بوو.

به بۆنەی یەکەمین ساڵڕۆژی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو نووسراوە و لە ژمارە ١٦٣ ی ڕۆژنامەی "کوردستان " پووشپەڕی ١٣٦٩ ( ژوئیەی ١٩٩٠) دا بڵاو بۆتەوە.

# قاسملوو به فەرهەنگ، هونەردۆست و ئەویندارى ژیان بوو

"... عەبدولڕەحمان قاسملوو ! کاتێك بیر لە تۆ دەکەمەوە، پێش هەموو شتێك پێکەنینەکەت دێتە بەر چاوم، تۆ دەتتوانی لە بەرامبەر هەموو شتێك و هەموو کەس دا دەم بە بزە بی.. بیر لە فەرهەنگی دەوڵەمەندی تۆ دەکەمەوە و بیر لە روانینی تۆ وەك مێژوونووسێك و وەك ئینسانێکی تێگەیشتوو دەکەمەوە کە چاوت بە هەموو شتێك دا دەخشاند تا بتوانی کەلکی لێ وەرگری و لێکدانەوەی ورد و جوان بە دەستەوە بدەی. تۆ لە جیهانی سێهەم دا ئینسانێك بووی کە من زیاتر لە هەموو کەس ستایشم دەکردی... "

( لە وتەکانی دوکتور بیرنارد کۆشنێر وەزیری کاروباری ئینسانیی دەوڵەتی فەڕانسە لە سەر گۆڕی شەهید دوکتور قاسملوو )

" گەلان هەرگیز وەجاخ کوێر نابن " و هەمیشە رۆڵەی ئەوتۆیان لێ هەڵ دەکەون کە مایەی فەخر و شانازیی خۆیان و وڵاتەکەیان بن. گەلی کوردیش لەم جۆرە ئینسانانە بێ بەش نەبووە و، زۆر رۆڵەی ئەوتۆی پێگەیاندوون کە ناویان و یادیان لە مێژوو دا پڕشنگدار دەمێنێتەوە. بەڵام مرۆڤی وەك قاسملوو نەك هەر لە نێو گەلی کورد دا، بەڵکوو لە نێو گەلانی پێشکەوتوو و بەختیاری جیهانیش دا بە کەمی هەڵ دەکەون. قاسملوو لەو ئینسانانە بوو کە بە ئینسانی تەواو ناو دەبرێن. ئەوەش لە بەر ئەمەیە کە لێهاتوویی و لێزانیی ئەو تەنیا لە بوارێك و دوو بوار دا نەبوو. رێبەری شەهیدمان جگە لە وەی سیاسەتمەدارێکی شارەزا، دیپلۆماتێکی بە توانا و ئابووریزانێکی گەورە بوو و

چەند زمانی زیندووی دنیای بە باشی دەزانین، لە سەر مێژوو و زمان و فەرهەنگ و شاستانەتیی گەلی کورد بە تایبەتی و هێندێك لە گەلانی دراوسێ و هتدیش زانیاری یەکی زۆری هەبوو. جگە لە مانەش دوکتور قاسملوو لە بارەی تێگەیشتن لە مانای ژیان، رەفتار و ئەخلاق و چۆنیەتیی چێژ وەرگرتن لە هونەر و ئەدەب و دەسکەوتە مەعنەوی یەکانی مرۆڤەوە نموونەو ئۆلگوو بوو.

دوکتور قاسملووی نەمر بەشێکی زۆر لە ژیان وتەمەنی پڕ بەهرەی خۆی، وێڕای بەڕێوە بردنی ئەرکە سیاسی یەکانی، بۆ خزمەت بە زمان و ئەدەبیات و فەرهەنگی گەلەکەی تەرخان کردبوو. قاسملوو سالانێکی زۆر ئەندامی کۆڕی زانیاریی کورد بوو. نیزیکەی دوو سالان لە زانستگەی سۆربۆنی پاریس لە بەشی زمان و شارستانەتیی کورد دا کاری کردوە. دلسۆزانە بۆ دامەزران و پێگەیاندنی ئەنیستیتۆی کورد لە فەڕانسە تێ کۆشاوە و، لە گەڵ ئەو کۆڕ و ناوەند و زانایانە کە لە زمان و ئەدەبیات و فەرهەنگی کوردییان کۆڵیوەتەوە، هاوکاری و پێوەندی یەکی گەرم و نەپچڕاوی هەبووە.

ئەوین و ئۆگریی دوکتوری شەهید بە فەرهەنگی نەتەوەکەی بە جۆرێك بوو کە بایەخێکی تایبەتی بە ئەدیبان و هونەرمەندانی کورد دەدا و پێی خۆش بوو بە کارەکانیان دڵگەرمیان بکا. حەزی دەکرد بە هەرمەکانیان ببینێ، بخوێنێتەوە، گوێیان لێ بگرێ و نێوەرۆکی بەرهەمەکانیان لە گەڵ بێنێتە بەر باس. بە دڵفرەوانی یەوە دەستی هونەرمەندان و ئەدیبە لاوەکانی دەگرت و رێنوێنیی دەکردن. شێعری زۆربەی شاعیرە ناسراوەکانی کوردی خوێند بۆوە. شارەزایی کاك دوکتور قاسملوو لە شێعر و ئەدەبیاتی کوردی ئەو کاتە باشتر دەردەکەوت کە لە گەڵ ئەدیب و شاعیرەکان دادەنیشت و شێعری شاعیرانی کۆن و نوێی کوردی بۆ بە نموونە دێنانەوە. لە سەر فۆلکلۆر و گۆرانی و مۆسیقای نەتەوەکەمان زانیاری یەکی زۆری هەبوو و، فۆلکلۆر و داب و نەریت و گۆرانیی هەموو ناوچەکانی کوردستان بۆ ئەو خۆشەویست بوون.

دوکتور قاسملوو گرنگی یەکی زۆری بە بووژانەوەی زمانی کوردی دەدا.

بۆیە لەم چەند ساڵەی دوایی دا کە بەدوای رووخانی رێژیمی پاشایەتیی ئێران دا جارێکی دیکە حیزبەکەمان تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەست پێ کرد و بەڕێوە بردنی کار و باری ناوچە ئازادەکانی کەوتە سەر شان، هەوڵێکی زۆری بۆ خوێندنی منداڵان بە زمانی کوردی لەو قوتابخانانە کە رێژیمی ئاخوندی دایخستبوون لە خۆی نیشان دا. سەرەڕای ئەو هەمووە ئەرکە قورسە کە وەك سکرتێری گشتیی حیزب لە سەر شانی بوون، چالاکانە لە هەموو قۆناغەکانی تێکۆشانی حیزب دا بۆ پەرە پێدانی خوێندن و نووسینی کوردی لە نێو خەڵك و پێشمەرگە دا بەشدار دەبوو و، بە رێنوێنی یە بە نرخەکانی، هاوڕێیانی حیزبی، پسپۆڕان و مامۆستایانی لە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە پیرۆزە دا یارمەتی دەدا.

کاك دوکتور لەم بڕوایە دا بوو کە ئێمە لە بواری ئەدەبی و هونەری دا دەبێ خاوەنی ئەو توانا و ئیمکاناتە بین کە وڵامدەری ئەو بزووتنەوە مەزن و پان و بەرینەی گەلەکەمان بین. ئەو، حەزی دەکرد لە رێگای ئەدەبیات و هونەرەوە بتوانین هەم گەورەیی و لە شکان نەهاتوویی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد بە خەڵکەکەمان و خەڵکی جیهان نیشان بدەین و، هەم بە یارمەتیی تێکۆشانی ئەدەبی و هونەری، فەرهەنگی دواکەوتووانەی سەدەکانی نێوەڕاستی رێژیمی ئاخوندەکان بەرپەرچ بدەینەوە.

کاك دوکتور قاسملوو بۆ فێر کردنی کاری رۆژنامەنووسی لە نێو حیزب دا و بۆ پێگەیاندنی نووسەرە لاوەکان زۆر تێ کۆشا. جگە لە چەندین ساڵ و جاری وا بوو بە تاقی تەنیا و بە نهێنی، ئەرکی دەرکردنی " کوردستان " ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی بەڕێوە بردوە، هەمیشە یار و یاریدەری نیزیکی بەشی تەبلیغاتی و چاپەمەنیی حیزب بوو. دوکتور قاسملوو بۆخۆی نووسەرێکی بە توانا و بە ئەزموون بوو و، بە سەخاوەتەوە ئەزموونەکانی خۆی لە ئیختیاری هاوڕێ یەکانی دەنا. ئەو، هەم لە باری فەننی نووسین و، هەم لە باری خەتە گشتی یەکانی تەبلیغ و، هەروەها لە بواری ئەو وردەکارییانەدا کە

بوێـژ و نووسـەری حیزبـی دەبـێ بـۆ باشـتر بـوونی کارەکانیـان وه بەرچـاویان بگـرن، ڕێنـوێن و ڕێ نیشـاندەرمان بـوو. چـەند خـۆش بـوون ئـەو کاتانـه کـه لـه دەوری کـۆ دەبووینـەوه و لـه چـەند سـەعاتێك دا ئـەزموونی دەیـان سـال کـاری خـۆی لـه بـواری نووسـین، تـەبلیغ و لێکۆڵینـەوه دا بـۆ بـاس دەکـردین. عەلاقـەی شەهیدی مەزنمان بە کاری نووسین و چاپەمەنی بە رادەیەك بوو کە تەنانەت ڕۆژنامـه دیـواری یـەکانی قوتابخانـەکانی شـۆڕش و بنکـەی یەکیـەتی لاوانـی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش لە چاوی ون نەدەبوون و دەیخوێندنەوە.

دوکتـوری شـەهید، بـۆ کـۆڕ و ناوەنـدە زانسـتی، فەرهـەنگی و هونـەری یەکانی جیهان شەخسییەتێکی ناسراو بوو. ئەو ناسرانە بە هۆی ئەو شارەزایی یـەوە بـوو کـە دوکتـور قـاسملوو لـه سـەر مێـژوو و فەرهـەنگ هـەیبوو. کاتێـك کۆنەپەرسـتیی ئـاخوندی کۆتـایی بـە تەمـەنی ڕێبـەری مـەزن هێنـا، زۆر زانـای گەورە لە ئاستی کوردستان، ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و جیهان دا، دەسـتی خۆیـان بۆ شکاندەوە و، بۆ کۆچی بێ وەختی ماتـەمبار بوون. یەکیـەتیی نووسـەرانی کوردسـتان ، کـانوونی نووسـەرانی ئێـران لـە تەبعیـد دا، ئەنجومـەنی جیهـانیی قەڵـەم و... بۆ لەدەسـت چوونی دۆسـت و هاوکـاری نیزیکیـان پـەژارە دایگـرتن. کاك دوکتور بەو رادەیە لە گەڵ فەرهەنگ و ئەدەب و نەریتی گەلانی دیکە ئاشـنا بوو کە لە نێو هـەر میللـەتێك دا بـە ئاسـانی دۆسـتی بـۆ خـۆی دەدۆزی یـەوە. بـە راستی دوکتور قـاسملوو لـە کوردسـتان پـارتیزان و لـە ئورووپـا دیپلۆمـات بـوو. هەم لە گەل زەحمەتکێشانی گەلەکەمان بە باشـی لێك حاڵی دەبوون و، هـەم لـه نێو زانایان و ڕووناکبیرانی وڵاتانی پێشکەوتوو دا سەری لە نێو سەران دا دیـار بوو.

دوکتوری گەورەو ڕێبەرمان تەرکە دنیا و لە ژیان بێزار نەبوو. ژیـانی بـە هــەموو وجــوودی یــەوە خــۆش دەویســت. کــاتی حەســانەوەی خــۆی بــە خوێندنـەوەی کتێـب و...، بـە تەماشـای فـیلم، بـە گـوێگرتن لـە مۆسـیقی، بـە هاونشـینی لەگـەل دۆسـتان و ئـۆگرانی خـۆی و بـە کـورتی بـە کـاری بـە سـوود

دەبردە سەر. کە هاوسەنگەرانی خۆی بە شۆخ و شەنگی و خاوێنی دەدی، کە چاوی بە گەڕی ڕەشبەڵەکی کوردی دەکەوت، دەگەشایەوە. لە تازیە باری و ڕەشپۆشی و شیوەن بێزار بوو. شادی کردنی بە نیشانەی زیندوو بوونی گەلەکەمان و بە شێوەیەك لە خەبات بە دژی کۆنەپەرستانی حاکم بە سەر وڵاتەکەمان دا دەزانی. بەڵێ دوکتور، خۆشی و جوانی یەکانی ژیان و سروشتی بە تەواوی خۆش دەویست، بەڵام پێی وابوو ژیان بە بێ ئازادی مانایەکی نیە.بۆیە گیانی خۆشی لە پێناوی ژیانێکی پڕ لە بەختەوەری بۆ گەلەکەی دا دانا.

بە بۆنەی یەکەم ساڵرۆژی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو نووسراوە و لە ژمارە ١٦٣ ی ڕۆژنامەی "کوردستان " پووشپەڕی ١٣٦٩ (ژوئیەی ١٩٩٠) دا بلاو بۆتەوە.

هەر وەها لە" کتێبی چەپکە بۆچوونێك لە سەرگەورە شەهیدی ی گەلی کورد د.قاسملوو"،ئامادە کردنی"ح.ماردین"،چاپی سوید، زستانی ١٩٩٤ دا بلاو بۆتەوە.

# دوکتور قاسملوو لە ڕێبازی دا زیندووە

رۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ چوار ساڵ بە سەر کارەساتە دڵتەزێنەکەی وییەن که لەو دا دوکتور " عەبدولڕەحمان قاسملوو " سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران، کاك " عەبدوڵڵا قادری ئازەر " ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە ئوڕووپا و دوکتور " فازل مەحموود ڕەسووڵ " کوردی عێراقیی مامۆستای زانستگە لە وییەن تیرۆر کران ڕادەبرێ.

شەهید بوونی دوکتور قاسملوو، قورسایی خەمێکی زۆر گرانی خستە سەر دڵی ڕۆڵەکانی گەلی کورد و، هەموو ئەوانەی دۆست و دڵسۆزی گەلەکەمان و لایەنگری ئازادیی ئێرانن. بە ڕاستی نەك هەر لە کوردستان و ئێران، بەڵکوو لە زۆر شوێنی دوور و نزیکی ئەم جیهانە، ئەو لایەن و کەسانەی شەخسییەتی بەرزی ئەو تێکۆشەرە مەزنەیان دەناسی، بۆ لە دەستچوونی بە داخ بوون و بە بۆنەی مەرگی ئەو ئینسانە گەورەیە پەژارە و خەم و خەفەت دای گرتن.

دوکتور قاسملوو هەم لە ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و گەلی کورد دا، نەخشێکی کاریگەر و تەنانەت چارە نووسسازی هەبوو، هەم لە ڕادەی ئێران و لە گۆڕەپانی خەباتی سەرانسەریی گەلانی وڵاتەکەمان دا جێگای ڕێز و مایەی هیوا و هومێد بوو. هەم لە ئاستێکی گەورەتر یانی لە سەتحی ناوچە و بگرە لە ڕادەی جیهانی دا وەك شەخسییەتێکی بە توانا کە دەیتوانی لە بەرەو پێش بردنی ئاشتی و ئازادی و دادپەروەری دا شوێنی بەرچاوی هەبێ، حیسێبی بۆ دەکرا.

لە چوارەمین ساڵڕۆژی لە دەستچوونی ئەو ڕێبەرە پایەبەرزەمان دا هەوڵ

دەدەین زۆر بە کورتی هێندێك لایەنی نەخش و شەخسییەتی دوکتور قاسملوو لە مەیدانە جۆربە جۆرەکانی تێکۆشان دا وەبیر بێنینەوە تا بەمجۆرە لە لایەك ڕێوشوێنی قەدرزانی و ئەمەگناسیمان بەرامبەر بەو گەورە پیاوەی مێژووی گەلەکەمان بە جی هێنابێ و، لە لایەکی دیکەش سەر لە نوی ئەو دەرسانەمان وەبیر هێنابێتەوە کە دەبی لە دوکتوری نەمر فێریان بین. ئەم کارە هەر لەو کاتەش دا دەتوانێ وڵامێك بێ بۆ ئەو پرسیارە کە بۆچی دوژمنانی گەلی کورد ئەوەندە لە قاسملوو دەترسان و، بۆ چی سەرەنجام لە بەرزترین سەتحی دەوڵەتی دا پیلانی ناجوانمێرانەی شەهید کردنی ئەو ئینسانەیان داڕشت وبەڕێوەیان برد.

مێژووی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات زۆر شانازیی گەورەی تێدان کە بێگومان بەری ڕەنج و فیداکاریی کەسێك و چەند کەس لە تێکۆشەرانی ئەو حیزبە نین و، تێکڕای خەباتگێڕانی حیزب و پشتیوانانی ئەو حیزبە بەشیان پێوە هەن. بەڵام ئەگەر بە ئینسافەوە بمانەوێ کەسێك کە زیاتر لە هەر ڕۆڵەیەکی حیزبەکەمان نەخشی لە پێکهێنانی شانازی یەکانی حیزب دا هەبووە، دەست نیشان بکەین دەبێ قامك لە سەر دوکتور قاسملوو دابنێین. دوکتور قاسملوو جگە لەوەی لە چەند قۆناغ دا حیزبی بە دوای زەبر لێدان و تووشبوونی پڕش و بڵاوی دا ڕێك خستەوە و زیندوو کردەوە، توانی حیزب لە ژێر نفووزی حیزب و لایەنی جۆر بە جۆر بێنێتە دەرێ و شەخسییەتی سەربەخۆی بۆ بگێڕێتەوە. دوکتور قاسملوو بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی دوای چەند ساڵ لاڕێ بوون هێناوە سەر ڕێبازی پێشکەوتنخوازانەی خۆی. ئەو، لە سەرەوەی ئەو کەسانە بوو کە فێریان کردین لە پێناوی پاراستنی سەربەخۆیی حیزب دا هەموو نرخێك بە هەرزان بزانین و هەرگیز ڕێگا نەدەین حیزبەکەمان ببێتە ئامرازی دەستی هیچ لایەنێك.

قاسملووی نەمر نەخشی بنەڕەتیی لە جێگیر کردنی زۆر ئەسڵ و پرەنسیپ لە نێو حیزبەکەمان دا هەبوو. جێگیر کردنی دێموکراسیی نێوخۆیی

له ریزەکانی حیزب دا و بایەخدان بە ڕێبەرایەتیی بە کۆمەڵ و مەیدان نەدان بە فەرد پەرستی و ڕێبەریی تاکەکەسی لەو بایەخانەن کە لە دوکتور قاسملۆوە بە یادگار بە جێ ماون. دوکتوری شەهید ئەگەر لە لایەك بە سەقامگیر کردنی سوننەت و ڕێوشوێنی ئینسانی و دێموکڕاتیك و شۆڕشگێڕانە ڕێز و ئیعتیباری حیزبەکەی بەرز کردەوە، زانست و فەرهەنگ و لێوەشاوەیی و توانای دیپلۆماسیی خۆشی بو ناساندنی حیزبی دێموکڕات بە حیزب و ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵە جۆربەجۆرەکانی ناوچە و دەرەوە و، پتەو کردنی پێوەندی حیزب لە گەڵ ئەوان بەکار هێنا. ئازایەتیی سیاسیی ڕێبەری شەهیدمان دەسمایەیەکی گەورە بوو کە بە هۆی ئەوەوە دەیتوانی بایەخە نوێ و دروستەکان لە نێو حیزب دا بەرەو پێش بەرێ و، حیزب بگەیەنێتە ئەو رادەیە لە نفووز و ئیعتیبار کە ئەمڕۆ هەستی پێ دەکەین.

دوکتور قاسملوو تەنیا لە فکری حیزبەکەی دا نەبوو. لە راستی دا ئەو حیزبەکەی خۆی وەك وەسیلەیەك بۆ بەرەو پێش بردنی خەباتی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان و ئامانجە بەرزەکانی دیکەی چاو لێ دەکرد. بۆیە لە پێناوی قازانج و مەسڵەحەتی گەلەکەی دا هەمیشە رای دەسپاردین قازانجی حیزب فیدا بکەین. قاسملووی شەهید لەو ڕێبەرانە بوو کە دڵسۆز و خەمخۆری گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بوو. بە ئەرکی حیزبەکەی دەزانی دۆست و پشتیوانی بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بێ. لە روانگەی ئەو ڕێبەرە پایە بەرزەوە شۆڕشگێڕی کورد ئەو کەسە بوو بەر لە هەموو ئامانجێکی دیکە بۆ ئازادیی گەلەکەی هەوڵ بدا و، ئەگەر لە رابردووی پڕ شانازیی ئەو، ورد بینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە لە سەرانسەری ژیانی سیاسیی خۆی دا لە هیچ زەحمەتێك بۆ سەرکەوتنی خەباتی کورد بە گشتی دریغی نەکردوە. دوکتور قاسملوو خاوەنی ئەو شانازی یەشە کە نەخشێکی گەورەی لە برەو پێدانی هێندێك بیر و ئوسوول لە بزووتنەوەی کورد دا هەبووە. بۆ وێنە ئەو راستی یە کە بزووتنەوەی گەلی کورد دەبی بە هێزی لە بڕان

نەهاتووی گەلەکەمان پشت ئەستوور بی و، نابێ چاوەڕوان بین دەستێك لە لاوە بێ رزگارمان بکا، یان ئەو مەسەلەیە کە ئێمە بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەرحەقەکانمان دەبێ لە شێوە و رێگای رەوا و پیرۆز کەڵك وەربگرین و، لە کردەوەی تیرۆریستی و بارمتە گرتن و بەدڕەفتاری لەگەڵ دیلەکانی شەڕ خۆ لابدەین.

دوکتوری نەمر گرنگی یەکی زۆری بۆ هاوپێوەندی و هاوخەباتیی هێزەکانی نێو بزووتنەوەی کورد دادەنا و، پێی لە سەر ئەم راستی یە دادەگرت کە دەخاڵەت نەکردنی هێزەکانی هەر پارچەیەکی کوردستان لە کارو باری پارچەیەکی دیکە دا و، هەر لەو کاتە دا پێوەندیی پتەوی هێزە خەباتگێڕەکانی کوردستان لە گەڵ یەکتر، دەتوانێ یەکێك لە هۆکارە زۆر گرنگەکانی بەرەو پێشچوونی خەباتی خەڵکی کوردستان بێ. دوکتور قاسملوو لە ئاکامی تەمەنێکی سەرانسەر خەبات دا و بە هۆی بەهرە و توانای سیاسی و زانستی و... ی خۆیەوە بۆ دنیای دەرەوە سیمایەکی ناسراو بوو، هەوڵێکی زۆری بۆ گەیاندنی دەنگی بەشخوراویی گەلی کورد بە گوێی خەڵکی جیهان لە خۆی نیشان دا و، لەم بوارەش دا بە حەق نەخشی لە جیهانی کردنی کێشەی گەلەکەمان دا هەبوو.

هەوڵدان بۆ ئازادیی ئێران بوعدێکی دیکە لە ژیان و شەخسییەتی ئەو شۆڕشگێڕە مەزنەیە. دوکتور قاسملوو هەر وا کە هەوڵدان بۆ ئازادیی گەلی کوردی بە شتێکی ناتەبا لە گەڵ ئێرانیبوونی خۆی نەدەزانی، تێکۆشان بۆ جێگیر کردنی نیزامێکی دێموکڕاتیك لە وڵاتەکەشمانی دا بە مەرجی سەرکەوتنی خەباتی خەڵکی کوردستانی ئێران و گەلە بن دەستەکانی دیکەی ئێرانی دادەنا. ئەو، رێگای بە هیچ کەس نەدەدا خۆی لەو بە ئێرانیتر بزانێ. دژی ئەوە بوو کە کورد یان هەر ئێرانی یەکی دیکە بە هاو نیشتمانی دەرەجە دوو چاو لێ بکرێ. دوکتوری نەمر بۆ ئێرانێك خەباتی دەکرد کە سەربەخۆ و دێموکڕاتیك بێ و، لەو دا هیچ گەل و ئایین و چین و توێژێك هەست بە ژێر

دەستی نەکا. دوکتور قاسملوو کە زۆر لە شەخسییەتە دێموکڕاتەکان و هێزە سیاسی یەکانی ئێران باوەڕیان بە لێوەشاوەیی، نفووز و نیشتمانپەروەریی ئەو هەبوو، لە ئالاهەڵگرانی لێك نیزیك کردنەوەی ریزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی پێشکەوتنخوازی ئێران بوو و، بە هاویشتنی هەنگاوی بە نرخ توانیبووی هومێدی یەکبوون و یەکگرتنی ئۆپۆزیسیۆن بە هێز بکا.

قاسملوو لە وڵاتێك و لە ناوچەیەك دا کە دەسەڵاتدارانی بە داخەوە تەنیا زمانی زەبر و زۆر و توند و تیژی بۆ چارەسەری مەسەلەکان دەناسن، شێلگیرانە بۆ دێموکراسی خەباتی دەکرد. داواکاری مافە ئێنسانی یەکان بوو و مەنتیقی ترین ڕێگا و شێوەکانی بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پیرۆزانە دەگرتە بەر. ئەو لە گەڵ ئەوەش دا کە باری قورسی بەرەو پێشبردنی خەباتی نەتەوەکەی لە سەر شان بوو و، بۆ گەیاندنی وڵاتەکەی بە ئازادی و دێموکراسی هەنگاوی دەنا، دەیڕوانیە دوورتریش. دەردی گەلی بێ بەشی فەلەستین وخەمی ڕەشی چارەڕەشی ئەفریقا و مەینەتی هەر چەوساوەیەك لەو شتانە بوون کە بۆ دوکتور قاسملووش وەك هەموو ئینسانە گەورەکانی دنیا مەسەلە بوون. هەر بۆیەش لە کۆڕی شەخسییەتە جیهانی یەکان دا جێگای هەبوو، بانگی بێ بەشیی ئینسانەکانی بەشێکی ئەم دنیایەیان لێ دەبیست و بیروڕای ئەویان لە سەر ئەو مەسەلانەی کە هی هەموو مرۆڤایەتین دەویست.

شەخسییەتێك کە خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە بێ و، حیزبێکی گرنگ و گەلێکی لە شکان نەهاتوو لە وڵاتەکەی دا بۆ دژایەتی لە گەڵ ستەم و دیکتاتۆری و، بۆ وەدەستهێنانی دێموکڕاسی و ئازادی ڕێبەرایەتی بکا، زۆر سروشتی یە کە بۆ ستەمکاران و دیکتاتۆران تەحەممول نەکرێ. هەر بۆیە چوار ساڵ لەمەو بەر لە ئێوارەی ڕۆژی ٢٢ ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ دا، تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی کە لە بەرگی دیپلۆمات دا و بە ناوی وتوویژ لە سەر داخوازەکانی گەلی کورد لە گەڵ دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە وییەن کۆ ببوونەوە، سکرتێری گشتیی حیزب و ڕێبەری لێوەشاوەی خەڵکی

کوردستان،دوکتور قاسملوویان لە گەڵ کاک "عەبدوڵڵاقادری ئازەر" و دوکتور " فازڵ مەحموود رەسووڵ " شەهید کرد. بەو خەیاڵە کە حیزبی قاسملوو، گەلی قاسملوو و ئەویندارانی ڕێبازەکەی بەم زەبرە تێك بشکێنن و ڕێبازی ئەو شەهیدە کوێر بکەنەوە. غافڵ لەوە کە حیزبێك و گەلێك کە قاسملوویان پێ گەیاندوە و، قاسملوو لە رەمزی سەرکەوتنی گەیاندوون، بە چۆك دانایەن و دەست هەڵگری ڕێبازی مامۆستا و ڕێبەری شەهیدیان نابن.

لە ژمارە ١٩٩ی رۆژنامەی "کوردستان"،پووشپەری ١٣٧٢(ژوئیەی١٩٩٣) دا بلاّو بۆتەوە.

# ئەستێرەیەکی پڕشنگدار و بێ ئاوا بوون

**(بە بۆنەی نۆیەمین ساڵی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی)**

٩ ساڵ لەمەو بەر ئێوارە درەنگانی رۆژی ٢٢ ی پووشپەڕ ( ١٣ ی ژوئیە ) دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کاك عەبدوڵڵا قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە گەل کوردێکی عێراقیی دۆستی حیزب بە ناوی فازڵ مەحموود رەسووڵ لە شاری ڤیەن، کەوتنە بەر دەسڕێژی چەند تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بە ناوی نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی یەوە، بۆ باس لە سەر چارەسەری کێشەی کورد لە گەڵیان کۆ ببوونەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە کەلکوەرگرتن لە نیاز پاکیی حیزبی دێموکرات و رێبەرەکەی و، باوەڕیان بە چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران، مێزی وتووێژ لە گەڵ نوێنەرانی حیزبەکەمانی کرد بە قەتڵگەی ئەوان و هەر بەو کەسانەش کە بە ناوی دیپلۆمات و نوێنەری خۆی بە رواڵەت بۆ وتووێژ ناردبوونی، شەهیدی کردن.

بە شەهید بوونی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، حیزبی دێموکرات و گەلی کورد، رێبەرێکی بێوێنە و بزووتنەوەی دێموکراتیك و شۆڕشگێڕانەی وڵاتەکەشمان سیما و شەخسییەتێکی زۆر بە وەجیان لە دەست دا. دوکتور قاسملوو بە رێبەری کردنی مامۆستایانە و سەرکەوتووانەی حیزبی دێموکرات و خەباتی خەڵکی کوردستان و، بەو رۆڵە کاریگەرەی لە نزیك کردنەوەی هێز و شەخسییەتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دا هەیبوو، هەر وەها بەو خزمەتانەی کە بە کەلکوەرگرتن لە بۆعدی ناوچەیی و جیهانیی شەخسییەتی سیاسی و زانستی و خەباتگێڕانەی خۆی، بە ناساندن و بەرەو پێش بردنی کێشەی کورد و خەباتی گەلانی وڵاتەکەی دژی رێژیمی ئینسانکوژ و کۆنەپەرستی کۆماری

ئیسلامیی ئێرانی کردبوون ، هەم بۆ قوتابیان و هاوسەنگەرانی، هەم بۆ نەتەوەکەی و گەلانی وڵاتەکەی، ببوو بە سەرچاوەی هیوا و هومێد پێ بەستن. بۆیە سروشتی بوو کە کۆماری ئیسلامی، دوژمنی سەرەکی و دڵڕەشی گەلی کورد، بۆ لە نێو بردنی بە توندی لە هەوڵ دابێ و پەنا بباتە بەر دزێوترین شێوەی لە نێو بردن کە تیرۆریزمە و ناجوانمێرانەترین و بێئەخلاقانەترین نەخشە و پیلانەکان بۆ لە داوخستن و شەهید کردنی، یانی کوشتنی لە سەر مێزی وتووێژی ئاشتی، هەڵ بژێرێ.

ئینسانە گەورەکان هەر لە ژیان دا گەورە نین، لە مردنیش دا گەورەن. ئەوان ئەگەر لە ژیان دا، خزمەتی گەورە و لەبیرنەکراویان لە دەست دێ و شوێنەواری قووڵ لە سەر ژیان و خەباتی میللەتان و وڵاتانی خۆیان دادەنێن، بە مردنیشیان میللەتێك و وڵاتێك دەهەژێنن و بە میلیۆن ئینسان دەبەنە نێو خەم و ماتەم. بۆ مەرگی قاسملووی ڕێبەر و گەورە مامۆستاشمان " هەزاران پێشمەرگە، دەیان هەزار ئەندامی حیزبەکەی و سەدان هەزار دۆست و لایەنگری ڕێبازەکەی و بە میلیۆن کەس لە ڕۆڵەکانی گەلەکەی غەمیان بە سەر دا باری و فرمێسکیان هەڵوەراند ". ئەو شەهید بوونەکەشی خزمەتی گەورەی بە ناساندنی کێشەی نەتەوەکەی کرد و سەرنجی جیهانی یەکانی بە شێوەیەکی تایبەتی و بێ وێنە بۆ لای ژێر دەستی و بێ بەشیی گەلی کورد ڕاکێشا و شەپۆلێکی بەرینی هاودەردی لە گەڵ گەلی کوردی لە دنیادا وەڕێخست.

٩ ساڵ لە کارەساتی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی رابردوە. ئەگەر کەسانی دیکە بە تێپەڕینی زەمان، بەرەبەرە تۆزی فەرامۆشییان لێ دەنیشێ و لە بیر دەچنەوە، ئەم ڕێبەرە مەزنە، ناوی، یادی و ڕێبازەکەی هەروا لە گەشانەوە و پڕشنگدانەوە دان. خەمی لە دەستچوونیشی سەرەڕای تێپەڕ بوونی ئەو ماوە زەمانی یە، لە دڵی ئەویندارانی ڕێبازەکەی و ئەوگرانی شەخسییەتە مەزنەکەی دا، نەك هەر کۆن نەبووە، زوو زوو نوێ دەبێتەوە. ئەو هەلومەرجە لەبار و نوێ یەی بە دوای مەرگی دوکتور قاسملوو لە ناوچە و جیهان دا بۆ کێشەی کورد هاتە کایەوە و ئەو هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفرانسانەی لەم چەند ساڵەی دوایی دا لە پێوەندی لە گەڵ گەلی کورد دا پێك

هاتوون، ئەوانە و هەموو دەرەتانێکی باش کە بە قازانجی بەرەو پێش بردنی مەسەلەی کورد رەخساون، ئێمە و هەموو دڵسۆزێکی کوردیان خستۆتەوە یادی دوکتور قاسملوو و خاڵی بوونی جێگاکەی.

بەو حاڵەش، دەتوانین جارێکی دیکە بە دڵنیایی و شانازی یەوە رووی قسەمان بکەینە ئەو ڕێبەرە مەزنە و پێی بڵێین بە ئاسوودەیی بنوو. " لاشت کە سەر دەنێتەوە بیرت هەر دەتەنێتەوە " *. ڕێبازت بەردەوامە و ڕێگات بەر قەرار. قوتابیان و هاوسەنگەرانت بەری رەنجی چەندین ساڵەت بە فیڕۆ نادەن. ڕێنوێنی و ئامۆژگاری و نەریتە بەرز و شۆڕشگێڕانەکانت لە بیر نابەنەوە. ئەوان بە ئامانجەکانت وەفادارن و لە ناو و یادی بەرزت، لە خەباتی چەندین ساڵەی پیرۆزت و لە شەخسییەتی مێژوویيت هەروا ئیلهام وەردەگرن. ڕێبوارانی ڕێگاکەت و ئۆگرانی ڕێبازەکەت هەر وەك سروشتی خۆت بوو، بە گەشبینی یەوە دەڕواننە ئاسۆی خەباتی گەلەکەیان و، خۆشحاڵن کە لە بیرەوەریی شەهید بوونت دا، مزگێنیت پێ بدەن، ئەو ڕۆژەی بە ئاواتت دەخواست نزیك بۆتەوە. ئێستا کۆمەڵانی خەڵك لە سەرانسەری وڵاتەکەت، لە دژی سەرەڕۆیی و کۆنەپەرستی وبێ مافی هاتوونە مەیدان و بە بەرز کردنەوەی دەنگی بێزاری لە کۆماری ئیسلامی، بناخەکانی ڕێژیمێك کە دەستی بە خوێنی تۆ و دەیان هەزار شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازی دیکەی ئێران سوورە، وەلەرزین خستوە.

نەمری و هەزاران سلاو بۆ یادت و بەردەوامی و سەرکەوتن بۆ ڕێبازە پیرۆز و پڕشانازی یەکەت.

* ئیشارەیە بەم شێعرەی مامۆستا هەژار کە لە ئەسڵ دا بەم جۆرەیە :

لاشمان کە سەر دەنێتەوە بیرمان هەر دەتەنێتەوە

ئەم بابەتە لە ژمارە ٢٦٠ ی ڕۆژنامەی " کوردستان " پووشپەڕی ١٣٧٧ ( ژوئیەی ١٩٩٨ ) دا بە بۆنەی نۆیەمین ساڵوەگەری شەهید بوونی دوکتور قاسملوو بڵاو بۆتەوە.

# لەسەر گڵکۆی رێبەرێکی گۆڕغەریب

"ڕۆژێك كە كۆترەكانی ئاشتی لە دڵی پاریسدا، بۆ ڕێزنان لە مافی مرۆڤ لەبەر چاوی ڕێبەرانی ۳۲ وڵاتی جیهان بەرەو ئاسمان لە شەققەی باڵیان دەدا، یەكێك لە لێوەشاوەترین خەباتگێڕانی داواكاری مافە ئینسانییەكانیان لە شاری وییەندا كوشت. عەبدولڕەحمانی قاسملوو، بێگومان زۆری پێ خۆش دەبوو توانیبای لەم ڕێوڕەسمەدا بەشداربا و بەو ڕاوێژە ئارامو بەو سروشتە شۆخەی كە تایبەتی شەخسی ئەو بوو، داوای كردبا لە چوارچێوەی یاساكانی مافی مرۆڤدا، بیرێكیش لە حاڵی میللەتی كورد بكەنەوە.

قاسملوو فەرانسەی بە نیشتمانی سروشتیی دووهەمی خۆی دەزانیو بڕوایەكی قووڵی بە بایەخە دێمۆكراتیكەكان هەبوو و دەیەویست لەگەڵ جێنشینانی خومەینی وتووێژ بكا، بەڵام هێندێك پێیان خۆش نەبوو كوردان لە داهاتووی ئێراندا ببنە هاوبەش. عەبدولڕەحمانی قاسملوو گیانی خۆی لەو ڕێیەدا دانا. ئەو ئیدی هەرگیز كۆتایی تێكهەڵچوونەكان، سەركەوتنی پێشمەرگەو وەدیهاتنی داوای ساكاری خودموختاریی كوردستان نابینێ، بەڵام ئەوانەی ناسیویانە، هەرگیز لەبیریان ناچێتەوە. ئەركی هەموو ئەوانەی تینووی دادپەروەرین ئەوەیە ئەم پەندە كوردییە پێچەوانە بكەنەوە كە دەڵێ "میللەتی كورد جگە لە چیاكانی كوردستان پشتیوانێكی دیكەی نیە".

***

لە ئێوارەیەكی ساردی ڕۆژێكی سەرماوەزی پاریسدا، نۆ ساڵو نیو دوای ئەو ڕۆژە تاڵەی نەك مەمانان، میللەتێك ناتوانێ قەت لەبیری بەرێتەوە، لە نێو دیمەنە ئەفسووناوییەكانی گۆڕستانی بەناوبانگی پێرلاشێزدا، لە سەر گڵكۆی ڕێبەرە گۆڕ غەریبەكەم، خۆم دەبینمەوە. سێ ڕۆژ لەمەوبەر لە وییەن چوومەتە

بەردەرکی ئەو ئاپارتومانە "لەعنەتی‌یە"ی کە ئێوارەی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨، پێغەمبەری ئاشتی‌یان تێ‌دا کوشت، چەند حەوتوویەکیش پێشتر لە سوئێد بۆ یەکەمجار وێنەی دڵتەزێن‌و هەست بزوێنی کەللەی پڕاوو لەشی بە گولله دابێژراوی ئەوو هاوڕێکەیم ـ کە بە دوای ڕووداوەکەدا هەڵ گیراوە ـ دیوە. بە دڵپڕی‌و بێ‌سەرنجدان بە گریانی هاوڕێکەم، بەرێزەوە لەبەرامبەر وێنەی سەر کێلەکەی‌دا وەستاوم. تۆماری مەزلوومییەتی میللەتێك لەچەند دەقیقەیەك‌دا هەڵ دەوێژنم. خۆرئاوا بوونی ڕۆژی ٢٩ی پووشپەڕی ١٣٦٨، ئەو ڕۆژەی تەرمی ئەوو هاوڕێی تا سەری هەر لەم شوێنە، دوور لەچاوی ئێمەی ڕێبوارانی ڕێگاکەی بە خاك سپێردرا، دیتەوە یادم. ئەم وتانەی سەرەوەی دوکتور بێرنارد کوشنێرم لە ڕێورەسمی بەخاك سپاردنی‌دا کە ئێوارەی هەمان ڕۆژ لە ڕادیۆی بی. بی. سی بیستمن، یەك یەك لەگوێ‌دا دەزرینگێنەوە.

لەو دیوی دیواری ئاویی فرمێسکە قەتیس ماوەکانی نێو چاوم، کێلەکەی بەرە بەرە وەها بەرز دەبێتەوە، بورجی ئیفێلم لێ ون دەکا. بە وەردانەوەی بیرەوەری‌یەکانم گیان بە بەر وێنەی سەر کێلەکەی‌دا دەکەمەوەو لەبەر چاوم زیندوو دەبێتەوەو بێجگە لەو چیتر بەدی ناکەم. "لە خزمەتی حەزرەتی عیشق"دا دەگەڕێمەوە بۆ ڕابردوو، بۆ ڕێبەندانی ١٣٥٧، بۆ "حەسەن نووران" کە بۆ یەکەم جار لەوێ ناویم لە بابم بیست، بۆ باغی "یەنگیجە" کە یەکەم جار لەوێ دیتم. دەیان بیرەوەری لە دیدارو لە وتەکانی خێرا خێرا بە مێشکم‌دا تێ‌دەپەڕن. بیرەوەریی ئەو ڕۆژەم دێتەوە یاد کە تازە هەواڵی جەرگبڕی شەهید بوونی ئەویان پێ‌دابووین‌و "ناخوداگاە" ئەو شێعرەی هێمنم کەوتبۆوە یادو دەمنووسی‌یەوە:

زەوی چۆنت لە ڕوو هەڵ هات بدەی سووڕ
نەڕووخای ئاسمانی پیری پشت کووڕ
***

ئێرەیی بە هاوڕێکەم دەبەم. حەز دەکەم وەك ئەو لە قوڵپی گریان بدەم‌و ئەو

ئـاگرەی لـە هـەناوم دا کڵپـەی سـەندوە، دامـرکێنم. بـە پێچـەوانەی عـادەتی هەمیشـەییم ئێسـتا یەکپارچـە سـۆزو بـەزەیی و عاتیفـە نـیم، کـوورەی ڕق و نەفرەت و بێزاریم. لـەو غـەدرەی لـە پێش چاوی مرۆڤایـەتی لێمـان کرا، لـە گۆڕ غەریبیی ڕێبەرانمان و بێبەشییان لە بستە خاکێکی وەتەن کە تێی دا بسرەون، لە بندەستی و مەزلوومییەتی سەدان ساڵەی میللەتە چەندین میلیۆنییەکەم لە دەروازەی سەدەی بیست و یەکدا، بێزارو تووڕەم.

بۆمشت و ماڵدانی ئەو هەستەی خۆم و بەرلـەماڵاوایی، چەند کۆپلەیەك لـە وتارە مێژوویی‌یەکەی "مامۆستا" لە سەر گڵکۆی ئەم ڕێبەرە گۆڕ غەریبە وەبیر دێنمەوە و لەبەر خۆمەوە دەیانڵێمەوە:

"ئـەتۆش ئـەی تێکۆشـەری هـەرگیز نـەمر، ئـەی مامۆسـتای زانـا و ڕێبـەری بـەتوانا! بەخاترجـەمی سـەربنێوە و بـە ئاسـوودەیی بنـوو. چـونکە بـە هـەوڵ و تێکۆشـانی دەیـان سـاڵەت وڵاتێکت هەژاندوە و گـەلێکت ڕاپەڕاندوە. قوتـابی و هاوسەنگەرانت لەسەر پەیمانی خۆیان ماون و ڕێگاکەت بەرنادەن... "

لە ژمارە ٣٤٥ی "کوردستان" ٣١ی پووشپەڕی١٣٨١(٢٢ی‌ژوئیەی٢٠٠٢)دا بلاو بۆتەوە

## "هەموو شتێك بۆ جەبهەو هەموو ئیمكاناتێك بۆ سەنگەر"

"ئەوه چەند ڕۆژه ڕێـژیمی ئاخوندی هێرشێكی پـانو بـەرینی تـازەی دژی كۆمــەڵانی زەحمەتكێشــی خــەڵكی كوردســتان دەســت پــێكردوه. ڕێــژیمی خومەینی كه له هەموو جەبهەكانی دەرەوەو نێو وڵاتدا تووشی شكست بووه، پێداویستی به سەركەوتن هەیەو پێی وایه به بەسیج كردنی چەند هەزار كەس دەتوانــێ ئـەو سـەركەوتنه لـە كوردسـتاندا وەدسـت بێنـێ. هـەر بۆیـه دەسـتی داوەتـه پـانو بـەرینترینو دڕندانـەترین هێرشـی خـۆی. ناوچه ئازادكراوەكانی كوردستان به تۆپو هێلیكوپتێرو تەیاره دەكوتـێ، خەڵكی بێدیفاع دەكوژێ، گوندەكان وێران دەكا، خانووی زەحمەتكێشان دەڕووخێنێو لەسەر هەموو ئەو كردەوه دژی ئینسانییانه ناوی ئیسلام دادەنێ.

هێرشـی ئێسـتای ڕێـژیمی خومـەینی دوا پەلەقاژەیـەتی بـۆ جـێگیر كردنـی خۆی له كوردستاندا. بەرامبەر به هێرشی ڕێـژیمی خومـەینی تـەنیا یـەك ڕێگا هەیـه، ئـەویش ڕاوەسـتانو بەربـەرەكانی كردنو هێـرش بردنـه. بۆیـه دەفتـەری سیاسـیی حیزبـی دێمـۆكراتی كردسـتانی ئێـران بڕیـاری دا كـه لـه ڕۆژی ٢٠ی مانگی خەرمانانی ١٣٦١ەوه تـا ٢٠ی مـانگی ڕەزبـەری ١٣٦١ مـانگی دیفـاع لـه ئازادیو مەوجوودییەتی گەلی كورد ئیعلان بكا.

به كورتی تەواوی خەڵكی كوردستان دەبێ هـەموو توانـاو هێـزو ئیمكانـاتی خۆیان بۆ جەبهه تەرخان بكەن! هەموو شتێك بـۆ جەبهـەو هـەموو ئیمكانێك بـۆ سەنگەر، ئەوەیه شیعاری ئەمڕۆی سەرانسەری كوردستان." (١)

*چەند بەشێك له پەیامی سكرتێری گشتیی حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران، دوكتور عەبدولڕەحمان قاسملوو به بۆنـەی هێرشـی دڕندانـەی ڕێژیمی*

***خومەینی بۆ سەر خەڵکی کوردستانەوە (خەرمانانی ١٣٦١)***

خەرمانانی ئەم ساڵ ٢٠ ساڵ لەو ڕۆژە ڕابرد کە دوکتور قاسملووی نەمر سکرتێری‌گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پەیامێك‌دا کە لە رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێرانەوە بەدەنگی خۆی بڵاو بۆوە، ڕووی کردە هاونیشتمانانی ئێرانیو خەڵکی خەباتگێڕی کوردستانو وێڕای پەردە لادان لەسەر دەست پێکردنی نیازێکی چەپەڵی ڕێژیمی ئاخوندی کە هێرشێکی پانو بەرینی نیزامی بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان بوو، ئەرکی کۆمەڵانی خەڵك لە کوردستانو هێزی پێشمەرگەو ڕێکخراوەکانی حیزبو، زۆر بەشو لایەنی دیکەی نێو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانی دەست نیشان کرد. دوکتور قاسملووی نەمر لە پەیامەکەی‌دا جارێکی دیکە ڕاستی‌یەکی دووپات کردبۆوە: "ڕێژیمی خومەینی درۆ دەکا ئەگەر وەها دەنوێنێ کە گۆیا لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شەڕ دەکا. شەڕی خومەینی لەگەڵ هەموو خەڵکی کوردستانە... چونکە موسوڵمانو ولایەتی فەقیهی خومەینییان کە ئیستیبدادو سەرەڕۆیی سەدەکانی نێونجی زیندوو دەکاتەوە، قبوول نیە. خومەینی ڕقی لە خەڵکی کوردستانە، چونکە کوردنو لە ڕۆژەکانی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە، بوون بەدڕکی چاوی خومەینی. خومەینی ڕقی لە خەڵکی کوردستانە. چونکە دێموکراسیو ئازادی‌یان دەوێ."[٢]

بەڵێ ڕێژیم پانو بەرینترینو دڕندانەترین هێرشی خۆی بۆ سەر ناوچە ئازادەکانی کوردستان دەست پێ‌کردبوو و دەیەویست بەخەیاڵی خۆی بەو هێرشە کاری سەنگەری دیفاع لە ئازادیی سەرانسەری ئێران، کوردستان، یەکلا بکاتەوەو بە یەکجاری خەیاڵی خۆی لە ئاست خەباتو بەربەرەکانیی حیزبی دێموکراتو خەڵکی کوردستان ئاسوودە بکا.

لێرە دابوو کە دەفتەری سیاسیی حیزب بۆ ئاگادار کردنی کۆمەڵانی خەڵك لە مەبەستی ڕێژیمو پێویستیی دیفاع لە مافو ئازادی‌یەکانیان، دوکتور قاسملووی ڕاسپارد تا لە پەیامێکی رادیۆیی‌دا ڕۆژەکانی ٢٠ی خەرمانان تا

٢٠ی ڕەزبەر وەك مانگی "دیفاع له ئازادیو مەوجوودییەتی گەلی کورد" ڕابگەیەنیّ و هەموو بەرپرسان، کادرو پێشمەرگەو ئەندامانو لایەنگرانی حیزبو سەرجەمی دۆستانو پشتیوانانی خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ ڕاوەستان له بەرامبەر ئەو هێرشەداو تێك شکاندنی نەخشەی ڕێژیم بانگەوازو بەسیج بکاو ئەرکیان له هەلومەرجی گرنگی ئەوکاتداو، چاوەڕوانیی دەفتەری سیاسیی حیزب له وانیان پێ ڕابگەیەنیّ. مانگێك دواتریش له پەیامێکی دیکەدا ڕۆژەکانی نێوان ٢١ی ڕەزبەر تا ٢٠ی خەزەڵوەری وەك مانگی هێرش بۆ سەر دوژمنان ناودێر کرد.

تێپەڕینی ٢٠ ساڵ لەو ڕووداوە گرنگە بە دەرفەت دەزانین تا وێڕای وەبیر هێنانەوەی ئەو خۆڕاگریی‌یە بەربەرینو پڕ شانازی‌یە کە کوردستان لە مانگی دیفاعو مانگی هێرش بۆ سەر دوژمنانی ئازادی‌دا شاهیدی بوو، هێندێك لایەنی خەباتو بەربەرەکانیی گەلی کوردو حیزبی دێموکرات بەدژی کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا بێنینە بەر باس:

**مەبەستی ڕێژیم لە هێرشەکە**

ئەگەرچی دەرهێنانی هەموو ناوچە ئازادەکانی کوردستان لەدەست هێزی پێشمەرگەو هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستان ئامانجێك بوو کە ڕێژیم هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتای هاتنە سەرکاری‌یەوە بە ڕێگای هێرشو لەشکرکێشی‌یەوە هەنگاوی بۆ نابوو. بەڵام لەو هێرشە پانو بەرینەدا، ڕێژیم ناوچەیەکی دیاریکراوی زیاتر مەبەست بوو، لە ڕاستی‌دا مەبەستی ئەسڵیی ڕێژیم گرتنەوەی ڕێگای پیرانشار ـ سەردەشتو ناوچەکانی دەوروبەری ئەو جادەیە بوو. بۆیە هاوکات لەگەڵ درێژەدانی شەڕو هێرش لە زۆربەی جەبهەو ناوچە ئازادەکاندا، هێرشێکی چەندین هەزار کەسیی لە دوو لا (سەردەشتو پیرانشار)ەوە بە هەموو چەكو ئیمکاناتێکی شەڕەوە کە لە ئیختیاری دابوو، بە مەبەست گرتنەوەی ئەو ڕێگایە دەست پی کردبوو. "ئەو ڕێگایە هەم بۆ دوژمنو هەم بۆ بزووتنەوەی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستان بایەخێکی

ســتراتیژیکیی هــەبوو. لەبــەر ئــەوەی هــەموو کوردســتان هــەر بــە دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە بەهاری ساڵی ١٣٥٩دا خرابووە بەر گەمارۆیەکی توندی ئابووری، حیزبی دێمۆکرات و هێزەکانی دیکەی نێو بزووتنەوەی کورد ناچار بوون بەشی زۆری پێداویستییەکانیان بە شێوەی قاچاغ و نیوە قاچاغ لە عێراقەوە بێنن. کەوابوو پاراستنی ئەو ڕێگایە بەتایبەتی لە کاتێکدا بەرەو پاییزو فەسڵی سەرما و ڕێبەندان درۆیشتین بایەخێکی زۆری هەبوو. دوژمنیش ڕاست هەر بەو هۆیەوە دەیەویست ئەو ڕێگایە بگرێتەوە و لە ڕاستیدا مەبەستی ئەوە بوو بە گرتنی ڕێگای تەداروکاتیی حیزب، گەمارۆیەکی دیکە بخاتە سەر بزووتنەوەی کورد و خەڵکی کوردستان بە گشتی."[٣] جگە لەمەش بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب و ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران کە هەردووکیان شوێن و نەخشی خۆیان لە ڕێنوێنی و بەرەوپێش بردنی تێکۆشانی حیزبی و خەبات و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستاندا هەبوو، هەر لەوناوچەیە بوون و ڕێژیم بە خەیاڵی خۆی بە گرتن یا هەڵقەندنیان زەبرێکی گەورەی لە حیزب و جووڵانەوە دەدا!

### *توانای حیزبی دێمۆکرات لە ڕێکخستنی خۆڕاگریی قارەمانانە و بەسیجی کۆمەڵانی خەڵکدا*

حیزبی دێمۆکرات بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی نەتوانێ بە هاسانی بەو مەبەستە چەپەڵەی بگا و نرخێکی گران بۆ گەیشتن بەو مەبەستە ببژێرێ، هێزە هێرشکەرەکانی کۆماری ئیسلامیی لەگەڵ دیوارێکی پتەو لە خۆڕاگریی هێزی پێشمەرگە بەرەو ڕوو کرد. لە هەموو جەبهەکان بەگشتی و بەتایبەتی لە مێحوەری سەردەشت . پیرانشاردا هێزی پێشمەرگە لەگەڵ هێزی بەرگریی میللی لەبەرامبەر بارانی ئاگرو ئاسنی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیدا کە لە هەواو زەوییەوە دەڕژایە سەریان، جانانە ڕاوەستان. ئەو خۆڕاگرییە کەم وێنەیە مومکین نەدەبوو ئەگەر ڕێکخراوەکانی حیزب و چەند سەد کادری ماندوویی نەناس و دەیان هەزار ئەندام و لایەنگری حیزب لە ناوچەکانی هێرش

بۆ کراوو لەو ناوچەو مەڵبەندانەی لە جەبهەی شەڕ نزیک بوون، هەموو هەوڵو توانای خۆیان بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی جەبهەو سەنگەر تەرخان نەکردبا. ئەوەی لەو دوو مانگەدا لە بەشداریی گشتیی ڕۆڵە بە بیروباوەڕەکانی دێمۆکراتو کۆمەڵانی خەباتگێڕی خەڵك لەحەماسەی خۆڕاگریدا شاهیدی بووین، بە هاسانی لە گێڕانەوە نایە.

هەروەك لە پەیامەکەی دوکتور قاسملوودا داوا کرابوو بەرپرسانی حیزبی لە نزیکەوە سەرپەرستیی کاروباری جەبهەیان دەکردو لە نزیك سەنگەری پێشمەرگەو مەیدانی شەڕ بوون تا بە ئاگاداری لە کەمو کووڕیو پێداویستییەکانی ڕۆڵە نەبەزەکانی دێمۆکرات، لە هەوڵی دابین کردنی پێویستییە جۆراوجۆرەکانیان دابنو ورەی خەڵك بەرز ڕابگرنو پیلانو فڕوفێڵو دەنگۆو چاوڕاوی دوژمنو بەکرێگیراوەکانی پووچەڵ بکەنەوە. دوکتور قاسملووی نەمر لە ڕیزی ئەو بەرپرسە پایەبەرزانەی حیزب دابوو کە چەند جار سەردانی بەرەکانی شەڕیان کردو لە نزیکەوە چاویان بە فەرماندەرانو پێشمەرگەکانی خەتی پێشەوەی جەبهە کەوت.

کادرەکانی حیزب نەك هەر لەو ناوچەو گوندانە کە ئازاد بوون، بەڵکوو لەو ناوچانەش دا کە دەیان پێگەی گەورەی ڕێژیمیان لێ جێگیر ببوو و بە ڕواڵەت کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، نانو پێخور، دەواو دەرمان، پێخەو و پیلاوو پێویستییەکانی دیکەی پێشمەرگەو جەبهەی شەڕیان بە تراکتورو ماشێن بۆ سەنگەرەکانی پێشمەرگە ڕەوانە دەکرد. ئەوان بە هاوکاریی شانەکانی حیزب، مامۆستایانی شۆڕش، شووراکانی گوندەکانو کوڕانو کچانی ئەندامو لایەنگری یەکیەتیی لاوان جموجۆڵێکی بەرینیان وەڕێ خستبوو. بە کاری تەبلیغی سەرنجی کۆمەڵانی خەڵکیان بۆ بەشداری لەو ئەرکە نیشتمانییەدا کە کەوتبووە سەر شانیان، ڕاکێشا بوو و وایان کردبوو هەمووان بەتاسەو ئۆگرییەوە لەو حەرەکەتە گەورەیەدا بەشدار بن.

خەڵکی خەباتگێڕی نێو شارەکانیش، دڵیان لەگەڵ دڵی قارەمانانی مەیدانی

شەڕدا لێی دەدا. هەربۆیە لە تەعقیبی هەواڵو ڕووداوەکان، لە ناردنی زانیاریی بە نرخ لەبارەی جموجۆڵی هێزکانی ڕێژیمو تەلەفاتی گیانیی ئەوان، لە کۆکردنەوەی یارمەتیی ماڵیو دەرمانیو ڕاگرتنی پێشمەرگەی بریندارو دەرمان کردنیو، لە هێنانەخواری ورەی لەشکریانی کۆماری ئیسلامی غافڵ نەبوون.

خەڵکی ناوچە ئازادەکان سەرەڕای ئەوەی هەموو ئیمکاناتی خۆیان نابووە خزمەت پێشمەرگەو بەشێکی زۆر لە پێداویستییەکانی ئەوانیان دابین دەکرد. لە ڕیزی هێزی بەرگریی میللیدا، ئەرکی پیرۆزی دیفاع لە گوندو ناوچەی خۆیان گرتبووە ئەستۆو بە چەكو جلوبەرگی خۆیان لە سەنگەری بەرگریدا بەرامبەر بە هێرشکەران ڕاوەستا بوونو دەیان کەس لەوان لەو بەرەنگارییە پیرۆزەدا شەهیدو بریندار بوون.

***حەماسەخوڵقێنیو قارەمانەتی نواندن لە شەڕێکی نابەرامبەردا***

هەتا دەست پێکردنی مانگی دیفاع لە ئازادی، زیاتر لە سێ ساڵ بوو شەڕی نابەرامبەر لە نێوان گەلی کوردو هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەلایەكو کۆماری ئیسلامییەوە لەلایەکی دیکە لە گۆڕی دابوو. ڕێژیم هەر بەو چەكو ئیمکاناتەی شەڕی لەگەڵ ئەرتەشی عێراق پێدەکردن، شەڕی گەلی کوردیشی دەکرد. ئەوە لە حاڵێك دابوو کە نە هێزی پێشمەرگە لەباری ژمارەی نەفەراتەوە لەگەڵ لەشکری زۆرو زەوەندی ڕێژیم بە هیچ جۆر بۆ بەراوەرد کردن دەبوو، نە ئەو چەكو تەقەمەنییەی لەدەست پێشمەرگە دابوو، لەچاو ئەو هەموو فڕۆکەو تۆپو تانگو چەکە قورسانەی دیکە لە ئیختیار ئەرتەشو سوپای پاسداران دابوون، بۆ باس کردن دەبوون. لەو هێرشە پانو بەرینەشدا کە لەهاوینی ٦١دا بۆ سەر کوردستان دەست پێکرا، جیاوازیی هێزی ئینسانیو نابەرامبەریی چەكو کەرەستەی شەڕ بە زیانی هێزی پێشمەرگە چەند بەرامبەر ببوو.

ئەگەرچی حەجمی ئاگرو ئاسن باراندنی هێزکانی ڕێژیم بە ڕادەیەك بوو کە کەم گوندو کەم شوێنو نوقتەی ئاستەمو گرنگی ناوچەی شەڕ هەبوون بە

چەندین سەعاتو تەنانەت بە چەندین شەوو ڕۆژ نەبووبن بەهەدەفو، لە حاڵێکدا ژنو منداڵو خەڵکی ئاسایی وەك هێزی پێشمەرگە کەوتبوونە بەر پەلامارو، دوژمن بەخەیاڵی خۆی تەڕو وشکی پێکەوە دەسووتاند، بەوحاڵەش هێزەکانی ڕێژیم یەکجار بە سەختی دەیانتوانی پێشڕەوی بکەن. ئەوان ناچار بوون "بۆ هەر کیلومیترێك پێشڕەوی ۱۰۰ کوژراو و ۱۵۰ بریندار بدەن."[٤]

دوکتور قاسملووی نەمر لە پەیامێکدا کە ڕۆژی ۳ی سەرماوەزی ئەو ساڵە بە دوای کۆتایی هاتنی مانگی ناودێر کراو بە "هێرش بۆ سەر دوژمنانی ئازادی"دا بۆ خەڵکی کوردستانو هاونیشتمانانی ئێرانی نارد، لەبارەی فڕوفیشاڵی ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ گیرانەوەی جادەی سەردەشت ـ پیرانشاردا گوتی: "ئەم سەرکەوتنە واتە کردنەوەی ڕێگای پیرانشار ـ سەردەشت کە خومەینیو دارودەستەکەی ئەوەندە شانازیی پێوە دەکەن [با بزانین] بە چ نرخێك وەدەست هاتوە: بە پێی ئاماری دەقیق کە جاری تەکمیل نیەو تەنیا هی سێ مانگی دواییە،لەو ڕێگایەدا ٦١٩٧ پاسدارو بەسیجیو ئەرتەشی کوژراون. ٨٢٧٢ نەفەریش بریندار بوون. ٢٦٧ چەکداری خومەینی بەدیل گیراون، ٤٨٠ دەزگا ئوتومبێلی دوژمن لە بەین چوونو ٤٨ ماشێن بە ساغی بە دەست پێشمەرگەکان کەوتوون، ١٧ هێلیکوپتێریش ئەنگاوتراونو زۆربەیان کەوتوونەتە خوارێ. لەو ماوەیەدا ٣٩ بنکەی نیزامیی دوژمن گیراونەتەوەو ١١٣٠٠٠ فیشەكو ٦٨١ تفەنگ، ١٩ دەزگای بێسیمو ١٤ قەبزە چەکی قورس و ١٠ ئارپیجیو زۆر کەلوپەلی دیکە وەدەست پێشمەرگە کەوتوە. بەرامبەر بە ٦ هەزار کوژراوی دوژمن ٢٦٨ نەفەر لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان شەهید بوون. ڕاستە زۆر پێشمەرگەی بە نرخو نموونەمان لە کیس چوون. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بەرامبەر بە هەر پێشمەرگەی شەهید ٢٣ کەس لە بەکرێگیراوانی ڕێژیم کوژراون."[٥]

دەسکەوتی ڕێژیم پاش ٥ مانگ هێرشی دڕندانە، گرتنەوی ٧٠ کیلومیتری دیکە لە جادەی سەردەشت ـ پیرانشار بوو کە تا ئەوکات لە کونترۆڵی هێزی

پێشمەرگە دا بوو. دیارە هێزەکانی ڕێژیم پاش گرتنەوەش تەنیا لە چەند سەعاتی ڕۆژێدا دەیانتوانی بەم جادەیەدا هاتوچۆ بکەن، ئەگینا نەك هەر بە شەو، بەڵکوو ئێوارانیش کونترۆڵەکەی دەکەوتەوە دەست پێشمەرگە.

باوەڕی پتەوی ڕۆڵەکانی دێمۆکرات و خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان بە ئازادی و مافە نەتەوایەتی‌یەکانی خۆیان جارێکی دیکە لە مەحەك درایەوە .

سەرەڕای بەشداریی بێ‌دریغی هەرکام لە تێکۆشەران و دڵسۆزانی حیزب و جووڵانەوە لە جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانەدا کە کەوتبوونە سەر شانیان، زۆر ڕەفتارو کردەوەی دیکە نیشانی دا کە چ باوەڕێکی پتەو بە ئازادی و چ ئیرادەیەکی پۆڵایین بۆ خەبات لە پێناوی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لەنێو ڕۆڵەکانی کوردستاندا هەیە. لەحاڵێك دا بە سەدان کەس لە پیرو لاو و ژن و منداڵی بێ‌دیفاع کەوتبوونە بەر گوللەی هێرشکەرانی کۆماری ئیسلامی و بە هەزاران کەسیان ئاوارە ببوون و هەڕەشە بە دوای هەڕەشەدا بۆ خەڵکی گوندەکان دەنێردرا کە ئەگەر هاوکاریی پێشمەرگەکان بکەن و لە هاوکاریی "سوپای ئیسلام" خۆببوێرن چیان بەسەر دێ‌و، ئەگەر بە پێچەوانە بجووڵێنەوە چۆن خەنی دەکرێن! ئەو خەڵکە لە هەموو جێ‌یەك وەك هێزێکی داگیرکەر لەگەڵیان بەرەو ڕوو بوونەوە. نەك هەر لە خەڵك و لەو کەسانەی چەکی بەرگری لە نیشتمانیان لەشان دابوو، کەس ئامادە نەبوو لە ژێر فشارو هەڕەشەدا بچێتە ڕیزی دوژمن، بەڵکوو جێگای شەهیدەکانیش بەتاڵ نەمایەوەو چەندین بەرامبەری ژمارەی ئەوان، لاوانی کوردستان هاتنە ڕیزی پێشمەرگە. جگە لەمەش ئەو خەڵکەی چەند مانگ بوو شەوو ڕۆژ لە ژێر بارانی ئاگرو ئاسنی دوژمن دابوون، دوابەدوای ئەو هێرش و لەشکرکێشی‌یەش، پێشمەرگەکانیان لە ماڵ و مووچەو مەزرای خۆیاندا پەنا داو، لە هێرش و دەست وەشاندن لە دوژمندا بوونە چاو ساغ و پشتیوان و یارمەتیدەریان.

### *هەڵوێستێك كه جێگای تایبەتی بۆخۆی له مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورددا کردەوه*

وەبیر هێنانەوەی ڕووداوەکانی مانگەکانی "دیفاع"و "هێرش" بە بێ وەبیر هێنانــەوەی نــاوی پــڕ لــە ســەروەریی "هێــزی پشــتیوان"، کەمایەســی و ناتەواوییەکی زەقی پێوە دیار دەبێ. هەڵوێستی ئازایانەی ئەوکاتی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لەبارەی ناردنی سەدان کەس لە تێکۆشەرانی خۆی بۆ کوردستانی ئێران تا شانبەشانی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و لەژێر ناوی "هێزی پشتیوان"دا، دیفاع لە ئازادی و مان و مەوجوودییەتی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان بکەن، شوێن و بایەخ و مانایەکی پیرۆزو گرنگی هەبوو. لە ڕاستیدا دوای ئەو بەشدارییە مێژوویییەی بارزانییەکان لە پاراستنی کۆماری کوردستاندا کردیان، ئەوە یەکەم جار بوو هێزێکی سیاسیی بەشێکی کوردستان، تێکۆشەرانی خۆی بۆ پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی کورد لە بەشێکی دیکەی کوردستان، دەنارده مەیدانی فیداکاری و خۆبەخت کردن. هەربۆیە ناوو یادی "هێزی پشتیوان" لەگەڵ بیرەوەریی خۆڕاگریی قارەمانانەی ڕۆڵەکانی دێموکرات لە مانگەکانی "دیفاع"و "هێرش"ی ساڵی ١٣٦١دا وەها ئاوێتە بووە کە هیچ کات لە حافیزەی مێژوویی خەڵکی کوردستان ناسڕێتەوە.

**هەوێن و هاندەری پێکهاتنی ئەو حەماسە نەتەوەییە:**

خۆڕاگریی سەرسەختانەی هێزی پێشمەرگە و پشتیوانیی بێدرێغی خەڵکی کوردستان لە ڕۆڵە چەك لە شان و گیان لەسەر دەستەکانیان بەرامبەر بەو هێرشە پان و بەرین و دڕندانەیە بەڕاست شیاوی ئەوەیە بە حەماسەیەکی نەتەوەیی ناودێر بکرێ. حەماسەیەك کە بڕوا بە دێموکراسی و خودموختاری، بێزاری لە ژێر دەستی و دیکتاتۆری و، قەبووڵ نەکردنی نەنگی تەسلیم و خۆبەدەستەوەدان لەلایەن شۆڕشگێڕانی کورد و خەڵکی خەباتگێڕی کوردستانەوە، هەوێن و هاندەری پێکهاتنی بوون. ئەو حەماسەیە دەریخست

کە لە شەڕو بەربەرەکانیی زۆردارو ژێردەست یا ماف پێشێلکەرو ماف خوراودا، بالأدەستیی نیزامیو زۆرو زەوەند بوونی هێزی ئینسانیو چەكو تەقەمەنی، زۆرجار هۆكارو مەرجی چارەنووسساز نین.

هێزێكی شۆڕشگێڕ كە لە ڕەوا بوونی خەباتەكەیو بە هەقبوونی ویستو داخوازەكانی دڵنیاو، بە پشتیوانیی بێدرێغی گەلەكەی دڵگەرم بێو، بتوانێ زۆر لە تواناكانی خۆیو گەلەكەی لەكاتی خۆیدا وەگەڕ بخاو بۆ تێك شكاندنی بەرنامەو پیلانەكانی دوژمن بە باشی كەلكیان لێ وەربگرێ، دەتوانێ لە جەریانی شەڕێكی نابەرامبەریشدا، زۆر دەرسی تاڵ بە دوژمنانو زۆرداران بدا.

لە بیستەمین ساڵی ئەو حەماسە گەورەیەدا، سڵاو بۆ گیانی پاكی هەموو ئەو شەهیدانە دەنێرین كە لە "جەبهە"و "سەنگەر"ی ئازادی دا گیانیان بەخشی. هەروها بەرامبەر بە كۆمەڵانی ئەركناسی گەلی كوردو نیشتمانپەروەرانو خەباتگێڕانیكوردستانو ئێران كە پەیامی دوكتور قاسملوو و حیزبی دێموكرات "هەموو شتێك بۆ جەبهەو هەموو ئیمكاناتێك بۆ سەنگەر"یان بە گوێی دڵ وەرگرتو لەو پێوەندییەدا ئەركو زەحمەتی زۆریان كەوتە سەرشان، جارێكی دیكە سەری ڕێزو پێزانین دادەنوێنین.


سەرچاوەكان:

١. پەیامی سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران بۆ بۆنەی هێرشی درندانەی ڕێژیمی خومەینی بۆ سەر خەڵكی كوردستان. ڕۆژنامەی "كوردستان"، ژمارە ٨٦، خەرمانانی ١٣٦١

٢. هەمان سەرچاوە

٣. "نیوسەدە تێكۆشان" نووسینی عەبدوڵڵا حەسەنزادە، بەرگی دووهەم، چاپی دووهەم، لاپەڕەكانی ٢٢و ٢٣

٤ـ وەرگیراو لە پەیامی دوكتور قاسملوو بە بۆنەی تەواو بوونی دوو مانگی دیفاعو هێرش، ٣ی سەرماوەزی ١٣٦١ (ئارشیوی رادیۆی دەنگی كوردستانی ئێران)

٥. هەمان سەرچاوە


لە ژمارە ٣٥٠ی"كوردستان"١٥ی ڕەزبەری١٣٨١(٧ی ئۆكتۆبری٢٠٠٢) دا بڵاو بۆتەوە.

# "بەخۆڕایی لە دەستی بەرمەدەن ئەم خاکە شیرینە حورمەتی بگرن!"

"ئەندامانی یەکیەتیی لاوان دەبێ وەك جاران لە ریزی پێشەوەی دیفاع لە ئازادی دابن‌و لە هەموو بارێکەوە یارویاریدەدەری حیزب‌و هێزی پێشمەرگە بن. ئەندامانی یەکیەتیی لاوان پێویستە کچان‌و کوڕانی گوندەکان بۆ بەشداری لە یارمەتی بە پێشمەرگەدا یارمەتی بدەن".

لەم کەسانەی نەسڵی ئەمڕۆی ئەندامان‌و لایەنگرانی یەکیەتیی لاوان پێك دێنن، ژمارەیەکی کەمیان ئەوەندەیان تەمەن هەیە کە ٢٠ ساڵ لەمەوبەر، ئەو کاتەیان وەبیر بێ کە ڕێبەری مەزنی حیزبی دێمۆکرات‌و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، دوکتور قاسملووی نەمر لە پەیامێکی گرنگ دا، ڕووی کردۆتە توێژو بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان‌و ڕۆڵە نیشتمانپەروەرەکانی گەلی کوردو، لە گەڵ ڕاگەیاندنی "مانگی دیفاع لە ئازادیی گەلی کورد"دا، داوای لێکردن بۆ ڕاوەستان لە بەرامبەر پان‌و بەرینترین‌و دڕندانەترین هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان، هەموو توانا‌و هێزو ئیمکاناتی خۆیان بۆ جەبهە تەرخان بکەن.

زۆر لەو کەسانەش کە ئەو کات پێشوازیی خەڵك بە گشتی‌و لاوانی دێمۆکراتی کوردستان بە تایبەتی لەو بانگەوازەیان بە چاوی خۆیان دیتوە یان بۆخۆیان لەوانە بوون کە "هەموو شتێکیان بۆ جەبهە‌و هەموو ئیمکاناتێکیان بۆ سەنگەر" تەرخان کرد، ئێستا "لاو" نەماون و بوون بە پیرە لاوو ژن‌و پیاوی بە ساڵداچوو. بەڵام لە بن تۆزو غوباری تێپەڕینی دوو دەیە تەمەن دا، لەبیرمان

نەچۆتەوە کە یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە هاندان و دەنگدانی هەزاران کچ و کوڕی ئەندام و لایەنگری دڵگەرم و بە هەستی خۆی بۆ جێبەجێکردنی بانگەوازەکەی دوکتور قاسملوو لە ناوچەکانی پیرانشار، سەردەشت، نەغەدە، شنۆ، مەهاباد، بۆکان و بانە (کە لە جەبهەی سەرەکیی شەڕ نزیك بوون)، بە ناردنی سەدان لاوی چەك لە شانی کادرو پێشمەرگەی یەکیەتیی لاوان بۆ دیفاعی جانانە لە خاکی کوردستان و ئازادیی گەلی کورد لە مانگەکانی دیفاع و هێرش دا، وەها درەوشایەوە کە دوکتور قاسملوو لە پەیامی خۆیدا بە بۆنەی کۆتایی هاتنی ئەو دوو مانگەوە گوتی:

"بەڕاستی یەکیەتیی لاوان سابیتیان کرد کە هەموو وەختێك لە ریزی هەرە پێشی خەبات دان. سوپاس بۆ یەکیەتیی لاوان کە چ لە جەبهەو چ لە پشتی جەبهەدا، ئەرکی نیشتمانیی خۆیان ئازایانە بەجێ گەیاند".

نەسڵی ئەمڕۆی ئەندام و لایەنگری یەکیەتیی لاوان ئەرکی سەر شانیەتی لاپەڕەکانی مێژووی خەبات و قوربانیدانی گەلی کورد، حیزبی دێمۆکرات و یەکیەتییەکەی هەڵ داتەوە، بە تەواوی لێیان شارەزا بێ و زۆر دەرسی بەنرخیان بۆ داهاتووی تێکۆشانی خۆی لێ هەلێنجێ. هەر لەو هێرشە ٣ مانگییەی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی گرتنەوەی ڕێگای پیرانشار–سەردەشت دا، زیاتر لە ٦ هەزار هێرشکەر کوژران و پتر لە ٢٥٠ پێشمەرگە شەهید بوون. هەر بەو پێیە لە ماوەی دەیان ساڵ خەبات و بەربەرەکانیی خوێناویدا، خوێنی هەزاران تێکۆشەری بەوەجی کورد رژاوەتە سەر خاکی پیرۆزی کوردستان و بە دەیان هەزار کورد کوژو هێرشکەر کوژراون یان بەسەرشۆڕییەوە راونراون.

بێگومان ئەگەر بە نیازی دەرس لێوەرگرتن و لێفێربوون ئاوڕ لەو مێژووە خوێناوییە بدەینەوە، لە قەدرزانیی خاکی نیشتمان و نرخدانان بۆ رابردووی میللەتەکەمان دا دەبینە هاودەنگی ئەحمەد موختار بەگی جاف و پێکتر دەڵێین:

بەخۆڕایی لــــە دەستی بەرمەدەن ئـەم خاکـە شـــــیرینە
کە تۆزی وەك جەواهێر، سوورمەو کوحلی بـــەسەرتانە
بەسەر خاکـــا ئەگەر نازیش بکـەن حەقتانە کـــوردینە
تەماشای سێبەری ئـــەم شاخ و کێـوانە لــــــەسەرتانە
بەبێ قەدری بەسەریا رامەبوورن حـــــورمـــەتی بـگرن
گوڵاڵە سوورەی ئەم سەحرایە خوێناوی‌یە جگـەرتانــە
زمانی حاڵی "ئەحمەد" هەر ئەڵێ وریا بن ئەی خــەڵکە
بـــزانن بەردی ئەم شاخانە ئەڵمـــــاس و گـــۆهەرتانـە

لــــە ژمــــارە ١٢ی "لاوان"، ئۆرگــــانی یەکیـــەتیی لاوانـــی دێمــــوکراتی کوردســــتانی ئێران،ڕەزبەری١٣٨١(٢٠٠٢ئۆکتۆبری) دا بلاو بۆتەوە.

# تەقەکردن لە شانازییەکانی حیزبی دێمۆکرات لە پەنا ناوی بەرزی دوکتور قاسملۆوە!

"هەڵوەدا" ناوێک لە ماڵپەڕی "دیمانە" دا وتارێکی لە ژێر ناوی "حەسەن زادە کوێر کەرەوەی ڕێبازی دوکتور قاسملوو" دا نووسیوە. ئەم نووسراوەیە بە راستی جێگای سەرنجە. حەز دەکەم هەموو ئەو کەسانەی ئاشنا و شارەزای "ڕێبازی دوکتور قاسملوو"و ئۆگری رەفتار و هەڵسوکەوتی ئەو گەورە پیاوەن و، هەر لەو کاتەشدا کەسایەتیی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە و راستییەکانی نێو حیزبی دێموکرات دەناسن، بیخوێننەوە تا بۆیان روون بێتەوە:

**نووسەر بە کردەوە و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت فڕی بە ڕێبازی دوکتور قاسملووەوە نیە، چونکە:**

١ – قاسملووی نەمر لە باری سیاسی و ئەخلاقی یەوە ئازا و بە شەهامەت بوو. ئەوەندە بە شەهامەت بوو کاتێک لە سەردەمی گەنجیەتی دا لە "پراگ" دەژیا و هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ سەرکوتی دۆبچێک پەلاماریان بردە سەر ئەو وڵاتە و بەهاری پراگیان کردە خەزان ( ١٩٦٨)، گەورەیی و زۆریی هێزە نیزامی یەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت، هێرش و پەلاماری تەبلیغاتیی لایەنەکانی دەروێش و بەستراوە بە سۆڤیەت و لە مەترسی کەوتنی داهاتووی ژیانی خۆی، هیچکامیان نەیانترساند و ئەو هەڵوێستەی دەبوو لە کاتی خۆیدا بەرامبەر بە کردەوەیەکی مەحکووم بیگرێ، گرتی. بەڵام ئەم دڵسۆز و خەمخۆرە درۆیینەی دوکتور قاسملوو، تەنانەت ئازایەتیی نووسین بە ناوی خۆشی یەوە

لە کاتی هێنانە گۆڕی ئیددیعاکانی دا نیە. کەسێك ئیددیعا بکا کە ڕێڕەوی ڕێبەرێکی گەورەی وەك دوکتور قاسملووی نەمرە، دەبێ لە نێو هەموو تایبەتمەندی یە بەرزەکانی ئەو کەسایەتی یەدا لانیکەم کەمێك لەو هەموو شەهامەت و ئازایەتی یە سیاسی یەی ئەوی هەبێ و بوێرێ شتەکانی بە ناوی خۆیەوە بڵاو بکاتەوە.

٢– دوکتور قاسملوو بە سەرنجدان بە زەرفییەت و ماهییەتی حیزبەکەی وەکوو حیزبێکی دێمۆکرات و بەو هۆیەوە کە خاوەنی فەرهەنگێکی دێمۆکراتانە و پێشکەوتووانە بوو، هیچ ترس و شەرمی لە هێنانە گۆڕی ڕەخنە و نارەزایەتی یەکانی خۆی لە هەر هاوڕێ و هاوسەنگەرێکی لە نێو حیزبدا نەبوو. بۆیە هەر مەسەلەیەکی هێنانەگۆڕی بە پێویست زانیبا، لە کۆبوونەوە و کۆنفرانس و کۆنگرەکانی حیزبی دێمۆکراتدا بێ ئەوەی ڕەنگی غەیری واقیعی پێ بدا، تەرحی دەکرد. باوەڕی قووڵیشی بە دیالۆگ و ئیقناع هەبوو. شێواندنی ڕاستی یەکان و کەڵکوەرگرتن لە بوختان و ناو و ناتۆرەی حەقیرانە و پڕ لە سووکایەتی بۆ موخالیفانی و، بەرەو پێشبردنی عوقدەی مەقامپەرستی هەر جارەی لە ژێر ناوێکدا لە گەڵ کاراکتێر و فەرهەنگ و باوەڕی دوکتور قاسملوو نەدەهاتەوە. ئەو مرۆڤە چونکە بە ڕاستی دێمۆکرات، مۆدێرن، پێشکەوتنخواز و بە فەرهەنگ بوو، گوێی بۆ قسەی موخالیفان و نەیارانیشی ڕادەگرت. قسەی مەنتیقیی لێ دەبیستن و کاری تێ دەکرد. بەڵام "هەڵوەدا " ی ڕێڕەو و لایەنگری ڕواڵەتیی ئەو، چونکە بە ڕاستی لە هەڵسوکەوت و ڕەفتار و بیرکردنەوەی قاسملووانە بێگانەیە، هیچ بڕوا و متمانەیەکی بە خۆی و قسەو ئیددیعا بێ نێوەرۆکەکانی نیە. من نازانم بە ڕاستی کەسێك بەو " کاراکتێر " و ماهییەتەی "هەڵوەدا"وە لە حیزبی دێمۆکراتدا هەیە یا نا؟ یا لە دەرەوەی حیزبی دێمۆکراتە و بە ناوی " حیزبی " و " دێمۆکرات " و " لایەنگری ڕێبازی دوکتور قاسملوو " تەقە لە شانازی یەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەکا ! ئەگەر لە نێو حیزبی دێمۆکراتیش دا بێ، دیارە هیچ

بڕوای به زەرفییەت و ماهییەتی حیزبی دێموکرات نیە، بڕوای به وەرگیران و پێشوازی لێکرانی ئیدديعا و مەبەستەکانی له نێو حیزبی دێموکراتدا نیە. هەر بۆیه له جیاتی هێنانەگۆڕی روون و راشکاوانەی مەبەستەکانی خۆی له نێو ئەم حیزبەدا، له دەرەوەی حیزبی دێموکرات و له ماڵپەڕی " دیمانه " دا فرمێسکی بەدرۆ بۆ حیزبی دێموکرات و رێبازی دوکتور قاسملوو هەڵدەوەرێنێ.

**کەڵك وەرگرتن له ناو و رێبازی دوکتور قاسملوو وەك ئامرازێك بۆ هێنانه ژێر پرسیاری ١٠ ساڵ له مێژووی حیزبی دێموکرات:**

١– ئەندامێکی حیزبی دێموکرات و هەر خەمخۆرێکی راستەقینەی "رێبازی دوکتور قاسملوو" دەزانێ که ئەم حیزبه له کۆنگرەی دەیەمی خۆیەوه " مافی کەمایەتی له نێوخۆی حیزبدا "ی به رەسمی ناسیوه و له کۆنگرەی ١١ و ١٢ شدا ئەو مافەی پەسند کردوه که کەمایەتی یا هەر ئەندامێکی حیزب له رۆژی دوای کۆنگرەوه هەقی ئەوەی هەیه به نووسین و پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوەی ئاشکرا ( له چوار چێوەی حیزبدا ) بیروبۆچوونەکانی خۆی بێنێته گۆڕێ. ئەگەر "هەڵوەدا" راست دەکا ئەندامی حیزبی دێموکراته و قسەیەکی بۆ کردن هەیه و دەردەکەی شتێکی دیکەی جیا له " رێبازی دوکتور قاسملوو " نیە، بۆ لەو مافه رەوا و حیزبی و تەشکیلاتی یه که حیزبەکەی به رەسمیی ناسیوه، کەڵك وەرناگرێ؟!

٢– ئەندامی به بیروباوەڕی حیزبی دێموکرات و خەمخۆری راستەقینەی رێبازی دوکتور قاسملوو و هەموو شەهیدانی ئەو حیزبە، ئامادە نابێ له بەر "رق و غەرەز"ی خۆی بەرامبەر به کەسی یەکەمی ئەو حیزبە- جا به هەر هۆیەك بێ. حاشا له هەموو دەسکەوتەکان و سەرکەوتن و پێشکەوتن و شانازی یەکانی حیزبی دێموکرات بکا و بیانباته ژێر پرسیار. مەگەر ئەوه که رق و غەرەزەکەی زۆر تایبەتی و، ئۆگرییەکەی بەو حیزبه هەر به ناو و به رواڵەت و زۆر رووکەشی بێ. تەنیا کەسێکی لەو تیپەش دەتوانێ ئەو هەموو ستایش و

دانیپێدانانەی دەیان و سەدان حیزب و کەسایەتی و دەوڵەتمەردی گەورەی کورد و ناوچە و جیهان بە گەورەیی حیزبی دێموکرات و سیاسەت و هەڵوێستەکانی لە دەورانی سکرتێریی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە دا نەبینێ و حاشایان لێ بکا. "هەڵوەدا" دەتوانێ چاوێك بە نێوەرۆکی ئەو هەمووە پەیامانەدا بخشێنێ کە بە بۆنە جۆراوجۆرەکانی وەك کۆنگرەکانی حیزب، یەکبوونەوەی ریزەکانی حیزبی دێموکرات، یووبیلی زێڕین، هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزب لە کوردستانی عێراق، دەساڵەی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو و دەساڵەی شەهید بوونی دوکتور شەرەفکەندی و پەردەلادان لە سەر تابلۆی بیرەوەریی شەهیدانی میکۆنووس بۆ حیزبی دێموکرات هاتوون و چاپ و بڵاو بوونەوە و، ئەوکات لە گەڵ وێژدانی خۆی چەند دەقیقەیەك خەڵوەت بکا!

٣– لە روانگەیەکی دیکەشەوە بە دووری دەزانم "هەڵوەدا" بۆخۆی نەخشێکی ئەوتۆی لە تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و وەدەستهێنانی دەسکەوتەکان و سەرکەوتنەکانیدا هەبێ. چونکە ئەگەر بە راستی جێ پەنجەی بە تێکۆشان و شانازی یەکانی حیزبی دێموکراتەوە دیار با، تەنانەت بەشداری یەکی کەمیشی تێیاندا هەبا، ئامادە نەدەبوو " بۆ دەسماڵێك قەیسەرییەك بسووتێنێ ". حازر نەدەبوو بۆ ئەوەی داخی دڵی خۆی بە کەسێك بڕێژێ، هەموو حیزبی دێموکرات بکاتەوە بە هیچ. ئەم دڵسۆز و لایەنگرە رواڵەتی یەی " رێبازی دوکتور قاسملوو "، بەرهەمی رەنج و تێکۆشانی ئەم ١٠ ساڵەی دوایی هەزاران ئەندام و تێکۆشەری حیزب لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، هەر بۆ ئەوەی کەسایەتی و سەرکەوتنەکانی حەسەن زادە بەرێتە ژێر پرسیار، دەکاتەوە هیچ. بۆ ئەوەی بڵێ عەبدوڵلا حەسەن زادە لە رێبەریکردنی حیزبی دێموکراتدا سەرنەکەوتوە، هەموو رێبەرایەتی و سەرجەم بەدەنەی حیزبی دێموکرات وەك شتێکی مردوو، بێدەنگ، بێخاسییەت و گوێڕایەڵ کە سکرتێری گشتی چی پێ خۆش بووە بەسەری هێناون، نیشان دەدا. نیشاندانی

رواڵەتێکی بەم چەشنە لە حیزبی دێموکرات کە لە نووسراوەی " هەڵوە"دا  دا هاتوە، ناتوانێ و ناکرێ کاری دڵسۆز و ئۆگرێکی راستەقینەی ئەو حیزبە و رێبازی دوکتور قاسملوو بێ.

٤ – بەرەو پێشبردنی مەبەستی ناڕەوا لە پەنا ناو و یادی ئەو کەسانەی بەلای خەڵکەوە پیرۆزن، واتە  دنەدانی هەستی کەسانی ساویلکە بەم جۆرە تەرفەندانە و کەڵکوەرگرتن وەك ئامراز لە ناو و یادی ئەوان بۆ رق رشتن بە کەسێك، گەیشتن بە پۆست و مەقام، بەرەوڕووبوونەوە لە گەڵ رقەبەران و موخالیفان دا، کردەوەیەکی عەوام خەڵەتێنانەیە و ئەم جۆرە چەکە ژەنگاوییانە، تەنیا لەو جێگایانە برەویان هەیە کە جەهالەت و دەمارگرژی حوکمڕانە. ئەم جۆرە لە ململانێی سیاسی، کاری ئەوانەیە کە لە مەیدانی " ئیستیدلال " و لە شەڕی مەنتیقدا، زۆر زوو قافیەیان پێ تەنگ دەبێ. ئەم کەلتوورە هی مرۆڤی مۆدێرن و دێموکرات نیە.

تاوانبار کردنی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە بە کوێر کردنەوەی رێبازی دوکتور قاسملوو و دژایەتی لە گەڵ رێزگرتن لە ناو و یادی ئەو رێبەرە مەزنە، تەنیا بۆ گاڵتە پێکردن دەبێ. چونکە دڵنیام زۆر لەو کەسانەی لە ناوی بەرزی قاسملوو و خۆشەویستیی رێبازەکەی و گەورەیی کەسایەتی یەکەی بۆ هێنانە ژێر پرسیاری سەرجەم مەوجوودییەتی حیزب و بەرەوپێشبردنی مەبەستە شەخسی یەکانیان کەلك وەردەگرن – ئەگەر تۆسقاڵێك دوکتور قاسملوویان ناسیبێ – لە رێگای بیر و زمان و قەڵەمی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادەوە بووە.

**حیزبی دێموکرات لە دەورانی سکرتێریی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە دا :**

١ – مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە یەکێك لە سەختترین قۆناغەکانی تەمەنی حیزبی دێموکراتدا ئەرکی سکرتێریی ئەو حیزبەی کەوتە سەرشان. لە

هەلومەرجێکدا کە کوردستانی عێراق تووشی شەڕی تاڵی نێوخۆیی بوو و هێزە سەرەکی یەکانی ئەو بەشەی کوردستان زۆرترین فشاریان بە مەبەستی تەنگ هەڵچنین بە حیزبی دێمۆکرات لە لایەن کۆماری ئیسلامی یەوە خرایە سەر. شان بە شانی ئەم جۆرە فشارانەش، کوردستانی عێراق بوو بە مەیدانی راوراوێنی تیرۆریست و بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی ونائەمنی، فشاری سیاسی، دروستبوونی بەربەستی جۆراوجۆر لە بەردەم حیزب لەسەر رێگای کۆکردنەوەی داهاتی ماڵی، شوێنەواری گەمارۆی ئابووری لە سەر کوردستان و حیزبی دێمۆکرات، گۆشەیەکی کەم لە زۆربەی ئەو دەورانەن کە مامۆستا حەسەن زادە، حیزبی دێمۆکراتی تێدا رێبەری کردوە.

٢ – مامۆستا حیزبێکی دوولەتکراوی کردەوە بە یەك. یەکبوونەوەی ریزەکانی حیزبی دێمۆکرات کە لە مێژووی هێزە سیاسی یەکانی کوردستاندا یەکەم رووداوی لە چەشنی خۆی بوو، مێژوو بە ناوی ئەو سکرتێرەوە، تۆماری کردوە. پەسند کرانی ماف کەمایەتی لە نێو حیزبی دێمۆکراتیشدا لەو دیاری و دەسکەوتانەن کە ئەم سکرتێرە بۆ حیزبی دێمۆکراتی هێناوە. ئەم ئەسلەش کە لە پێرەوی نێوخۆی حیزبی دێمۆکرات دا،لە کۆنگرەی ١١ وە گونجاوە –هیچ کەس لە دوای دوو دەورەی بەدوای یەکدا ناتوانێ ببێتەوە بە سکرتێری گشتی– بە پێشنیار و ئیسراری ئەم سکرتێرە هاتە نێو حیزب. جگە لەمانە دەبێ ئاماژە بە بووژانەوە و گەشانەوەی ئەسلی رێبەرایەتیی بە کۆمەڵ لە نێو حیزبی دێمۆکرات لەو دەورەیەدا بکەم. لەو سێ دەورەیەدا کە من ئەندامی رێبەریی حیزبی دێمۆکراتم، بە دەیان جار گلەیی و رەخنەم لە هاوڕێیانی دەفتەری سیاسی بیستوە کە مامۆستا زۆر مەسەلە، کە بۆخۆی دەتوانێ وەك سکرتێری گشتی بڕیاریان لە سەر بدا، بۆ بڕیار لە سەردان دەیانهێنێ بۆ دەفتەری سیاسی.

"هەڵوەدا" دەتوانێ لە ژمارەی پلینۆمەکانی حیزب لەو٣ دەورەیەدا ورد بێتەوە و وەڵام بداتەوە کە هەروا بە رێکەوت رێبەریی حیزب زوو زوو کۆبۆتەوە

یا سکرتێر بە سەرنجدان بە ئەسلی ڕێبەریی بە کۆمەڵ و بۆ بڕیاردانی جەمعی، پێکی هێناون.

٣– لە دەورانی سکرتێریی ماموٚستا حەسەن زادە دا، پێوەندیی حیزب لە گەڵ هێزە کوردستانی یەکان، ئێرانی یەکان و جیهان بەرەو کزی چووە یا پەرەی گرتوە ؟ "هەڵوەدا" ئەگەر لە خۆی نەگۆڕێ، دەزانێ کە ماموٚستا حەسەن زادە بە ڕێبەریی ژیرانە و هەڵوێستی حەکیمانە، لەو هەلومەرجە تایبەتی یەی کوردستانی عێراقیشدا نەك هەر حیزبی دێموٚکراتی نەکرد بە بەستراوە و پاشکۆی ئەم و ئەو، نەك هەر نەیهێشت ویستی دوژمنانی نەتەوەی کورد کە ڕاکێشانی ئەو حیزبە بۆ نێو شەڕی نێوخۆیی بوو بێتەدی، بەڵکو بە پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردان، ڕێز و حورمەتی حیزبی دێموٚکراتی لای هێزە سیاسی یەکان و هەموو خەڵکی کوردستان زیاتر کرد. با "هەڵوەدا" دەمارگرژیی کوێرانە لە خۆی دوورکاتەوە و هەواڵی ئەو دیدار و کۆبوونەوانە تەعقیب بکا کە لەم دەورەیەدا لە نێوان نوێنەران و بەرپرسانی پێوەندی یەکانی حیزب لە گەڵ ڕێبەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی یەکانی جیهان و بە سەدان وەزیر، کۆنگرێسمان، پارلمانتێر و کەسایەتیی دیکەدا کراون.

٤ – "هەڵوەدا" باسی تێکۆشانی تەشکیلاتیی نێوخۆ دەکا، بەڵام دەمارگرژی و ڕق و غەرەز ڕێگای پێ نادا دان بەوەدا بنێ کە پەرەگرتنی ئەو تەشکیلاتەش هەر لەو دەورانە دایە کە عەبدوڵڵا حەسەن زادە سکرتێری گشتیی حیزب بووە. حیزب لەم ١٠ ساڵەی دوایی دا لە بواری تەبلیغاتی یەوە، لە زەمینەی چاپەمەنی و لە مەجالی کار و تێکۆشانی فەرهەنگی، فێرکردن و هتد دا، بێگومان لە رابردووی خۆی باشتر بووە. ئەم بەرەوپێشچوونانەش هەروەك ماموٚستا بۆخۆی زۆر جار وەبیرمانی هێناوەتەوە، هیچ کات نابێ ڕازیمان بکا و دەبێ لەوە زیاتر لە هەموو بوارەکاندا هەوڵ بدەین تا بەشێکی کەم لە چاوەڕوانی یەکانی خەڵکی کوردستان وەدی بێنین. ئەگەرچی بێگومان سکرتێری و ڕێبەریی ماموٚستا لە هەمووی ئەو دەسکەوت و

بەرەوپێشچوونانەدا جێگا و شوێنی خۆی هەبووە، بەڵام هەمووی ئەوانە بە هەمووی حیزبی دێمۆکراتەوە وەدەست هاتوون.

٥– "هەڵوەدا" و بەر لەویش " حەمەگاوان " هەر لە سایتی " دیمانە " دا باسی ئەو کادرانە دەکەن کە لە دەرەوەی وڵات حیزبی دێمۆکراتیان بە جێ هێشتوە. دیارە شاراوە نیە هەموو حیزبێك هەروا کە خەڵکی تازەی دێتە نێو، کەسانێکیشی بە هەر هۆیەك لێ دەڕۆن. ئەمە لە بارەی حیزبی دێمۆکراتیشەوە راستە. بەڵام بە راستی ئەوانە کێن کە لە ماوەی سکرتێریی مامۆستا دا لە حیزب رۆیشتوون و لەبەر چی ؟ لە بەر نائەمنیی کوردستانی عێراق، خراپیی ژیان و گوزەران، ماندوویی بە بۆنەی ساڵانێکی دوور و درێژ تێکۆشان لە هەلومەرجی دژواردا و ئەم جۆرە هۆیانە رۆیشتوون یا مامۆستا پاڵی پێوە ناون ؟ ئەم تیپە نووسەرەی سایتی " دیمانە " ئامادەش نین دان بەوە دابنێن " هێندێك لەو کادرانەی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات " چاویان بە یەکبوونەوەی ریزەکانی حیزب و هاتنە مەیدانی کادر و بەڕێوەبەری تازە هەڵ نەهات. بوغزاندن و ناخۆشەویستیی هێندێك لە بەرپرسانی حیزبیش لە لایەن ئەوانەوە، لێرەوە سەرچاوە دەگرێ.

٦– خەمخۆرە رواڵەتی یەکەی " ڕێبازی قاسملوو " سەرەنجام واز لەو هەموو "مس مس"ە دێنێ و مەبەستە سەرەکی یەکەی دەردەبڕێ. ناوبراو لەمە توورەیە کە کاندیدای دیکە بۆ سکرتێری لە حیزبی دێمۆکراتدا پەیدا بوون، ناویشی لێ دەنێ " قیتکردنەوەی ئەفرادی دیکە لە ڕێبەریی حیزب ( بۆ سکرتێری ) لە لایەن مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادەوە "! ئەمەش بەڵگەیەکی دیکە بۆ بێگانەیی "هەڵوەدا" لە گەڵ پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێمۆکرات و فەرهەنگ و بیرکردنەوە و تایبەتمەندی یەکانی دوکتور قاسملوو. خۆ کاندیدا کردن بۆ سکرتێری یا هەر پۆستێك لە حیزبی دێمۆکراتدا، هەقی بێ ئەملا و ئەولای هەر ئەندامێکی حیزبی دێمۆکراتە کە توانا و لێهاتوویی بەڕێوە بردنی ئەو پۆست و بەر پرسایەتی یە لە خۆیدا ببینێ. هەڵوەدا کە لە " دێمۆکراسی "

و " فکر و میتۆدی نویٚ " دەدویٚ، بەو هۆیەوە کە ئەمانەشی هەر دروشمن نەك باوەڕ، هەرچی دەکا بۆی هەزم ناکریٚ لە حیزبی دیٚمۆکراتدا کە دەیان کەسی لە باری رابردووی تیٚکۆشان، ئەزموون، تیٚگەیشتنی سیاسی و کاری بەڕیٚوەبەری یەوە، لیٚك نزیکی هەن، چەند کاندیدا بۆ پۆستی سکرتیٚری گشتی هەبن. بە پیٚچەوانەی بۆچوونەکەی "هەڵوەدا"، ئەوە جیٚگای خۆشحاڵی یە کە بۆ پۆستی سکرتیٚریش لە حیزبی دیٚمۆکراتدا رەقابەت هەبیٚ. دیارە رەقابەتیٚکی سالم و شارستانیانە و دیٚمۆکراتیك. ئیٚمە دەبیٚ لەوە بترسیٚین کە کەس نەویٚریٚ بیر لە گەیشتن بە پۆستی سکرتیٚری بکاتەوە، یا بیری لیٚ بکاتەوە و سەرەڕای لە خۆڕادیتن، نەویٚریٚ دەری ببڕیٚ.

٧- دوا قسەم ئەوەیە سەرەڕای داکۆکیم لە مامۆستا عەبدوڵلاحەسەن زادە لە بەرامبەر ئەو هیٚرشە ناڕەوایانەی "هەڵوەدا" دا، پیٚم وانیە مامۆستا لە کەموکووڕی و لاوازی بەدوورە. لەم بڕوایە دام مامۆستا حەسەن زادە و ریٚبەرانی پیٚش ئەو و دوای ئەوی حیزبی دیٚمۆکرات و ریٚبەرانی سیاسیی دیکەی کوردیش پیٚویستە لە رەخنە و هەڵسەنگاندن " مصون " ( پاریٚزراو ) نەبن. دەبیٚ هەڵە و لاوازی و کەموکووڕی یەکانیان، هەروەها خزمەت و کار و کردەوە جیٚگا شانازی یەکانیان، مونسیفانە و بەدوور لە دەمارگرژی و رق و غەرەز، بخریٚتە بەر تیشکی رەخنە و هەڵسەنگاندن و نومرەی خۆیان پیٚ بدریٚ.

ئەم وتارە لە ٢٣/٥/ ٢٠٠٤ لە ماڵپەری دیمانە دا بلاو بۆتەوە.

## با درێژەدەری ڕاستەقینەی ڕێگەی قاسملووی نەمر بین

سەفەری ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتانی سکاندیناڤییەوە بۆ پاریس و ئامادەبوونیان لە پێرلاشێز لەسەر گڵکۆی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە ١٥ ساڵەی تێرۆری ئەو ڕێبەرە مەزنەمان دا، ئیبتیکارێکی جوان و پڕمانا بوو. تەعبیرێك بوو لە خۆزگەو ئاواتی بە هەزاران لاوی کورد کە حەز دەکەن ڕۆژێك لە ڕۆژان بچنە سەر گڵکۆی ئەو شەهیدە گەورەیەی نەتەوەکەیان، تا وێڕای بەجێهێنانی ڕێوڕەسمی وەفاداری و پێوەنازین، دڵنیای کەن کە ڕێگاکەی بەردەوامەو ئامانجەکانی بەرقەرار.

دوکتور قاسملوو لەو ڕێبەرانەی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتە کە هەرچی لەباری زەمانییەوە لێی دوورتر دەکەوینەوە، لەباری بیروباوەڕەوە پتر لێی نزیك دەبینەوەو زیاتر هەست بە گەورەیی دەکەین. ئەو لەو مرۆڤە بلیمەتانە بوو کە پێشوەخت لەدایك دەبن و زۆر پێش سەردەمی خۆیان دەکەون. بۆیە لێ‌حاڵی بوون و تێگەیشتنیان بۆ نەسلەکانی دوای خۆیان ساناترو خۆشیان لەنێو ئەوان دا خۆمانەترن.

لەنێو حیزبی دێموکرات و لەنێو ئۆگران و لایەنگرانی ئەو گەورە پیاوە دا، زۆر جار باسی "*ڕێبازی دوکتور قاسملوو*" دەکرێ. لاوێکی ڕووناکبیری کورد ـ کە من نیشانەکانی بلیمەتی و مایەی هومێدبوون بۆ داهاتووی نەتەوەکەمانی تێدا دەبینم ـ لە نامەیەك دا لە کوردستانی ئێرانەوە بۆی نووسیوم: "بڕوام وایە درێژە پێدەری ڕاستەقینەی ڕێگای قاسملووی ڕێبەر ئەو کەسە نیە کە بە تەنیا ئیددیعاو بانگەشەی ڕووتی هەبێ. درێژە پێدەری ڕێگەی قاسملوو کەسێکە کە هەرنەبێ بتوانێ بە شێوەیەکی تەحلیلی و زانستی بیست لاپەڕە لەسەر چل ساڵ خەباتەکەی یان کوردستان و کوردەکەی یان کورتە باسەکەی بابەت بنووسێ و بە کردەوەش پابەندی تەحلیلەکانی خۆی و ئەندیشەکانی دوکتوریش بێ."

منیش جگە لەو مەرجەی سەرەوە مەرجی خۆم بۆ داواکارانی لایەنگری لە ڕێبازی دوکتور قاسملوو هەیە. ناکرێ خۆمان بە ڕێبازی ئەو ڕێبەرەوە ڕابنێین و

ناوی میراتگرو قوتابیی ئەو لەسەر خۆمان دابنێین بەڵام وەك ئەو بە کردەوەو بیروباوەڕ دێموکرات نەبین. لە کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی دێموکرات دا، دوکتوری نەمر، لە کاتی داکۆکیکردن لە راپۆرتی کومیتەی ناوەندی دا کە خۆی پێشکەشی کردبوو، چوار کەسی ناوبرد کە ڕەزامەندیی لە نێوەرۆکی قسەو پێشنیارو رەخنەکانیان هەبوو، یەکیان من بووم. وەك هاوکار بۆخۆشی کە سەرۆکی کومیسیۆنی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆ بوو، ئەو کەسانەی هەڵبژارد کە لە کۆنفرانسەکانی هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ کۆنگرە دا، دەنگی یەکەمیان هێنابووەوە. منیش شانازیی هاوکاری ئەوم پێبرا. بۆخۆم پێم وابوو ئەو جۆرە لوتفانەی لەگەڵ مەمانان، بۆ ئەوەیە شوێنمان لەسەر دابنێ تا لەکاتی دەنگدان بۆ لیستی "فیکس" دا وەك ئەو دەنگ بدەین.

بەو حاڵەش لەگەڵ هەموو ڕێزو خۆشەویستیی‌یەکم دا بۆ ئەو ڕێبەرە گەورەیە، نە دەنگم بە هەڵبژاردن بە شێوەی لیستی فیکس داو نە بە خودی لیستەکە. دوای کۆنگرە، پێم وابوو ئەم بێقسەیی‌یەو ئەو لەچاو دانەبوونەی لوتفەکانی خۆیم، لێ وەدڵ دەگرێو لەوانەیە لەمەودوا بە ساردو سڕی وەرم بگرێ. کەچی بە پێچەوانەوە، لە ڕێگای بەرپرسی ئەوکاتی دەبیرخانەوە، چەند جار بە تایبەتی لێی راسپاردم تا بچمە خزمەتیو لەبارەی هۆیەکانی پەنابردنی بۆ ئەم جۆرە هەڵبژاردنە بە درێژی لەگەڵم بدوێ. لەم دیدارانە دا پتر گەورەیی ئەوم بۆ دەرکەوتو خۆشەویستیی ئەوم لە لا زیاتر بوو. چونکە دەمدی لەجیاتی رق لێ هەڵگرتنو بیری تۆڵە ستاندنەوە، دەیهەوێ بە دیالۆگ بە قەناعەتم بگەیەنێ. لەوەش کە تەنانەت سەبارەت بە خۆشەویستیی ئەویش، ئازادیی دەنگدانم لەخۆم زەوت نەکردوە، نەك هەر ناڕەحەت نیە، بەڵکوو حیسێبی لاوێکی جیددیم بۆ دەکاو ڕێزی زیاترم دەگرێ کە دەبینێ ئامادە نیم ببمە "مۆرە". ئەو ڕەفتارەم لێ دیوە بۆیە بە قووڵی بڕوام بەو وتەیەی ئەو هەیەو هەرکەسیش وەك ئەو ڕەفتار نەکا بە درێژەدەری راستەقینەی ڕێبازی ئەوی نازانم:

"هیچ نێعمەتێك لە جیهان دا لە ئازادی بەنرختر نیە. ئازادی کەرامەتو شەخسییەت دەدا بە ئینسانو ڕێگا نادا بکرێ بە مۆرە... ئینسان دەبێ لە حاڵەتی مۆرە بێتە دەر، ببێتە شەخسییەت، ببێتە فەردێکی زیندوو و چالاکی کۆمەڵ."

**لە گۆڤاری "لاوان" دەورەی دووهەم ساڵی پێنجەم پووشپەڕی ٨٣ ژمارە ١٨ دا بلاو بۆتەوە.**

# شەوێکی روون
# بۆ رۆژانی تاریك

(بۆ شەوی یەڵدا، شەوی لەدایکبوونی دوکتور قاسملووی نەمر)

**"من له درێژترین شەوی ساڵ، له شەو زستانی ۱۳۰۹دا لەدایك بووم".**
لەو کاتەوە کە دوکتور قاسملووی نەمر ئەم رستەیەی لە کاتی خۆناساندنو خۆکاندیدا کردن بۆ ئەندامەتیی کومیتەی ناوەندیی حیزب لە کۆنگرەی شەشەم دا، لە پشت تریبوونەوە بەدەم دا هات، نزیك بە ۲۱ ساڵ رادەبرێ. ئەو کات ژمارەیەکی کەم لە ئەوگرانی بیروباوەڕی ئەو کەسایەتی‌یە گەورەیە، بە رۆژی لەدایکبوونی ئەویان دەزانی، بەڵام ئێستا پاش تێپەڕبوونی ١٥ ساڵ لە شەهیدبوونی، لەوبڕوایەدام بەدەیان هەزار کەس لە خەباتکاران و ئەوگرانی ئازادی، دیموکراسی و مافەئینسانی‌یەکان لە کوردستان و ئێران، لە رۆژی لە دایکبوونی دوکتور قاسملوو، وەك زۆر تایبەتمەندیی بەرزو بیروبۆچوونە جوان و بەنرخەکانی ئاگادارن و، بەڕێزو شانازی‌یەوە یادی ئەم رووداوە مەزنە دەکەنەوە.

گرینگیی لە دایکبوونی مرۆڤەکان، نەك ئەو رۆژەی لە دایك دەبن، بەڵکوو ئەو رۆژەی کۆتایی بە ژیانیان دێ، دەردەکەوێ. چونکە ئەم گرنگی‌یە بە سەرنجدان بەو رۆڵەی لە ژیان دا هەیانبووە، روون دەبێتەوە. رۆڵێك کە دوکتور قاسملوو لە بووژاندنەوەی تێکۆشان و رێبەری کردنی حیزبی دیموکرات و بەرەوپێشبردنی خەباتی ئازادیخوازیی نەتەوەکەی و خەڵکی ئێران دا هەیبووە، ئەمرۆ ئیدی بۆ هەر کەسێك ئاشنایەتی‌یەکی کەمیشی لەگەڵ مێژووی

هاوچەرخی گەلی کوردو رووداوەکانی ٥٠ ساڵی رابردووی ئێران دا هەبێ، ناسراوە. کەسایەتیی دوکتور قاسملووو رۆڵێك کە ئەو گەورە پیاوە لە رێبەریی خەباتی میللی دیموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران‌و ناساندنی کێشەی رەوای نەتەوەکەی بە جیهانی‌یەکان دا هەیبووە، بە تایبەتی لە ١٥ ساڵی رابردوودا، زۆرجار قسەی لە سەر کراوەو لەبارەیەوە نووسراوە. دوکتور قاسملوو نەك ئێستا بەڵکوو ئەو کاتەش کە لە ژیان دا مابووو، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، هەروەك سامانێکی مەعنەویی بەنرخی تایبەت بە حیزبی دیموکرات سەیری نەدەکراو، بە سەرنجدان بە رەهەندو لایەنە جۆراوجۆرەکانی توانا و لێوەشاوەیی و بلیمەتی و بۆچوون‌و روانگەکانی، بە مڵکی هەموو کوردو هەموو ئێرانی‌یەکان‌و تەنانەت مرۆڤایەتی بە گشتی دادەنرا. ئەگەر جارێکی دیکە لەو وتەو نووسینانە ورد بینەوە کە زۆر کەسایەتیی سیاسی، کەلتووری، زانستی‌و، مرۆڤی لە ئاستی جیهانی دا ناسراو بە بۆنەی تیرۆرو لە یادی لەدەستچوونی ئەو ئینسانەدا، دەریان بڕیوە، راستیی ئەو ئیددیعایانە باشتر دەردەکەون. لێرەدا ناکرێ تەنانەت هەڵبژاردەیەکیش لەو وتە جوانانەی لە پەسنی دوکتور قاسملوودا گوتراون وەبیر بێنینەوە. بەڵام وەك نموونەیەك لەوان ئەم وتەیەی رۆژنامەنووسی بە توانای ئەمریکایی "جاناتان رەندال" دێنمەوە:

**"قاسملوو تەنیا رێبەرێکی کورد بوو کە دەیتوانی بە لێوەشاوەیی‌و ئازایی‌یەوە لەگەڵ هەر دەوڵەتێك بکەوێتە وتووێژەوەو دانوستاندنێکی سەربەرزانە. دەرکی سیاسی‌و پێوەندی‌یەکانی لەگەڵ سیاسەتمەداران‌و رۆژنامەنووسانی ئورووپایی‌و هی دیکە، بوعدێکی عەمەلیی بە شەخسییەتی قاسملوو دابوو کە لە هیچ شەخسییەتێکی دیکەی کورد دا نەبووە".** [1]

کەوا بوو جێی خۆیەتی وەکوو حیزبی دیموکرات‌و وەکوو رۆڵەکانی گەلی کورد، شانازی بە قاسملۆوە بکەین‌و رێزلە رۆژی لەدایکبوونی بگرین. رۆژی لەدایکبوونی قاسملوو کە بە رێکەوت کەوتۆتە درێژترین شەوی ساڵ، ئەو ساتە

گرنگە لە مێژووی نەتەوەیەکە کە لە منداڵدان‌و لە پاشکۆی خۆیدا، مزگێنیی ڕووناکیی بۆ ڕۆژە تاڵ‌و تاریکەکانی داهاتوو، هەڵگرت‌و، وەك دیتمان ئەو ڕووناکی‌یە لە قۆناغە ئاستەم‌و دژوارەکانی مێژووی ئەم پەنجاساڵەی دوایی‌دا، بە باشترین شێوە خۆی دەرخست‌و بەرچاوو بەرپێی نەتەوەیەکی ڕوون کردەوە.

دوکتور قاسملووی نەمر لە سەردەمی ژیانی‌دا، زۆر دژی بوتپەرستیی سیاسی بوو. لە هەڵسەنگاندنی ڕێبەرانی سیاسیی نەتەوەکەی‌و ئێران‌و شۆرشەکانی جیهان دا، ڕۆڵی ئەوانی بە شێوەیەکی زانستی‌و بەوەبەرچاوگرتنی خاڵە بەهێزو لاوازەکانی تێکۆشان‌و چۆنیەتی ڕێبەریکردن‌و هەڵوێستگرتنیان هەڵدەسەنگاندو نرخی خۆی دەدانێ. بۆیە بێگومان لە ئۆگرانی ڕێبازو بۆچوونەکانیشی نەویستوە، ئەو بکەن بە بوتێك‌و، وتەو ڕێنوێنی‌و بۆچوونەکانی وەك کۆمەڵێك دروشمی ڕووت‌و دوگم، بێ‌تێگەیشتنی قووڵ لە نێوەرۆکیان‌و بێ ئاگاداری لە هزرو فەلسەفەو شارستانیەتێك کە ئەوانی لێ‌هەڵێنجابوون، دووپات بکەنەوە. گیانی دوکتور قاسملوو بەوە شادو، ڕێبازەکەی بەوە لە گەشانەوەو بەرەوپێشچوون دا دەبێ کە "ڕۆڵەی سەردەمی خۆمان بین"و پابەندی بە بۆچوون‌و بەها بەرزو دیموکراتیك‌و ئینسانی‌یەکان‌و خەبات لە پێناوی مافەنەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کوردو ئازادیی وڵاتەکەمان دا، بە ڕەچاوکردنی ڕێوشوێنە دیموکراتی‌یەکان لە ژیان‌و تێکۆشانمان دا، بە بەرز ڕاگرتنی ڕێزو حورمەتی ئینسان‌و هەڵنەکردن لەگەڵ هەرچەشنە چەوسانەوەیەك‌و، دەوڵەمەندکردنی کەلتووری خەبات‌و ژیان‌و تێکۆشان بە پێشکەوتنخوازانەترین بیروباوەڕەکانەوە گرێ بدەین.

ئەگەرچی زۆر جاری دیکەش لە یادی ئەو ڕێبەرە هەڵکەوتووەی حیزبی دیموکرات‌و خەباتی گەلەکەمان دا ئەم دێرە شێعرەم وەبیر هاتۆتەوە: "صبر بسیار باید پدر پیر فلك را   تا دگر مادر گیتی چو تو فرزند بزاید" بەڵام پێم خۆشە بەو وتەیەی هاوڕێی خۆشەویست مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە ـ کە

زۆربەی زۆرمان لە ناسینی کەسایەتیی دوکتور قاسملوو دا کەم و زۆر قەرزداری ئەوین . ئەم ڕێزنانەم لە شەوی لە دایکبوونی دوکتوری شەهید، کۆتایی پێ بێنم:

"هیچ ئینسانێك لە دنیادا پلەی یەکجاریی زانین و کەماڵی وەرنەگرتووە و نەگەیوەتە جێگایەك کە کەس پێی نەگا. کە وایە یەکێك لە مەمانانیش لە دوا ڕۆژدا دەتوانێ ببێتە قاسملوویەك. ئەو هونەرو لێوەشاوەیی یە نە لەگەڵ دوکتور قاسملوودا لە دایك ببوو، نە بە میرات بۆی بەجێ مابوو، بەڵکوو بە هەوڵ و تێکۆشان، بە کاری بێوچان، دڵسۆزی و خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە بە دەستی هێنابوو. کەوایە یەك یەکی تێکۆشەرانی ئەم حیزبەش بە تایبەتی لاوە خوێندەوارو تێگەیشتووەکان دەتوانن بگەنە ئەو جێگایە کە قاسملوو پێی گەیشتبوو. بەڵام هەوڵی دەوێ، پشووی درێژی دەوێ، سەبری شۆڕشگێڕانەی دەوێ و تاڵی و سوێری چێشتن و شەو و شەونخوونیی دەوێ".(٢)

(١)و (٢) وتاری هاوڕێی تێکۆشەر عەبدوڵڵای حەسەن زادە لە سێزدەهەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوودا، "کوردستان" ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی ح.د. ک. ئ، ژمارە ٣٤٥، ٣١ی پووشپەڕی ١٣٨١

لە ستوونی "بەر لە ماڵاوایی"ی ژمارە ٤٠٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان"٣٠ی سەرماوەزی١٣٨٣(٢٠ی دیسامبری ٢٠٠٤) دا بڵاو بۆتەوە.

# سەفەر بۆ پێتەختی خەباتێکی خوێناوی

ئێرە "ئەستێرۆکان"ەو، هۆو شوێنەی بەرامبەریشمان کە لەبەر دارستانو گەڵاولكو پۆپی داران، هیچ خانوویەکی لێمانەوە دیار نیە، "بۆڵێ"یە.

یەکەم جار کە ئەم مەڵبەندەم بینی، ١٩ ساڵو ٣٦ رۆژ لەمەوبەر، یانی رۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٦٥ی هەتاوی بوو. لەگەڵ برادەرێك لە "ئاش قووڵکە"وە کە بنکەی بەندیخانەی ناوەندیی حیزبی لێ بوو، وەڕی کەوتینو بۆ نانی نیوەڕۆیە هاتینە بنکەی فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی حیزب لە "بۆڵێ"و، چلو یەکەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتمان لێرە کرد بە جێژن. لەم رۆژەدا بوو کە هاوکلاسیو هاوڕێی سەردەمی مێرمنداڵیم، "مراد عەزیزی" کە بۆ پێشمەرگایەتی رووی کردبووە فێرگەی حیزب، پاش ٥ ساڵ دووری، لە "بۆڵێ" دیتەوەو بە دیداری گەشامەوە. هەر ئەو رۆژەش بوو کە رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە ژێر مارشی "سەرنج بدەن"دا هەواڵی عەمەلیاتێکی قارەمانانەی پێشمەرگەکانی "هێزی بەیان"، لە ناوچەی بۆکانی بە بۆنەی جێژنی ٢٥ی گەلاوێژەوە بڵاو کردەوەو، رایگەیاند پێشمەرگەکانی ئەو هێزە بێ ئەوەی هیچ شەهیدو برینداریکیان هەبێ دەستیان بەسەر پێگەی چەکدارەکانی رێژیم لە دێی "باغڵووجە"دا گرتوەو، چەكو چۆڵێکی زۆریشیان دەسکەوت بووە. ئەو کات نەمدەزانی بەهۆی ئەم رووداوەوە کەسێك لە باغڵووجە دەست لە ژیانی ئاسایی هەڵ دەگرێو، روو دەکاتە ریزە ئاشکراکانی حیزبو، بۆ دیتنی دەورەی سەرەتایی دەنێردرێتە فێرگە. هەروا کە نەمدەزانی بۆ خۆشم دوای مانگێکی دیکە بەرپرسایەتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانم پێ دەسپێرنو راست لە یەکەم رۆژەکانی پاییز دا، بارگەو بنەی یەکیەتیی لاوان لە "باساوێ" ی دۆڵی سەفرەو زەروون را، بۆ ئێرە (ئەستێرۆکان) بار

دەکەین‌و دەبینە دراوسێی فێرگەو، هەر لە زستانی ئەو ساڵەدا لەگەڵ ئەو کەسەی لە باغڵووجەوە بۆ پێشمەرگایەتی هاتۆتە فێرگەو، ئێستا لەگەڵ من دا لەسەر گڵکۆی نۆبەرەی ژیانی هاوبەشمان راوەستاوە، پەیمانی پێکەوە نانی ژیانی هاوبەش دەبەستین‌و ساڵێك دواتر هەر لێرە ماڵێکی پێشمەرگانە پێکەوە دەنێین‌و...

ئێرە ئەستێرۆکانەو، هۆو شوێنەی بەرامبەرمان "بۆڵێ"یە. ئەم مەڵبەندە بۆ ماوەی ٨ـ٧ ساڵ (١٣٧٢ـ١٣٦٥) بنکەو بارەگای فێرگەو یەکیەتیی لاوانی دێموکرات‌و دەفتەری سیاسی‌و هێزەکانی پێشەوا، بەیان‌و ئاربەبا بوو. ئێرە ئەو شوێنەیە کە بە تەعبیری ئەو کاتم، مێشکی جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان‌و، دڵی خەباتە خوێناوی‌یەکەی پارچەی رۆژهەڵاتی کوردستان لێرە گیرسابۆوە. ئێرە پێتەختی تێکۆشانی پڕ لە قوربانیدانی حیزبی دێموکرات لە قۆناغێکی گرنگی ژیانی ئەو حیزبەدا بوو. لێرەوە بۆ هەر لایەکی ئەم مەڵبەندە دەڕوانم‌و تەماشای هەر شوێنەوارێکی دەکەم، بیرەوەریی ئەوان رۆژان بە لێشاو هەروژم بۆ دێنن. ئەم کانی‌یەی بن ئەم دارەگوێزە، ئەم زەوییانەی دەوروپشتمان، ئەو رێچکەو رێیانەی ئێستا بەشێکی زۆریان کوێر بوونەوە، هەموویان بە دەیان بیرەوەریم بیر دەخەنەوە، بیرەوەریی ئەو مێرمنداڵ‌و لاوانەی پێکەوە ئێرەمان ئاوەدان کردەوەو، بەردی بناغەی چەندین ژوورمان لێ هەڵچنی‌و دواتر، بە دوای پەروەردە بوون لە مەکتەبی یەکیەتیی لاوان، لە هێزەکانی پێشمەرگەو ئۆرگانەکانی حیزبدا، تا ساتی گیان بەخشین لە پێناوی گەل‌و نیشتمان دا، خزمەتیان کرد...

ئەم گڵکۆیانەش کە ئێستا لە نێوانیان دا وەستاوم، هەریەکەیان کۆمەڵێك رووداوی ئەو کاتەم دێننەوە یاد کە ئێرە مەکۆی ژیان‌و کاری رۆژانەمان بوو. ئەمە گڵکۆی هاوڕێی هونەرمەندم حەسەن پوورخزری‌یە کە لە یەکەم بۆمبارانی بنکەی دەفتەری سیاسی لە بناری قەندیل دا (١٣ی بەفرانباری ١٣٦٦) گیانی بەخشی، دووهەم شەهیدی ئەم گۆرستانە، رەحیم بەغدادی‌یە. ئێستا ئەو ساتەم لەبیرە کە دوکتور قاسملوو بە پەرۆش‌و ماتەمەوە بۆ بەخاکسپاردنی لێرە ئامادە بوو. ئەمەی تریان گڵکۆی "محەممەد ئاشەوان" سێهەم شەهیدی

ئـەم گۆڕسـتانەیە کـە ڕۆژی ١٢ی خاکـەلێوەی ١٣٦٧ بـە هـۆی ئـەو بۆمبـە هێشـوویی‌یانەی بـە سـەرمان دا بـارین، شـەهید بـوو. هـەروا چـاو بـە کێـل‌و بەردەنووسەکان دا دەگێڕم، هەر ناوەی کەسێك‌و، هەر یەك لەو کەسانە چەندین دیـدارو بەسـەرهات‌و ڕووداوم لـە لا زینـدوو دەکەنـەوە. تەنانـەت ئـەو پـیرە داربەڕوویـەی لـە بـەرزترین شـوێنی ئـەم گۆڕسـتانە هـەروا بەسـەر ئـەم هەریمـەدا دەڕوانـێ، بیرەوەریـم دەخاتـەوە یـاد، بیرەوەریـی ئـەو ڕۆژەی بـە دوای بـڵاو بوونـەوەی هـەواڵی شـەهید بـوونی دوکتـور قـاسملوودا، لێـرە لەسـەر گڵکـۆی شـەهیدەکان کـۆ بووینـەوەو، کـاك سـەعید (دوکتـور شـەرەفکەندی) وتـارە مێژوویی‌یەکـەی خـۆی پێشـکێش کـرد، ڕۆژێـك کـە پێکـەوە بـەڵێنمان بـە شەهیدەکانمان دا "بە ڕێگاکەتاندا دەڕۆین، یا ئامانجەکانتان دێنینە دی، یا دێین‌و لە باوەشتان دەگرین".

لێـرەوە شـۆڕ دەبمـەوەو دەچمەوە بـۆ لای مووچـەو دێبـەرەکانی "بۆڵـێ"، هێنـدێك شـوێنان بـە هاسـانی دەناسمـەوەو، جێگـای واش هەیـە بـە زەحمـەت دەچمەوە سەری. لە نزیك سکرتاریاو ماڵەکەی دوکتور قاسملوو، دەوەستم‌و هـەوڵ دەدەم لەگـەڵ چاوگێڕان بە شـوێنەوارەکانی دەورووبـەرم دا، ئـەو ساتانە وەبـیر بێنمـەوە کـە بـە بۆنـەی جۆراوجـۆرەوە هاتبوومـە خزمـەتی ڕێبـەرانی شـەهیدمان. قسـەیەکی زسـتانی ١٣٦٨ی دوکتـور سـەعیدی نـەمرم لـە کۆبوونەوەی "دەستەی نووسەران" لە گوێدا دەزرینگێتەوە کە فەرمووی" مرۆڤ ئەو کاتەی بۆ خۆی لە نێو ڕووداوە مێژوویی‌یەکان دایە، هەست بە گرینگیی زۆر شت ناکا". ئاماژەشی بەو ژمارەیەی ڕۆژنامەی "کوردستان" کرد کە چەند ڕۆژێـك دوای ڕاگەیانـدرانی کۆمـاری کوردسـتان لـە مـەهاباد دەر چـووە، بـەڵام هـەواڵی ئـەم ڕووداوە مێژوویی‌یـەی تـێدا نیـە! هـەر بـەم بۆنەیەشـەوە دوکتـور سەعید لە وتاریکی خۆیدا کە تایبەت بە ٢ی ڕێبەندان‌و ساڵرۆژی دامـەزرانی کۆماری کوردستان بوو، ئاماژەی بەم کەمتر خەمی‌یە کردوە.

لەگەڵ شەن‌و کەو کردنی ئەم یادانە، بە خۆم دەڵێم بەڵام من لـە گرینگیـی ئەو کات‌و ساتە مێژوویی‌یانە غافڵ نەبووم کە لێرە بەسـەر حیزبەکـەمان دا تێ دەپەڕێن. دەمزانی ئەو کاتەی خومەینی، جامی ژاری نۆشی‌و ئاگربەس لەگەڵ عێراقی قبـووڵ کـرد، خـەباتی حیزبـی ئێمـەو خـەڵکی کوردستان بە قۆنـاغێکی

ئەستەم دا تێپەڕی و بڕیارێك كە ڕێبەریی حیزب لەم "بۆڵێ"یە دای . كە خەباتی خۆی بە هەر نرخێك بووە، ڕانەگرێ . شتێكی مێژوویی بوو. ئەو كاتەی دوكتور قاسملوویان تیرۆر كرد ئێمە وەك حیزبی دێموكرات ڕووبەڕووی تاقیكردنەوەیەكی مێژوویی دیكە بووینەوە، ئەو كاتەی دوكتور شەرەفكەندییان شەهید كردین، ئەو كاتەی نیازی چەپەڵی ڕێژیمی ئێران لە بارەی هێرشێكی بەربلاوی نیزامی بۆ سەر بنكەو بارەگاكانی حیزب لەم شوێنە ئاشكرا بوو، ئەو كاتانەو هەموو ڕۆژان و شەوانێك كە تێكۆشەرانی حیزبی دێموكرات لێرە لەو پەڕی دڵسۆزی و ماندوویی نەناسیدا، ئەركی خۆیان بەڕێوە دەبردو هەموو هەوڵی خۆیان بۆ بەرەو پێشبردنی خەباتێكی ئازادیخوازانە تەرخان كردبوو، ساتە وەختێكی مێژوویی بوون.

نە زەمەنم بۆ دەگەڕێنرێتەوە ١٥.٢٠ ساڵ لەمەوبەر، نە بۆڵێ و ئەستێرۆكانم بۆ دەبێتەوە پێتەختەكەی جارانی حیزب. بۆشم ناكرێ دەست بەسەر ئەم هەرێمە داگرم و، وەك یادگاری قۆناغێكی مێژوویی لە خەباتی حیزبێك، پەرژینی بە دەوریدا بكێشم و بیپارێزم تا نەوەكانی داهاتوو بە تاسەوە بێن بۆ تەماشای. هەر ئەوەندەم لەدەست دێ تكا لەو بنەماڵە بەرێزە بكەم كە ئێستا لە ماڵی دوكتور قاسملوودا دەژین، ئەم یادگارە بپارێزن و قەدری بگرن، چونكە بێگومانم ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەم ماڵەو ئەم شوێنەوارانەی لەم ناوەن، دەبنە زیارەتگەی هەزاران ئۆگری خەبات و تێكۆشانی حیزبی دێموكرات.

بە نێو شوێنەوارەكانی بنكەو ژوورەكانی ڕادیۆو دەستەی نووسەرانی "كوردستان"و بە نێو شەپۆلە یەك لە دوایەكەكانی بیرەوەرییە خۆش و ناخۆشەكانی "وەرزی سەوزی ژیانم"دا شۆڕ دەبمەوە بەرەو كۆیە، پێم نیە بڕۆم بەڵام ناچارم.

لە ستوونی"بەر لە ماڵاواییی"ی ژمارە٤١٦ی "كوردستان"، ١٥ی پووشپەری ١٣٨٤،(٦ی ژوئیەی٢٠٠٥)دا بلاو بۆتەوە.

# میللەتی قاسملوو لە سەر ڕێبازی ڕێبەری شەهیدیان

لە مانشێتی ژمارە ٤١٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان"تایبەتی نیوەی دووهەمی پووشپەڕی ١٣٨٤دا هاتبوو:"**یادی دوکتور قاسملووی نەمر،هاندەری لاوانی کوردە بۆ خەبات دژی دەسەڵاتدارانی تیرۆریست**". ئەم مانشێتە بەرێکەوت هەڵ نەبژێردرابوو.هەڵبژاردنی ئەم مانشێتە بەدوای داخرانی دوکان و بازاڕی شاری مەهاباد لە شازدەیەمین ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور قاسملوو دا،بەدوای هاتنی خەڵکی ئەو شارە بۆ سەرشەقامەکان و وەفاداری دەربڕین بە ڕێگاو ڕێبازی دوکتور قاسملوودا بوو.لە ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ دا خەڵکی مەهاباد کە هەمووی چەند ڕۆژێك بوو شایەدی کوژرانی ڕۆڵەیەکی خۆیان بە دڵتەزێنترین شێوە لە لایەن هێزە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامی یەوە بوون،یادی دوکتور قاسملووی ڕێبەری شەهیدی گەلەکەیان کرد بە هەوێنی خۆپێشاندانێکی جەماوەریی بەرین دژی ڕێژیمی بکوژی دوکتور قاسملووی مەزن و هەزاران ڕۆڵەی بەنرخی گەلی کوردو، بۆ ماوەی چەند شەوو ڕۆژ شەقام و کۆڵانەکانی مەهاباد بوون بە مەیدانی بەگژیەکداچوونی خەڵکی وەزاڵەهاتوو و هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی.

هێشتا چەند ڕۆژ لە حەماسەی خوێناویی خەڵکی مەهاباد تێ نەپەڕیبوو کە خەڵکی شارەکانی پیرانشاروشنۆ،دروشمەکانی خۆپێشاندەرانی ئەو شارە"قاسملوو قاسملوو،ڕێگات درێژەی هەیە"،"مانگی پووشپەڕ،مانگی تیرۆری ڕێبەر"،"دێموکراتمان سەروەرە،قاسملوومان ڕێبەرە"و پێویستیی هاوپێوەندی لەگەڵ مەهابادی زامدارو داخداریان کرد بە هەوێنی خۆپێشاندانی بەرینی خۆیان. ئەوان لە هێزی زۆرو زەوەندو لە تیربارو دۆشکەو زرێپۆش و

ســـەنگەرگرتنی "هێـــزی ئینتیزامـــی" و "گـــاردی ویـــژە" لـــە ســـەری کۆلانەکان،لەســـەربانەکان وبەرزاییـیـەکان نەسـڵەمینەوە.خـەڵکی خـەباتگێری کوردسـتان و لـەریزی پێشـەوەی ئـەوان دا لاوانـی ئـازاو ئاگا،بـەم شـێوە یادکردنـەوەی دوکتـور قـاسملووی نـەمر بـە ڕێبـەری کۆمـاری ئیسـلامییان گوت:ئەگەر ئێوە بە پێشکێش کردنی پۆستی سەرکۆماری بە یەکێك لە بکوژانی دوکتـور قاسملوو،پاداشـی نۆکـەرو بەکرێگیراوی خۆتـان دەدەنەوە،ئێمـەش بـە دەربڕینـی وەفـاداری بـە ڕێبـازو ئامانجـەکانی ئـەو ڕێبـەرە شـەهیدەو بـە وەرێخستنی خۆپێشاندان لە سەرانسەری کوردستان و زینـدوو ڕاگرتنـی نـاوو یـادی قـاسملوو، ڕێگاکـەی درێـژە دەدەیـن و ئەمەگناسـیی خۆمـان دەنـوێنین.ئـەوەتا، هێشـتا زایەڵـەی دروشمـەکان لـەژێر دەسـڕێژی گوللـە لـە مەهاباد،پیرانشارو شنۆدا کپ نەبووە کە لاوانی بانەوسنەوسەقز دروشمـەکان دەستێننەوە و بناغەکانی کۆشکی زۆرداریی پێ دەخەنەوە لەرزین.

"گراونـد"فەرمانـدەری"ناحیـەی ئینتیزامیـی ئازەربایجـانی ڕۆژئـاوا"بـە دوای ڕووداوەکانی مەهاباد لە مێزگردێك دا گوتی:ئیدارەی ئیتلاعاتی مەهاباد ٦ڕۆژ بـەر لـە کـوژرانی شـوانەی سـەیدقادر، ڕایگەیانـدبوو کـە لـە ٢٢ی پووشـپەر،(لـە سـالڕۆژی تـیرۆری دوکتـور قـاسملوو)دا مـەهاباد دەشێوێ.ئەمـە داننانێکی ئاشکرایە بەو ڕاستی‌یە کە "یادی دوکتور قاسملووی نەمر،هاندەری لاوانـی کـوردە بـۆ خـەبات دژی دەسـەلاتدارانی تیرۆریسـت".بـەم ئەمەگناسـی و وەفاداری‌یە پڕ لەقوربانیدان و شایەنی ڕێزگرتنـەی لاوانی کوردستان بەرامبەر دوکتـور قـاسملوو، جـارێکی دیکەڕاسـتیی ئـەو وتـە جـوان و بەنرخانـەم بـۆ دەردەکەوێتەوە کە ١٦ساڵ لەمەوبەر، مامۆستا عبداللە حەسەن زادە لـە کـاتی بەخاکسپاردنی ڕێبەری شەهیدمان دوکتور قاسملوودا کردنی:

**"ئەتۆش ئەی تێکۆشەری هەرگیز نەمر!ئەی مامۆستای زانا و ڕێبەری بەتوانا! بە خاترجەمی سەر بنێوەو بە ئاسوودەیی بنوو،چونکە بە هەوڵ و تێکۆشانی دەیان ساڵەت ولاتێکت بوژاندەوە و گەلێکت ڕاپەراندەوە.قوتابی و**

هاوسەنگەرەکانت لەسەر پەیمانی خۆیان ماون و ڕێگاکەت بەرنادەن.هاوڕێی شەهیدم! بۆ لە دەستدانی تۆ هەزاران پێشمەرگەو دەیان هەزار ئەندامی حیزبەکەت،سەدان هەزار دۆست و لایەنگری ڕێبازەکەت و بە میلیۆن کەس لە ڕۆڵەکانی گەلەکەت خەمیان بەسەرداباری و فرمێسکیان هەڵ وەراند.بەڵام نەك لەبەر داماوی و ناهومێدی. چونکه گەلێك ڕۆڵەی وەك تۆی پێ گەیاندبێ،ناهومێدی ناناسێ. ئەوان بۆت گریان تا بە ئاوی چاوی خۆیان و بە خاکی ڕێگای تۆ قوڕێك بۆ سەری هەموو ئەوانە بگرنەوە کە پێیان وایە بە مردنی قاسملوو،میللەتی قاسملوو و ڕێبازی قاسملوو دەمرێ...."

لە ژمارە٢١ی "لاوان"، ئورگانی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران،دورەی دووهەم،دەلاوێژی١٣٨٤(ئۆتی٢٠٠٥)دا بلاو بۆتەوە.

# فەسڵی دووهەم

# هەڵبژاردەیەك لە
# وتار، وتووێژو
# وتەکانی دوکتور قاسملوو

# شەڕی ئێران و عێراق و شوێنەواری ئەم شەڕە لەسەر جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد

(وتاری دوکتور قاسملوو لە ئەنستیتۆی هاودەردی لەگەڵ ئامریکای لاتین و ئەفریقا)

لە کۆتایی هاوینی ١٣٦٧ دا دوکتور قاسملوو سەفەرێکی بۆ ئورووپا کرد کە نزیکەی ٣ مانگی خایاند. لەم سەفەرەی دا لە ئیسپانیا لە سەر بانگهێشتنی ئەنستیتۆی هاودەردی لە گەڵ گەلانی ئەمریکای لاتین و ئەفریقا کۆنفرانسێکی لە سەر تەقەوەستان لە نێوان ئێران و عێڕاق و شوێنەواری ئەو تەقەوەستانە لە سەر جووڵانەوەی گەلی کورد پێشکێش کرد. پاشان نیزیک بە سەعات و نیوێك وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە. ئەمەی خوارەوە وەرگێڕاوی دەقی قسەکانی رێبەری شەهیدمان لەو کۆنفڕانسە دایە :

شەڕی ئێران و عێراق کە نیزیکەی هەشت ساڵ درێژەی کێشا، بۆ هەر دوو وڵات ئاکامی زۆر دڵتەزێنی بە دواوە بووە. زیاتر لە یەك میلیۆن کوژراو و بریندار، سەدان شار و دێی وێران، هەزاران قوتابخانە و نەخۆشخانە و بنیاتی ئابووریی لە کەڵك کەوتوو، بە میلیۆن ئینسانی ئاوارە و بێ ماڵ و حاڵ، کورتەیەك لە ئاکامەکانی ئەم شەڕەن . ئەگەر زیانەکانی ماددیی شەڕ بە ٣٠٠ هەتا ٥٠٠ میلیارد دۆلار بەراورد دەکرێ، شوێنەوارە رەوانی یەکەی لە بەراورد کردن نایە و رەنگە تا دەیان ساڵی دیکەش هەر بمێنێ.

لەم هەشت ساڵ شەڕە خوێناوی یە دا، بۆ کوشتاری خەڵکی بێ دیفاع

لە هەر جۆرە چەکێك، تەنانەت ئەو چەکانەی کە کەلك لێوەرگرتنیان بە پێی بڕیارنامە نێونەتەوەیی یەکان مەنع کراوە، کەلك وەرگیراوە. هەر ئەمە لە نێو دوو گەلی دراوسیّ دا بۆتە هۆی دوژمنایەتی یەکی وا کە لە نێو چوونی مەگەر لە داهاتوویەکی دوور دا ئیمکانی نیە. زەبرەکانی رووحی، نەخۆشی یەکانی رەوانی و، لێك هەڵوەشانی بنەماڵەکان ئاکامێکی دیکەی ئەم شەڕەن. شەڕێك کە هیچ قازانجی گەلانی ئەم دوو وڵاتەی لە پیّ دا نەبوو. پاش ئاکامەکانی زیانی ماددی و ئینسانی ئەو شەڕەماڵوێرانکەرە، ئێستا هەر دوو وڵات خۆیان راست لەو جێگایەی کە شەڕیان لە سێپتامبری ١٩٨٠ دا دەست پیّ کردبوو دەبیننەوە. جا لە بەرامبەر ئەم بیلانە دڵتەزێنە دا داخوا بە راستی دەکریّ باس لە لایەنی سەرکەوتوو لەم شەڕەدا بکریّ ؟ هەر دوو وڵات بە هۆی لە دەستچوونی بەرەبەرەی هێز و توانایان لە شەڕدا بە ناچار تەقە وەستانیان قەبووڵ کرد. عێراق لە چەند ساڵ لە مەوبەرەوە داواکاری ئاگربەس بوو، ئێرانیش لە رووی ناچاری یەوە سەرەنجام قەبووڵی کرد. خومەینی کە شەڕی بە " نیعمەتی ئیلاهی " دەزانی، بە پێچەوانەی مەیلی دڵی خۆی ملی بۆ بڕیارنامەی ٥٩٨ ی ئەنجومەنی ئاسایش راکێشا. لە راستی دا خومەینی کە بۆخۆی قەبووڵکردنی بڕیارنامەی بە مانای خواردنەوەی ژار دانا، تەنیا لەبەر ئەوە تەقەوەستانی قبووڵ کرد کە حاکمییەتی ئاخوندەکان بە هۆی دژایەتی و بەربەرەکانیی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتری خەڵك لەگەڵ شەڕ، لە مەترسی کەوتبوو. ئەم بەربەرەکانی یە خۆی لە نارەزایەتیی گشتی و، خۆ بواردنی لاوان لە چوون بۆ بەرەکانی شەڕ دا نیشان دەدا و، قەیرانی ئابووری و ناتەبایی یە کۆمەڵاتی یەکان دەبوونە هۆی پەرە ئەستاندنی. شکستە نیزامی یەکانی چەند مانگی دوایی نیشانی دا کە ورەی هێزە چەکدارەکانی رێژیم زۆر هاتۆتە خواریّ، لە حاڵێك دا هەر ئەم ورەیە سەردەمێك وەك هۆی سەرەکیی بە هێز بوونی لەشکریانی ئیسلام حیسابی لە سەر دەکرا.

تەریك کەوتنەوەی کۆماری ئیسلامی لە مەیدانی نێو نەتەوەیی دا کە

ئاکامی پەنا بردنی ڕێژیم بۆ کاری تێرۆریستی، پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و، لە ژێر پێنانی هەموو ئوسوولێکی دیپلۆماسی بوو لە لایەك و، گیر و گرفتەکانی ڕێژیم لە دابین کردنی چەك و تەقەمەنی و هێندێك مەسەلەی نێوخۆیی لە لایەکی دیکە ببوونە هۆی ناتەبایی تەنانەت لە نێو ئۆرگانەکانی سەرووی ڕێژیم و، هەروەها ترس و سەر لێشێوان لە نێو ڕێبەرایەتی دا.

فشاری گەورە دەسەڵاتەکان لە کەنداوی فارس بە تایبەتی لە لایەن ئەمریکاوە، حاکمییەتی لەرزۆکی ئاخوندەکانی زیاتر لە پێشوو خستبووە مەترسی یەوە. حکوومەتی خومەینی بۆی دەرکەوت کە درێژەی شەڕ بە جیددی هەڕەشە لە مان و مەوجوودییە تی دەکا. بۆیە بۆ پاراستنی بە ناچار تەقەوەستانی قەبووڵ کرد.

دیارە سەقامگیر بوونی تەقەوەستان لە نێوان دوو وڵات دا بە مانای کۆتایی هاتنی یەکجاری بە شەڕ نیە. ڕەوتی وتووێژەکان وا نیشان دەدا کە بۆ گەیشتن بە ئاشتی یەکی بەردەوام ڕێگایەکی دوور و درێژ لە پێش دایە. گەیشتن بە ئاشتی یەکی بەردەوام پێویستی بە لە نێو چوونی ناکۆکی یەکان لە نێو دوو وڵات، یانی دڵنیا بوون لە دەست تێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی یەکتردایە، هەتا دەگاتە هاوکاریی نێوان دوو وڵات. پسپۆران و خاوەنڕایان لەوە دا یەکدەنگن کە بێ گۆڕانکاری یەکی بنەڕەتی لەو دوو وڵاتە دا، وتووێژی ئاشتی لە وانەیە چەندین مانگ و تەنانەت چەند ساڵ درێژەی هەبێ.

لە هەلومەرجی ئێستا دا چاولێکردنی وەك یەکی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٨ لە گەڵ ساڵی ١٩٧٥(ساڵێك کە ڕێککەوتننامەی ئەلجەزیرە لە نێوان ئێران و عێراق دا ئیمزا کرا و، بوو بە هۆی تێکشکانی جووڵانەوەی گەلی کورد بە سەرۆکایەتیی مستەفا بارزانی) شتێکی دروست نیە. ئەو کات کە عێراق بەشێك لە " شط العرب " ی لە بەرامبەر یارمەتی نەدان بە ڕاپەڕینی کوردەکانی عێراقی دا بە ئێران، ڕێبەرایەتیی ڕاپەڕینی کورد بە هۆی تایبەتمەندیی بە هێزی عەشیرەیی، نەیتوانی بەرامبەر بە هەلومەرجی نوێ خۆی ڕابگرێ و،

سووک و سانا خۆی به دەستەوه دا.

هەلومەرجی ئێستا جیاوازه، ئەم هۆیانەی شەڕێکی ئاوا درێژ و خوێناوییان هەڵگیرساند هەر لە جێگای خۆیان ماون. ئێمه تەنیا ئیشارە بە گرینگترینیان دەکەین که بریتین له : دیاریکردنی سنوورەکان بە تایبەت لە " شط العرب " دا، مەسەلەی کورد بە لە بەر چاو گرتنی هەموو لایەنەکانی یەوه، ویست و مەیلی مەزنیخوازانە و، سەرەنجام کێشەی نێوان ناسیۆنالیزمی عەرەب و ناسیۆنالیزمی فارس کە ریشەیەکی لە مێژینه و مێژوویی هەیە.

نێوەرۆك و فەلسەفەی بە تەواوی لێك جیاوازی ئەو دوو ڕێژیمەش دەبێ لە بەر چاو بگرین. ڕێژیمی ئێران کە ڕێژیمێکی شیعەی بونیادگەرایە دەستتێوەردان لە کارو باری ولاتە موسولمانەکان به تایبەتی لەو ولاتانە دا کە رادەیەکی زۆر لە دانیشتووانیان شیعە مەزهەبن، بە ئەرکێکی پیرۆزی خۆی دەزانێ.

ئێستا ئەگەر مێژوو دووپات بێتەوه و ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بە سەر دا دابەش کراوه بۆ جارێکی دیکەش بۆ تێك شکاندنی جوولانەوەی نیشتمانیی گەلی کورد، پێکەوە ڕێك کەون (هەرچەند کە ئیمکانی شتێکی ئەوتۆ کەمە ) کوردەکان دەبێ چ بکەن ؟ لە هەلومەرجێکی ئەوتۆ دا بۆ کوردەکان تەنیا یەك ڕێگا دەمێنێتەوه : ئەویش بریتی یه لەوە کە : یەك بگرن و به هەموو هێزیانەوه دیفاع له خۆیان بکەن. بە ئاشکرا دەبێ بڵێین کە ئەمجار باسی ئاشبەتاڵ و خۆ بەدەستەوەدان له گۆڕێ دانیه. بەربەرەکانی و خۆڕاگریی گەلی کورد لە شارو لادێ دا هەر درێژەی دەبێ و، لە تەواوی شێوەکانی خەباتیش کەڵك وەردەگیرێ. ئەمڕۆ جوولانەوەیەکی بە تەواوی سازماندراو بە ڕێبەرایەتی یەکی شۆڕشگێڕەوه لە کوردستان دا لە گۆڕێ دایه. لە هەلومەرجی تەقەوەستانی شەڕ لە نێوان ئێران و عێراق دا کوردەکان دوو ئەرکی گرینگیان لە سەر شانە :

لە پێش دا کوردەکان دەبێ وێڕای درێژەدان بە خەباتی چەکدارانە،

خۆیان وەك هۆیەکی سەربەخو لە گۆڕەپانی سیاسیی رۆژهەلاّتی نێوەڕاست دا نیشان بدەن. پێویستە خەڵکی جیهان لە راستی یەك کە تا ئێستا لە بەرچاویان شاردراوەتە باش ئاگادار بن، ئەویش ئەمەیە کە لەم ناوچەیە دا تەنیا یەك شەڕ لە گۆڕێ دا نیە، یانی شەڕ هەر لە نێوان عێراق و ئێران دا نیە. بەڵکو سێ شەڕ هەیە. تەقەوەستاندنی نێوان ئێران و عێراق، لە خۆی دا ئاشتیی نێوان کوردەکانی ئێران و حکوومەتی ئێران لە لایەك و، کوردەکانی عێراق و حکوومەتی عێراق لە لایەکی دیکەوەی بە دواوە نیە. لە ئاکام دا خەباتی کوردەکان هەر درێژەی دەبێ و هەتا کاتێك مەسەلەی کورد چارەسەر نەکرێ، ناوچەکە ئاشتی یەکی بەردەوام بە خۆیەوە نابینێ. پێویستە بگوترێ ئەم شێوە بیر کردنەوەیە، کە بە سەقامگیر بوونی ئاشتیی نێوان ئێران و عێراق چاوەدێرانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان جێگیر لە سنوورەکانی ولاّت ئیدی شاهیدی هەڵگیرسانەوەی شەڕ نابن، خەیاڵێك زیاتر نیە. لە راستی دا زیاتر لە ٥٠٠ کیلۆمیتر لەو سنوورەی کە ئێران و عێراق لێك جیا دەکاتەوە بو نێو کوردستان دا کێشراوە. ناوچەیەك کە ئەمڕۆ بە شێکی لە ژێر چاوەدێریی جووڵانەوەی نیشتمانیی کورد دایە.

دووهەم ئەرکی گرینگ ئەوەیە کە کوردەکان بۆ نێونەتەوەیی کردنی مەسەلەی کورد هەوڵ بدەن. بە راستی زۆر جێی داخە کە مەسەلەی کورد تەنیا دوای هاتنە گۆڕی مەسەلەی بە کار هاتنی چەکی شیمیایی بە دژی کوردەکان کەوتە بەر سەرنجی بیر ورای نێونەتەوەیی. بەر لە هەموو شتێك دەبێ لە بەستنەوەی مەسەلەی کورد بە بەکارهێنانی چەکی شیمیایی دەست هەڵگرین. پێویستە مەسەلەی کورد لە هەموو لایەنەکانی یەوە بخرێتە بەر چاو. مەسەلەی ٢٠ هەتا ٢٥ میلیۆن ژن و پیاو بێتە گۆڕێ کە نەتەوەیەك پێك دێنن و ماڧ بە دەستەوە گرتنی چارەنووسی خۆیان هەیە. ئاشکرایە کە ئەو ولاّتانەی کوردستانیان بەسەر دا بەش کراوە خاوەنی رێژیمی سیاسیی لێك جیاوازن. تورکیە بەردی ئۆرووپا و دێمۆکراسی لە سینگ دەدا و، سەرەڕای بێدەنگی و

خـۆ بـواردنی ڕێبـەرانی ئێسـتای، وێ دەچـێ کـە سـەرەنجام ڕۆژێـك ناچـار بـە ناسـینی کەسـایەتی و مـاف نەتـەوەیی کوردەکـان بـێ. لـە وەزعێکـی ئـاوا دا کوردەکان دەتوانن لە ئیمکاناتی قانوونی بە مەبەستی سەلماندنی داخوازەکانی خۆیان کەڵك وەربگرن.

کەچـی لـە کۆمـاری ئیسـلامی دا کـە ئیسـتبدادێکی شـێوەی سـەدەکانی نێوەڕاست زاڵە، کوردەکان بۆ پاراستنی کەسایەتی و مافەکانی خۆیان، ناچار بوون چەك بە دەستەوە بگرن. ماف دیاریکردنی چارەنووس دەتوانێ بە چەشنی جۆر بە جۆر بێتە گۆڕێ و شکڵ و شێوەی جۆر بە جۆر بە خۆیەوە بگرێ کە بریتین لە : خودموختاری، فیدرالیزم و سەربەخۆیی.

لـە ئێـران دا ئێمـە شـکڵی خودموختاریمـان هـەڵ بـژاردوە و، دروشمـی حیزبـی ئێمـە دێمۆکراسـی بۆ ئێـران و خودموختـاری بـۆ کوردسـتان، لـە چوار چێوەی وڵاتی ئێران دایە.بە سەرنجدان بە ئەزموونـەکانی مێـژوویی و هـەروەها هەلومەرجی ژێئۆپۆلیتیکیی ناوچەکە، ئێمە لە سـەر ئـەم بڕوایـەین کـە دروشمـی ئێمە دروشمێکی واقیع بینانەیە.

داخـوازی خودموختـاری، داخـوازێکی ڕەواو سـادەیە. ئێمـە خوازیـاری پاراستنی فەرهەنگی خۆمانین و دەمانەوێ زمانی کوردی لـە کوردسـتانی ئێـران دا بـە زمـانی ڕەسمـی بناسـرێ. لـە کوردسـتان دەبـێ فێرکـردن و بـار هێنـان بـە زمانی کوردی بێ، دەسەڵاتی سیاسی دەبێ لە پـاوانی یـەك ناوەنـد بێتـە دەر و، کـار و بـاری نێوخـۆی کوردسـتان بدرێتـە دەسـت نوێنـەرانی گـەلی کـورد کـە بـە شێوەی دێموکڕاتیك هەڵ دەبژێردرێن. مەبەستی بنەڕەتی لەم داخوازانـە ئەوەیـە کە کوردەکان چی دیکە لە وڵاتی خۆیان دا وەك بێگانە چاویان لـێ نـەکرێ و بـە هاووڵاتی دەرەجە دوو و تەنانەت دەرەجە سێ نەژمێردرێن.

ئـەمڕۆ کوردبـوون لـە ئێـران دا جـۆرە تاوانێکـە. دەیـان سـاڵە کوردەکـانی ئێـران بـۆ خودموختـاری و وەدەسـتهێنانی سـەرەتایی تـرین مافـەکانی خۆیـان خەبات دەکەن. هەر ئێستا دە ساڵی بەردەوامە کـە شـەڕێکی نەخوازراو بـە سـەر

ئێمە دا سەپاوە. سەرەڕای قەڵاچۆی پەنجا هەزار کەس لە خەڵکی بێ دیفاع و شەهید بوونی ٤٥٠٠ پێشمەرگە لە مەیدانی خەبات دا بەربەرەکانیی ئێمە هەروا درێژەی هەیە. بە پێی ئەو هەواڵە تازانەی بە دەستمان گەیشتوون ئاخوندەکان لە حاڵی ئامادە کردنی هێرشێکی گەورە بۆ سەر کوردستانی ناوەندی دان. ئەو هێرشە ناتوانێ بۆ پێشمەرگەکان کە شەڕی پارتیزانی دەکەن گیر و گرفتێکی ئەوتۆ بێنێتە پێش. بەڵام ئێمە یەکجار زۆر نیگەرانی چارەنووسی خەڵکی بێ دیفاعین. هەر بۆیە ئێمە پێ لەسەر ئەم مەسەلەیە دادەگرین کە خودموختاری بەشێك لە ماف مرۆڤە و نابێ تەنیا وەك مەسەلەیەکی نێوخۆی وڵاتان چاوی لێ بکرێ. کۆمەڵی نێونەتەوەیی دەتوانێ و دەبێ لە ئامانجەکانی گەلی کورد بە گشتی و، هەر وەها لە ماف خودموختاری دیفاع بکا. هەر بەو مەبەستە زۆر پێویستە داوا بکرێ مەسەلەی کوردیش لە دەستووری وتووێژەکانی نێوان ئێران و عێراق لە ژێر چاوەدێریی سکرتێری گشتیی رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان دا بگونجێ.

هاودەنگیی نێو نەتەوەیی تا ئێستا لە سەر کارو باری بەشێکی زۆر لە وڵاتان شوێنەوارێکی باشی داناوە. ئەم هاو دەنگی یە دەتوانێ بە لایەنگری لە داخوازی رەوای کوردەکان کە ئێستا لە وەزعێکی دژوار دان جارێکی دیکە توانای خۆی بنوێنێ.

هەڵبژاردنی دروشمی " دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان " نیشاندەری ئۆگری بە تەواو مانای حیزبی ئێمە بە دێموکڕاسی یە. ئەم راستی یە لە ئوسوول و یاسای بە تەواوی دێموکراتیکی نێوخۆی حیزب و هەروەها رێزی حیزبی ئێمە بۆ پلۆرالیزم لە نێو خۆی وڵات دا سەرچاوە دەگرێ.

ئەوەشم لێ قبووڵ بکەن کە بەڕێوە بردنی دێموکراسی و پاراستنی، لە مەڵبەندێکی دواکەوتووی بێ پێشینەی دێموکراتیك و لە حاڵی شەڕ دا کارێکی زۆر دژوارە. رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تا ئێستا بۆ

پاراستن و بەڕێوە بردنی ئوسوولی دێمۆکراتیك لە نێو حیزب و هەر وەها لە ناوچەکانی کوردستان دا، هەوڵ و تێکۆشانێکی بەرینی لە خۆی نیشان داوە و، لە مەو دواش هەموو توانای خۆی لەم بوارە دا بەکار دێنێ.

ئێمە بڕوایەکی پتەومان بە نەخشی سەرەکی و بنەڕەتیی دێمۆکراسی هەیە. بێ دێمۆکراسی یەکی جێگیر و بنەگرتوو لە ئێران دا، خودموختاریی کوردستان هەموو کات لە بەرامبەر مەترسی و هەڕەشەی لە نێو چوون دا دەبێ. تەنیا دەستەبەری خودموختاریی کوردستان بوونی دێموکڕاسی یەکی سەقامگیر لە ئێران دایە. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران وەك ڕێکخراوێکی دێمۆکرات بە پێی ئوسوول و ڕێبازی خۆی، هەمووکات تێرۆریزمی لە فڕۆکە رفاندنەوە بگرە تا دەگاتە بۆمب دانانەوە و بارمتە گرتن، رەد کردۆتەوە. بە گشتی حیزبی ئێمە هەر کردەوەیەك کە ژیان و هێمنایەتیی ئەفرادی غەیرە نیزامی و بێ دیفاع بخاتە مەترسی یەوە ڕەد دەکاتەوە. ئێمە بە هیچ جۆرێك ئامادە نین سەبارەت بە هێندێك دەسکەوتی تەبلیغاتی و کورتخایەن، لە ئوسوولمان بترازێین و سیمای حیزبەکەمان کە وەك حیزبێکی سیاسیی بەرپرس، دێموکڕات و ئینساندۆست ناسراوە خەوشدار بکەین.

دۆستانی بە ڕێز !

ئێمە پێویستی یەکی زۆرمان بە پشتیوانیی مەعنەوی و سیاسیی کۆمەڵی نێونەتەوەیی هەیە. پەندێکی کوردی دەڵێ : " دوژمنێك زۆرە و هەزار دۆست کەم ". بەداخەوە کوردەکان دوژمنیان زۆرە، هەر بۆیە ئێمە بە دوای دۆست دا دەگەڕێین. هیوا دارم ئەمڕۆ لەم تالارە دا هێندێك دۆستمان بۆ خۆمان دیتبێتەوە.

لە ژمارە ١٤٤ ی ڕۆژنامەی (( کوردستان )) سەرماوەزی ١٣٦٧ ( دیسامبری ١٩٨٨ )دا بڵاو بۆتەوە.

# چەند بەشێك لە وتووێژی دوكتور عەبدولرەحمان قاسملوو لە گەڵ بڵاوكراوەی"راه ارانی"

هاورێی تێكۆشەر دوكتور " عەبدولڕەحمان قاسملوو " سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكڕاتی كوردستانی ئێران لە سەفەری هاوینی رابردووی خۆی دا بۆ ئورووپا، وتووێـژێكی لـە گـەڵ بـڵاو كـراوەی " راەارانـی " ئۆرگـانی مەركـەزیی حیزبـی دێمـوكڕاتیكی خـەڵكی ئێـران كردبوو. ئـەم وتووێـژە لـە ژمـارەی ٦ ی "راەارانـی " (خـەزەڵوەر و سـەرماوەزی ١٣٦٧ ) دا بـڵاو كراوەتـەوە. ئێمـە بـۆ ئاگاداریی هاوڕێیانی حیزبی و خوێنـەرانی " كوردستان " چەند بەشێك لـەم وتووێژەمان هەڵبژاردوە كە لە خوارەوە دەیخوێننەوە :

دەستەی نووسەرانی "كوردستان"

" راه ارانی " : حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران زۆر بە جێ دروشمی دێمۆكراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ كوردستانی هێناوەتە گۆڕێ. وەپێش خستنی دێموكراسـی بـە مانـای لـە پـێش بـوون و پێویسـتیی جـێگیر بـوونی دێمۆكراسـی و رێـژیمی دێموكڕاتیـك لـە ئێـران دایـە. داخـوا لـە جـێ دا ئێـوە وەدەسـتهێنانی خودموختـاری لـە كوردسـتان بـێ ئـاڵوگۆڕی دێمۆكراتیـك بـە شتێكی مومكین دەزانن ؟

**دوكتور قاسملوو** : لـە پرسـیاری پێشـوودا بەشـێك لـە وڵامـی ئـەو پرسـیارەم داوەتەوە، بەڵام دەمهەوێ ئەوە بڵێم كە ئێمە دێمۆكراسی لە پێش خودموختاری دا دەبینین، ئەویش بە دوو هۆی بنەڕەتی : یەكەم ئەوە كە حیزبێكی بە تـەواوی

دێموٚکراتین و بڕوایەکی قووڵمان بە دێموٚکراسی لە نێوخوٚی حیزب و پلوٚرالیزم لە دەرەوەی حیزب واتە لە نێو خوٚی ولاٚت دا هەیە. هەر بوٚیە زوٚر پێ لە سەر دێموٚکراسی دادەگرین. دوای شوٚڕش ئەگەر نەڵێم یەکەم ڕێکخراو، دەتوانم بڵێم یەکێك لەو ڕێکخراوانە بووین کە مەسەلەی دێموٚکراسییان وەك مەسەلەی ئەسلی ( عمدە ) هێنایە گوٚڕێ. ئەو کاتە کە بەشێك لە ڕێکخراوەکان بەو ناوە کە ڕێژیمی خومەینی دژی ئیمپریالیستە، بوونە کلکەی ڕێژیم، ئێمە مەسەلەی دێموٚکڕاسیمان هێنایە گوٚڕێ و گوتمان هیچ ڕێژیمێکی بە ڕاستی دژی ئیمپریالیست ناتوانێ بەم جوٚرە لە هەموو جێ یەکی ولاٚت دێموٚکراسی پێشێل بکا و خەڵکی کوردستان قەلاٚچوٚ بکا. بە کردەوەش ڕوون بوٚوە کە ئێمە لەسەر حەق بووین، جگە لەمە هوٚیەکی دیکەشمان هەیە بوٚ ئەوەی دێموٚکراسی لە پلەی یەکەم دابنێین و بیخەینە پێش خودموختاری. من قامکم بوٚ ئەوە راداشت ئەگەر بێتوو لە کوردستان خودموختاریمان هەبێ، بوٚ پاراستنی دوو ڕێگامان زیاتر نیە. یا چەکدار بوون و بە کەلاٚشینکوٚف پاراستنی خودموختاری یا دابین کردنی هەلومەرجێك کە لە درێژ خایەن دا خودموختاریی ئێمە دەستەبەر بکا. ئێمە جگە لە دێموٚکراسیی سەرانسەری ئێران و سەقامگیر بوونی دێموٚکراسی یەکی راستەقینە لە ئێران دا هیچ دەستەبەرێکی دیکە بوٚ خودموختاری نابینین. هەر بوٚیە لە سەر دێموٚکراسی لە نێو خوٚی ئێران دا زوٚر پێ دادەگرین.

**راه ارانی :** پرسیاری من ئەوە بوو کە ئایا لە جێ دا بەر لە پێکهاتنی ئاڵو گوٚڕی دێموکڕاتیك لە ئێران دا پێتان وایە گەیشتن بە خودموختاری ئیمکانی هەیە ؟

**دوکتور قاسملوو :** پێوەندیی دێموکڕاسی لە گەڵ خودموختاری، پێوەندیی بەش ( جزء ) و گشت ( کل ) ە. نامهەوێ بچمە نێو باسی فەلسەفە، بەلاٚم لە باری فەلسەفی یەوە ڕاستە کە " کل " ئەساسی و چارەنووسسازە، بەلاٚم " جزء " یش شوێنەواری خوٚی هەیە. لە ڕاستی دا " کل " لە " اجزاء " پێك هاتوە، یانی ئەگەر وادابنێین ڕوٚژێك ئێمە ڕێژیمی کوٚماری ئیسلامیمان ناچار بە

قـەبووڵ کردنـی خودموختـاریی کوردسـتان کـرد، بـە بـڕوای ئێمـە ئـەوە سەرکەوتنێکە بۆ دیمۆکراسی. چونکە لەم حاڵە دا لە نێو بە شێك لە ئێران دا دیمۆکراسی جێگیر بووە. بەڵام هەر وا کە لە وڵامی پرسیاری پێشووش دا گوتم ئەم وەزعە یانی کۆماری ئیسلامی لە لایەك و خودموختاری لە لایەکی دیکە، ئەویش خودموختاری یەك کە حیزبی ئێمە وەك حیزبێکی لائیك دەیهەوێ، بۆ ماوەکی زۆر ناتوانن لە تەنیشت یەك بژین. من وا بیر دەکەمە ئەگەر ئێمە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تووشی پاشەکشە بکەین و بۆ ساتێك وای دا بنێین کە خودموختاریی ئێمەی قبووڵ کردوە، ئەو کات ئەمە بۆخۆی هاندەرێکە بۆ هەموو گەلانی ئێران و بۆ خەڵکی ئێران کە خەباتی خۆیان بۆ وەدیهاتنی دیمۆکراسی لە سەرانسەری ئێران دا توند و تیژ بکەن. پاشان، کوردستان ئەو کات لە هەلومەرجێکی باشتر دا بۆ هەموو ئازادیخوازانی ئێران دەبێتە سەنگەر. بەو پێ یە من ئەمە بە شتێکی غەیرە مومکین نازانم، بەڵام بە راستی لە درێژخایەن دا بیرکردنەوە لەمە کە ئێمە خودموختاریمان هەبێ بێ ئەوەی لە ئێران دا دیمۆکراسی هەبێ بۆ ئێمە مومکین نیە.

**راه ارانی** : ئەم هۆیانەی حیزبی دیمۆکراتیان هێنایە سەر ئەم بڕوایە تا داخـوازی خودموختـاری لـە چوارچـێوەی ئێرانێکـی سـەربەخۆ و ئـازاد و یـەکگرتوو دا بێنێتـە گـۆڕێ چـن ؟ داخـوا ئەمـە دروشمێکـی تـاکتیکی یـە یـا داخـوازێکی ستراتێژیکی ئێوەیـە ؟ بۆچی ویستی خودموختاری بە باشترین ڕێگا چارەی مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێران دا دەزانن ؟

**دوکتـور قاسملوو** : من لە بەشی دووهەمی پرسیاری ئێوە ڕا دەست پێ دەکەم، بۆمیللەتێکی زۆر لێکراوی وەك گەلی کورد مەسەلەی بنەڕەتی چی یە؟ بەداخەوە لە ئێران دا تەنانەت بەشێك لە دۆستەکانیشمان سەرنجی تەواو نادەنە ئەم مەسەلەیە. هێندێك وابیر دەکەنەوە کە چونکە کوردستان لە باری ئابووری یەوە دواکەوتوویە دەبێ باری ئابووریی کوردستان باش بکرێ. هێندێکی دیکە پێیان وایە چونکە قوتابخانە لە کوردستان کەمە دەبێ گرینگیی

زیاتر به مەسەلەی فێرکردن له کوردستان بدرێ. هەڵبەت هەمووی ئەم کارانە پێویستن، بەڵام چارەسەر کردنی مەسەلەی نەتەوایەتی، لە هیچ یەك لەم هەنگاوانە دا کورت ناکرێتەوە. تەنیا ئەندامانی گەلێکی زۆر لێکراو هەست بەو ستەمە دەکەن و هەر بۆیەشە دەتوانن تێ بگەن لاچوونی ستەم چی یە. ئەویش ئەوە کە خەڵك دەبێ هەست بەوە بکەن کە لە ولاتی خۆیان دا بێگانە و هاوولاتی دەرەجە دوو نین و لەو ناوچەیەی تێی دا دەژین بە سەر چارەنووسی خۆیان دا زاڵن. ئەم هەستە لە هەموو شتێك گرینگترە و من لێرەوە دەست پێ دەکەم.

بە بڕوای من ماف دیاریکردنی چارەنووس مافێکی سەلماو و بێ ئەم لا و ئەو لای هەر گەلێکە. ئێمەش لایەنگری ماف دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستانی ئێران بە دەستی خودی ئەو گەلەین و لە پێناوی دا خەبات دەکەین. دیارە ئەمە نێوەرۆکی داخوازەکەی ئێمەیە.ماف دیاریکردنی چارەنووس، نێوەرۆك ( محتوا )یە و دەتوانێ چەند شێوەی هەبێ. یەکێك لەم شێوانە خودموختاری یە، یەکێکیان فێدرالیزم و یەکێکیشیان سەر بەخۆیی تەواوە. ئێمە وەك حیزبێکی واقع بین بە لەبەر چاو گرتنی هەلومەرجی سیاسی و جوغرافیایی ولات و ناوچە، بەو ئاکامە گەیشتووین کە باشترین ڕێگە چارە بۆ ئێمە وەدەست هێنانی خودموختاری یە و لە ئێرانێکی دێموکراتیك و کوردستانێکی خودموختاردا، هەم ئەو هەستەی خەڵك کە باسم کرد و هەم ماف دیاریکردنی چارەنووس، یانی هەر دوو وەدی دێن. جگە لەمەش لە ڕوانگەی گشتی یەوە ، پێکهاتنی ولاتی بچووك بچووك لە سەدەی بیستەم دا بە هیچ جۆر لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی و ئابووری لە سەرانسەری جیهان دا یەك ناگرێتەوە. بە پێچەوانە لە زۆر لە ولاتان دا، ئێستا من تەنیا لە بارەی " بازاری هاوبەشی ئورووپا"وە قسە ناکەم، بەڵکو ولاتانی ئامریکای لاتین و ولاتە عەرەبی یەکانیش هەوڵ دەدەن کە واحیدی گەورەتر پێك بێنن. نەزەری ئێمە ئەوەیە بۆ خەڵکی کوردستان ئەوە زۆر گرینگ نیە کە نوێنەرێکی لە ڕێکخراوی

نەتەوە یەکگرتوەکان دا هەبێ و ئالاّ و پولّی تایبەت بە خۆی هەبێ، ئەم قۆناغە لە راستی دا لە روانگەی مێژووەوە ئیدی کۆن بووە. بۆ ئێمە ئەمە گرینگە کە خەڵکەکەمان هەست بەوە بکەن کە چارەنووسی خۆیان بەدەستەوەیە. لە نێو خۆی ولاّتێکی وەك ئێرانیش دا واحیدێکی گەورە دەتوانێ هاوکاریی هەموو گەلانی ئێران بۆ لای خۆی رابکێشێ. وەختێك مافە نەتەوایەتی یەکانیان دابین بکرێ، پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەلاّیەتیی کوردستانیش خێراتر دەبێ. سەدان ساڵە خەڵکی کوردستان لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران پێکەوە دەژین. ئێمە خۆمان بە ئێرانی دەزانین و بەو کەسانە کە جار و بار لێرو لە وێ ئێمە بە جیاوازیخواز ( تجزیة طلب ) دادەنێن دەڵێین : بە هیچ جۆر ئەو حەقە بە هیچ کەس نادەین کە خۆی لە ئێمە بە ئێرانیتر بزانێ.

بەلاّم لەسەر دروشمی دیمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان، ئەگەر بڕواننە بەرنامەی حیزب، ئەمە دروشمێکی ستراتێژیکە و تاکتیکی نیە. ئێمە ئەگەر بمانویستبا لە ئێران جیا ببینەوە، هیچ ترسێکمان نەبوو. نەتەوەی زۆر بچووك هەن کە داوای سەربەخۆییان کرد و پێشی گەیشتن. ئەو خەڵکەی پۆلیسیاریۆ نوێنەریانە سەدهەزار کەسن، سەربەخۆییشیان دەوێ بەلاّم ئێمە داوای سەر بەخۆیی ناکەین. هەروەها پێم خۆشە ئەوەش بڵێم هێندێك دەڵێن خودموختاری قۆناغێکە لە داهاتوو دا بۆ سەربەخۆیی. با لەو بارەوە بڵێم ئێمە بەرپرسی بەرەکانی داهاتوو نین، هەروەها کە بەرەکانی رابردوو بەرپرسی ویستەکانی ئێستای ئێمە نەبوون. ئێمە ئێستا لە گەڵ سیاسەت و واقیعییەت رووبەڕووین. سەردەمی ئێمە واتە نەسلی ئێمە نەسلی خودموختاری و دیمۆکراسی یە. ئەمن پێم وایە لە بەر هێندێ هۆی ئابووری و تەکنۆلۆژی، جیهان زیاتر بەرەو " ئینتیگراسیۆنی ئابووری " یانی پێکهێنانی واحیدی گەورەتری ئابووری دەڕوا. پێش بینی دەکرێ لە ساڵی ١٩٩٢ دا زۆربەی ولاّتانی ئورووپای رۆژئاوا، ببن بە واحیدێکی ئابووریی تەواو. بەم جۆرە لە وەها وەزعێك دا بە بڕوای من هەوڵدان بۆ پێکهێنانی

ولاّتـانی مینیـاتۆری ( ولاّتـانی بچـووك بچـووك ) دروسـت نیـه. لەگـەڵ هـەموو ئەمانـەش دا دەمهـەوێ بڵـێم کـە گـەلی کـورد لـە بـارەی مـاف دیـاریکردنی چارەنووسەوە جیاوازی یەکی لەگەڵ گەلانی دیکە هەیە و ئەویش ئەمەیە کە کوردەکان لە عێراق، تورکیە و سووریەش دەژین و دابەشینێکی دەستکرد بە سەر خەڵکی کوردستان دا سەپاوە. ڕۆژێك کە ئەو مەسەلەیە بێتە گۆڕێ، وەك یەکگرتنەوەی کوردەکان خۆی دەنوێنێ. حەزم نەدەکرد ئیشارە بەو شتە بکەم ( چونکە لە " تواضع " دوورە ) من لە کتێبێك دا کە بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر بلاّو بۆتەوە، لەو بارەوە نووسیومە کە لە داهاتوو دا بۆ ڕۆژهەلاّتی نێوەڕاست فیدراسیۆنێك پێش بینی دەکەم. لەو فیدراسیۆنە دا لەوانەیە یەکێك لە کۆمارە فیدراتیوەکانی ڕۆژهەلاّتی نێوەڕاستیش کوردستان بێ.

بەلاّم ئەوەندەی پێوەندی بە کوردەکانی ئێرانەوە هەیە دەتوانم بڵێم لە کوردسـتانی ئێـران دا نـەحیزبی دێمـوکڕاتی کوردسـتان و نـە هـیچ تـاقمێکی سیاسیی دیکە جگە لە خودموختاری داخوازی یەکی دیکەیان نیە. کاتێك ئێمە دوای شـۆڕش مەسـەلەی خودموختاریمـان هێنایـە گـۆڕێ هێنـدێك لـە تاقمـە سیاسـی یـەکان ئـەم دروشمـەیان بـە دروشمێکـی بـورژوایی دادەنـا و ڕەدیـان دەکردەوە. بۆ وێنـە کۆمەڵە، لەبەر ئەوەی ئەم دروشمە لە نێو خەڵك دا جێی خـۆی کـردەوە و پشـتیوانییان لـێ کـرد، بـە ناچـار لـە بەرنامـەی خـۆی دا خودموختاریی گونجاند. با ئـەوەش بڵێم هێندێك کەس لە ئێران لە خۆڕا لە خودموختـاری دەترسـێن.نـازانم هـۆی ئـەو ترسـە چـی یـە ؟ لـە زۆر ولاّت خودموختاری دابین کراوەو هیچ جوێبوونەوەیەکیش ڕووی نەداوە.بۆ وێنە دەوڵـەتی ئیسـپانیا خودموختـاریی داوە بـە کاتـالان. ئێمـە قـانوونی خودموختـاریی کاتالانمـان خوێندۆتـەوە و وەریشـمان گێـڕاوە. باشـە ئێمـە قانوونێکی ئەوتۆمان وەك بنچینەی خودموختاری قبووڵە. داخوا ئێوە تا ئێستا بیستووتانە کاتالان کە پێتەختەکەی" بارسلۆن " ە، ویستبێتی لە ئیسپانیا جیا بێتەوە. بە هیچ جۆر مەسەلەی جیا بوونەوە لە گۆڕێ دا نیە. ئەدی بۆ لە

ئێران دا ئەم مەسەلەیە بەم شێوەیە لە گۆڕێ دایە ؟ دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان دروشمی ئەسلیی ئێمەیە واتە دروشمی ستراتیژیکمانە و، هەر بەم جۆرەش لە بەرنامەی ئێمەدا هاتوە، بە هیچ جۆر تاکتیك نیە. ئێمە نە دەمانەوێ خەڵك فریو بدەین و نەخۆمان و، ئەگەر بە راستی دروشمی ئێمە شتێکی غەیری ئەمە بوایە رامان دەگەیاند.

راه ارانی : واوێ دەچێ کە کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی ئێوە لە گەڵ کۆنگرەی دامەزرێنەران ( مۆسسان ) ی حیزبی دێموکراتیکی خەڵکی ئێران هاوکات بووبێ. لەو بەشەی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی دا کە باسی حیزب و رێکخراوە سیاسی یەکانی ئێرانی دەکا ئیشارەیەك بە حیزبی ئێمە نەکراوە. ئێستا کە بەڵگە و بڕیارنامەکانی کۆنگرەی دامەزرێنەران لەبەر دەستتان دایە تکایە بۆمان روون بکەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵوێستی بەرامبەر بە حیزبی ئێمە چی یە ؟

دوکتور قاسملوو : بە راشکاوی دەبێ بڵێم کە ئێمە هێشتا تێکۆشانی رێکخراوی ئێوەمان بەوردی هەڵ نەسەنگاندوە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە وەختێکی وامان بۆ ئەو کارە نەبووە. ئێوە کۆنگرەتان پێك هێناوە، بەلام خۆ ئێمە لە ئوروپا ناژین تا دەستبەجێ بەڵگەکانی ئێوەمان بە دەست بگا. بەم حاڵەش مەسەلەیەکی گشتی لە چاپەمەنیی ئێوە و بەڵگەکانی کۆنگرەکەتان دا بەر چاو دەکەوێ، ئەویش بریتی یە لە گرتنە پێشی سیاسەتێکی دێموکراتیك و، وا تێ گەیشتووین کە ئەو سۆسیالیزمەی بۆ ئێرانتان دەوی لە دێموکراسی جیای ناکەنەوە. چونکە ئامانجی دوارۆژی ئێمەش سۆسیالیزمی دێموکراتیکە بۆیە ئێوە بە رێکخراوێکی نیزیك لە حیزبی دێموکرات دەبینین و، هیوا دارم لە رێبازێك دا کە گرتووتانە بەر شێلگیر و سەر کەوتوو بن. ئەوەی کە دەگەڕێتەوە سەر هەڵسەنگاندنی دروست و هەڵوێستی رەسمیی حیزبی ئێمە بەرامبەر بە حیزبەکەتان، پێم وایە لە داهاتوویەکی نیزیك دا رادەگەیەندرێ. هەر ئەوە کە من ئێستا لێرە دانیشتووم و وتووێژتان لەگەڵ دەکەم بە رێکەوت نیە.

**راه ارانی :** چ پەیامێکت بۆ خوێنەرانی ئێمە و هێزەکانی چەپی ئێران هەیە ؟ چاوەڕوانی ئێوە لە هێزەکانی پێشکەوتوو و چەپی ئێران چی یە ؟

**دوکتور قاسملوو :** کاتێك کە دەڵێم دێمۆکراسی سەرەکی تر لە هەر شتێکە، یە کێك لە مەسەلە بنەڕەتی یەکانی دێمۆکراسی، مەسەلەی چەپی ئێرانە. بێ چەپێکی سەربەخۆ و بە هێز کە بە ئازادی بیر بکاتەوە، سەقامگیر کردنی دێمۆکراسی لە ئێران دا ئیمکانی نیە. بەم جۆرە ئێمە دیسانیش وەك حیزبێکی دێموکرات هەم لە بەر خاتری دێمۆکراسی و هەم سەبارەت بە خودموختاری زۆرمان پێ خۆشە کە چەپ، چەپی سەربەخۆ و داهێنەر و بە هێز لە ئێران دا پێك بێ. بە داخەوە ئێستا شتێکی ئاوامان نیە. پرژ و بلاوی بە سەر هێزەکانی چەپ دا زۆر زاڵە. ئێمە لەو بڕوایە داین ئەگەر دێموکڕاسی دەستەبەرێکە بۆ خودموختاری، بوونی چەپێکی سەربەخۆ، داهێنەر و بەهێزی ئەوتۆش کە بە ئازادی بیر بکاتەوە، لە ئێران دا بە راستی دەستەبەری ئەم دێمۆکراسی یەیە. هەر بۆیە ئێمە لە میژە بەو ئاکامە گەیشتووین کە دەتوانین رێژیمی کۆماری ئیسلامی بێ هێز بکەین، دەتوانین ئەو رێژیمە ناچار بە پاشەکشەش بکەین و تەنانەت دەتوانین لە باشترین حاڵەت دا هەلومەرجێکی وا پێك بێنین کە رێژیم بەرەو رووخان بچێ. بەلاَم ئێمە لە هیچ هەلومەرجێك دا بە تەنیایی ناتوانین ببین بە ئاڵتێرناتیو. ئێمە بە هیچ جۆرێك بە تاقی تەنیا پێمان ناکرێ ببین بە جێنشینی رێژیمی کۆماری ئیسلامی و، چونکە بڕوایەکی قووڵمان بە پلۆرالیزم هەیە، لەم رووەوە هەموو هەوڵی خۆمان دەدەین تا لە بەشەکانی دیکەی ئێران دا هاوپەیمان پەیدا بکەین. بۆیەش هەر وەك ئێوە ئاگادارن هەول و تێکۆشانێکی زۆرمان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی بەرین لە هێزە دێموکڕاتیکەکان و شەخسیەتەکان لە خۆمان نیشان داوە و هەر واش درێژەیان پێ دەدەین. ئەوە کە تا ئێستا بەرە پێك نەهاتوە، نابێتە هۆی دلساردیی ئێمە لەو هەولو تێکۆشانە. چونکە ئێمە دەزانین پرژ و بلاوی و ناکۆکیی زۆر هەیە و لە بەشێکی زۆری ڕێکخراوەکان دا کاتێکی زۆر پێویستە تا دوگمەکان لە نێو بچن

و زەمینە بۆ بەرە ئامادە ببێ. من لەو بڕوایە دام، ڕەوتی ئەو ئاڵو گۆڕانەی من بۆ داهاتووی ئێران پێش بینیم دەکرد، بە قەبووڵ کرانی ئاگربەس، دەستی پێ کردوە و بە ڕۆیشتنی خومەینی خێراتر دەبێ. لە فەزایەکی ئازادتر دا ئیمکاناتی زیاتر بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی لەم بابەتە پێك دێ. هەڵبەت دیسان دەگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەی ئێوە و دووپاتی دەکەمەوە کە بەرەیەکی ئەوتۆ بە بێ چەپێکی بە هێز، داهێنەر و سەربەخۆ و ئازادبیر ڕاپەڕی پێویست و تەواوی نابێ.

لە ژمارە ١٤٥ ی ڕۆژنامەی " کوردستان " ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، بەفرانباری ١٣٦٧ ( ژانویەی ١٩٨٩) دا بڵاو بۆتەوە.

# بیرەوەریی دیدارێکی مێژوویی لەبەینی دوو شەهیدی گەورە (دوکتور قاسملوو و داریووش فرووهەر)

حەوتوونامەی "کار" بڵاوکراوەی ڕێکخراوی فیداییەکانی گەلی ئێران (اکثریت) ساڵی رابردوو لە ژمارە ۲۵۰ی خۆی (۱۹ی ڕێبەندانی ۱۳۷۹)دا، بەبۆنەی ۲ی ڕێبەندانەوە بابەتێکی بە قەڵەمی بەڕێز "بێهزاد کەریمی" لەبارەی قسەکانی نەمران دوکتور قاسملوو و داریووشی فرووهەر لە کاتی وتووێژەکانی ساڵی ۱۳۵۸ی نێوان "هەیئەتی تایبەتی دەوڵەت" و "هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد" بڵاو کردەوە. لە دوازدەهەمین ساڵڕۆژی تیرۆری ڕێبەری مەزنمان دوکتور قاسملووی نەمردا، وێڕای دانەواندنی سەری ڕێز بەرامبەر بە یادی ئەو نەمرەو شەهیدە گەورەی دیکە، داریووشی فرووهەر، وەرگێڕاوی کوردیی بابەتە بەنرخەکەی ئاغای "بێهزاد کەریمی" دەخەینە بەرچاوی خوێنەران:

ئەوەی لە ژێرەوە دەیخوێننەوە، هەڵبژاردەیەکە لەقسەکانی نەمران دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو و داریووش فرووهەر کە لە کاتی وتووێژەکانی رۆژی ۲۰ی سەرماوەزی ۱۳۵۸ی مەهاباد لە نێوان "هەیئەتی نوینەرایەتیی گەلی کورد و "هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت"دا کراون. شەهید دوکتور قاسملوو لەو وتووێژانەدا، وتەبێژی هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد بوو و لەو قسانەدا کە کردنی، نیشانی دا لەباری سیاسییەوە چەندە کارامەو پێگەیشتووەو تا چ

رادەیەکیش هەست بە بەرپرسایەتی‌یەکی هەموو لایەنە دەکا.

ئەو هەر لەو کاتەدا کە لە تەرکیبی هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد پێکهاتوو لە ماموٚستای ئایینی شێخ عیزەدین حوسێنی (سەروٚکی هەیئەت)، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران، رێکخراوی چریکە فیدایی‌یەکانی گەل - لقی کوردستان (بریتی لە دەستەیەکی ٣ کەسی شەهید بێهروز کەریمی، شەهید حەمەدەمین شێرخانی و هاورێ ئەنوەری سوڵتانی)و رێکخراوی شوٚرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران– کوٚمەڵە، لە بەرامبەر ئێعترازی هێندێك لە ئەندامانی هەیئەتی تایبەتی دەوڵەت دا (کە دەیانگوت ئامادە نین لەگەڵ حیزبە سیاسی‌یەکان بەتایبەتی فیدایی‌یەکان و کوٚمەڵە وتووێژ بکەن) لێبڕاوانە دیفاعی کردو لە حاڵێك دا کردەوەکانی دوور لە نیازپاکیی دەوڵەتی یەك بە یەك وەبیر هێنایەوە، بەڵام هەر لەو کاتەدا وەك دیپلوٚماتێکی لێوەشاوەو مروٚڤێکی سیاسیی بەرپرس، تا ئەو جێگایەی توانی، زمان و راوێژێکی نەرم و هێمنانەی بەکار هێنا. لە هەیئەتی لایەنی بەرامبەریش دا بەرپرسانەترین رەفتارو وەڵام هی نەمر داریووشی فرووهەر بوو کە بە باشی دەیزانی ئەرکێکی چەندە سەخت دەبێ بەرەو پێشەوە ببا. ئەو بە هەموو توانایەوە هەوڵی دەدا لە "نامومکینەکان" بگاتە "مومکینەکان".

ئەو وتووێژانە بەداخەوە نەگەیشتنە ئاکام و، ئەوەی جێگای هەوڵدان بوٚ دوٚستایەتی، ئاشتی‌و یەکیەتی و دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی خەڵکی کوردستان و بەرەوپێش بردنی رەوتی دێموکراسی لە ئێرانی دا گرتەوە، گەردەلوولێك بوو کە توٚز و خوٚڵەکەی چووە چاوی ئەوانەی وەرێیان خست. گەردەلوولێك کە ئاکامەکەی توندتر بوونی ناکوٚکی‌و چەند دەستەیی نەتەوایەتی، سەرکوتی وەحشیانەی خەڵکی کورد، سەقامگیری‌و پتەوبوونی سەرەڕوٚیی لەئێران دا، وێرانیی کوردستان و بەفیڕوٚچوونی پووڵو سامانێکی زوٚر لە شەڕەکانی کوردستان دا، مردن و ئاوارەیی کوردان و کوژرانی ئەو سەربازو بەسیجی‌و پاسدارانە بوو کە رەوانەی ئەو ناوچەیە کرابوون. ئێستا

زیاتر لە دە ساڵ لـە تیرۆری ناجوامێرانـەی دوکتـور قاسملوو و هاورێیـانی و زیاتر لە دوو ساڵ لە هەڵدڕانی گەرووی داریووشی فرووهەر رادەبرێ... بەڵام ئەوەی لە مێژوودا تۆمار کراوەو دەمێنێتەوە، هەوڵە باش و ئاشتیخوازانەکانی ئەو دوو ئینسانە شەریفە لەلایەك و لە لایەکی دیکە رووڕەشیی مێژوویی ئەو کەسانەیە کە لەبارەگای خەڵك، ئازادی و عەداڵەت دا مەحکووم بوون.

**لە قسەکانی دوکتور قاسملوو:**

من پێشەکی لە هەموو دۆستانم ئیزن دەخوازم و بەخێرهاتنی هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت دەکەم. ئێمە لە قوڵایی دڵمانەوە خۆشحاڵین کە توانیومانە دوای تێکهەڵچوونە داخاوییەکان لێرە لەسەر یەك مێزو برایانە لێك کۆبینەوەو لەبارەی ئەو مەسەلانەوە کە پێوەندییان بە کوردستان و نیشتمانی خۆشەویستمان ئێرانەوە هەیە، پێکەوە قسان بکەین. دیارە بۆ بەرەوپێشچوونی وتووێژەکان، نیازپاکی، پێویستییەکی سەرەکییە. ئێمە بەوپەڕی نیازپاکییەوەو بەڕاستی بەدڵێکی پڕ لە خۆشەویستیو دۆستایەتییەوە بۆ ئەم وتووێژە هاتووین. هەروا کە ئاغای فرووهەر فەرمووی، هیوای ئێمە ئەوەیە کە هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەتیش هەر بەو هەستەوە، هاتبێتە سەر مێزی وتووێژ.

بەداخەوە هێزی ئەوتۆ هەن کە هەوڵ دەدەن شەڕو تێکهەڵچوون وەڕێ بخەن. ئێمە بە هەموو هێزمانەوەو بەوپەڕی نیازپاکییەوە تا ئێستا هەوڵمان داوەو هەوڵ دەدەین کە خوای نەخواستە لە ماوەی وتووێژەکان دا چووکترین تێکهەڵچوون روو نەدا، بەڵام پێمان وایە کە ئەو جۆرە هەوڵە دەبێ لەهەردوو لاوە بێ تا بگەینە ئاکامێکی بەڕاستی لێبڕاوانە.

بەڕێز ئاغای "سەبباغیان" یەك دوو جار فەرموویان کە دەوڵەت لەوپەڕی بەهێزیدا (لە مەوزەعی قودرەتەوە) وتووێژ لەگەڵ کوردەکان دەکا. پێم وایە لێرەدا بەکارهێنانی وشەی (لە مەوزەعی قودرەتەوە قسەکردن) لەنێو یەك وڵات داو بەرامبەر بە گەلێك کە بەشێکە لە خەڵکی ئەو وڵاتە، ئێمە دەخاتەوە یادی سەردەمانی پێشوو. لەگەڵ خەڵکی کوردستان دەبێ لە رێگای دۆستایەتیو

خۆشەویستی‌یەوە نەك "لە مەوزەعی قودرەتەوە" قسە بکرێ. ئێمە پێمان وایە ئەو تێکهەڵچوونانەی لە کوردستان روویان داوە بۆ هەموومان جێگای داخ و نەخوازراو بوون و بە سەرمان دا سەپان. بەڵام ئێمە گوتوومانەو ئێستاش دووپاتی دەکەینەوە کەلە شەڕی براکوژی‌دا "براوە"و "دۆڕاو"، "سەرکەوتوو" یا "شکاو"مان نیە. ئەو شەڕە، شەڕێکی براکوژی‌یە. هیواداریـن قەت دووپات نەبێتەوە.

راستی‌یەکەی ئەوەیە کە ئەو پاسدارانەی ئێستا لە مەهابادن، هیچ تەئسیرێکیان لە ئەمنییەتی ئەو شارەدا نیەو لە راستی‌دا ئێمە ئەوان وەك برای خۆمان کە بەجۆرێك لە جۆرەکان زیندانی کراون، چاو لێ‌دەکەین و پێمان وایە چوونەدەریان لە مەهابادو لە شارەکانی دیکە یارمەتی‌یەکی زۆر بە لەبار بوونی هەلومەرجی وتووێژەکان دەکاو بە خەڵکی کوردستانیش نیشان دەدا کە داخوازەکانی ئەوان لە لایەن هەیئەتی تایبەتی دەوڵەتەوە . هەروا کە لە پەیامی ئیمام دا هاتوە . قەبووڵ کراوە.

با ئیشارە بە مەسەلەیەکی سەرەکییش بکەم، ئەویش رادیۆو تەلەویزیۆنە کە دیارە لە ئیختیاری دەوڵەت دان. ئێمە پێمان وایە لە هەر روانگەیەکەوە سەیری مەسەلەکە بکەین، چ لە روانگەی ئینساف و دادپەروەری‌یەوە، چ لە روانگەی ئازادیی فەردیو کۆمەڵایەتی‌یەوە، کاتێك هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت ئیمکانی ئەوەی هەیە داخوازەکانی ئێمە بخاتە بەر هەڵسەنگاندن و تۆژینەوەو، بیروڕای دەوڵەت و بەرپرسان بە هەموو خەڵکی ئێران دەڵێ، چی تێدایە کە دەرفەتێکی ئەوتۆش– قەیدی ناکا با ماوەکەش کەمتر بێ– پاش چەندین مانگ بە ئێمە بدرێ، ئێمەش لە بەرامبەر خەڵکی ئێران و وڵاتی خۆمان دا بەرپرسیارین. هەروا کە هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت هەقی قەزاوەت و داوەری کردن بە خەڵك لەبارەی قسەکانی خۆیەوە دەدا، رێگا بە ئێمەش بدەن و ئەو هەقەمان بدەنێ کە داخوازەکانی خۆمان لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی و لە چوارچێوەی نیشتمانی خۆشەویستمان، ئێران دا،

بێنینەگۆڕێ تا خەڵك بەڕاستی بزانن ئێمە چیمان دەوێ. باشە ئەوە خەڵك و مێژوون کە دەبێ قەزاوەت بکەن.

بەڵام لەبارەی مەسەلەیەك کە لێرە دا هاتەگۆڕێ. ئێمە لەسەر ئەم بڕوایەین کە هەر لایەنێك– لەگەڵ ئەوەش دا کە من لەگەڵ ئاغای فرووهەر هاودەنگم کە ئێمە یەك لایەنین نەك دوو لایەن و هیوادارین کە تەنانەت لەسەر مێزیش، یەك لایەن بین– بەگوێرەی ڕێوشوێنەکان، بۆخۆی هەیئەتی نوێنەرایەتیی خۆی دیاری دەکا. ئەم هەیئەتی نوێنەرایەتی‌یە کە لێرە دانیشتوە، خەڵکی کوردستان قەبووڵیەتی. زۆربەی خەڵکی کوردستان پشتیوانی لەم هەیئەتە دەکا، بەڵام ئەگەر هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت و دۆستانی ئێمە دەڵێن کە ئێمە لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکان وتووێژ ناکەین، باشە ئێمە وەك هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد بۆ وتووێژ هاتووین و ئێوەش لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد وتووێژ بکەن. چ حیزبی دێموکرات، چ چریکە فیدایی‌یەکانی گەل و چ کۆمەڵە، کاتێك [ببینن] کە هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت قەبووڵ دەکا کە لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد وتوویژ بکاو بەڕاستییش [قەبووڵ دەکا کە] ئەو هەیئەتی نوێنەرایەتی‌یە جێگای تەئییدی زۆربەی نزیك بە تەواوی خەڵکی کوردستانە، من پێم وایە ئیدی مەسەلەی شکڵ نابێ ببێتە کۆسپی درێژەدانی وتووێژەکان و، دیسان دەگەڕێمەوە سەر قسەکەی ئاغای فرووهەر کە فەرموویان هەرچی زووتر بچینە سەر ئەسلی مەسەلەکە کە نێوەرۆکی وتووێژەکانە. لە ڕاستی‌دا ئێمە لەوپەڕی چاوەڕوانی داین و دەمانەوێ ئەوەی هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت وەك گەڵاڵە لەگەڵ خۆی دا هێناویەتی، بیدا بەهەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد. ئێمە وەك نوێنەرانی گەلێك کە بەڕاستی وەك منداڵێك چاوەڕوانی دیاری وەرگرتن لەکەسێکی نزیکی خۆیەتی، چاوەڕوانی ئەو گەڵاڵەیەین و هیوادارین کە پاش دیتنی ئەو گەڵاڵەیە و پاش خوێندنەوەی، مەسەلە شکڵی و بچووکەکان بە هاسانی چارەسەر ببن. من دەمەوێ بە ناوی وتەبێژی هەموو ئەم دۆستانە، هیواداری دەربڕم داخوازە

بنەڕەتی‌یەكانی گەلی كورد– كە لە راستی‌دا نە تەنیا هیچ ناتەبایی‌یەكیان لەگەڵ ویستەكانی سەرانسەری خەڵكی ئێران دا نیە، بەڵكوو بە پێچەوانە ئەگەر جێبەجێ بكرێن، یارمەتی بە یەكیەتیی تەواوی هەموو خەڵكی ئێران و هەموو گەلانی ئێران و پتەوكردنی بناغەكانی سەربەخۆیی‌و تەواوەتیی خاكی ئێران دەكەن –[قەبووڵ بكرێن]، ئەو داخوازییانەی گەلی ئێمە لەسەر یەك لە وشەی خودموختاری‌دا خۆدەنوێنن.

هەڵبژاردەیەك لەو قسانەی داریووش فرووهەر وەك وەڵام دانیەوە:

هەروا كە ئاغای قاسملوو فەرموویان نێوەرۆكی ئەو شتەی كە بە مافی خەڵك دادەنرێ، گرنگی‌یەكی زۆری هەیە. بە سەرنجدان بەوە كە هەڵگێڕانەوەی سیستەمێكی حكوومەتی– كە تا ئێستا یا تا پێش شۆرش لە ئێران دا هەبوو– بۆ سیستەمێكی دیكە، واتە لەنێو بردنی ئەم سیستەمە "متمركز"ەو دانانی سیستەمێكی "نامتمركز" لە جێگای كە دەتوانێ داخوازەكانی خەڵكی ئێران لە هەر قەوم و لە هەر گۆشەیەكی ئێران دابین بكا، ئێمەش لەگەڵی هاودەنگین كە ئەوە ئازادی‌یە تاكەكەسی‌و كۆمەڵایەتی‌یەكانن كە تەواوكەری دێموكراسی لە ئێران دان. بەم هۆیەوە كە هەر ئەو ئەزموونانەی كە ئاغای قاسملوو ئیشارەی پێكردن، نیشانیان داوە كە چوارچێوەی هەموو وتووێژەكان دەبێ زۆر روون و دیاریكراو بێ. واتە ئێمە لە چ هەلومەرجێك دا وتووێژ دەكەین و لەگەڵ چ هەیئەتێك دا (هەروا كە گوتمان و دووپاتی دەكەینەوە كە ئاواتی دڵی هەموو خەڵكی ئێران و خەڵكی كوردستان وەك بەشێك لەوان ئەوەیە كە وەك یەك هەیئەت و تەواوكەری یەكتر سەیر بكرێن).

لە روانگەی هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەتەوە– بەو مەئموورییەت و ئەركە پێسپێردراوانەی هەیەتی – زۆر گرنگە كە مەسەلەی پێكهاتە (تركیب)و شكڵی هەیئەتێك كە وتووێژی لەگەڵ دەكرێ [روون بێتەوە]. بەو هۆیەوە كە من وا هەست دەكەم لە كۆبوونەوەیەكی رەسمی دا، لەسەر ئەم كێشەیە ناگەینە تەفاهوم، من بە ئیجازەی جەنابی شێخ، پشوودانێكی چەند دەقیقەیی

ڕادەگەیـەنم تـا نووشـابەیەك بخۆمـەوەو پاشـان ئـەو مەسـەلەیە کـە ئاغـای موهەنـدیس سـەبباغیان فـەرموویان کـە پێشـتر ڕێککـەوتنی لەسـەر کرابـوو، پـێم وایە هێندێك وتووێژی تایبەتی پێویستە تا چارەسەر بکرێ.

✧ ✧ ✧

بەڵام سەد مخابن کە سەرەڕای زۆر هەوڵی بەرپرسانەی لـەو چەشـنە، کـە هێنـدێك گۆشـەی خرایـە بەرچـاوی خوێنـەران، ئـەم وتووێژانـە چـیان لـێ شـین نەبۆوە. قـەرار بـوو دەوری دووهـەمی وتووێـژەکان سـبەینێی ڕۆژی دواتـر درێـژە پێبدرێ، بەڵام هەیئەتی تایبـەتیی دەوڵـەت لـە بـەیانی ڕا خسـتیە ئێـوارێ، بـەڵام چەند دەقیقە پاش پێکهاتنی کۆبوونەوە، دیسان لە لایـەن هەیئـەتی دەوڵەتـەوە، تێك چۆوە. تـەنیا ڕۆژی پێـنج شـەمە ٢٣ی سـەرماوەز دوو نەفـەر لـە ئەنـدامانی هەیئـەتی تایبـەتی، نێـوەڕۆکی گەڵاڵـەی نـاردراو لـە تارانـەوەیان لـە دەفتـەری دوکتـور قاسملوو و لەگەڵ ئەو نـەمرەدا هێنـابووە بـەرباس و ئێـوارەی هـەر ئـەو ڕۆژە، هەیئەتەکـە بـە دوای نـاردنی گەڵاڵەکـە بـۆ دەفتـەری نوێنەرایـەتیی گـەلی کورد، مەهابادیان بەجێ هێشت. وتووێـژەکان، سـەرەڕای هەوڵـەکانی ژمارەیـەك ئینسـانی بـەرپرس لـە تـاران بـە تایبـەتی نـەمر داریووشـی فرووهـەر، لـەو یـەك چاوپێکەوتنە، تێنەپـەڕیو لـەو کـات بـەدواوە، لەشکرکێشـی بـۆ کوردسـتان و خۆڕاگریی چەکدارانە لە بەرامبـەری دا، بـوو بـە ڕاسـتی‌یەکی تـاڵی کوردسـتان و ئێران.

ئەم بابەتە لە ژمارە٣١٧ی "ڕۆژنامەی "کوردستان" ٣١ی پووشپەڕی١٣٨٠(٢٢ی ژوئیەی٢٠٠١)دا بڵاو بۆتەوە.

# وتووێژێکی خوێناوی لە بارەی خودموختاریی کوردستانی ئێرانەوە

زۆر کەس هەن کە ئارەزوو دەکەن بزانن ئەو قسانەی لە چاوپێکەوتنی دوکتور قاسملووو دیپلۆمات- تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە دانیشتنی وییەن دا کران، چ بوون.

دوکتور قاسملوو بۆ باس لەسەر داخوازەکانی گەلی کورد لە گەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی و دیتنەوەی ڕێگاچارەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران، چووبووە وییەن. ئەو قسانەش کە لەو چاوپێکەوتنەدا کردبوونی، هەر لەو پێوەندی‌یەدا بوون. بەڵام ئەوانەی بە ناوی نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە بۆ وتووێژ لەگەڵ دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی هاتبوون، نیازێکی دیکەیان هەبوو. ئەوان بۆ کوشتنی "پێغەمبەری ئاشتی" هاتبوون.

ڕۆژنامەی فەرانسەیی لۆمۆند ڕۆژی ١ی ژانویەی ١٩٩٨ وتارێکی بە قەڵەمی کریس کۆچێرا لە بارەی نێوەرۆکی نەواری قسەکانی دوکتور قاسملووو ناردراوانی ڕێژیمی ئێران لە چاوپێکەوتنی وییەن دا، بڵاو کردەوە. گۆڤاری "آرش"یش لە ژمارە ٦٥ی خۆی‌دا وەگێڕدراوی فارسیی ئەم وتارەی بڵاوکردۆتەوە. بەم هۆیەوە کە زۆر لە خوێنەرانی "تێکۆشەر" ئەم وتارەیان نەدیوە، بە پێویستمان زانی وەری بگێڕینەوە سەر زمانی کوردی‌و بە بۆنەی نۆیەمین ساڵڕۆژی شەهید بوونی ڕێبەری مەزنمان، لە" تێکۆشەر"دا بڵاوی بکەینەوە.

١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩، عەبدوڵرەحمان قاسملوو سکرتێری [گشتی]ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، بە هۆی دوو گولله کە وەسەری کەوتبوو، لەگەڵ دوو کەسی دیکە لە هاوڕێیانی، لە ئاپارتومانێکی شاری وییەن دا، کوژرا. ئەو کاتە، دە ساڵ بوو کە شەڕ لە نێوان ئەرتەشی تاران و پێشمەرگە کوردەکان دا درێژەی هەبوو. بە دوای یەکەم چاوپێکەوتن لە دیسامبری ١٩٨٨و ژانویەی ١٩٨٩دا، قاسملوو سەر لەنوێ ئەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ نوێنەرانی [ڕێژیمی] ئێران دەست پێکردەوە. یەکێك لەم نوێنەرانە محەممەد جەعفەر سەحراروودی، جێگری سەرۆکی ئیتلاعاتی (نێوخۆیی) پاسدارانی شۆرش لە کوردستان بوو، کە لە تەقە کردنەکەدا بۆخۆشی بریندار بوو.

سەحراروودی کە لە یەکێك لە نەخۆشخانەکان خستبوویان، لەلایەن پۆلیسی ئوتریشەوە ئیجازەی چوونە دەر لە نەخۆشخانەی پێدراو توانی پەنا بۆ سەفارەتی ئێران ببا. ناوبراو لە ٢٢ی ژووئیەدا لە ئوتریش وەدەرکەوت. پارێزەر( ئیسکۆرت)ێکی دیکەی ئێرانی بە ناوی "بوزورگیان" بۆ ماوەیەك لە ئیدارەی پۆلیس ڕاگیرا، پاشان بڕیاری گرتنی ئەو کەسە کە پێشتر درابوو، هەڵوەشێندراو ئەویش توانی بگەڕێتەوە ئێران. سێهەم کەس حاجی مستەفەوی لاجەوەردی سەرۆکی بەشی ئیتلاعات (ی نێوخۆیی)لە کوردستان، بە ئازادیيەکی تەواوەوە توانی لە ئوتریش بچێتە دەر.

وتووێژەکانی ناردراوانی تاران و ڕێبەرانی کورد بەهۆی بەشدارانی وتووێژەکەوە لەسەر کاسێت تۆمار کراوە. ئەونەوارانە کە لە دەستی پۆلیس دابوون، سەرئەنجام درانەوە بە بەرپرسانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران.عەبدوڵلاحەسەن زادە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئیجازەی گوێگرتن لەو کاسێتانەی پێدان. عەبدوڵرەحمان قاسملوو قەت بەم وردبینیيە دەروونناسیيانەوە بۆچوونەکانی خۆی لەبارەی خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران شی نەکردبۆوە:

پرسیارو وەڵامەکانی لایەنە ئێرانییەکان [نوێنەرانی ڕێژیمی ئێران] کە پێیان وانەبوو ڕۆژێك لە ڕۆژان قسەکانیان ئاشکرا دەبن، زۆر بە باشی ناتەبا بوونی بۆچوونەکانیانو روحیاتی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوان بڕوا هەبوون بە روانگەو دیاردە سیاسییە مۆدێرنەکانو بیروبۆچوونەکانی سەردەمی خەلافەتی عەلیدا، نیشان دەدەن.

ئایا بکوژانی قاسملوو پاش بیستنی بۆچوونەکانی، بڕیاریان دا بیکوژن؟ یان تەنانەت بەرلە دەست پێکردنی قسەکانی، بڕیاری کوشتنیان دابوو؟ گوێڕاگرتن بۆ نەوارەکان،ئەم سیناریۆیەی خوارەوەمان دێنێتە بەرچاو:

دەسەڵاتدارانی ئێران کە دەیانزانی بزووتنەوەی قاسملوو لە ئاکامی زەبرە نیزامییەکانی [ڕێژیمی] ئێرانو لەت بوونێك کە ساڵی ١٩٨٨ [ئەم بزووتنەوەیە] بەخۆیەوەی دیت، زۆر لاواز بووەو، هەروەها دەیانزانی قاسملوو پێی خۆشە کێشەکە لە ڕێگای وتووێژەوە چارەسەر ببێ، هەر بۆیە هومێدی ئەوەیان هەبوو کە لەوانەیە بە نیوەی داخوازەکانی، واتە تێکۆشانی قانوونیی حیزبەکەی رازی بێ، بەڵام پاش ئەوەی قاسملوو لەسەر ئەوە پێدادەگرێ کە ڕێبەرانی تازەی ئێران (خومەینی ماوەیەك پێشتر لە ٤ی ژوئەنی ١٩٨٩دا مردبوو) دەبێ رابگەیەنن کە داخوازی خودموختارییان قەبووڵە، ناردراوانی تاران بە دوای یەکەم چاوپێکەوتن دا، لەگەڵ بەرپرسانی خۆیان پێوەندی دەگرن کە دیارە دەستووریان پێدەدرێ: "بیکوژن".

سەحراروودی رادەگەیەنێ کە "ئێمە پێکەوە ڕێك کەوتووین کە ئەم چاوپێکەوتنانەمان بە تەواوی نهێنی بمێننەوە". چونکە "دوژمنانێك هەن کە نایانەوێ ئەو گیروگرفتانە چارەسەر بکرێن". ئەو، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ" "تەنانەت لەنێو حکوومەتی ئێرانیش دا، کەسانێك هەن کە دژی هەر جۆرە چاوپێکەوتنو پێوەندییەکن. لە ئاستی هەڵسووڕێنەرانی وڵات دا تەنانەت قسەکردنی راشکاوانەش لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە مومکین نیە".

عەبدەڵرەحمان قاسملوو دێتەسەر کاکڵەی مەسەلەکە: "لە دوو

چاوپێکەوتنی پێشوومان دا، ئێمە لەبارەی دوو خاڵی ئەسڵی‌یەوە قسەمان کرد: قبووڵ کردنی ئەسڵی خودموختاری‌و ئەسڵی تێکۆشانی ئازادانەی حیزبی ئێمە لەنێوخۆی وڵات دا. ئێوە وڵامتان دایەوە کە هەڵسووڕێنەرانی ڕێژیم لەگەڵ قەبووڵ کردنی ئەسڵی خودموختاری‌دا نین. لەبارەی خاڵی دووهەمەوە، ئێمە لە دەفتەری سیاسی‌دا باسێکی زۆر دوورو درێژمان هەبوو کە ئایا پێشمەرگەکان چەکەکانیان تەحویل بدەنەوە یان نا؟ دەفتەری سیاسی وا بیر دەکاتەوە کە مومکین نیە چەك تەحویل بدرێتەوە. ئێوە دەبێ لەومەسەلەیە بگەن کە پاش دە ساڵ شەڕو ئەو هەموو قوربانیدانە، خودموختاری بووە بە سەمبولی داخوازەکانی ئێمە. ئێوە دەتانەوێ ئێمە وشەیەکی دیکە بەکار بێنین؟ ئەگەر نیوەرۆکی خودموختاری قەبووڵ دەکەن، چلۆنە کە لە وشەی خودموختاری دەترسن؟" قاسملوو هەر لەو کاتەدا کە خۆی وك پیاوی خودموختاری ناو دەبا، دەڵێ: "نەسڵی من، نەسڵی دێمۆکراسی‌و خودموختاری‌یە". پاشان وێڕای داوای درێژەی وتووێژ، وریایان دەکاتەوەو دەڵێ: "دڵنیا بن ئەگەر گیروگرفتی کورد چارەسەر نەبێ، ئەم مەسەلەیە دەبێتە هۆی دوور بوونەوە لە مەرکەزو جیاییخوازی"...

**سەحرارودی:** "ئەوە یەکەم جارە کە لە نێومان دا لەسەر ئەو شتە کە ئیسلام بۆ میللەتەکانی دەکا، باس دەکەین. ئێمە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانمان گوێ بە قسەی کەس نادەین، نە ڕۆژهەڵات و نە ڕۆژئاوا، ئێمە ئامادەین خۆمان بکەین بە قوربانیی بیروباوەڕمان".

**قاسملوو...** " من دەمەوێ شتێکتان عەرز بکەم، من لەو هەموو کۆسپانەی لە پێوەندی لەگەڵ ڕاگەیاندنی خودموختاری‌دا، ناوتان بردن، قانیع نەبووم... لە هەلو مەرجی ئێستادا ئەوە ئاغایان خامەنەیی‌و ڕەفسەنجانین کە نوێژی هەینیی تاران بەڕێوە دەبەن. ئەوان دەتوانن لە بارەی خودموختاریی کوردستانەوە بیروڕای خۆیان ڕابگەیەنن". **قاسملوو پاشان ڕوانگەو بووچوونی خۆی لە بارەی خودموختاری‌یەوە بە درێژی شی دەکاتەوە:** "بۆ ئێمە چوار

خاڵی بنەڕەتی لەگۆڕێدان: خودموختاری، بە مانای کۆنەبوونەوەی دەسەڵات لە ناوەند، دووهەم خاڵی بنەڕەتی بۆ ئێمە زمانی کوردییە. کوردی دەبێ ببێتە زمانی رەسمیی ناوچە کوردنشینەکان. سێهەم خاڵ دیاریکردنی سنوورەکانی ناوچەی خودموختارە. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ فاکتۆرەکانی جوغرافیایی، ئابووریو بەتایبەتی ویستی ئەو خەڵکەی لە ناوچە کوردنشینەکان دا دەژین، سەرنجیان بدرێتێ. چوارەم خاڵی گرنگ بۆ میللەتی کورد، دەبێ ئەمنییەتی نێوخۆیی ناوچە کوردنشینەکان بە هۆی کوردەکانەوە بەڕێوە بچێ... ئێمە شتێکی لەوانە زیاترمان ناوێ. ئەوەندەی پێوەندیی بە وەدیهاتنو جێبەجێ بوونی ئەم داخوازانەوە هەیە، ئێمە واقیع بینین. بۆ وێنە لەسەر دیاریکردنی سنووری ناوچەی خودموختار ناکۆکیو کێشەی چووکە دەبن. بەڵام کوردەکان ئامادەن نین لەسەر ئەم شتە چکۆلانە بەشەڕ بێن، بە مەرجێك کە ئەسڵەکە قبووڵ بکرێ."

قاسملوو بەم جۆرە ئاکام لە باسەکان وەردەگرێ:

"ئەوەیان مومکین نیە کە وشەی خودموختاری چاوپۆشی لێ بکرێ. ئەم وشەیە بۆ نەتەوەی کورد واتایەکی عاتیفیو مێژوویی هەیە. ئەم وشەیە سەمبولێکە. من وا هەست دەکەم کە ئێوە نێوەرۆکەکە قبووڵ بکەن بەڵام دەتانەوێ ئێمە واز لە وشەکە بێنین. لە ئیسلام دا هەرکاتێك دەقێکی پیرۆز دەخوێننەوە، ناکرێ بێ گوتنی "بسم الله الرحمن الرحيم" دەست پێ بکرێ. ئەوەش راست وایە. ئێوە نیوەرۆکی خودموختاریتان قبووڵە بەڵام بە بێ "بسم الله الرحمن الرحيم".

ئێرانییەکان (ناردراوانی رێژیم) دەڵێن بۆ درێژەی باسەکان کە هومێدێکی زۆریان خوڵقاندوە دەبێ لەگەڵ تاران پێوەندی بگرین. بۆ سبەینێ رۆژی ١٣ی ژوئیە سەحراروودی دەڵێ لەگەڵ برادەران پێوەندیی گرتوە: "ئێوە دوێنێ گوتتان کە بەرپرسانی ئێرانی دەتوانن لە نوێژی هەینی دا لە بارەی خودموختارییەوە قسان بکەن... هێندێك مەسەلە هەن کە بەرپرسانو ئیمام

جومعەکان دەتوانن لەبارەیانەوە قسە بکەن. بەڵام دەبێ بزانن کە لەسەر هێندێك مەسەلە بۆچوونی  جیاوازمان هەن."

سەحراروودی باسێکی دوورو درێژ دەست پێدەکا کە هیچ پێوەندی‌یەکی بە مەسەلەکەوە نیە..."ئێستا دێینەوە سەر مەسەلەی خودموختاری. لەم بارەیەوە دوو فکر هەن. یەکێك لەم فکرانە دەمانگێڕێتەوە بۆ سەردەمی حەزرەتی عەلی‌و، ئەویش ئەمەیە کە حەزرەتی عەلی لە ناوەندی خەلافەت دانیشتبووو حکوومەتی دەکرد. بەڵام هێندێك ناوچە هەبوون بە ناوی "ولایت" (ئوستان) کە حاکمەکان (والی‌یەکان) دەسەڵاتی ئەوێیان بەدەستەوە بووو، لە چاو ناوچە خودموختارەکان دەسەڵاتێکی بەربڵاوتریان هەبوو. لەلایەکی دیکەوە کەسانی ئەوتۆ هەن کە ئەم فکرە بە هی سەردەمی عەلی دەزانن‌و لەسەر ئەم باوەڕن کە هەلومەرجی ئەمڕۆ جیاوازە، دوژمن چوار دەوری ئێمەی گرتوە. واتە وڵاتانێك کە ئەندامی پەیمانی ناتۆ (اوتان)ن، رێژیمە کۆنەپەرستەکان، کە ناهێڵن خودموختاری هەر لە چوارچێوەی خۆی دا وەمێنێ. ئەوان هەوڵ دەدەن کە چوارچێوەکەی بەرین بکەنەوە تا سەرئەنجام دەگا بە سەربەخۆیی. کە وا بوو خودموختاری مەسەلەیەك نیە کە ئێمە بتوانین بە یەك دوو بەیاننامە لە نوێژی هەینی‌دا چارەسەری بکەین. مەسەلەی دووهەم: حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەیەوێ هەم هەلومەرجی پێشوو بپارێزێ‌و هەم لەگەڵ کۆماری ئیسلامی وتووێژ بکا، بەڵام من دڵنیام کە ئەوەی لێ‌قبووڵ ناکرێ".

سەحراروودی درێژەدانی قسەکانی بە حاجی مستەفەوی دەسپێرێ. ناوبراو دەڵێ: "بسم الله الرحمن الرحيم"... حیزبە کومونیستەکان لە بارەی میللەتەکانەوە پەیڕەوی لە تیئۆریی ئیستالین دەکەن. عەرەبەکان دەڵێن ئەوە نەزەری ئێمەیە. حیزبە سوسیال دێمۆکراتەکان ڕێگا چارەسەری خۆیان هەیەو ئەویش کە پێوەندیی بە هێزە ئیسلامی‌یەکان‌و کۆماری ئیسلامی‌یەوە هەیە تا ئێستا لەم بارەوە شیکردنەوەو لێکدانەوەیەك نەبووە. ئەگەر بتوانین کارێك

بکەین کە کۆماری ئیسلامی بە جیددی بەم مەسەلەیەوە خەریك بێ و تیئۆریزەی بکا، ئەوە بۆخۆی سەرکەوتنێکی زۆر گەورە دەبێ. لە ئیسلام دا، گومانی تێدا نیە کە پێغەمبەر، محەممەدو جێنشینانی ڕێوشوێنی تایبەت بە خۆیان هەبووە. هیوادارم کە ڕێژیم مل بۆ ئەم جۆرە مەسەلانە رابکێشێ و لە نێوان ڕێوشوێنە سوننەتی‌یەکان و ئەوەی ئێوە داوای دەکەن، بتوانێ شتێك لە نێو ئەو دووانەدا بدۆزێتەوە".

**قاسملوو:** "ئێوە دەڵێن کە لە هەلومەرجی ئێستادا مەسەلەی ئەسڵی چارەسەری مەسەلەی خودموختاری نیە، بەڵکوو چارەسەری پێوەندیی نێوان حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و کۆماری ئیسلامیی ئێران مەبەستی ئەسڵی‌یە. ئێمە هاتووینە ئێرە کە داواتان لێ بکەین مەسەلەی خودموختاری چارەسەر بکەن".

دوکتور قاسملوو هەوڵ دەدا کە مافی دیاریکردنی چارەنووس شی بکاتەوە کە بە چەندین شێوە جێبەجێ دەبێ: سەربەخۆیی، فیدرالیزم یا خودموختاری.

لە درێژەی قسەکانی‌دا دەڵێ: "ئەوەی بۆ ئێمە مەسەلەیە ئەوەیە کە ئایا کۆماری ئیسلامی بە راستی دەیەوێ کێشەی میللییەتەکان لە ئێران دا چارەسەر بکا؟ ئەگەر وەڵامی کۆماری ئیسلامی بەڵێ‌یە، ئێمە دەمانەوێ بزانین کە دەیەوێ چۆنی چارەسەر بکا؟ ئایا بە شێوەی سەربەخۆیی، فیدرالیزم یا خودموختاری؟ ئێمە کوردەکان لانیکەمی داخوازەکانمان هێناوەتە گۆڕێ. ئێمە فیدرالیزمیشمان قبووڵە، بە دڵنیایی‌یەوە دەڵێم بە بڕوای من بەو هۆیەوە کەکاتی خۆی لە ئیسلام دا جۆرە فیدرالیزمێك هەبووە واباشترە کە فیدرالیزم هەڵببژێردرێ و بۆ وێنە یەکیەتیی کۆمارە فیدراڵەکانی ئێران پێك بهێنرێ. کەوابوو ئێوە ئەگەر نە سەربەخۆییتان قبووڵ بێ، نە فیدرالیزم و نە خودموختاری، ئەو بەو مانایەیە کە ناتانەوێ مەسەلەی میللییەتەکان لە ئێران

دا چارەسەر بکەن".

**قاسملوو** ئەو ئاکامە وەردەگرێ کە : "لەوانەیە سبەینێ بەشێکی دیکەی ئێران خوازیاری خودموختاری بێ. دەبێ ئەو ئازایەتی‌یە هەبێ و بە ئوسوول و پرینسیپی ئەوتۆ، مەسەلە نێوخۆیی‌یەکانی ئێران چارەسەر بکرێن کە هەموو لا قبووڵیان بێ. هەم عەربەکان، هەم بەلووچەکان، هەم تورکمەنەکان و هەم کوردەکان ئەگەر لەمڕۆوە نەتوانین ئەو مەسەلانە چارەسەر بکەین دەبن بە موسیبەتێکی گشتی بۆ وڵاتەکەمان".

پاش چەند قسەیەکی دیکە، ئەوان ڕۆژی داهاتوو بۆ درێژەی وتووێژەکان دیاری دەکەن. فازڵ ڕەسووڵ، کوردی عێراقی کە نەخشی نێوبژیوانی هەیە لە قسەکانی هەر دوو لا ئەم ئاکامە وەردەگرێ: "یان ئێوە دەگەنە هێندێك ڕێککەوتن و درێژە بە وتووێژ دەدەن بەو مەرجەی شەڕ ڕابوەستێ، یان بێ ئەوەی شەڕ بوەستێ، وتووێژەکان درێژە پێ‌دەدەن. بەڵام لە هەر حاڵدا باشترە ئەمڕۆ کە هەلومەرج لەبارە، بگەنە ڕێککەوتن و ئاکام، ٣ ساڵی دیکە، لەوانەیە وەزع بگۆڕێ و موعادیلەکان و هاوسەنگیی هێزەکان بەمجۆرە نەمێنێ و هەلومەرجی ئەوکات شتێکی دیکە بێ".

ئەوە دوا وشەکانن. دەنگی جووڵانی کورسی و مێزەکان دەبیسرێ، پاشان دەنگی چوار تەقەی کپ کە دیارە بە چەکی تەیار بە ئامێری دەنگ کپکەر کراون، دێتە گۆڕێ. ئینجا بێ‌دەنگیی تەواو.

له "تێکۆشەر" نامیلکەی نێوخۆیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران ژمارە ٦٢، دەورەی ٢ هاوینی ١٣٧٧دا بڵاو بۆتەوە.

# گوڵبژێرێك لە وتەكانی دوكتور قاسملووی نەمر

## گەلێك ئازادیی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادی یەش بدا

گەلێك ئازادیی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا. هیچ میللەتێك بە بێ زەحمەت و تێكۆشان، بە بێ بەختكردنی رۆڵە بە نرخەكانی خۆی بە ئازادی نەگەیشتوە. گەلی كوردیش و حیزبی ئێمەش كە پێشڕەوی خەباتی گەلی كوردە لەمێژە ئەوەی دەزانن كە ئازادی، فیداكاریی دەوێ، خۆبەختكردنی دەوێ. كاروانی شەهیدانمان درێژە، بەڵام رەنگە لەوەش درێژتر بێ.

ئێمە لە رۆژی شەهید بوونی شەهیدەكانمان لەمێژە بڕیارمان داوە نەگرین. لەمێژە بڕیارمان داوە كە تەنیا و تەنیا كارێك كە دەتوانین بكەین و لەبەرچاو و لەبەر بیری شەهیدانمان شەرمەزار نەبین ئەوەیە كە رێگای ئەوان بەرنەدەین، وەك ئەوان تا سەر ئەو رێگایە بڕۆین، لە هیچ تەنگ و چەڵەمەیەك نەترسێین، لە هیچ سەختی یەك نەكشێینەوە.

خەباتی ئێمە خەباتێكی رەوایە. خەبات بۆ ئازادیی میللەتێكە، خەبات بۆ دوارۆژی منداڵەكان و نەسلەكانی دیكەیە. ئەگەر ئێمە وەك ئەم نەسلە ئەركی خۆمان بە چاكی بەجێ بگەیەنین دەتوانین هیوادار بین كە نەسلی داهاتوومان شەهیدی نەبێ. هەروەها ئەگەر نەسلی رابردوو یا نەسلەكانی رابردوو بە چاكی ئەركی خۆیان بەجێ هێنابا رەنگ بێ ئەو نەسلەی ئێمە شەهیدی نەدەبوو.

بۆیە بیرەوەریی شەهیدەكانمان جارێكی دیكە دەمان هێنێتە سەر ئەو بڕوایە كە بە بیروباوەڕێكی چەسپاو، بە دڵێكی پڕ لە شۆڕش و بە هیوایەكی زۆر، خەباتی خۆمان درێژە پێبدەین. ئەو خەباتە ئاكامی دەبێتە دوو شت: هەم گیانی شەهیدەكانمان شاد دەكا و هەم میللەتەكەمان رزگار دەكا بۆ ئەوە لە دوارۆژدا شەهیدمان نەبێ.

ئەم وتانە لە رێورەسمی پرسەو سەرەخۆشیی پێشمەرگەوئەندامی لەمێژینەی حیزب كاك خالیدی عەلیپوور دا (زستانی١٣٦٧ ) پێشكەش كراون.

***

## رادەی بەشداربوونی ژنان لە هەموو بارەكانی ژیانی كۆمەڵایەتی و

**سیاسی دا، نیشانە ڕادەی پێشکەوتوویی هەر کۆمەڵێکە**

ژنان نیوەی ئەندامانی کۆمەڵن. هەرچی کەمتر لە کاروباری کۆمەڵدا بەشدار بن، ئەوەندە کارو تێکۆشانو خەللاقییەت لە کۆمەڵدا کەمترەو هەر ئەوەندەش کۆمەڵ پاشکەوتووترە. بۆیە ڕادەی بەشداربوونی ژنان لە هەموو بارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسی دا، نیشانە ڕادەی پێشکەوتوویی هەر کۆمەڵێکە. ئەوە لە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەش دا هەر ڕاستە. هەرچی ژنان بەرینترو چالاکتر تێی دا بەشدار بن، ئەوەندە بزووتنەوە پێشکەوتووانەترو سەرکەوتووترە.

... بۆ ئەم مەبەستە دەبێ هەر نەبێ لە سێ بەرەدا خەبات بکەین. خەبات بکەین بۆ لابردنی پاشکەوتنی گشتیی وڵاتەکەمان کە هۆی ئەسڵیی پاشکەوتنی ژنانیشە. تێبکۆشین دژی هەموو دابو شوێنی کۆنەپەرستانە کە ژن لەگەڵ پیاو بە یەك مافو یەکسان سەیر ناکەن. خەبات بکەین دژی شێوەی بیرکردنەوەی پاشکەوتووانەی پیاوان کە چەوساندنەوەی ژنان لە نێو خۆیان دا بە کارێکی بەجێ دەزانن. تێبکۆشین دژی خۆکەم بینیو لە خۆ دڵنیا نەبوونی ژنان، کە ستەمی کۆمەڵو خێزان دژی خۆیان بە دیاردەیەکی ئاساییو ڕەوا دادەنێنو لە بەرامبەریدا تەسلیم دەبن.

*لە پەیامی دوکتور قاسملووی نەمر بەبۆنەی ٨ی مارسی ١٩٨٧*

***

## خەبات دژی ستەم، مەسەلەی بنەڕەتی لە ژیانی دوکتور قاسملوودا

لە وتووێژی "بهروز یوسف زاد" لەگەڵ شەهیدی نەمر دوکتور قاسملو (لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاویدا)، ڕادیۆی B.B.C، بەرنامەی "جام جهان نما" ١٣٦٨/٤/٢٣

**لەماوەی ساڵانی تێکۆشاندا چ ئاڵوگۆڕێك لە خۆتدا پێك هاتوە؟**

**دوکتور قاسملوو:** مەسەلەیەکی بنەڕەتی بۆ من کە هەر لە سەرەتای لاوەتییەوە خەباتم بۆ کردوە، مەسەلەی لەنێو بردنی ستەم بووە. لەو مەسەلە

بنەڕەتی‌یەدا ئاڵوگۆڕێکم تێدا پێك نەهاتوە. دیارە ئەزموونێکی زیاترم لە ژیانی سیاسیمدا وەسەریەك ناوەو واقیع بینتر بووم یا هەر بەگشتی واقیع بینتر بووم. من لە ژیانمدا هەمیشە خۆشبین بوومو لە سەختترین هەلومەرجەکانیشدا هەمیشە روحیەی خۆم پاراستوە. ئێستاش هەر وام. زۆر ئۆگری خوێندنەوەم. هەموو گۆڤارەکان، ڕۆژنامە خاریجیو ئێرانی‌یەکان لە کوردستان دەخوێنمەوەو زۆریش ئۆگری خوێندنەوەی ڕۆمانو کتێبە زانستی‌یەکانم. بەڵام شێعرم زۆر خۆش دەویّ. لە کوردستان شەوی شێعر پێك دێنینو منیش شێعر [لەو شەوە شێعرانەدا] دەخوێنمەوە. عەلاقەیەکی یەکجار زۆرم بە شێعری کلاسیکی ئێران هەیە [بە شێعری] حافزو سەعدیو خەییامو بابا تاهیری عوریانو فیردەوسی. هەروەها بە شێعری کلاسیکی کوردی بەتایبەتی بە شێعری گۆران کە شاعیری سەدەی بیستەمی کوردستانەو بە شێعری ئەحمەدی خانی کە شاعیری کلاسیکی کوردە. لە شاعیرە نویّیەکان دیارە نادر نادرپوورو ئەحمەدی شاملووم بە دڵن. دیوانی ئەوانم هەنو پەروینی ئیعتیسامییشم زۆر خۆش دەویّ. وا بیر دەکەمەوە کە شێعرەکانی زۆر لە ژیانی من لە هەلومەرجی ئێستادا نزیکن.

دیارە دەزانن کە خەباتی سیاسی بەتایبەتی کە تۆ بەرپرسیش بیو شەڕی نێوخۆییش لە گۆڕیّ بیّ، گیروگرفتت بۆ دێنێتە پێش کە بە داخەوە ناتوانی بە شێوەیەکی سیستماتیك بپڕژێیە سەر ئۆگریی خۆت بە شێعر یا موسیقا. یەکێك لە گیروگرفتەکانی ژیانی من مەسەلەی شەهید بوونی هاوڕێیانی نزیکمە. ئەوە یەکێك لە گەورەترین ناڕەحەتی‌یەکانی ژیانمە. ئەگەر ئێستا بم توانیبایە بۆخۆم بڕیار بدەم، حەزم دەکرد خەریکی زانست بامو خۆم بە مەسەلە فەرهەنگی‌یەکانو ئەدەبیاتەوە خەریك بکەم. بەڵام ئەوەکە ئێستا لە کوردستانم، بە ئەرکی خۆمی دەزانم، چونکە هەست بە بەرپرسایەتی دەکەم لەبەرامبەر خەڵکی کوردستانو خەڵکی ئێراندا.

پرسیارێکی دیکەت لیّ دەکەم، ئەویش ئەوەیە پێت وایە ١٠، ١٥، ٢٠

**ساڵی دیکە خەریکی چ کارێك بی و لە کوی بی؟**

**دوکتور قاسملوو:** من ناتوانم پێش بینی بکەم. لەو هەلومەرجەی ئێمە تێی دایـن هـەر پێش بینیی شتی وا زۆر سەختە. من حەز دەکەم پاش چەند [ین] ساڵ، ئەگەر بتوانم خەریکی کاری زانستی و نووسین بم. ئێستا نزیکەی ٤٠ ساڵە لە خەباتدا بەشدارم. حەز دەکەم ئەزموونەکانی خۆم بنووسمەوە. بەلاّم لە هەر حاڵدا پێم خۆشە لەنێو خەڵكدا بمو ئێستا وا ڕاهاتووم کە لە هەلومەرجی ئێستادا دووری لە خەڵك زۆر سەختە. هیوادارم هەلومەرجێك بێتە پێش کە ولاّتەکەمان ببێتە ولاّتێکی سەربەخۆو هێمن و لە هەلومەرجێکی ئاوادا، من لە یەکێك لە گوندەکانی کوردستان، لەوانەیە لە گوندی "قاسملوو" - ڕەنگە ئێوە نەزانن کە دێ یەك بەو ناوە هەیەو من ناوی خۆم لەو وەرگرتوە . لە دێی قاسملوو دابنیشم و تا کۆتایی تەمەن بخوێنمەوەو بنووسم.

***

## دێموکراسی و مافە نەتەوایەتی یەکانی گەلانی ئێران

پاراستنی ئازادی یە دێموکڕاتی یەکان و چەسپاندن و پتەو کردنی بناخەی ڕێژیمێکی ڕاستەقینە لە سەرانسەری ئێران دا، زامنی ئەسلیی پێشکەوتنی شۆڕش و وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتی یەکانی هەموو گەلانی ئێرانە. بێ بوونی ڕێژیمێکی دێموکڕاتی ڕاستەقینە مافەکانی گەلی کورد دابین ناکرێ و بە بێ دابین بوونی ماڤی نەتەوایەتیی گەلی کوردیش ڕێژیم بە مانای تەواوی وشە دێموکڕاتیك نابێ. ئەگەر دوژمنانی گەلی کوردیش پێیان وایە بە سازکردنی بەیت و باوی جیاوازیخوازی دەتوانن گەلی کورد ناچار بکەن حاڵەتی دیفاعی بە خۆیەوە بگرێ و داوای مافە ڕەواکانی نەکا زۆر بە هەڵە چوون. ئێمە دڵنیاین هیچ ڕێژیمێك لە ئێران دا ڕێژیمێکی بە ڕاستی گەلی، دادپەروەر و دێموکڕاتیك نابێ ئەگەر نەتوانێ مەسەلەی نەتەوایەتی کە یەکێك لە گیروگرفتە بنەڕەتی یەکانی ولاّتی ئێمەیە چارەسەر بکا. ڕاستی یەکەی ئەوەیە کە لە ئێران

دا گەلانی زۆرلێکراو زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی وڵات پێك دێنن. خوێندن بە زمانی زگماکی، پاراستن و پەرە پێدانی فەرهەنگی نەتەوایەتی، لابردنی جیاوازیدانانی ئابووری و سیاسی و لە هەمووی گرینگتر دیاریکردنی چارەنووس بە دەستی خۆیان بە شێك لە مافە رەواکانی ئەو گەلانەن، لابردنی ستەمی نەتەوایەتی لە سەر ئەو گەلانە بە پێچەوانەی ئیددیعای ژمارەیەك لە دوژمنانی خەڵك هاندان بۆ جیا بوونەوە نیە، بە پێچەوانە دابین کردنی یەکیەتیی راستەقینەی ئەو گەلانە لە چوار چێوەی ئێرانێکی دێموکڕاتی دا، زامنی پاراستنی یەکیەتی و سەربەخۆیی وڵاتە. مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێران دا هەیە و هیچ چەشنە خۆ گێل کردنێك لە بایەخی ئەو کەم ناکاتەوە، بە پێچەوانە رێگا بۆ کەڵکوەرگرتنی دوژمنانی ئازادی و سەربەخۆیی ئێران خۆش دەکا.

***

### یەکیەتیی سیاسی و فیکری :

پتەو کردنی یەکیەتیی سیاسی و فیکری ئەرکێکی بنەڕەتی یە کە دەکەوێتە سەر شانی هەموو رێکخراوەکانی حیزب. دیارە هەموو ئەندامانی حیزب لە بارەی مەسەلە سیاسی یەکانەوە وەك یەك فکر ناکەنەوە، ئامانجیش ئەوە نیە وەك یەك فکر بکەنەوە. چونکە ئەوە نە مومکینە و نە بە قازانجی تێکۆشانی حیزبیشە، مەبەست لەو یەکیەتی یە ئەستاندنەوەی داهێنانی فیکری لە ئەندامانی حیزبی نیە. بوونی بیرورای جیاواز و رێککەوتنی دێموکڕاتیکی ئەوان کلیلی چارەسەر کردنی دروستی گیر و گرفتەکان و هۆی بەرەو پێشچوونی حیزبە.

***

### مەسەلەی ژنان :

لە تێکۆشانی حیزبی و سیاسیی ئێمە دا، دەبێ جێگایەکی تایبەت بدرێ بە

ژنان که نیوەی دانیشتووانی ولأتەکەمان پێك دێنن. وەك دەزانن حیزبی ئێمه مافی بەرابەریی تەواو لەگەڵ پیاوان بۆ ژنان دادەنێ. بەڵام دانانی ماف لە گەڵ پیادە کردنی ئەو مافە لە کۆمەڵ دا مەودایەکی زۆریان لە بەین دا هەیە. دەبێ ئەو مەودایە بەرە بەرە لە بەین بچێ. بە بیر و رای حیزبی ئێمه هەرچی ژنان لە کارە کۆمەڵاتی و سیاسی یەکان دا بەشدار بن کۆمەڵ پێشکەوتووتره و، هەرچی لە بزووتنەوەی سیاسیی نەتەوەیەك دا ژنان تێکۆشەرتر بن، بزووتنەوەکە پێشکەوتووتره و شانسی سەرکەوتنی زیاتره.

***

## نەخشی دانیشتووانی شار له بزووتنەوه دا :

شارەکانی کوردستان پشتی جەبهەی دوژمنن، کەوابوو لە شارەکانی کوردستان دەکرێ زۆر زەربەی باش لە دوژمن بدرێ. دەبێ هەموو کارەکانی دوژمن بۆ ئەوەی پشتی جەبهەی خۆی بە قەوەت بکا، تێك بدەین. دوژمن تەداروکاتی لە شارەکانەوەیە، دوژمن هێزی خۆی لە شارەکان کۆ دەکاتەوه. دوژمن ئازووقەی لە وێ را دێت. دەبێ کارێکی وا بکەین نەك هەر لە دەرەوەی شار که پێشمەرگەی لێ یه و ڕێگای لێ دەگرێ و زەربەی لێ دەدا، بەڵکوو لە داخیلی شاریش دا بە ئیبتکاری دانیشتووانی شارەکانی کوردستان دەبێ زەربەی لێ بدرێ. نابێ لە بیریان بچێ کە هەرچەند ئەوان لە شارەکانن و هەرچەند بە زاهیر چەکیان پێ نیه، بەڵام پێشمەرگەن، وەك پێشمەرگه لە سەنگەر دان و دەبێ بۆ تێکدانی نەخشەکانی دوژمن، بو گەیاندنی ئەخبار بە پێشمەرگه و بو بەربەست کردنی ڕێگای دوژمن لە هەر ڕێگایەکەوە و بە هەرشێوەیەکی بتوانن ئەرکی خۆیان جێ بە جێ بکەن.

***

## ڕەمزی خۆڕاگریی حیزبی دێموکڕات :

بۆ چی حیزبی دێموکڕات توانیویەتی ڕابوەستێ، ئەوانی دیکە نەیانتوانیوه

؟ ئەوە سێ هۆی هەیە : یەکەم، سیاسەتی حیزبی دێموکڕات، سیاسەتێکی دروست بووە. بۆ داخوازەکانی خەڵکی کوردستان کە بریتین لە دێموکڕاسی و خودموختاری خەبات دەکەین. ئێمە شوعاری خۆڕاییمان نەداوە، شوعاری توند و تیژمان نەداوە، کە بۆمان جێ بە جێ نەکرێن. ئێمە مەسئوولانە هەتا ئێستا چووینە پێش. وەختی ئاشتی ویستوومانە وتووێژ بکەین و وەختی شەڕ شەڕمان کردوە. دووهەم، خەڵکی کوردستانی ئێران پشتیوانی ئێمەیە. حیزبی دێموکڕات وەك ماسی یەك لە نێو گۆم دایە، گۆمەکەش خەڵکە. هێزی حیزبی دێموکڕات لە وە دایە کە خەڵك پشتیوانی لێ دەکا. سێهەم هۆی مانەوەی خەباتی ئێمە فیداکاریی پێشمەرگەکانمان بووە.

***

## مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی نێوخۆیی نیە :

مەسەلەی کورد لە هەموو ئەبعادی خۆی دا بەو شێوەیە کە هەیە لە واقیع دا مەسەلەی ٢٥ میلیۆن کوردە کە دەبی مەترەح بکرێ. پێم وایە ئەگەر بەو شێوەیە بچینە پێش سەرکەوتنمان زیاتر دەبێ، موهیممیش ئەوەیە کە ئەو پەیامە کە لەو وەزعە تازە دا دەینێرین پەیامێك بێ کە باش لە دەرەوە وەربگیرێ. دەبێ بە هەموو ئەو کەسانە کە گوێیان لە قسەکانی ئێمەیە بڵێین کە داوای کورد زۆر سادە و رەوایە. کورد مافی نەتەوەیی خۆی دەوێ، کە لە بەیاننامەی جیهانیی مافی ئادەمیزاد دا هاتوە. واتە شتێکی زیادی نیە، بۆیە مەسەلەن داوای خودموختاری مەسەلەیەکی نێوخۆیی نیە. زۆر لە دەوڵەتان وەك دەوڵەتی ئێران ئەگەر باسی خودموختاری دەکرێ دەڵێن : ئەوە مەسەلەیەکی داخیلی یە کەس حەقی نیە دەستی تێ وەردا. کەوابوو مەسەلەی خودموختاری مەسەلەیەکی نێو خۆیی نیە و بەشێکە لە مافی ئادەمیزاد. بۆیەش ئەو دەوڵەت و رێکخراو و شەخسییەتانە کە خۆیان بە لایەنگری مافی ئینسان دەزانن پێویستە کە لە داوا رەواکانی گەلی کورد پشتیوانی بکەن.

***

## روو لە گەلانی ئێران :

پێم خۆش بوو چەند کەلیمەش لە گەڵ گەلانی بەشەکانی دیکەی ئێران

بدوێم. ئێوه دەبێ بزانن که کوردستان تەنیا بۆ خودموختاری شەڕ ناکا، بەڵکوو بۆ ئازادیی سەرانسەریی ئێران خەبات دەکا. کوردستان لە پێناوی ڕزگاریی هەموو ئێران لە ئیستیبدادی ئاخوندی یە کە شەهید دەدا. بۆیە ئەرکی سەشانی هەموو شۆڕشگێران و ئازادیخوازانی ئێرانه که یارمەتیمان بدەن. ئێمه دەزانین که ڕێژیمی سەرکوتکەر ڕێگاتان نادا کە یارمەتیمان بدەن، بەڵام ڕێژیم ئەوەندەش بە هێز نیه که کاربەدەستانی ئیددیعا دەکەن. ڕێگای یارمەتیدان بە کوردستانی خوێناوی ئاواڵەیە. لە بیرتان نەچێ کە یارمەتیدان بە کوردستان، یارمەتیدان بە سەنگەری لە گیران نەهاتووی سەرانسەری ئێرانه.

***

### ڕەت کردنەوەی تیرۆریزم :

ئێمە وەك حیزبی دێموکڕات ڕەشە کوژی ڕەت دەکەینەوە. چونکە حیزبێك لە لایەن گەلەوە پشتیوانیی لێ بکرێ هیچ پێویستی یەکی بۆ پەنا بردن بەو چەشنە کارانە نیە. ئێمە تیرۆریزم لە هەر شوێنێك مەحکووم دەکەین.

***

### ئەخلاق له سیاسەت دا :

ئێمە بێ ئوسولی و جنێو فرۆشی لە سیاسەت دا ڕەت دەکەینەوە، بۆ جێگیر کردنی ئەخلاق لە سیاسەت دا تێ دەکۆشین و یەکەم ڕێکخراوی ئێرانی بووین کە ئەخلاقمان واریدی سیاسەت کردوە.

***

### خەباتی فەرهەنگی و نەتەوەیی :

ژیانی فەرهەنگیی خەڵکی کوردستان لە حاڵی پێشکەوتن و بووژانەوە دایە، پێشکەوتن و پشکووتنی فەرهەنگ، جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی ئێمە بە هێز دەکا و ئەویش لە بەرامبەر دا شوێن دادەنێتە سەر بووژانەوەی فەرهەنگ. تەنانەت ئەگەر بڵێین شوێنەواری ئەم دوو دیاردەیە لە سەر یەکتر شوێنەوارێکی ڕاستەوخۆیە هیچ موبالیغەمان نەکردوە. بۆ سەلماندنی ئەم ئیددیعایە دوو

بەڵگە لە دەست دایە. یەکەم ئەوە کە خەباتی ئێمە خەباتێکی نەتەوەیی یە. خەڵکی ژێرستەمی ئێمە کە بۆ دیفاع لە مانەوەی خۆی شەڕێکی چەکدارانەی دەست پی ّکردوە، هەر لەو کاتەش دا ئەرکی سەرشانیەتی کە فەرهەنگی نەتەوەیی خۆی بپارێزێ و بیبووژێنێتەوە. دووهەم : ئەوە کە ئەمڕۆ ئێمە لە کوردستان دا لە گەڵ ڕێژیمێکی یەکجار زۆر دواکەوتوو، ڕێژیمی ئایەتوڵلاکان کەلە تاریکایی چەرخەکانی نێوەڕاستەوە هاتوون، ڕووبەڕووین. شەڕی ئێمە لە دژی ڕێژیمی نەزانی و خوڕافات پەرستی درێژەی هەیە، هەم لە بەرەی شەڕ دا و هەم لە مەیدانی فەرهەنگ و پەروەردە و فێرکردن دا. ئەم دوو دیاردەیە پێکەوە گرێ دراون. دیاردەی یەکەم بە بێ دووهەم سەر کەوتوو نابیّ،دووهەمیش بێ یەکەم ناتوانێ وجوودی هەبێ.

***

## دیکتاتۆری، مەحکووم بە نەمانە :

سەرکەوتن بە سەر فاشیزم دا زۆر دەرسی بە نرخی تێدان، یەکەم : ئەوەی کە دیکتاتۆری یەکان هەرچەند بە هێزیش بن ئاخرەکەی لە بەرامبەر راوەستانی گەلان دا هێزی خۆڕاگرتنیان نیە و دەڕووخێن، دووهەم : شەڕ خوازی بە مەبەستی لە ژێر چۆك خستنی گەلان یا سادر کردنی ڕێژیمێکی دیاریکراو، ئەنجامێکی بێجگە لە شکست و لە نێوچوونی خۆی بەدواوە نیە .

***

## سەر بە خۆیی سیاسی :

ئێمە حیزبێکی سەربەخۆین و سەربەخۆیی خۆمان لە هەموو شتێکی دیکە خۆشتر دەوێ. ئەوەی بۆ خۆمانی بە قازانج بزانین جێ بە جێی دەکەین. هیچ کەس ناتوانێ نەزەری خۆی بە سەر ئێمە دا بسەپێنێ و تا ئێستاش هیچ کەس نەزەری خۆی بە سەر ئیمە دا نەسەپاندوە.

***

## تیرۆریزمی دەوڵەتی :

له رابردوو دا دەوڵەتەکان بە شێوەیەکی گشتی لە پشتیوانی کردن لە ئاکار و کردەوەی تیرۆریستی خۆیان پاراستوه و بە دایم لە دڵەخورپە دا بوون کە نەکا وەك پشتیوان و لایەنگری تیرۆریزم کە ئەو پەڕی قانوون شکێنی و تێکدانی داب و نەریتی نێونەتەوەیی یە بناسرێن و بە لایەنگری لە تیرۆریزم تاوانبار بکرێن. بەڵام لە حاڵی حازر دا وای لیٚهاتوه کە ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانیان دا نە تەنیا کردەوەی تیرۆریستی بە خراپ نازانن، بەڵکوو بە راشکاوی و بە شێوەی رەسمی لە نێو خۆ و دەرەوەی وڵات دا لە رەشەکوژی و شێوە جۆراوجۆرەکانی تیرۆر کەلك وەردەگرن.ئەم ڕێژیمانە لە نێو خۆی وڵات دا موخالیفە سیاسی یەکانی خۆیان تیرۆر دەکەن و لەو ڕێگایەوە دەسەڵاتی پاوانخوازانەی خۆیان بە زۆری بە سەر خەڵك دا دەسەپێنن. لە دەرەوەی وڵاتیش بۆ کپ کردنی دەنگی هاودەردی و هاوپێوەندیی جیهانی و بۆ بەرگری لە لایەنگریی ئازادیخوازان و بە مەبەستی ناچار کردنی دەوڵەتان بۆ قەبووڵی هێندێك مەبەستی تایبەتی و جاروباریش بۆ باج ئەستاندن یان سەپاندنی ئیدئۆلۆژی و بۆچوونی تایبەتیی خۆیان پەنا دەبەنە بەر تیرۆریزم.

***

### گرنگیی تەشکیلات :

بە بێ بوونی تەشکیلاتی حیزبی، هێزی بێ پایانی خەڵك وەك ئینێرژی‌یەکی دەست لیٚ نەدراو دەمێنیتەوە، ئەگەر چی بە شێوەی خۆبەخۆ حەرەکەت لە خۆی نیشان دەدا، بەڵام کاریگەر نابێ، دوژمن زەبری لیٚ دەدا و بە چووکی دادێنێ. ئەوە راستی یەکی مێژوویی یە و لە جووڵانەوەکانی رابردووی گەلی کورد دا نەبوونی تەشکیلات وەك ئاوێنەیەك خۆ دەنوێنی کە هۆی تێکشکان و ناکامی یەکانە.

***

### دێمۆکراسی :

هەرگیز خەبات بۆ دێموکراسی نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی یا خەباتی چینایەتی. چونکە ئەوە هۆی بنەڕەتیی پێکهاتنی حیزبی دێموکراتە و تا حیزبی دێموکرات ماوە دێموکراسی مەبەست و ئامانجیەتی .

***

**مودیرییەت :**

شێوەی مودیرییەت لە حیزبی ئێمە دا بە گشتی لە سەر بناخەی پێوەندیی زیندوو، ڕێنوێنی و لە ئاکام دا ئیقناعە. بەرپرسی حیزبی دەبێ ڕێنوێنی و بڕیارەکان کە لە بەخشنامەدا دەدا، دەبێ پێوەندیی زیندووی لە گەڵ نەفەراتی خۆی هەبێ و تەوزیح بدا و ماندوو نەبێ تا ئەو کاتەی تەرەف قانع دەکا.

***

**ڕەفتاری دروستی حیزبی :**

ئەوەش ئەسڵێکی گرنگی دیکەی مودیرییەتە کە بەرپرسی حیزبی دەبێ بزانێ چۆن هەڵسوکەوت لە گەڵ ئەفرادی سەرەوە و ئۆرگانی سەرەوە بکات و لە هەمان کات دا بشزانێ کە چۆن بەرخورد لە گەڵ ئەفراد و ئۆرگانەکانی خوارەوە بکات. شێوەی ئوسوولی ئەوەیە کە نابێ بە تەحەککوم و دەستوردان و توند و تیژی و کوێخایانە ڕەفتار لە گەڵ ئۆرگانەکانی خوارەوە دا بکەین و لە گەڵ ئۆرگانەکانی سەرەوەش نابێ ڕەفتارمان چاپلووسی و تەمەللوق و پێدا هەڵکوتن بێ.

***

**ئەوینی نیشتمان :**

من بە ڕاستی زۆر خۆشحاڵم کە جارێکی دیکە لە نێو خەڵکی خۆمان و ئەندامانی حیزب و پێشمەرگە دام . وڵاتی دیکە زۆر خۆشن، زۆر جێگای خۆشیش لەو دنیایە دا هەیە. بەڵام بۆ من هیچیان بە قەد نیشتمانی خۆمان

خۆش نین و هەموو جارێك كە دەگەڕێمەوە هەست بە خۆشحاڵی یەكی یەكجار زۆر دەكەم و، كە دەگاتە ڕۆژەكانی ئاخری سەفەرەكەم كەمێكیش بە پەلەم كە هەرچی زووتر بگەڕێمەوە نێو هاوڕێیان و پێشمەرگەكان و گەلی خۆمان.

***

## پێوەندی لە گەڵ گەلانی دیكەی ئێران :

سەدان ساڵە كە خەڵكی كوردستان لە گەڵ گەلانی دیكەی ئێران پێكەوە دەژین. ئێمە خۆمان بە ئێرانی دەزانین و بەو كەسانە كە جاروبار لێرو لەوێ ئێمە بە جیاوازیخواز ( تەجزییە تەڵەب ) دادەنێن دەڵێین : بە هیچ جۆر ئەو حەقە بە هیچ كەس نادەین كە خۆی لە ئێمە بە ئێرانیتر بزانێ.

***

## دیفاعی مەشرووع :

بە پێچەوانەی تەبلیغاتی دوژمنانی نەتەوەی كورد، كوردەكان شەڕ خواز نین، ئەوان خوازیاری سوڵح و ئاشتین، بەڵام كاتێك بوون و مەوجوودییەتیان وەك نەتەوەیەك لە مەترسی دەكەوێ، دیارە بۆ دیفاع لە هوویەتی میللی و شەخسییەتی ئینسانیی خۆیان ناچارن ڕاپەڕن.

***

## دادپەروەریی كۆمەڵایەتی :

وەدەستهێنانی خودموختاری بێ لە نێو بردنی هەژاری و كوێرەوەری، دەبێتە داخوازێكی بێ نێوەرۆك.

ئەم وتانە كە لە سەرچاوەی جۆراوجۆر دەرم هێناون تا تێرە لە ژمارە ١٨٧ی "كوردستان"، پووشپەڕی ١٣٧١(ژوئیەی١٩٩٢)دا بڵاو بوونەوە.

***

## شانازی یەکی گەورە بۆ حیزبی دێمۆکرات

دەتوانم بڵێم و رابگەیەنم کە ئێمە هەوەڵێن کەس بووین لە بەربەرەکانی لە گەڵ رێژیمی خومەینی داو، لەو باوەڕەدام لە داهاتووش دا ئاخرین کەس دەبین کە بەربەرەکانیمان لە گەڵ رێژیمی خومەینی هەردەمێنێ.

وتووێژی دوکتور قاسملوو لە گەڵرۆژنامەی " یوم السابع "، " کوردستان " ژمارە ١٠٩

* * *

## جێگای ژنان لە کۆماری ئیسلامی دا

لە حاڵێک دا کە ژن ئیلهامدەری هونەرمەندان بۆ خوڵقاندنی بەرهەمەکانە، تەعلیماتی کۆن و رزیوی خومەینی مەقامی ژنی هێناوەتە خوارو و کردوویەتی بە بوونەوەرێکی چادر بەسەر، رەشپۆش و بێ مایە، بوونەوەرێك کە شیاوی کۆیلەتی یە، مەجبوورە لە ماڵ دا زیندانی بێ بۆ ئەوەی خزمەتی پیاوان بکا و دوور لە کۆمەڵی پیاوان درێژە بە ژیانی خۆی بدا.

وتاری " سەبارەت بە فەرهەنگ "، " کوردستان " ژمارە ٩٤

* * *

## مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان

ئێمە لە کوردستان دەرسی نیشتمانپەروەری دەدەین بە خەڵك و هەرچەند داوا لە پێشمەگەکانمان دەکەین کە ئازایانە دژی دوژمن شەڕ بکەن و بۆ وەدەستهێنانی ئازادی تێ بکۆشن، هەر لەو کاتەش دا فێریان دەکەین کە چۆن بژین. چونکە ئامانجی هەرە بە نرخی ئێمە لە مردن، لە خەباتێکی زەرووری و خوێناوی دا کە بە سەریان دا سەپاوە، وەدەست هێنانی ئازادی بە مەبەستی باشتر ژیانە.

وتاری " سەبارەت بە فەرهەنگ "، " کوردستان " ژمارە ٩٤

* * *

## با بەخۆمان و خەباتی خۆمان پشت ئەستوور بین

لە پێش دا، با بایەخ بە هێزی بێ پایانی گەلی کورد بدەین و، لە خۆمان و خەباتی خۆمان دڵنیا بین و، وەك عامیلێکی سەربەخۆ لە مەیدانی سیاسیی

وڵات دا خۆ بنوێنین، ئەو کاتە پشتیوانمان زۆر دەبێ و هەلومەرجی سەرکەوتن باشتر ئامادە دەبێ.

لە پەیامی دوکتور قاسملوو بە بۆنەی ٢٥ ی گەلاوێژی ١٣٦٧

* * *

## بزووتنەوەی ئێمە پێویستی بە پەنا بردن بۆ تیرۆریزم نیە

من پێم وایە بزووتنەوە بە هێزەکان، ئەو بزووتنەوانەی بە ڕێگای دێمۆکراتی دا دەڕۆن و ڕێنوێنی دەکرێن و لایەنگری و پشتیوانیی خەڵکیان لە گەڵە، پێویستی یەکیان بە پەنا بردن بۆ تیرۆریزم نیە. لە بارەی خۆمان دا دەبێ بڵێین، لە گەڵ ئەوی خومەینی چەندین جار دژی ئێمە لە شێوەکانی تیرۆریستی کەلکی وەرگرتوە، ئێمە هیچ کات ئەوەمان تەئیید نەکردوە و بە پەیرەوی کردن لە ئوسوول، بارمتە گرتنمان مەحکووم کردوە. لە ساڵی ١٩٧٩ دا ئێمە تەنیا حیزبی ئێران بووین کە بارمتە گرتنمان لە سەفارەتی ئەمریکا دا مەحکووم کرد. دواتریش هەمیشە تەیارە رفاندن و بۆمب دانانەوەمان مەحکووم کردوە. تیرۆریزم سیاسەتی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامی یە کە بەپرسانی ڕێژیم چەند ساڵ لەمەو پێش بە ئاشکرا ڕایانگەیاندوە. ئێستا چونکە لە نێوخۆی ئێران دا لە هەر لایەکەوە هاواری ڕەخنەو ئێعتراز بەرز بۆتەوە، ڕێژیم بێ ئەوەی بە ڕەسمی قسە لە تیرۆریزم بکا، بەکاری دێنێ. بەڵام فەلسەفەی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە و هەمیشە ئەوە بووە کە شۆڕشی ئیسلامی بە هەر شکل و شێوەیەك کە ئیمکانی هەبێ ـ با لە ڕێگای تیرۆریزمیشەوە بێ ـ بۆ دەرەوە بنێرێ.

وتووێژ لە گەڵ هەواڵنووسی ڕۆژنامەی لیبراسیۆن

" کوردستان " ژمارە ١٢٠ ل ٨

* * *

## هۆی پەنا بردن بۆ شەڕی پارتیزانی

کاتێك لە وڵاتێك دا سەرەڕویی دەسەڵاتدار بێ، ئازادی یەکان پێشێل بکرێن و مافە ئینسانی یەکان بایەخیان بۆ دانەنرێ، خەڵکی ئەویندارى ڕزگاری

و عەدالەت چونکە بە هۆی بێ هێزی یەوە ناتوانن راپەڕینێکی تێکڕایی یان شۆڕشێکی گشتی بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەلاتی ناوەندی وەڕێ بخەن، رێگایەکی دیکەیان، بێجگە لە پەنا بردن بۆ شەڕی پارتیزانی نیە.

وتاری دوکتور قاسملوو لە ژێر ناوی " شەڕی پارتیزانی و زەبر و زەنگ "
" کوردستان " ژمارە ١٢٤

* * *

## پێوەندی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان لە گەل بزووتنەوەی گەلانی ئێران

بزووتنەوەی گەلی کورد هەر چەند بە هێزیش بێ ئەو پەڕەکەی تەنیا دەتوانێ رێژیم لاواز و رێگا بۆ رووخانی خۆش بکا بەلام هیچ کات ناتوانێ بە تەنیایی ببێتە ئالتێرناتیو، بۆیە ئێمە بەردەوام هەولمان داوە کە پێوەندیی نێوان گەلی کورد و بزووتنەوەکانی دیکەی ئێران بە هێز بکەین.

وتووێژی " عاتفە گورگین " لە گەڵ دوکتور قاسملوو،

گۆڤاری وەرزانەی " فصلی در گلسرخ " بەرگی سێهەم

* * *

## ئەوەی ئێمە دەمانهەوێ

ئێمە لەو باوەڕە داین پاش تاقیکردنەوەی دوو سەرەڕۆیی توند و تیژ واتە سەرەڕۆیی پاشایەتی و سەرەڕۆیی رێژیمی خومەینی کاتی ئەوە هاتوە کە رێژیمێکی دێموکراتیك لە ئێران دابمەزرێ. ئێمە ئامادە نین لە گەڵ هیچ هێزێکی لایەنگری دیکتاتۆری هاوکار بین و هەر لە بنەڕەت را هەر چەشنە دیکتاتۆری یەك رەت دەکەینەوە. ئێمە دەمانهەوێ بو هەتا هەتایە کۆتایی بە کۆبوونەوەی دەسەلات لە تاران بێنین .

ئێمە خوازیاری ئێرانێکی سەربەخۆ و بێ لایەنین و لەو باوەڕە داین لەم رووەوە زۆربەی هێزەکان لە گەلمان هاودەنگن.

لە وتووێژی " عاتفە گورگین "، " فصلی در گلسرخ "بەرگی سێهەم

* * *

رۆژهەلاتی نێوەڕاست بۆیە بە سەر چاوی تیرۆریزم دادەنرێ لە بەر

ئەوەیە کە زیاتر لە هەر ناوچەیەکی دی ناوەندی ناتەبایی یە، ستراتیژی، سیاسی، ئابووری، مەزهەبی و نەتەوەیی یەکانە و هەتا ئەم ناکۆکی یانە بنەبڕ نەکرێن بوار بۆ کردەوە تیرۆریستی یەکان هەر دەمێنێ.

" سەرچاوەی پێشوو "

* * *

## باوەڕی قووڵ بە دێموکراسی

ئێمە لە کوردستان و لە حیزبی دێموکرات دا باوەڕێکی قووڵمان بە دێموکراسی هەیە و هەر وەها لەو باوەڕە داین : بە بێ دابین بوونی ئازادی یە دێموکراتی یەکان، وڵاتی ئێمە ناتوانێ ئەو کێشە و گیروگرفتە ئاڵۆزانە چارەسەر بکا کە بە دەستیانەوە دەناڵێنێ.

بڵاوکراوەی " جامعه نوین و دمکراتیك کردستان " ژمارە یەك

* * *

## ئەوەی بۆ شۆڕشگێڕێك گرنگە

بە بڕوای من ئەوەی بۆ شۆڕشگێڕێك گرنگە ئەوەیە کە نابێ هیچ کات شەرمەزاری ویژدانی خۆی بێ و دەبێ هەردەم بتوانێ ئیددیعا بکا کە ئەوەندەی بۆی کراوە و لە دەستی هاتوە، لە پێناوی شۆڕش، ئازادی و رزگاریی نیشتمانەکەی دا کردوویەتی.

" سەرچاوەی پێشوو "

* * *

## تەنیا تاوانی خەڵکی کوردستان هەڵکردنی ئاڵای خەباتە

تاوانی خەڵکی کوردستان تەنیا ئەوەیە کە ئامادە نین دان بە دەسەڵاتی سەدەکانی نێوەڕاستی ئاخوندەکان دا بنێن و لە بەشێکی نیشتمانە ئازیزەکەمان واتە لە کوردستان دا ئاڵای خەباتیان شەکاوە ڕاگرتوە، بۆیە کەوتوونەتە بە رق و تووڕەیی لە رادە بەدەری خومەینی و دەست و پێوەندەکانی.

بەشێك لە پەیامی د. قاسملوو بۆ ڕێکخراو و کەسایەتی و هاونیشتمانان لە دەرەوەی وڵات،" جامعه نوین و دمکراتیك کردستان " ژمارە ٤

* * *

## کوردستان سەنگەری ئازادیی سەرانسەری ئێران

خەڵکی کوردستان داوای " دێمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان " دەکەن، ئەوان لە بەرامبەر دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەی ئاخوندەکان دا نەك هەر بەرگری لە بوون و بایەخە ئینسانی یەکانی خۆیان دەکەن، بە ڵکوو بۆ ئازادیی سەرانسەری ئێران تێ دەکۆشن.ئەو شانازی یەش بۆ هەتا هەتایە بۆ خەڵکی کوردستان دەمێنێتەوە کە لە قۆناغە هەرە سەختەکانی مێژووی هاوچەرخی وڵاتەکەمان دا کوردستانیان کردۆتە سەنگەری رزگاریی سەرانسەری ئێران و بۆ پاراستنی ئەم سەنگەرەش گیانی خۆیان بەخشیوە.

" سەرچاوەی پێشوو "

* * *

## خەباتگێڕانی رێگای ئازادی کێن ؟

خەباتگێڕانی رێگای رزگاریی ئێران هەر ئەوانە نین کە چەکیان لە شانەو لە بەرەکانی شەڕ دا دژی رێژیمی ئاخوندی شەڕ دەکەن، بەڵکوو تێکڕای ئەوانە کە بە گوێرەی توانای خۆیان بە گیان و دڵ بە شێوەی جۆراوجۆر لە بەربەرەکانی دژی رێژیمی ئاخوندی دا بەشدارن، تێکۆشەرانی رێگای ئازادین.

" سەرچاوەی پێشوو "

* * *

## داهاتووی رێژیمی کۆماری ئیسلامی

ئەگەرچی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی خومەینی، چ بە خومەینی یەوە و چ بێ خومەینی، رێژیمێکی بێ داهاتوویە، بەڵام هەڵەیە ئەگەر وا بیر بکەینەوە [ بە دوای مەرگی خومەینی دا ] زۆر زوو لە پڕ دەڕووخی. لە راستی دا ئەوە راستە کە رێژیم ئیدی پشتیوانیی زۆربەی خەڵکی لە پشت نیە، بەڵام کەمایەتی یەك کە ماوەتەوە، هەستەیەکی زۆر چڕ پێك دێنێ و لە گەڵ ئەوەش دا کە یەکپارچە و یەکدەست نیە، بەڵام قازانجی هاوبەش لێکی گرێ داون. لە نێو هەڵسووڕێنەرانی رێژیم دا بەرەبەرە دووقۆڵ پێك هاتوە : قۆڵی توندڕەو و... قۆڵی میانەڕەو... ئاشکرایە هەر یەك لەو دوو قۆڵە هەوڵ دەدا کە سەنگەرەکانی خۆی پتەوتر بکا و ئەگەر توندڕەوەکان مەبەستیان ئەوەیە کە هەر ئەم رێگا و شێوازە وشك و توند و نەگۆڕەی ئێستا درێژە بدەن، میانەڕەوەکان پێیان خۆشە کە هێندێك لە ئازادی یە پێشێل کراوەکان بە شێوەیەکی رێژەیی (

نسبـــی ) زینـــدوو بکەنـــەوە و ئـــەو دەرگایانـــەی بـــە ڕووی ڕۆژئاوایـــان دا داخستوون، بـەرە بـەرە بکەنـەوە و بـەم جـۆرە چارەسـەرانە، تەمـەنی کۆماری ئیسلامی درێژ بکەنەوە...

وتارێکی دوکتور قاسملوو له ڕۆژنامەی لۆمۆند دا – مارسی ۱۹۸۲

له گۆڤاری " روزگار نو " ژماره ۹۰ وەرگێڕاوه

* * *

من نازانم کە خومەینی چەندە دەژی. نێونجی تەمەن لە بنەماڵەی ئەو دا، دورووبەری سەد ساڵە. کەوابوو لەوانەیە بەو زووانە نەمرێ... بە هەر حال تا کاتێك خومەینی ماوە، پێم وا نیە ئاڵوگۆڕێك بێتە پێش. بەڵام دوای وی ئەو ڕێژیمەی ئێستا یا دەمێنێتەوە یان شەڕی نێوخۆیی ساز دەبێ. من پێم وانیە ڕێـژیمی کۆماری ئیسلامی پاش مردنی خومەینی هەر بەو شێوەیە کە لە دە ساڵی رابردوودا هەبووە، دەمێنێتەوە. بەڵام ئەوە بەو مانایەش نیە کە ڕێژیم بە خێرایی لە نێو دەچێ. چونکە کۆماری ئیسلامی لەم دەساڵە دا توانیویەتی هێندێك جێ پێ بۆ خۆی بکاتەوە و بەو ۲۵۰ هەزار پاسدار و ۱۵۰ هەزار ئاخوندەی کە لە ئیختیاری دان، ناکرێ بە شەوێك ئەم ڕێژیمە بگۆڕێ. بەو حاڵەش ئاڵوگۆڕی گەورە روو دەدەن. چونکە ئاخوندەکان بە تەنیایی ناتوانن دەروەستی گیروگرفتەکان بێن، بۆیە بە ناچار مل بۆ جۆرێك دێمۆکراسیی چەند حیزبی دەدەن، دیارە گرتنە بەری ئەم ڕێگایە لەوی دیکە واتە شەڕی نێو خۆیی، ئیعتیباری زیاتری هەیە. چونکە هەڵکەوت ( موقعیت ) ی ئێران لە ئاستی نێونەتەویی دا جۆرێکە کە وڵاتانی دەرەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ قازانجیان تێ دایە و لوبنانیی کردنی ئێران، زیانێکی قەرەبوو نەکراو بە هەمووی ئەوان دەگەیەنێ.

لە پوختەی وتووێژی دوکتور

قاسملووله گەڵ هەواڵنووسانی فەرانسەیی، ۱۵ ی سیپتامبری ۱۹۸۸

* * *

بەشێك لەم وتانە کە لە ساڵیادەکانی تێرۆری د.قاسملوو لە ڕۆژنامەی"کوردستان" دا، بڵاوم کردوونەوە، لە کتێبی "چەپکە بۆچوونێك لە سەر گەورە شەهیدی گەلی کورد د.قاسملوو"، ح. ماردین،۱۹۹٤،چاپی سوید، هەر وەها زۆربەشیان لە کتێبی"دوکتور قاسملوو، ڕێبەرێکی مودێڕن و شۆڕشگێڕێکی دێموکرات"، دا بڵاو بوونەوە.

## له پازده ساڵەی ئاوابوونی هەتاوێك دا

" هیچ نێعمەتێك لە جیهان دا لە ئازادی بەنرختر نیە. ئازادی کەرامەت و شەخسییەت دەدا بە ئینسان و، رێگا نادا بکرێ بە مۆرە... ئینسان دەبێ لە حاڵەتی مۆرە بێتە دەر، ببێتە شەخسییەت، ببێتە فەردێکی زیندوو و چالاکی کۆمەڵ "

دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو

لە ٢٢ ی پووشپەڕی ئەمساڵ دا، ١٥ ساڵی تەواو بە سەر شەهید کرانی رێبەر و مامۆستای پایەبەرزی حیزبی دێمۆکرات و خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا رادەبرێ.

کارەساتی تیرۆری دوکتور قاسملوو لە لایەن کۆماری ئیسلامی یەوە و، جێگا و شوێنی ژیان و خەبات و شەهید بوونی ئەو کەسایەتی یە مەزنە لە حیزبی دێمۆکرات و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد دا، لە گەڵ ئەوەش دا کە تا ئێستا بە سەدان وتاری لە سەر نووسراوە، هەڵ دەگرێ زۆر پتری لە سەر بنووسرێ.

دوکتور قاسملوو بەو خزمەتە بە نرخانەی بە حیزبی دێمۆکرات و خەباتی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانی کردن، بەو بیروبۆچوون و رێوشوێن و پرەنسیپە ئینسانی، دێمۆکراتیك و بەرزانەی هێنایە نێو خەباتی رزگاریخوازانە و شۆڕشگێڕانە و، بەو نەخشە بێوێنە و بێهاوتایەی لە رێبەری کردنی حیزبی دێمۆکرات و بەرەوپێشبردنی خەباتی گەلەکەی دا هەیبوو، هەمووکات دەتوانێ سووژەو بابەتی نووسین و لێکۆڵینەوەی زانستی و ئاکادێمیك بێ.

لە بەرەبەری ١٥ ساڵەی شەهید بوونی ئەم مامۆستا و رێبەرە بەتوانا و خۆشەویستەمان دا، بە باش و پێویستی دەزانم لە جیاتی چوونە سەر بوار و لایەنەکانی دیکەی پێوەندیدار بە کارەساتی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو،

ئاوڕێك له هەڵبژاردەیەك له بیروبۆچوون و ڕوانگەكانی بدەمەوە كه وەك هەمیشه دەتوانن ئیلهامدەر و ڕێنوێنی ڕێبوارانی ڕێگاكەی و تێكۆشەرانی حیزبەكەی بن. با ئەم وتە و بۆچوون و ڕوانگانە، لە لێكدانەوەی هەلومەرجی سیاسی و، چۆنیەتیی بەرەوڕوو بوونەوە لە گەڵ ڕەوتی ڕووداو و ئاڵوگۆڕەكان، لە دانی بڕیاری گونجاو و دروستی سیاسی دا، لە چاو خشاندنەوە بە بەرنامە و پێڕەوی نێو خۆی حیزب دا، لە چارەسەر كردنی دێمۆكراتیك و بەرپرسانەی گیروگرفتە نێوخۆیی یەكانمان دا و، لە هەنگاو نان و خۆ ئامادە كردن بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ڕیسالەت و ئەركانەی لە سەر شانی خۆمان و حیزبمانن ئیلهامیان لێ وەربگرین.

با بیرەوەریی تاڵی لە دەستدانی ئەم ڕێبەرە مەزنە، بكەینەوە بە دەرفەتێك بۆ حزووری مەعنەویی خۆی و ڕێنوێنی و ئامۆژگاری یەكانی لە كۆڕی تێكۆشەرانی حیزب دا.

***

### نابێ یەك هەنگاو بەرەو لە ژێر پێنانی دێمۆكراسی بڕۆین

ئێمە دێمۆكراتین و دەبێ تا سەر دێمۆكرات بین. نابێ لە بیرمان بچێ كه ئەگەر هەنگاوێك بەرەو لە ژێر پێنانی دێمۆكراسی بڕۆین، تازە بەرەو دیكتاتۆری ڕۆیشتووین و گەڕانەوە دژوارە.

### ئێمە دەبێ بۆخۆمان وڵاتی خۆمان ئازاد بكەین

بەداخەوە لە ڕابردوو دا، زۆر لە تێكۆشەرانی كوردستان ئەو چاوەڕوانی یەیان هەبووە و وافێركراون كه سۆویەتەكان دەبێ بێن و ئازادمان كەن. ئێستا حیزبی ئێمە ئەو ڕاستی یەی بۆ ئەندامانی خۆی و گەلی كورد و گەلانی دیكەی ئێران ڕوون كردۆتەوە كە ئێمە خۆمان دەبێ وڵاتەكەمان ئازاد بكەین. نابێ چاوەڕوانی ئەوە بین كە یەكیەتیی سۆویەت یا هەر كەس و هەر جێگایەكی دیكە لە دەرەوە ڕا بێ و دێمۆكراسی و خۆدموختاریمان بۆ وەربگرێ.

### سەربەخۆیی سەرمایەی گەورەی حیزبی دێمۆكرات

دۆستایەتی لە روانگەی ئێمەوە ئەوە نیە کە هەرچی دۆستەکانمان گوتیان، بڵێین بە چاوان ! نابێ لە بیرمان بچێ کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، خاوەنی سەرمایەیەکی گەورەیە، ئەمەش هەر ئەو سیاسەتە سەربەخۆیەیە کە گرتوویەتە پێش. یەکێك لە رەمزەکانی سەرکەوتنی ئێمە هەتا ئێستا، هەر ئەم سیاسەتە سەر بەخۆیە بووە. ئەو سیاسەتە چەوت بووبێ و راست بووبێ، دەسکردی خۆمان بووە. چونکە پێمان وایە هیچ کەس بە ئەندازەی خۆمان لە واقیعییاتی کۆمەڵی کوردستان شارەزا نیە و هەر بۆیە هیچ کەس لێوەشاوەیی بڕیاردانی لە جیاتی ئێمە نیە. هیچ ئۆرگانێك، چ هی وڵاتێکی تایبەتی و چ نێونەتەوەیی، حەقی ئەوەی نیە کە لە بارەی ئێمەدا بە بێ ئێمە بڕیار بدا. هەر وەك ئێمەش ئەو هەقە بە خۆمان نادەین کە لە سەر وڵاتێکی دیکە بڕیار بدەین. نابێ قازانجی هیچ وڵاتێك و، هیچ حیزبێکی دیکە، بۆ ئێمە ببێتە میعیار،، تەنیا بۆ ئێمە دەبێ قازانجی گەلانی ئێران و گەلی کورد میعیار بێ و بەس. هیچ کەسیش لە خودی گەلانی ئێران و گەلی کورد باشتر ناتوانێ ئەم قازانجە دیاری بکا.

## سەربەخۆیی بڕیاردان، میعیاری بنەڕەتی بۆ حیزبی دێمۆکرات

با بە سەراحەتەوە بگوترێ کە ئێمە بە خاتری دۆستایەتی قەت واز لە سەربەخۆیی و قازانجی میللەتەکەمان ناهێنین. بەڵام لە بەر خاتری سەربەخۆیی و قازانجی میللەتەکەمان ئەگەر پێویست بوو واز لە دۆستایەتی دەهێنین. کەوابوو میعیار بۆ ئێمە قازانجی حیزب و گەلی کورد و گەلانی ئێران و سەربەخۆییمانە. میعیاری ئەساسیی سەربەخۆیی بڕیاردانە. دۆستایەتی دەکەین بەڵام لە گەڵ پاراستنی سەربەخۆیی. ئەگەر پێویست بوو دۆستایەتی یەکە فیدای سەربەخۆیی دەکەین، بەڵام هەرگیز سەربەخۆیی فیدای دۆستایەتی ناکەین.

## کردەوە و تاقیکردنەوە دەبێ میعیاری راستی و دروستیی تیئۆری بێ

تیئۆریی زانستی له پاوانی هیچ کەس دا نیه... هەموو کەس دەتوانێ پەرەی پێ بدا و هەموو کەسیش دەتوانێ تەتبیقی بکا و کەسیش مافی ئەوەی نیه خۆی بکا به حەکەم. میعیاری ڕاستی و دروستیی تیئۆری، کتێب نیه. کردەوه و تاقیکردنەوەیه. تیئۆریی کۆمەڵایەتی له جەریانی تەتبیق دا ڕاست و دروستیی خۆی نیشان دەدا. ڕاسته که واقیعییەت سەرچاوەی تیئۆری بووه. بەڵام چونکه واقیعییەت هەمیشه له گۆڕان دایه و هەلومەرجیش له وڵاتێکەوه بۆ وڵاتێکی دیکه فەرق دەکا تیئۆریش دەبێ بگۆڕێ. له ئاخیرەکەی دا میعیار تیئۆری نیه، میعیار پراکتیکه و واقیعییەته. ئەگەر تیئۆری یەك له گەڵ واقیعییەت ڕێك نەکەوێ، واقیعییەتی ڕەق به زۆر ناچێته نێو چوارچێوەی تیئۆری یەوه.

## سێ ئامانجی گەوره که حیزبی دێمۆکرات خەباتیان بۆ دەکا

حیزبی دێمۆکرات بۆ وەدیهێنانی سێ ئامانجی گەوره پێك هاتوه و خەباتیشیان بۆ دەکا. یەکەم لابردنی ستەمی نەتەوایەتی یه. دووهەم لابردنی ستەمی چینایەتی یانی چەوساندنەوەی ئادەمیزاد. حیزبی ئێمه بۆ لابردنی هەموو چەشنه زۆرداری یەك تێ دەکۆشێ. چەوساندنەوەش، ستەمی چینایەتییش بەشێکه له زۆرداری. هەر بۆیەش له بەرنامەی حیزبی ئێمەدا هاتوه که بۆ لابردنی چەوساندنەوه خەبات دەکەین بۆ ئەوه که هەموو چەوساندنەوەیەك واته چەوساندنەوەی چینایەتییش له بەین بچێ.

... تەنیا نان بۆ ژیانی شایستەی ئادەمیزاد کافی نیه، دەبێ ئازادییشی له گەڵ بێ. بۆیه ئێمه هەر له سەرەتاوه بۆ ئازادی خەبات دەکەین. باشه ئەگەر خەڵك نەچەوسێندرێتەوه، نانی هەبێ، به زمانی خۆی بخوێنێ بەڵام ئازادیی نەبێ بەو زمانەی خۆی نەزەری خۆی له سەر وەزعی وڵاتەکەی دەربڕێ مانای ئەوەیه ستەمێك ماوه که ستەمی سیاسی یه. حیزبی ئێمه خەبات دەکا بۆ ئەوه ئەو ستەمه سیاسی یەش نەمێنێ. ستەمی نەتەوایەتی، ستەمی چینایەتی و ستەمی سیاسی هەر سێکیان [ دەبێ ] له نێو بچن. له بەین بردنی ستەمی

نەتەوایەتی و ستەمی چینایەتی و دابینکردنی دێمۆکراسی و ئازادی، ئەوەیە ئەو کۆمەڵەی حیزبی دێمۆکرات خەباتی بۆ دەکا.

## بەختیاریی ئینسان یەکەم ئامانجی سۆسیالیزم

سۆسیالیزم دەیەوێ کۆمەڵێکی وا پێك بێنێ کە ئینسان هەم لە باری ماددی یەوە و هەم لەباری رووحی و مەعنەوی یەوە،ئاسوودە دەبێ. تەواوی ئەوانەی کە سۆسیالیزمی خەیاڵییشیان پێك دێنا و ئەوانەی پێش سۆسیالیزمیش، هەوڵیان دابوو بۆ ئەوەی کە ئینسان بتوانێ تەواوی ئیستیعدادی خۆی بە کار بێنێ لە باری ماددی و مەعنەوی یەوە ئاسوودە بێ. [ هەم ] لە باری ماددی یەوە ژیانێکی باشی هەبێ، هەم ئازادیی هەبێ.

## بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لە وڵاتی ئێران دا

ئێمە دڵنیاین هەر رێژیمێك لە ئێران دا بە راستی گەلی، دادپەروەر و دێمۆکراتیك نەبێ ناتوانێ مەسەلەی نەتەوایەتی کە یەکێك لە گیروگرفتە بنەڕەتی یەکانی وڵاتی ئێمەیە، چارە سەر بکا. راستی یەکەی ئەوەیە کە لە ئێران دا گەلانی زۆرلێکراو زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی وڵات پێك دێنن. خوێندن بە زمانی زکماکی، پاراستن و پەرەپێدانی فەرهەنگی نەتەوایەتی، لابردنی جیاوازیدانانی ئابووری و سیاسی و لە هەمووی گرنگتر، دیاریکردنی چارەنووس بە دەستی خۆیان، بەشێك لە مافە رەواکانی ئەو گەلانەن. لابردنی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر ئەو گەلانە، بە پێچەوانەی ئیددیعای ژمارەیەك لە دوژمنان، هاندانی خەڵك بۆ جیابوونەوە نیە، بە پێچەوانە دابینکردنی یەکیەتیی راستەقینەی ئەو گەلانە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتی دا، زامنی پاراستنی یەکیەتی و سەربەخۆیی وڵاتە.

## کوردان شەڕخواز نین، خوازیاری سوڵح و ئاشتین

بە پێچەوانەی تەبلیغاتی دوژمنانی نەتەوەی کورد، کوردان شەڕخواز نین. ئەوان خوازیاری سوڵح و ئاشتین. بەڵام کاتێك بوون و مەوجوودییەتیان وەك نەتەوەیەك لە مەترسی دەکەوێ، دیارە بۆ دیفاع لە هوویيەتی میللی و

شەخسییەتی ئینسانیی خۆیان ناچارن ڕاپەڕن.

## کۆبوونەوەی دەسەڵاتی ئێران لە تاران، دەبێ کۆتایی پێ بێ

ئێمە ئامادە نین لە گەڵ هیچ هێزێکی لایەنگری دیکتاتۆری هاوکاری بکەین و هەر لە بنەڕەت ڕا، هەر چەشنە دیکتاتۆری یەك ڕەت دەکەینەوە. ئێمە دەمانهەوێ بۆ هەتاهەتایە کۆتایی بە کۆبوونەوەی دەسەڵات لە تاران بێنین. ئێمە خوازیاری ئێرانێکی سەر بەخۆ و بێلایەنین و لەو باوەڕە داین زۆربەی هێزەکانی ئێران لەگەڵمان هاودەنگن.

## شۆڕشگێڕێك، نابێ هیچ کات شەرمەزاری ویژدانی خۆی بێ

بە بڕوای من ئەوەی بۆ شۆڕشگێڕێك گرنگە، ئەوەیە کە نابێ هیچ کات شەرمەزاری ویژدانی خۆی بێ و، دەبێ هەردەم بتوانێ ئیدديعا بکا کە ئەوەندەی بۆی کراوە و لە دەستی هاتوە، لە پێناوی شۆڕش، ئازادی و ڕزگاریی نیشتمانەکەی دا کردوویەتی.

## کلیلی چارەسەر کردنی دروستی گیروگرفتەکان و هۆی بەرەوپێش چوونی حیزب

پتەو کردنی یەکیەتیی سیاسی و فیکری، ئەرکێکی بنەڕەتی یە کە دەکەوێتە سەر شانی هەموو ڕێکخراوەکانی حیزب. دیارە هەموو ئەندامانی حیزب لە بارەی مەسەلە سیاسی یەکانەوە وەك یەك فکر ناکەنەوە. ئامانجیش ئەوە نیە وەك یەك فکر بکەنەوە. چونکە ئەوە نە مومکینە، نە بە قازانجی تێکۆشانی حیزبیشە. مەبەست لەو یەکیەتی یە ئەستاندنەوەی داهێنانی فکری لە ئەندامانی حیزب نیە. بوونی بیروباوەڕی جیاواز و ڕێککەوتنی دێمۆکراتیکی ئەوان کلیلی چارەسەر کردنی دروستی گیروگرفتەکان و، هۆی بەرەو پێشچوونی حیزبە.

سەرچاوەکان :

١ – کتێبی " کورتەباس " ( نامیلکەی کورتەباسێك لە سەر سۆسیالیزم و شی کردنەوەی کورتەباس )، نووسینی : دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو
ئامادە کردنی بۆ چاپ : سەلاح شەشە، سوئێد. بەفرانباری ٢٠٠٣
٢– چەند ژمارەی " کورستان " ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران.
٣– نامیلکەی " ڕەوتی ئاشتی و دێمۆکراتیزاسیۆن " پاشکۆی " تێکۆشەر " ی ژمارە ٢٦( دەقی باسێك کە دوکتور قاسملوو لە سمینارێکی حیزبی دا، پێشکێشی کردوە.)

ئەم بابەتە لە ژمارە٣٩٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"، ٨ی ژوئیەی ٢٠٠٤ دا بڵاو بۆتەوە.

# فەسڵی سێهەم

## هاودەردی بە بۆنەی
## تێرۆری دوکتور قاسملوو،
## بیروڕا وبۆچوون
## لە سەر کەسایەتیی ئەم ڕێبەرە

# پەیامی حیزب و ڕێکخراو و شەخسییەتە ئێرانی‌یەکان

هرگز نمیرد آنکس دلش زنده شد به عشق

لە دەستچوونی کاک دوکتور و هاوسەنگەرەکەی، کاک عەبدوڵڵا، خەسارێکی گەورەیە بۆ جووڵانەوەی بەرگریی گەلی کورد و جووڵانەوەی دێموکراتیکی خەڵکی ئێران. بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە سەمیمانە سەرەخۆشیی ئەم خەسارە لە هاوڕێیانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین.

بە ئیمان بە سەرکەوتنی ڕێگاکەمان

کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوی فیدایی

* * *

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتیکی خەڵکی ئێران کارەساتی تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێ عەبدوڵڵا قادری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، خەباتگێڕانی ماندوویی نەناسی ڕێگای مافەکانی خەڵکی کوردستان و دێموکڕاسی لە ئێران دا لە ئێوە و لە پێشمەرگەکانی حیزبی ئێوە و خەڵکی کوردستانی ئێران سەمیمانە سەرەخۆشی دەکا. کاک قاسملوو لە ماوەی زیاتر

له چوار دەیه خەباتی بێ ئەمان له پێناوی ئامانجه گەلی و شۆڕشگێڕانەکانی گەلی کورد و خەڵکی ئێران دا ببووه یەکێك له شەخسییەته گەورەکانی جووڵانەوەی دێموکراتیك و چەپی وڵاتەکەمان و له دەستچوونی، بێگومان نەك هەر بۆ خەڵکی نەبەزی کوردستان بەڵکوو بۆخەڵکی سەرانسەری ئێران خەسارێکی گەوره و قەرەبوو نەکراوه. به له دەستچوونی کاك قاسملوو هێزه چەپ و دێموکراتیکەکانی ئێران شەخسییەتێکی خەباتگێڕ، سیمایەکی گەوره و جێی بڕوا له ئاستی میللی و نێونەتەوەیی دا له دەست دەدەن. ئێمه جارێکی دیکه به دەربڕینی هاودەردیی قووڵمان لەگەڵ ئێوه، هیواداری دەردەبڕین که حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران هەروا شێلگیر و خۆڕاگر له ڕێگای وەدیهێنانی دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان دا هەنگاو بنێ.

له گەڵ سڵاوێکی بێپایان

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتیکی خەڵکی ئێران

* * *

کوشتنی ناجوانمێرانەی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بوو به هۆی بێزاری و پەژارەی ڕێبەری و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی توودەی ئێران. حیزبی ئێمه ئەم جۆره ئاکاره تیرۆریستییانه به توندی مەحکووم دەکا. ئێمه وێڕای دەربڕینی داخ و پەژارەیەکی زۆر و پێشکەش کردنی پرسه و سەره خۆشی به ئێوه و بنەماڵەی تێکۆشەرانی شەهید، هاودەردیی سەمیمانه و هاوپێوەندیی خەباتگێڕانەی خۆمان به حیزبەکەتان ڕادەگەیەنین.

به حورمەتەوه

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی توودەی ئێران

* * *

تیرۆری ناجوانمێرانەی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و عەبدوڵڵا قادری، زیانێکی گەورەیه بۆ خەڵکی کوردستان و هەموو هێزه پێشکەوتنخوازەکانی

ئێران.

دوکتـور قـاسملوو نـه تـەنیا یـەکێك لـە گـەورەترین ڕێبـەرەکانی خـەڵکی کوردستان بوو، بەڵکوو یەکێك له شەخسییەتەکان و ڕێبـەرانی گـەورەی خـەبات له پێناوی جێگیر کردنی دێموکراسی له ئێران دا بوو. نەقشێك کـه هاوڕێیـان لـە خـەبات بـۆ خودموختـاریی کوردسـتان و دێموکراسـی لـە ئێـران دا بـەڕێوەیان دەبرد هەتا هەتایە لە بیری خەڵکی کوردستان و سەرانسەری ئێران ناسڕێتەوە.

ئێمە هیوادارین ئەو هەوڵ و تێکۆشانانە کە لە پێناوی یەکیەتیی هەموو هێـزە دێموکراتیکـەکانی وڵات دا بـەڕێوە چـووە، سـەرکەوتوو بـێ و ڕێگـای هاوڕێیـان بـۆ خـەبات لـە پێنـاوی خودموختـاریی کوردسـتان و دێموکراسـی لـە ئێران دا بە سەرکەوتنەوە درێژەی پێ بدرێ. ئێمە لە دەستچوونی قاسملوو بە خەسـارێك بـۆ هـەموو بزووتنـەوەی دێمـوکراتیکی خـەڵکی ئێـران دادەنـێین. سەرەخۆشیی شەهید بوونی ئەو و هاوسەنگەرەکەی لە حیزبی ئێوە، لە کەس و کاریان و لە خەڵکی کوردستان دەکەین.

کۆمیتەی ناوەندیی

ڕێکخراوی فیدائیانی گەلی ئێران ( اکثریت )

* * *

بـە تـیرۆری دوکتـور عەبـدولڕەحمان قـاسملوو میللـەتی ئێـران و خـەڵکی کوردسـتان یـەکێك لـە شەخسـییەتە سیاسـی یـە هەڵکـەوتووەکانی نیشـتمانی خۆیان لە دەست دا. ئەزموونی ژیانی سیاسیی پڕ هـەوراز و نشێوی قاسملوو، ئـەوی بـەو ئاکامـە گەیانـدبوو کـە دادپـەروەریی کۆمەڵایـەتی و بەختـەوەریی خـەڵکی کوردسـتان پێویسـتی بـە جێگیر بـوونی دەسـەڵاتی خـەڵك، وەبـەر چاو گرتنی مافە فـەردی یـەکان و زۆر بـوونی بیرو بـاوەڕە سیاسـی یـە لێك جیاوازە کان لە کۆمەڵ دا هەیە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پەسند کردنی سۆسیالیزمی دێموکراتیـك هـەنگاوێکی گرینگـی بـەرەو ڕەخنـەگرتن و ئـاڵوگۆڕ پێك هێنـان لـە

بۆچـوونی سـوننەتیی چـەپ دا هاویشـت و لـە ڕێگـای بـە سـەرەکی دانـانی دروشمی " دێموکراسی بۆ ئێران " ەوە جارێکی دیکە لە ڕەفتاری سیاسیی خۆی دا نیشانی دا کە لە چوار چێوەی تەواوەتیی خاکی ئێران دا خوازیاری ئیختیاراتی ناوچەیی و خودموختاری یە.

دوکتـور قاسملوو بـە تێگەیشـتنی سیاسـی و هەڵسـەنگاندنی واقیـع بینانەی هەلومەرجی ئێران هیچ شێوە خەباتێکی بە " مطلق " دانەدەنا. ئەو لە حالێك دا خەباتی چەکدارانەی کوردستانی ئێرانی بەڕێوە دەبرد، لە وتووێژ و دانیشتن لەگەڵ نوێنەرانی کوماری ئیسلامییش ترسێکی نەبوو. ئەو دەیزانی شەڕی چەکدارانە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان دا بۆتە هۆی هاوکێشی یەکی تازە لـە هێزەکـان دا و لـەو ڕێگایـەوە دێموکراسـی جـێگیر بـووە. ئـەو کەسـانەی دەستیان بە خوێنی ئەوان سوور کردوە ویستوویانە دژایەتیی خۆیان لە گەڵ هەر جۆرە وتووێژێکی نێوان هێزە سیاسی یەکان نیشان بدەن تا لەو ڕێگایەوە ئیمکانی درێژە پێدان، یان جێگیر کردنی سەرەڕۆیی لە ئێران دا تەنیا و تەنیا لە هەلومەرجی زەبروزەنگ و خوێنرێژی دا پێك بێ و دەسەلأت هەر لە پاوانی کۆمەڵە قانوونێکی حاکم بە سەر سەحنەی سیاسەتی ئێران دا بمێنێتەوە.

قاسملوو و حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران لـەو چـەند ساڵەی دوایـی دا زۆر هـەوڵ و تێکۆشـانی بـە نرخیـان بـۆ پێکهێنـانی یەکیـەتی و یەکگرتوویی نێوان کۆمارخوازەکانی ئێران لە خۆیان نیشان دا. ئێمە ڕێز بۆ ئەم هەوڵ و تێکۆشانانە دادەنێین و هیوادارین بە لەپێش بوون و بە هێز بوونی بۆچوونە دێموکراتیکەکان لە نێو ڕێکخراوە چەپەکان دا زەمینەیەکی هەرچی باشتر بۆ هاوکاری و یەکگرتوویی نێوان ئازادیخوازانی ئێران بە مەبەستی جێگیر کردنی دەسەلأتی خەڵك لە ئێران دا پێك بێ. کۆمار خوازانی میللیی ئێران بە ڕێزەوە یادی کاك عەبدولڕەحمان و کاك عەبدوڵڵا قادری دەکەنەوە و لـە پـەژارەی لـە دەستچـوونیان دا خۆیـان بـە شـەریکی حیزبـی دێمـوکراتی کوردستانی ئێران، خەڵکی کوردستان و تەواوی ئازادیخوازانی ئێران دەزانن.

کۆمارخوازانی نەتەوەیی ئێران

***

بـە داخێکـی گرانـەوە ئاگـادار کـراین کـە دوکتـور عەبـدولڕەحمان قـاسملوو سـکرتێری گشـتیی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـرانو خـەباتگێری ماندوویی نەناسی گەلی کورد، لە گەڵ عەبدوڵڵا قادری بەرپرسی ڕێکخراوی حیزب لە دەرەوەی وڵات ناجوانمێرانە تیرۆر کراون.

ئێمـە بـە بۆنـەی ئـەو خەسـارەتە مەزنـەی جووڵانـەوەی شۆڕشـگێڕانەی کوردسـتان و ناوچـەوە، هـاودەردیی خۆمـان لەگـەڵ ئێـوە، بـە پێشـمەرگەکان و ئەنـدامان و خـەڵکی کوردسـتان بـە گشـتی رادەگەیـەنین و خۆمـان لـە خـەم و پـەژارەتان دا بـە شـەریك دەزانـین و، هیوایـەکی پتـەومان هەیـە کـە خـەباتی نەتەوایـەتی لـە کوردسـتانی قارەمـان بـۆ وەدەسـتهێنانی خودموختـاری و مـافی دیاریکردنی چارەنووس، هەروا درێژەی دەبێ.

ڕێکخراوی جووڵانەوەی گەلی بەلووچ

( بلوچ راج ء زرمبش ) . ئێران

* * *

تیرۆری هاونیشتمانی خەباتگێر و زانا، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و عەبدوڵڵا قادری سەرپەرستی دەفتەری حیزب لە ئورووپا مەحکووم دەکەین.

ئـەو نەزانانـەی کـە پێیـان وایـە بـە تـیرۆر دەکـرێ ڕەوتـی مێـژوو بگـۆڕن بۆخۆشیان لەو چارەنووسە دەربازبوونێکیان نیە. دوکتور قاسملوو ئێرانی یەك بوو بە خۆی و ئامانجەکانی یەوە لە پێناوی نیشتمان و زێدەکەی دا، کە ئێستا لـە سـەر ئـەو ئامانجـە بەرزانـە گیـانی بەخشـیوە. کـوژرانی نـاوەختی دوکتـور قـاسملوو لـە بـیری سـەرکوتی هـەموو هێـزە دێموکراتیکەکانـەوە سـەر چـاوە دەگرێ.

ئێمە کە لە هاوکاری یە بە نرخەکانی هاونیشتمانانی کورد لە پێوەندی یـەکانی ئازەربایجـان و کوردسـتان دا بەهرەمەنـد بـووین، هـەرگیز خـەباتی ئـەو

ئینسانه گەورەیه بۆ یەکگرتوویی هێزە پێشڕەوەکانمان له بیر ناچێتەوە.

ژیانی سەرانسەر تێکۆشانی دوکتور قاسملوو وەك ڕێبازێکی ئینسانی و ئێرانی، ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، شێلگیرتر بەرەو پێشەوە دەبا.

حیزبی یەکیەتی بۆ ئازادی و بزووتنەوەکانی ئازەربایجان بۆ رزگاریی ئێران، بە بۆنەی ئەو کارەساتە دڵتەزێنەوە سەرەخۆشی لە هەموو هاونیشتمانانی ئازادیخواز و لە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکا.

یەکیەتی بۆ ئازادی و جووڵانەوەکانی ئازەربایجان بۆ رزگاریی ئێران

* * *

کانوونی نووسەرانی ئێران (دوورخراوە لە وڵات) مەرگی دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو و عەبدوڵڵا قادری، ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بە دەستی جینایەتکاری دوژمنانی ئازادی جێبەجێ کراوە، بە خەسارێکی گەورە و میللی لە رەوتی خەبات لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی دا دادەنێ و، بە بۆنەی لەدەستچوونی ئەو ڕێبەرانەوە بە تایبەتی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو کە پیاوێکی خاوەن بیر و قەڵەم و سیاسەتمەدارێکی ئازادیخواز بوو، سەرەخۆشی لە بنەماڵەکانیان و خەڵکی کوردستان و میللەتی ئێران دەکا.

کانوونی نووسەرانی ئێران

(دوورخراوە لە وڵات )

* * *

ئینسانکوژە حیرفەیی یەکان بە کوشتنی دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دوو کەسی دیکە لە یارانی ئەو، لاپەڕەیەکی دیکەیان خستە سەر دەفتەری رابردووی رەشی خۆیان.

ئەو بەکرێگیراوانە کە ئەم جینایەتەیان ئەنجام دا نەك هەر دڵڕەشی و دڕندەیی خۆیان لە ئینسانکوژی دا نیشان دا، بەڵکوو دەریان خست کە لە لانیکەمی ئەخلاق و شەرافەت و جوانمێرییش بەدوورن. کوژرانی نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شوێنی وتووێژ لە گەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی دیتنەوەی ڕێگا چارەیەك بۆ مەسەلەی کوردستان، زیاتر لە هەمووشتێك پێشاندەری بوحرانی ئەخلاقیی نێو ڕێژیمی حاکم بەسەر ئێران دایە.

هەرچەند کە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی دخاڵەتی خۆی لەم جینایەتەدا هەر وەك جارەکانی رابردوو وەدرۆ خستۆتەوە، بەلاّم بەڵگەو نیشانەکانی پێوەندیدار بەم کارەساتەوە، دخاڵەت و بەشداریی هەڵسوورێنەرانی ڕێژیم لەم مەسەلەیە دا نیشان دەدەن.

کۆمەڵەی دیفاع لە ماف مرۆڤ لە ئێران وێڕای مەحکووم کردنی ئەم کارە جینایەتکارانەیە لە سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ڕێکخراوی ماف مرۆڤ و بیروڕای گشتیی جیهان داوا دەکا کە بە دەربڕینی بێزاری لەم کارەساتە، شناسایی پیلانگێڕان و گرتن و سزادانی ئەوانیان لە دەوڵەتی ئوتریش بوێ.

کۆمەڵەی دیفاع لە ماف مرۆڤ لە ئێران دا

(واحیدەکانی : پاریس، گرونوبێل، وییەن )

* * *

تیرۆری ناجوانمێرانەی دوکتور قاسملوو و هاوسەنگەرەکەی بە دەستی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی، بێگومان خەسارێکی بە ژانە بۆ جوولاّنەوەی گەلی کورد، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری ئێران.

دوکتور قاسملوو ڕوومای پرشنگداری جوولاّنەوەی گەلی کوردی ئێران، لە نێو هێزەکانی دیکەی گەلی کوردی ناوچەدا، جێگایەکی تایبەتی هەبوو.

دوکتــور قــاسملوو لــه جووڵانــهوهی سهرانســهریی خــهڵکی ئێــران لــه دژی سهرهڕۆیی و بۆ دێموکراسیش دا خاوهنی جیگایهکی تایبهتی بوو.

ئهم جووڵانهوهیه هــهرگیز هــهوڵ و تێکۆشانی ماندوویی نهناسانهی ئهو لـه شکڵ پێدانی یهکیهتیی هێزه شۆڕشگێر، دێموکرات و پێشکهوتنخوازهکان له دژی کۆنهپهرستیی فهرمانڕهوا دا له بیر ناباتهوه. به بڕوای ئێمه، ئهو هـهول و تێکۆشـانانه لـه چـاوی دهسـهڵاتدارانی کۆنهپهرسـتی کۆمـاری ئیسـلامی ون نهبوون و زیاتر له پێشوو رق و کینهیان سهبارهت به دوکتور قاسملوو له دڵی ئهوان دا پێك هێنابوو.

هاوسـهنگهرانی بـهڕێز ! ئهنـدامان ! کادرهکـان و ڕێبهرایـهتیی کوردسـتانی ئێــران ! هێــزه دێمــوکرات و شۆڕشــگێڕهکانی ئێــران و هێــزه دێمــوکڕات و ئینساندۆستهکان لـه رادهی نێونهتـهوهیی دا، تـیرۆری ناجوانمێرانـهی دوکتـور قاسملوو و هاوسهنگهرهکهی دهکهنه ههوێنی خهباتێکی بهرین لـه دژی کۆماری ئیسلامی و بهم جۆره پیلانی ئهوان پووچهڵ دهکهنهوه.

بهرهو یهکگرتن ( بسوی وحدت )

* * *

لـــه لایـــهن هاوڕێیـــانی بزووتنـــهوهی دێموکراتیـــك– شۆڕشـــگێڕانهی زهحمهتکێشانی ئێران و خۆمهوه به رق و بێزاری یـهکی زۆرهوه ئـهم پیلانـه کـه بوو به هۆی کوژرانی دوکتور عهبدولڕهحمان قاسملوو و کاك عهبدوڵلا قادری مهحکووم دهکهم.

ئێمه له دهوڵهتی ئوتریش ـ له بهر ئهوهی ئهم جینایهته لـهو وڵاتـه دا رووی داوه ــ داواکـارین کـه بهڕێوهبـهرانی ئهسـلیی ئـهو جینایهتـه هەرچـی زووتـر بناسێنێ.

دوکتـور قـاسملوو لـه شهخسییهته بـه ئـهزموون و خـهباتگێڕهکانی ئێـران و جووڵانـهوهی شۆڕشـگێڕانه –دێمـوکراتیکی کوردسـتان بـوو و، لـه دهستچوونی ئهو، زهبرێکی گـهوره بـوو بـۆ جووڵانـهوهی شۆڕشـگێڕانهی ئێـران و بـه تایبـهتی

خەڵکی ستەم لێکراوی کوردستان. ئێمە بەم بۆنەیەوە ماتەمی بێ پایانی خۆمان سەبارەت بە لە دەستدانی ئەو ئینسانە بە نرخانە دەردەبڕین و سەرەخۆشی لە رێبەرایەتی و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە تایبەتی لە ئەندامانی بنەماڵە کانیان دەکەین.

ئەو جەریانە کۆنەپەرست و دژی دێموکراتیکانە کە دەستیان لە پیلانی کوشتنی ئەو جۆرە خەباتگێرانە دا هەیە و یان بە لە دەستچوونی خەباتگێڕانی ئاوا خۆشحاڵ دەبن، دەبێ بزانن کە خەبات بۆ ئازادی و سەربەخۆیی ئێران و دابینکردنی مافەکانی خەڵکی زۆر لێکراوی کوردستان و گەلانی دیکەی ئێران درێژەی دەبێ. دڵنیاین پشت ئەستوور بە ئامانجە رەواکان و بە درێژەدانی خەبات لە دژی کۆنەپەرستیی نێوخۆیی و جیهانی، جێگای ڕۆڵەکانی وەفادار بە خەڵك و نیشتمانی خۆیان، پڕ دەکەینەوە.

بزووتنەوەی دێموکراتیك ـ شۆڕشگێڕانەی زەحمەتکێشانی ئێران

* * *

لە گەڵ سڵاوی زۆر و هەستی دڵ پەرۆشی یەکی قووڵ لە شەهید بوونی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کاك عەبدوڵڵا قادری نوێنەری ئەم حیزبە لە دەرەوەی وڵات، بەم هۆیەوە هاودەردیی خۆمان لەگەڵ ئێوە و ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەردەبڕین و سەرەخۆشیی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە لە ئێوە و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەکەین.

کۆمیتەی ناوەندیی

ڕێکخراوی چریکە فیدایییەکانی گەلی ئێران

* * *

تیرۆری سیاسیی شۆڕشگێڕی گەورە دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی خۆشەویستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و عەبدوڵڵا قادری یەکێك لە کادرە خەباتگێڕەکانی ئەو حیزبە، کارەساتێکی

دڵتەزێنــه بــو جووڵانــەوەی سەرانســەریی خــەڵکی ئێــران بــه تایبــەتی بــۆ جووڵانەوەی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد.

جـێگیر بـوونی دێموکراسـی لـه ئێـران و خودموختـاری بـۆ گـەلی کـورد، ویستی به حەقی حیزبی ئێوه و سکرتێری گشتیی بیر وردتـان ئـاواتی هـەموو خەباتگێڕان و شۆڕشگێڕانی ئێرانه. خەبات و تێکۆشان بۆ وەدیهێنانیـان درێـژه دەدەین، بەو هیواداری یه کە دوکتور قاسملوو نەمردوه. ئەو لـه ویـزەی هـەر گوللەیــەکی پێشــمەرگه دا، لــه هــەر قســه و هــەنگاوێك کــه وەدیهێنــەری داخوازەکانی گەلی کوردە، زیندووه.

بڵاوکراوەی " فصلی در گلسرخ " له گەڵ مەحکووم کردنی ئەو کردەوه چەپەڵە، وێڕای داخ و کەسەرێکی زۆر سەرەخۆشیی ئەو خەسارە گەورەیـه لـه حیزبــی دێمــوکڕاتی کوردســتانی ئێــران، لــه گــەلی خــەباتگێڕی کــورد و پێشمەرگەکانی، له خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان و لـه بنـه ماڵـەکانی قوربـانی یەکان دەکا.

تکام ئەوەیه هاودەردیی قووڵ و سڵاوی شۆڕشگێڕانەم قبووڵ بکەن.

**عاتفه گورگین**

**سەردەبیری بڵاو کراوەی " فصلی در گلسرخ "**

* * *

له ژماره ١٥٢ ی " کوردستان " ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گەلاوێژی ١٣٦٨ / ئوتی ١٩٨٩ بڵاو بوونەتەوه.

# پەیامی حیزب و رێكخراو و شەخسییەتە بیانییەكان

حیزبی كۆمۆنیستی فەڕانسە، پەژارە و بێزاریی خۆی بە بۆنەی كوشتنی ناجوانمێرانەی " عەبدولڕەحمان قاسملوو " سكرتێری گشتیی حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران و دوو كەسی دیكە لە بەرپرسانی حیزب دەردەبڕێ. پرسە و هاودەردیی سەمیمانەی خۆمان پێشكەشی بنەماڵەكانی "عەبدولڕەحمان قاسملوو " و دوو قوربانی یەكەی دیكە دەكەین و بە بۆنەی ئەم كارەساتە دڵتەزێنەوە جارێكی دیكە هاوپێوەندیی برایانەی خۆمان لە گەڵ گەلی كورد و حیزبی دێموكڕاتی كوردستانی ئێران دووپات دەكەینەوە.

**ماكسیم گرۆمێتز**

**سكرتێری كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی كۆمۆنیستی فەڕانسە**

* * *

بە ناوی " پزیشكانی بێ سنوور " ەوە، پەژارە و هاودەردیی ئێمە بە بۆنەی كوژرانی دوكتور " قاسملوو " و " قادری " قبووڵ بكەن. پشتیوانیی دۆستانەی خۆم رادەگەیێنم.

**دوكتور رۆنی برومان**

**سەرۆكی پزیشكانی بێ سنوور ـ پاریس**

* * *

بە بۆنەی كوژرانی دوكتور " عەبدولڕەحمان قاسملوو " و " عەبدوڵڵا قادری " كە رێزێكی قووڵم بۆ دادەنان، بێزاریی و تووڕەیی خۆم دەردەبڕم.
بزانن كە لەو كاتە ئاستەمە دا بیرم لای ئێوەیە. رێكخراوی پزیشكانی

جیهان بەو هەڵوێستە کە لە چەندین ساڵ لەمەوبەرەوە بەرامبەر بە گەلی کوردی ئێران گرتوویەتە بەر وەفادار دەمێنێتەوە.

دۆستانی خۆشەویست ! هیوادارم خەمی بێ پایانم دەرك بکەن.

**دوکتور پاتریك ئابیرهارد**

**سەرۆکی ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان( M.D.M)**

* * *

**فێدراسیۆنی فێر کردنی نەتەوەیی** بە دوای کوژرانی دوکتور" عەبدولڕەحمان قاسملوو" و " عەبدوڵڵا قادری " لە وییەن دا، ئێوە لە هاوپێوەندیی قووڵی خۆی دڵنیا دەکا. تکام ئەوەیە ڕێوشوێنی پرسە و هاودەردیی ئێمە بە بنەماڵەی شەهیدەکان، دۆستان و هەموو خەباتگێڕانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران رابگەیەنن.

**گی لو نوا نیك**

**دەبیری نەتەوەیی پاریس**

* * *

بە ناوی گەلی ئەرمەنەوە، بە بۆنەی لە دەستچوونی دوکتور "عەبدولڕەحمان قاسملوو " و " عەبدوڵڵا قادری " یەوە، هاودەردیی خۆمان لەگەڵ ئێوە دەردەبڕین.

ئامانجەکانی ئەوان، ئامانجەکانی ئێمە و خەباتیان خەباتی ئێمە بوو و، لە دەستچوونیان خەسارێکی گەورەیە بۆ هەمووان و بۆ ئینسانییەت بە گشتی.

بە بەشداری لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنیان دا، ئێمە دوا ڕێوشوێنی ڕێز لێنان بەرامبەر بە وان بە جێ دەگەیەنین. دۆستانی خۆشەویست ! هاودەردیی هەموو لایەنەی ئێمە قەبووڵ کەن.

**ناوەندی لێکۆڵینەوەی کۆچەرە ئەرمەنی یەکان ( C.R.D.A )**

* * *

به بۆنەی پیلانی چەپەڵی ڕۆژی ١٣ ی ژوئیه كه له ویيەن رووی دا و بوو بـه هـۆی لەدەستچـوونی ژیـانی دوو كـەس لـه ڕێبـەرانی حیزبـی دێمـۆكراتی كوردستـانی ئێـران، دوكتـور " عەبـدولرەحمان قاسملوو " و " عەبـدوڵڵا قـادری ئازەر " له حالێك دا لـه پێتـەختی ئوتریش، بـه نـاوی گـەلی كوردەوه خـەریكی وتووێـژی ئاشـتی لەگـەڵ نوێنـەرانی حكوومـەتی ئێـران بـوون، تكـا دەكـەین هەستی هـاودەردیی بیٚ پایـانی ئێمـه قـەبووڵ بكـەن. ئێمـه لـەو خەمـه مەزنـه دا لەگەڵ هەمووی ئێوه شەریكین و لـه سـەر هـاو پێوەنـدیی قـووڵی خۆمـان لـه گـەڵ ئێوه و گەلی كورد سەبارەت بەو خەساره جێی داخ و كەسەره پێ دادەگرینەوه. هیوا دارین له داهاتووی نیزیك دا بڕینی ڕێگای ئاشتی هـەروا درێـژەی هـەبێ. ئێمـه وەك ئیتالیـایی یـەك كـه خـۆی بـه ئەنـدامی بنەماڵـەی گـەورەی ئورووپـا دەزانیٚ، مەسەلەی ئاشتی له هەر شوێنێكی ئەم جیهانه به گرنگ دەزانین.

**ئونۆریڤولی فلامینیۆ پیكۆلی**

**بەرپرسی پێوەندی یه نێو نەتەوەیی یەكانی حیزبی دێموكڕات مەسیحیی ئیتالیا**

* * *

پـەژاره و هـاودەردیی حیزبـی كۆمۆنیسـتی ئیتالیـا و شەخسـی خـۆم بـه بۆنەی پیلانی تیرۆریستی لـه دژی هەیئـەتێكی حیزبی دێموكڕاتی كوردستـانی ئێـران كـه لـه حـالی وتووێـژی ئاشـتی دابـوو و بـوو بـه هـۆی مـەرگی سـكرتێری گشـتی " عەبـدولڕەحمان قاسملوو " و " عەبـدوڵڵا قـادری ئـازەر " ڕادەگەیـەنم. ئـەم كارەسـاته دەبـیٚ ببێتـه هـۆی ڕاكێشـرانی سـەرنج و پشـتیوانیی بـەرینی نێونەتەوەیی تا گەلی كورد سەرەنجام ڕۆژێك به ئاشتی بگا و مافی دیـاریكردنی چارەنووسی خۆی وەدەست بێنیٚ.

**ئاشیل ئۆچیتۆ سكرتێری گشتیی**

**حیزبی كۆمۆنیستی ئیتالیا**

* * *

لـه گـەڵ بێـزاری دەربـڕین لـه کوشـتنی دوور لـه بـاوەڕی پڕێزیـدێنت " قاسملوو " پیـاوی ئاشـتی، هـاودەردیی خۆمـان لـه گـەڵ بەڕێوەبـەریی حیزبـی دێمـوکڕاتی کوردسـتانی ئێـران دەردەبڕین و خۆمـان لـه خـەمتان دا بـه شـەریك دەزانین.

**سناتۆر ئۆتۆراتۆ**

**سەرۆکی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ له ئیتالیا**

* * *

ئێمـه پشـتیوانیی خۆمانتـان بـه بۆنـەی شـەهید بـوونی هاوڕێیانتـان لـه وییەن پێ ڕادەگەیەنین. ئێمه لایەنگری ئەوەین که " وتووێژ " به سەر "چەك " دا سەرکەوێ.

**" ئانتۆنیۆ لالی "**

**سەرپەرستی دەستەی فێدرالیست له پاڕلمانی ئورووپا بۆ مافی مرۆڤ**

* * *

بـــه بۆنـــەی شـــەهید بـــوونی ســـێ هـــاوڕێی حیزبـــی، بـــه تایبـــەتی "عەبـــدولڕەحمان قـــاسملوو " ســـکرتێری گشـــتیی حیزبەکـــەتان، پرســـەو و هـاودەردیی قووڵی ئێمـه قبـووڵ بکـەن. ئێمـه لـەو هەلومەرجە ماتەمباره دا بە ناوی کۆمۆنیستەکانی ئیسپانیاوه پشتیوانیی تەواوی خۆمان لـه گەلی کورد و حیزبـــی دێمـــوکڕاتی کوردســـتانی ئێـــران ڕادەگەیـــەنین. ئێمـــه پشـــتیوانی دروشمەکەتان : خودموختاری بۆ کوردستان و دێموکراسی بۆ ئێرانین.

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئیسپانیا ـ مادرید**

* * *

گـــەرم و گـــوڕترین پرســـه و هـــاودەردیی خۆمتـــان بـــه بۆنـــەی تـــیرۆری سـکرتێری گشـتیی حیزبـی دێمـوکڕاتی کوردسـتانی ئێـران، " عەبدولرەحمان قاسملوو " و بەرپرسی ئوڕووپایی حیزب " عەبدوڵڵا قادری " پێشکەش دەکەم

و جارێکی دیکە پشتیوانی خۆم لە گەلی کورد نوێ دەکەمەوە.

**" کارمێن دولاکروز "**

**بەرپرسی ئەنیستیتۆی ئیسپانیایی هاوپەیوەندی لەگەڵ ئەفریقا و ئەمریکای لاتین ( ئێپالا )**

* * *

**سەوزەکانی جەمهووریی فێدراڵی ئاڵمان داخ و پەژارەی خۆیان بە بۆنەی لە دەستچوونی دوکتور"عەبدولرەحمان قاسملوو " و بەڕێزان " عەبدوڵڵا قادری " و " فازل مەلا مەحموود رەسووڵ " کە رۆژی پێنج شەممۆی رابردوو لە تەقە و دەستڕێژی یەك دا بوونە قوربانی، دەردەبڕن. ئەم کارە هەر کەسێك کردبێتی و بەرپرسی ئەم خوێنڕێژی یە هەر کەس بێ، جینایەتێکی بێزراوە لە دژی گەلی کورد بە گشتی.**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و سەوزەکانی ئاڵمانی فێدراڵ، ماوەیەکی درێژە کە پێوەندی یەکی نیزیکیان لە گەڵ یەك هەیە و کوژرانی سکرتێری گشتی دوکتور " عەبدولڕەحمان قاسملوو " و بەرپرسی حیزب لە ئورووپا بۆ ئێمە مانای لە دەستدانی نیزیکترین دۆستەکانیشمانە.**

**ساڵی ١٩٨٤ دوکتور " عەبدولرەحمان قاسملوو " لە لایەن دەستەی پاڕلمانیی سەوزەکانەوە بۆ مەجلیسی میللیی ئاڵمان لە " بۆن " بانگهێشتن کرا و، لە کۆنگرەی حیزبی سەوزەکانی ئاڵمانی فێدراڵ دا لە هامبورگ، لە سەر ژێردەست بوونی کوردەکان لە ئێران قسەی کرد. لە ١٩٨٥ دا هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی سەوزەکانی ئاڵمان بانگهێشتنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بۆ سەردانێکی دوو حەوتوویی بۆ کوردستان قەبووڵ کرد. لە ١٩٨٦ دا جارێکی دیکە لە ئاڵمان وتووێژێکی دوور و درێژمان لە گەڵ دوکتور قاسملوو هەبوو. لەو چاو پێکەوتن و دانیشتنانە لە گەڵ نوێنەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران دا ئێمە هەمیشە شاهیدی بەرگریی بەرپرسانە و جێگای رێزی ئەوان لە دێموکڕاسی لە ئێران و خودموختاری لە کوردستان**

بـووین. ئێمـه پێشـوازیی برایانـه و میواندۆسـتانەی پێشـمەرگەکانی حیزبـی دێموٚکراتی کوردستانی ئێرانمان له ماوەی سەردانەکەمان له کوردستان له بیره و، زۆر لەو قسه و باسانه که پێکەوه بوومانه و به هۆی ئەوانەوه سەرنجمان بۆ لای باوەڕی گشتییان به خەبات له پیناوی ئاشتی و دێموٚکراسی و مافی مرۆڤ دا راکێشراوه، وەبیر خۆمان دێنینەوه.

سیاسەتی دوکتور قاسملوو وەك سکرتێری گشتیی حیزبی دێموٚکراتی کوردستانی ئێران خاوەنی ئەم تایبەتمەندی یه بوو که وێڕای هەست کردن به بەرپرسایەتی یەکی گەوره بۆ دۆزینـەوەی ڕێگایـەك به مەبەستی ئازادیی گەلی کـورد، تـێ دەکۆشـا کـه تـا ئـەو جـێ یـەی دەکرێ رادەی قوربـانی یـەکانی ئـەم ڕێگایه کەم بکاتەوه. ئێمه دەزانین که هۆ و مەبەستی هەوڵدانەکەی بۆ وتووێژ له گەڵ حکوومەتی ئێرانیش هەر ئەوه بووه. مەسەلەکه بریتی یه لـه بـه رەسمـی ناسرانی مافەکانی گەلی کورد و جێگیر بوونی دێموکڕاسی له ئێران. دوکتـور " قاسملوو " و حیزبی دێموٚکراتی کوردستانی ئێران به باشی نیشانیان داوه کـه خەبات له دژی حکوومەتی مەرکەزی تا ئەو کاتەی خاوەنانی دەسەڵات له تاران گەلی کورد له بێبەشی له مافەکانی خۆی دا رادەگرن، درێـژه دەدەن. هەرچـەند ئەوانه ڕێگا چارەیەکی گونجاوتریان بۆ چارەسەرکردنی ئـەو گیر و گرفتـه نـەبیٚ و به رواڵەت هێندێك ئیددیعای دیکه بێننه گۆڕێ.

ئێمـه حـەز دەکـەین حیزبـی دێمـوٚکراتی کوردسـتانی ئێـران و دۆسـتانی دیکەمان له کوردستان بزانن که ئێمەش له ماتەم و بێزاریـی ئـەوان دا بـه بۆنـەی ئەو تیرۆرەوه شەریکین.

**له لایەن دەفتەری فێدراڵی حیزبی سەوزەکان له ئاڵمانی فێدراڵ**

**یورگن رینتس**

* * *

بـه دڵێکـی پـڕ لـه داخ و کەسـەرەوه شـەوی رابـردوو خەبـەری مـەرگی سـکرتێری گشـتیی حیزبەکـەتان و هاوکارەکـەیمان بیسـت. بـه مردنـی

دوکتورعەبدولڕەحمان قاسملوو، حیزبی دێموکرات شەخسییەتێکی گەورە و ئێمە دۆستێکمان لە دەست چوو.

لە کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنالی سوسیالیست دا ئێمە چاومان بە یەکتر کەوت. ئێمە ئەومان بە دێموکراتێکی گەورە و سەرۆکێکی مەزن ناسیبوو کە دەیویست ڕێگایەك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی گەلەکەی بە ماف بەرابەر لە گەڵ گەلانی دیکە و یەکگرتنێکی دۆستانە و ئازادانە بگەیەنێ.

**هانس کوشنیك بەرپرسی کۆمیسیۆنی نێونەتەوەیی،**

**هانس ئیبرهارد دینگیلن بەرپرسی دەبیرخانەی نێونەتەوەیی**

**حیزبی سوسیال دێموکڕاتی ئاڵمان**

* * *

هەواڵی مەرگی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوکتور " عەبدولڕەحمان قاسملوو " و دوو بەرپرسی کورد بە ئێمە دۆستانی ئۆتریشـیی کوردەکـان گەیشـت. کـوژرانی دوکتـور " قـاسملوو " ئێمـەی زۆر ناڕەحەت کرد. پێوەندیی نێوان دوکتور " قاسملوو " و من لە سەر بناغەی متمانـــە و دۆســـتایەتی بـــوو. ئـــەویش متمانـــە و ئیحترامـــی حکوومـــەت و شەخسییەتە سیاسی یەکانی ئۆتریشی بۆ لای خۆی راکێشابوو. ئەم خەسارە بۆ گـەلی کـورد جێگـای داخ و ناڕەحـەتی یـە و تەحـەممول کردنـی زۆر دژوارە. هیـوادارین ڕێبەرایـەتیی تـازەی حیزبـی دێـموکڕاتی کوردسـتانی ئێران بـە سـەر کەوتنـەوە دریـژە بـەو سیاسـەتە بـدا کـە دوکتـور " قـاسملوو " دایڕشـتبوو و داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد وەدەست بێنێ.

ئێمە ناڕەحەتیی بێ پایانی خۆمان بەم بۆنەیەوە رادەگەیـەنین و هـاودەردیی قووڵی خۆمان لە گەڵ گەلی کورد دەردەبڕین.

**هانس هاوزێر**

**سەرۆکی ئەنجومەنی دۆستانی گەلی کورد ـ ئۆتریش**

* * *

ئێمـه بـه بیسـتنی هـەواڵی کـوژرانی " قـاسملوو " سـکرتێری گشـتیی حیزبـی دێمـوکڕاتی کوردسـتانی ئێـران و " عەبـدوڵڵا قـادری " لـه ئەنـدامانی ڕێبەرایەتیی حیزبەکەتان، به توندی بێزار بووین. کردەوەیـەکی دوور لـه عەقڵ و جینایەتێکی تراژیکی دیکه له دژی خەڵکی کوردستان ! ئێمه به توندی ئەو جینایەته مەحکووم دەکەین و پاك و بێگەردترین پرسه و هاودەردی پێشکەشی بنەماڵەی قوربانی یەکان و ڕێکخراوەکەتان دەکەین.

لویی ئەیالا

سکرتێری گشتیی سۆسیالیستی نێونەتەوەیی

* * *

بـه ئاگـاداری لـه مـەرگی جێـی داخـی بـەڕێز " عەبدولرەحمان قاسملوو " و هاوکارەکـەی، دەمـەوێ بـەم هۆیـەوە هـاودەردیی قـووڵ و لـه دڵـەوەی خـۆم بـه بنەماڵەکانیان و خەڵکی کوردستان رابگەیەنم.

خاچی سووری سوئێد

* * *

هـەواڵی تـیرۆری دوکتـور " عەبـدولڕەحمان قاسملوو " سـکرتێری گشـتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و " عەبدوڵڵا قادری " به پێی پیلانێکی خائینانه به دەستی تیرۆریستەکانی ڕێژیمی ئاخوندەکانمان پێ گەیشت.

ئێمـه ئەو جینایەتـه نامەردانەیـەی ڕێـژیمی کۆنەپەرست و شووێنیستی خومەینی به توندی مەحکووم دەکەین. ڕێـژیمی جینایـەتکاری ئێران وا دەزانـێ به کوشتنی ڕێبەری جووڵانەوەی رزگاریخوازانـەی نەتـەوەی کـورد دەتـوانێ ئەو خەباتـه کـه چـەندین سـاڵه بۆ ئـازادیی ئـەم گەلـه درێـژەی هەیـه، تێك بشـکێنێ. بەڵام ئێمه له سەر ئەم باوەڕەین ئەو کاره دەبێتـه هـۆی بەربـەرەکانی یـەکی توند و تیـژ دژی ڕێـژیمی ئاخونـدەکان. گومانمـان لـەوە دا نیـە، گـەلی کـورد لـه کوردستانی ئێران که به فیداکاری و له خۆ بردوویی و به دانی شەهیدێکی زۆر توانیویـەتی خـەباتی ڕەوای خـۆی بگەیەنێتـه ئـەم قۆناغـه، هـەتا سـەرکەوتنی

یەکجاری درێژە بە خەباتی خۆی دەدا. دڵنیاین گەلی کورد کە ئەویندارى ئازادی یە، خەم و پەژارەی ئەم دوو ڕێبەرە نیشتمانپەروەرە لە دڵی خۆی دا ڕادەگرێ و هەتا ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە درێژە بە خەباتی خۆی دەدا.

ئێمە خۆمان بە بەشداری خەم و پەژارەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەزانین کە دوکتور قاسملوو و دوو هاوڕێیەکەی لە دەست داوە. حیزبی ئێمە : " جوولانەوەی حیزبی کۆمۆنیستی تورکیە، مارکسیست لێنینیست " و چینی کرێکارمان و گەلی ئێمە پشتیوانی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانن. ئازادی بۆ نەتەوەی کورد ! بمرێ ڕێژیمی جینایەتکاری ئێران !

**کۆمیتەی ناوەندیی جوولانەوەی حیزبی کۆمۆنیستی تورکیا م. ل**

* * *

خوسرەو[عەبدوللایی] ! نامەوێ بە تەلەیفون زەحمەتت بدەم. چونکە دەزانم لەم دەم و ساتە دا تا چ ڕادەیەك گرفتاری. بەڵام ناشمهەوێ جارێکی دیکە پاریس بە جێ بێڵم، بەر لەوەی جارێکی دیکە پشتیوانیی تەواوی خۆم لە ئێوە و لەو خەباتە قارەمانانەیە کە بەڕێوەی دەبەن دووپات کردبێتەوە و، پێم وایە لەو دووپات کردنەوانە هەرگیز ماندوو نابم !

لە دەستدانی ماتەمینی " دوکتور " ئەویش بەم شێوە وەحشیانە و دژی ئینسانی یە، لە حالێك دا بۆ دیتنەوەی ڕێگا چارەیەکی ئاشتیخوازانە و سیاسی بۆ مەسەلەی کورد لە ئێران هەوڵی دەدا، خەسارێکی گەورە بۆ گەلی کورد و بۆ ئێمەیە. دۆستی من دوکتور " قاسملوو " و دۆستی من " عەبدوڵڵا قادری " بەم جۆرە چوونە نێو ریزی شەهیدانی لە خوێن دا شەلاڵی مەیدانی پڕ شانازیی خەبات لە ڕێگای ئاشتی دا. خەباتی دادپەروەرانە بۆ زیندوو کردنەوەی شەخسییەت و بە ڕەسمی ناسرانی مافە نەتەوەیی یە حاشا هەڵنەگرەکانی گەلی کورد، دوکتور " قاسملوو "یان کردبووە پیاوێکی بێ وێنە. بەڵام لەو خەباتە دا پیاوانێکی دیکەش هەر بەم لێهاتوویی و گەورەیی

یەی ئەو دۆستەی ئەمڕۆ بۆ مردنی دەگرین لە دایك دەبن و، دەبینین کە هەر لە ئێستاوە لە دایك بوون. خەبات درێژەی دەبێ. ئێمە بەڵێنتان دەدەینێ کە لە داهاتوو دا تەنانەت زیاتر لەوە کە تا ئێستا کردوومانە، یارمەتیتان بکەین.

**جۆیس بلو**

**بەرپرسی بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە زانستگەی سۆربۆنی پاریس**

* * *

ئەو پیلانە ناپیاوانەیەی کە بوو بە هۆی قوربانی بوونی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و عەبدوڵڵا قادری ئازەر ، هەموو دۆستانی ئەوانی بردۆتە نێو رق و ماتەم. لە ماوەی کەمتر لە پێنج ساڵ دا کە ئێمە بۆ جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی مەئموورییەتە ئینسانی یەکانی خۆمان لە کوردستان و جاروبارەش لە هەلومەرجێکی ئاستەم و دژوار دا پێکەوە هاوکاریمان بووە، توانیبوومان ئەوان دەرك بکەین و خۆشمان بوێن. بە یارمەتیی ئەوان و لە سێبەری هاوکاری یە کاریگەرەکانیان دا بوو کە ئێمە توانیمان پێداویستی یە پزیشکی یەکانی پێوەندیدار بەو کارە دابین بکەین. بە هۆی ئەوانەوە بوو کە ئێمە توانیمان بگەینە ستایش، دەرك و خۆشەویستیی گەلی کورد کە لە پێناوی خودموختاری بۆ خۆی دا خەبات دەکا. لە قسە و کردەوەکانی ئەوانەوە بوو کە ئێمە توانیمان تێ بگەین دێموکراسی وشەیەکی نێو بەتاڵ و بێ نێوەڕۆك نیە و بەرهەمەکەی دەتوانێ لە جیهانی سێهەم و تەنانەت لە ناوچەیەك دا کە نوقمی شەڕ و پێشێل کرانی ماڤ مرۆڤە، خۆی بنوێنێ !

ئێمە هەر بەو رادەیە کە بە دۆستایەتیی ئەوان و خۆمان وەفادارین، بەو رادەیەش هەوڵ دەدەین کە دەرسەکانی ئەوان هەرگیز لە بیر نەبەینەوە. هەر بەم هۆیەوە ئێمە ئێستا زیاتر لە هەموو کاتێك لێبڕاوین تا بە وەبیرهێنانەوەی بیرەوەری یەکان، بە دڵگەرمی یەکی بە هێزتر لە پێشوو کە ئێمە لە گەڵ گەلی کورد لێك گرێ دەدا، درێژە بە هەنگاوە ئینسانی یەکانی خۆمان لە کوردستان

دا بدەین.

**دوکتور بێرنارد گرانژۆن،،بەرپرسی ناوچەیی DACA و جێگری سەرۆکی ڕێکخراو**

**ژۆرژیا کوفن، گێرن، ژان دۆ، مارك رامبۆ بەرپرسانی بەشی کوردستان و ۲۰۰ ئەندامی .M.D.M کە تا ئێستا مەئمووریەتیان لە کوردستان بەڕێوە بردوە.**

* * *

**ڕۆژ و مانگ کوژران بەڵام تاقی ئاسمان و دڵەکانمان هەتاهەتایە هەر ڕووناك دەکەن. بژی کوردستان !**

**مێریلا گالێتی ( ڕۆژنامە نووس و کورد ناسی ئیتالیایی )**

* * *

**ماتەمبار هەر وەك ئێوە و داماو لە بەیانی هەستی خۆم سەبارەت بە هەواڵی دوور لە باوەڕی مەرگی " عەبدولڕەحمان قاسملوو " و دوو کەس لە یارانی لە وییەن، لە حاڵێك دا چاوم فرمێسکی تێگەڕاوە هەموو ئێوە لە باوەش دەگرم. بە داخەوە ئەمن ناتوانم سبەینێ بیستی ژوئیە لە ڕێورەسمی بە خاکسپاردن لە پاریس دا بەشدار بم، چونکە لێرە لە مونیخ کۆبوونەوەیەکم لە سەر مەسەلەی کورد ڕێك خستوە کە ڕێز نانێکە لەو، لەو ئامانجانە کە لە پێناویان دا خەباتی دەکرد و لە گەلی خەباتگێڕ و کوێرەوەری دیتووی کورد. پرسە و هاودەردیی دڵسۆزانەی خۆم پێشکەشی بنەماڵەی دۆستی گەورە و جێی ستایشی خۆم " رحمان قاسملوو " بە تایبەتی هاوسەرەکەی دەکەم.**

**هلا اشلومبرگر**

**( ڕۆژنامە نووس و نووسەرو لێکۆڵەری ئاڵمانی ) مونیخ**

* * *

# چەند بەشێك له قسەکانی دوکتور بێرنارد کۆشنێر له سەر گڵکۆی شەهیدەکان له " پێرلاشێز " ی پاریس

دۆستانی کوردان و دۆستانی " عەبدوڵڵا " و" عەبدولڕەحمان " ناتوانن ئەم تاوانە، ئەم دەسڕێژە چەپەڵە و ئەم پیلانە سامناکە کە دوایی بە ژیانی ئینسانە تێگەیشتوو و پێشکەوتنخواز و دڵفراوانەکان هێنا، لە بیر بەرنەوە.

بۆ ئەو کەسانە کە کوردەکان ناناسن مەسەلەکە بریتی یە لە دەستدرێژی یەکی چەپەڵ بۆ سەر گیانی دوو خەباتگێر. بۆ ئەوانەش کە کوردەکان دەناسن ئەو لە دەستچوونە شتێکی زۆر دڵتەزێنە. بەلام بۆ هەموو کوردەکان چ لە گوندەکان، چ لە ماڵە بە بۆمب تێکڕووخاوەکان و چ لە شار و ئۆردووگاکانی ئاوارەکان دا مەرگی ئەم دوو کەسە، خەسارێکی گەورە و قەرەبوونەکراوە.

ئێمە لێرە شاهیدی وەحشیگەری یەکین. چەند گرانە باوەڕ بکەین کە ڕێبەرانی سیاسیی ئەوتۆش هەن کە کردەوەی ڕۆژانەیان و ئامرازی ئەسلیی دەسەڵاتیان ئینسانکوشتنە.

حکوومەتی فەڕانسە کە من بە نوێنەرایەتیی ئەو لێرەم، لە بەرامبەر ئەم سێ قوربانی یە بە ناحەق کوژراوە دا سەری کڕنۆش دادەنوێنێ و لە بنەماڵەکانیان، لە هاوسەری " قاسملوو " ( هێلێن ) و دوو کچەکەی سەرەخۆشی دەکا و پشتیوانیی خۆی لەوان رادەگەیەنێ.

" عەبدولڕەحمان قاسملوو " !

کاتێك بیر لە تۆ دەکەمەوە پێش هەموو شتێك پێکەنینەکەت دێتەوە بەر چاوم. تۆ دەتتوانی لە بەرامبەر هەموو شتێك و هەموو کەس دا دەم بە بزە بی. بیر لە فەرهەنگی دەوڵەمەندی تۆ دەکەمەوە و، بیر لە روانینی تۆ وەك مێژوو نووسێك و وەك ئینسانێکی تێگەیشتوو دەکەمەوە کە چاوت بە هەموو شتێك دا دەخشاند تا بتوانی کەلکی لێ وەرگری و لێکدانەوەی ورد و جوان بە دەستەوە بدەی. تۆ لە جیهانی سێهەم دا ئینسانێك بووی کە من زیاتر لە هەموو کەس

ستایشم دەکردی. هەر لەو کاتە دا کە پارتیزان و ئازادیخواز و وەفادار بە ستراتیژی یەك بووی و، لە حاڵێك دا بە دوای ڕێبازێکی سیاسیی شێلگیرەوە بووی، هیچ کات کاکڵەی مەبەستت کە دێموکراسی بوو لە بیر نەدەچۆوە.

" قاسملوو " و دۆستەکانی داواکاری خودموختاریی کوردستان بوون و ئامادە بوون تا وتووێژی لە سەر بکەن. ئەو دەیەویست لە سەر خودموختاری لە گەڵ جێنشینانی خومەینی وتووێژ بکا، هەر بۆیەش چووبووە وییەن تا لە سەر مەسەلەی کورد بگاتە ڕێگاچارەیەکی ئاشتیخوازانە. ئەوان لە پەیامی ئاشتی ترسان، بۆیە پێغەمبەری ئاشتییان کوشت. ئەوەیە کاری تاقمێك کە بەسەر بەشێك لە جیهان دا حکوومەت دەکەن.

" عەبدولڕەحمان قاسملوو" ! وام دێتە بەرچاو کە تۆم لە هەموو جێیەك دیوە. بێگومان. چونکە تۆ ئۆلگوویەك بووی. تۆ لێرە دیارە لە وڵاتی خۆت نی، بەڵام بە مەودایەکی نە زۆر دوور لە گوللە باران کراوەکانی کۆمۆنی پاریس کە قوربانیانی هێندێك بەربەرەکانیی دیکەن، بە خاك سپێردراوی. ئەو بەربەرەکانییانە کە تۆ باشت دەناسین و ستایشت دەکردن. بەو حاڵەش تۆ ئێستا لە ماڵی خۆت دووری، هەر لە جیێ دا تۆ ئەی ئاوارەی هەمیشەیی ! ماڵێکت هەیە ؟ بەڵام هیوادارم لێرە، لە نێو ئێمە دۆستەکانت تا رادەیەك هەست بەوە بکەی کە لە ماڵە خۆتی.

دۆستی من " عەبدولڕەحمان قاسملوو " ! دە ڕۆژ لەوە پێش تۆ بە منت گۆت کە خەبات دژوارە. بە تایبەتی ئەو کاتە کە لە دەوری یەك کۆ دەبینەوە و دەبینین کە جێی هێندێك هاوڕێمان بەتاڵە. ئەو هاوڕێیانەی پێکەوە خەباتمان دەکرد و لەم ڕێ یە دا کوژراون، بەڵام ئیستا دەبینم کە تۆش دۆستی من هەر لەم ڕێگایە دا کوژرای.

چەند ئەستەمە !. بۆ ساتێك لە نێو ئێمە بمێنەوە " عەبدولڕەحمان " و تۆش " عەبدوڵڵا " ! تا ئەو کاتەی پیاوە ردێن ڕەش و سپی یەکان و ژنانی چارشێورەش دەستی دۆستی بۆ لای خەڵکی دیکە درێژ دەکەن و، ئیدی چی دیکە بۆ ئەو هەمووە کوشتارەی دەیکەن ناوی خودا بە شاهید ناگرن.

* * *

## قسەکانی تۆماس هامیر بێرگ
## سکرتێری گشتیی کۆمیتەی سوئێدیی پشتیوانی لە مافە
## ئینسانی یەکانی نەتەوەی کورد
## لەسەر گڵکۆی شەهیدان لە پێرلاشێز

لە سوئێدەوە هاتووم بۆ ئەوەی سەرەخۆشیی خۆم لەگەڵ پەیامێکی دەوڵەتی سوئێد و پەیامێکی حیزبی سۆسیالیستی فەرمانڕەوا لە سوئێد پێشکێش بکەم.

ئەمن بۆخۆم بۆ ئەوە هاتووم کە ڕێز و حورمەتی خۆم لە لایەن "کۆمیتەی سوئێدی بۆ ئازادی یە ئینسانی یەکان لە کوردستان دا " کە کۆمیتەیەکی تازە دامەزراوە دەرببڕم. ئەم کۆمیتەیە زیاتر بە هەوڵ و پێشنیاری " عەبدولرەحمان قاسملوو " دامەزراوە. دوکتور قاسملوو یەکەم جار لە یەکەم ساڵەکانی دەیەی ١٩٧٠ دا لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانە کە لە بارەی مافی مرۆڤەوە تێ دەکۆشن پێوەندیی گرت بۆ ئەوەی کۆمەك بە زیندانییانی کوردی ئێران بکەن. بەم جۆرە ئەو هاوکاری یە کە لە بیست ساڵ لەمەو بەرەوە دەستی پێ کرابوو، بە ڕێکو پێکی درێژەی هەبوو، تا سەرەنجام لە ژێر تەئسیری ئەو دا و بە پێشنیاری ئەو، ئەم کۆمیتەیە بۆ ئازادی یە ئینسانی یەکان لە کوردستان دامەزرا، کە تەواوی حیزبە سیاسی یەکان، کلیساکان، سەندیکا کرێکاری یەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی تێدا بەشدارن.

" عەبدولڕەحمان قاسملوو " بۆ ئێمە پیاوێکی دەوڵەتمەرد بوو کە لە رادەی نێو نەتەوەیی دا ڕێزی بۆ دادەنرا. ئەو، میوانی بەڕێزی دوا کونگرەی نێونەتەوەیی سۆسیالیست بوو کە لە ڕۆژەکانی دوایی مانگی ژوئەنی ١٩٨٩ دا لە ستۆکهۆڵم گیرا. لەم کۆنگرەیە دا ئەو لە گەڵ زۆر کەس لە هاوڕێیانی سۆسیالیستی هەموو ڕەوتە سۆسیالیستی یە دێموکراتەکانی دنیا لە بارەی مەسەلە سیاسی یەکانەوە چاوپێکەوتنی هەبوو. ئەو توانایەکی دیپلۆماسیی

هەبوو کە رەنگە ئەمڕۆ هیچ ڕێبەرێکی دیکەی کورد نەیبێ. ئەو هەم وەك ڕێبەرێك و هەم وەك ڕێکخەر و خاوەن نەزەرێك بایەخێکی زۆری بە مەسەلەی کوردستان دەدا. پیاوێکی گەرم، میهرەبان و زۆر لەسەرەخۆ بوو. بۆ ئێمە لە سوئێد ئەو لە خەباتی سیاسی و خەبات بۆ مافە ئینسانی یەکان و ئاشتی لە نوختە جۆراوجۆرەکانی دنیا دا نموونە بوو. لە راستی دا ئەو بۆ ئێمە باوك بوو و لە کارەکانمان دا ئیلهامی دەداینێ. ئەو ڕووناکبیرێکی کورد بوو، بەڵام هەمیشە ئاگای لە خەباتی هەموو نوختەکانی جیهان لە پێناوی مەسەلە جۆراوجۆرەکانیش دا هەبوو، چونکە پێوەندیی ئەوانی لەگەڵ مەسەلەیەك کە بۆخۆی خەباتی بۆ دەکرد، بە روونی بۆ دەرکەوتبوو.

ئەو سیاسەتمەدارێکی جیهانی بوو و بە مانای تەواوی وشە ئەنتێرناسیۆنالیست بوو. بەڵام بەو حاڵەش هەمیشە بە نەتەوەی خۆی وەفادار بوو. دواجار کە نیزیکەی سێ حەوتوو لەمەو بەر لە ستۆکهۆڵم دیتم لە بارەی هەنگاوێکی تازەوە بۆ گەیشتن بە ڕێگا چارەیەکی ئاشتیخوازانە، ڕێگایەکی ئاشتیخوازانە کە مافە ئینسانی یەکان بۆ کوردی ئێران وەدی بێنێ، بە منی گوت کە ئامادەیە خۆی بخاتە مەترسی یەوە. ئەو گوتی ئەم خۆ لە مەترسی هاویشتنە غیرەتی دەوێ. ئێستاش دەبینین کە بەداخەوە ئەو خۆ لە مەترسی هاویشتنە بە قیمەتی گیانی تەواو بووە. ئێمە ئێستا لە ماتەمی ڕێبەرێکی مەزن و دۆستێکی نیزیکی وی " عەبدوڵڵا قادری " داین کە ئەوان وەك خەباتگێڕانی ڕێگای ئاشتی و مافە ئینسانی یەکان دەناسین. ئەوان لە لایەن هێزە پاشکەوتوو و بۆگەنەکانەوە لە خوێن دا شەلاڵ کران. بەڵام هەموومان دەزانین کە کارەکانیان و ئامانجەکانیان و شوێنەواریان لە دواڕۆژ دا دەمێنێ دوا ڕۆژ دەگۆڕن.

* * *

# وته‌كانی" پاتریك بۆدوان "سكرتێری گشتیی فێدراسیۆنی مافی مرۆڤ له‌ سه‌ر گڵكۆی شه‌هیدان

ده‌م و ساتی وا هه‌ن كه‌ دیتنه‌وه‌ی وشه‌ بۆ قسه‌ كردن دژواره‌. ئه‌و كاتانه‌ كه‌ وتار پێشكه‌ش كردنیش تا راده‌یه‌ك وه‌ك كارێكی بێ مانا ده‌چێ . ده‌بێ بگوترێ كه‌ ده‌م و ساتێكی ئاوا ته‌نانه‌ت بۆ ئه‌و كه‌سانه‌ش كه‌ له‌ مێژ ساڵه‌ له‌ پێناوی مافی كورده‌كان دا خه‌بات ده‌كه‌ن كه‌مێك دڵساردی و ناهومێدی پێوه‌یه‌. ئێستا جارێكی دیكه‌ دوو خه‌باتگێڕ له‌ گه‌وره‌ترین خه‌باتگێڕانی ڕێگای ئامانجه‌كانی گه‌لی كورد به‌ شێوه‌یه‌كی ناجوانمێرانه‌ شه‌هید كراون.

زیاتر له‌ بیست میلیۆن كورد له‌ مێژ ساڵه‌ له‌ هه‌لومه‌رجێكی ئاوا دژوار دا ده‌ژین. به‌ له‌به‌ر چاو گرتنی ئه‌م راستی یه‌یه‌ كه‌ من ده‌بێ به‌ راشكاوی یه‌وه‌ بڵێم ئێمه‌ له‌ درێژه‌دانی ئه‌م وه‌زعه‌ به‌ ته‌واوی بێزارین و بێزاریی خۆمان ده‌رده‌بڕین. به‌ڵام كورده‌كان به‌ شه‌هامه‌ت و ئازایه‌تی یه‌كی بێ وێنه‌وه‌ درێژه‌ به‌و ژیانه‌یان ده‌ده‌ن. دیاره‌ من نامه‌وێ بۆ ئه‌و پێشمه‌رگانه‌ی لێره‌ ئاماده‌ن باسی ئازایه‌تی بكه‌م. ئه‌وان زۆر باش له‌ مانای ئازایه‌تی تێ ده‌گه‌ن. به‌ تایبه‌تی كه‌ خه‌باتی ئه‌وان له‌ پێناوی ئامانجه‌ به‌ر حه‌قه‌كانیان دایه‌. ( چونكه‌ هه‌رله‌ جێ دا وشه‌ی پێشمه‌رگه‌ یانی له‌ مه‌رگ سڵ نه‌كردن و به‌ پێشوازی مه‌رگه‌وه‌ چوون ). نا، شه‌هید بوونی ئه‌وان بێ ئاكام نیه‌. ئێمه‌ كه‌ بوێری و ئازایه‌تیی كورده‌كان ده‌ناسین، ده‌توانین دڵنیا بین كه‌ خه‌بات درێژه‌ی ده‌بێ و ئێمه‌ هه‌رچه‌ند كوردیش نه‌بین پشتیوانییان لێ ده‌كه‌ین. له‌ هه‌ر حاڵ دا، ئێمه‌ وه‌ك ڕێكخراوه‌ نێونه‌ته‌وه‌یی یه‌كان به‌ كه‌لكوه‌رگرتن له‌ ئیمكاناتمان تێ ده‌كۆشین هه‌لومه‌رجێكی وا پێك بێنین كه‌ مه‌سه‌له‌ی كورده‌كان زیاتر بێته‌ گۆڕێ، ڕێگا نه‌درێ ئه‌و كرده‌وه‌ دڕندانه‌یه‌ ده‌ر حه‌ق به‌ گه‌لی كورد درێژه‌ی هه‌بێ، ڕێكخراوه‌ نێونه‌ته‌وه‌یی یه‌كان و ده‌وڵه‌ته‌كان سه‌ره‌نجام زیاتر فشار بخه‌نه‌ سه‌ر

کاربەدەستانی وڵاتانی ئێران، عێراق و تورکیە بۆ ئەوەی ئەم وەزعە کۆتایی پێ بهێنرێ. بۆ ئەوەی کوردەکان لانی کەم بە خودموختاری بگەن و بتوانن ئیدی چی دی گەلێکی هەمیشە شەڕ لێدراو و ژێردەست نەبن. بەڵام ئێمە زۆر باش دەزانین کە بوێری و ئازایەتیی کوردەکان لەم بارەیەوەش دە فریایان دەکەوێ و ئێمە دەزانین کە نابێ ناهومێد بین و دەزانین کە پاش مەرگی دوکتور قاسملوو و دوو خەباتگێڕە کوردەکەی دیکە کە بە شێوەیەکی ناجوانمێرانە کوشتیانن، خەباتگێڕانی دیکەی ئەوتۆ هەڵ دەکەون کە ڕێگاکەیان درێژە بدەن و ئێمە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەیی یەکان هاتووینە ئێرە تا پشتیوانیی تەواوی خۆمان لە بنەماڵەی شەهیدەکان و دۆستانی کوردمان رابگەیەنین. هەر وەها پێیان بڵێین هیوادارین ئەم دەم و ساتە کە بۆ هەموومان ناخۆشە، تین وگوڕێکی تازەمان بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئامانجی ڕەوای گەلی کورد وەبەربنێ.

**ئەم پەیامانە لە ژمارە ١٥٢ ی رۆژنامەی " کوردستان " گەلاوێژی ١٣٦٨ (ئوتی ١٩٨٩) دا بڵاو بوونەوە.**

پێویستە بڵێم هێندێك پەیامە بیانی یەکان دوکتور شەرەفکەندیی نەمر کردبوونی بە فارسی. ژمارەیەکیشیان کاك خوسرەو عەبدوڵڵایی وەری گێڕابوون بۆ سەر زمانی فارسی.

# ڕاســــتەخۆ بۆ ســەر و هەر بۆ ســەر چوو
# هەردی جێهێشت و لە هـــەوران دەرچوو

(هەڵبژاردەیەك لە وتاری عەلی ڕەزا نووری زادە)

پووشپەڕی ١٣٦٨ – لەندەن

**بە یادی کاك عەبدولڕەحمان**

چووبوومە ڤییەن هەتا بۆ دوا جار بیبینم، تا ئەگەر لە ڕووبەڕووەوە بۆم نەگونجا لە گەڵی دانیشم و هەموو جارێ بە تەلەفوون لە مەودایەکی دوورەوە پێکەوە قسەمان دەکرد، لانیکەم ئەمجارەیان بەرامبەری ڕابوەستم وبڵێم : ماڵ ئاوا سەرۆك !

بەڵام پزیشکی قانوونیی ڤییەن، من و ژمارەیەکی دیکەی کە بۆ ماڵاوایی لە دوکتور، چووبووینە ساردخانە کۆنەکەی ئەم شارە، لەم بەختیاری یە، بێبەش کرد.

شەو بوو ڕێگامان دەبڕی. فرمێسك دەرەتانی قسە کردنی پێ نەدەداین، تەنیا لە وەبیر هێنانەوەی بیرەوەری یەکانی ڕۆژانی ڕابردوو دا بوو، لێرە و لە وێ بە شوێن شوێنەوارەکانی دا دەگەڕاین. ڕقم لە خۆم بوو. دەتگوت ڕاوەستاوم تا هاوڕێ یەکەم نوقمی خوێنی خۆی بکرێ، یان دڵی لە حەسرەت نیشتمانی باب و باپیرانی دا بوەستێ، جا منیش دەست بکەم بە لاواندنەوە و ( مرثیە ) ی بۆ بنووسم.

هەواڵەکە زۆر دڵتەزێن بوو. لەو هەواڵانە بوو کە بە بیستنیان لە پڕ وا هەست دەکەی تەنانەت تۆزقاڵێك هێزت لە بەدەن دا نەماوە هەتا هاوار بکەی بۆچی ؟

سەر لە بەیانی ١٤ ی ژووئیە بوو کە پەیتا پەیتا خەبەر دەهات و زانیمان کە دوکتور قاسملوویان بە یەکجاری لێ ستاندین و ئەو باسانەی ساڵێ جارێك

پێکەوە دەمانبوو، بۆ هەمیشە کۆتایی یان پێ هاتوە.

لە قووڵایی دڵمەوە خۆشم دەویست، مەگەر دەکرا دوکتور بناسی و دەرگای دڵتی بۆ نەکەیەوە. کە لە باسی خەبات و تێکۆشان ڕا دەچووە سەر شێعر و، لە گەرمەی وتووێژ لە بارەی بەربەرەکانی لە گەڵ ڕێژیم دا لە پڕ دەیپرسی : ئەرێ بە راستی فیلمی تازەی " وودی ئالێن " ت دیوە ؟ یان : ئەرێ پێت وانیە کتێبی " رازەکانی سەرزەویی من " ی بەراهەنی، بە زۆر و زۆرداری مۆرکی شۆڕشگێڕانەی لێ دراوە ؟

ساڵی پێشوو، کە دوکتور قاسملوو گەیشتە پاریس، وەك هەمیشە کاك عەبدوڵڵا، ئەم هاوڕێ یەی لە رێگای پەڕینەوە لە ژیان بەرەو مەرگیش دا، دوکتوری بە تەنیا بەجێ نەهێشت، تەلەفوونی بۆ کردم کە دوکتور هاتوە. پاشان سڵاو و هەواڵپرسینێکی گەرم و خۆمانە و ئەو قسە و دەردەدڵانە کە لە بن نایەن، زۆرم پێ خۆش بوو کە دوکتور چاوپێکەوتنێکی لە گەڵ ئەم جەنابی " پوروالی " * یەمان دا هەبێ. چەند رۆژ دواتر کە زانیم یەکتریان دیوە و دیدارەکە بووە و ئەو قسانەیان کردوون کە لە ریا بە دوور بوون، شادیی من چەند قات بوو.

هاوینی رابردوو، بۆ سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، تاقە هێزێکی بەرهەڵستکار کە لاقی لە سەر خاکی نیشتمان بوو،ساڵێکی گرنگ بوو، ئەو لە هەلومەرجێك دا هاتبووە دەرەوەی وڵات کە لە هەموو لایەکەوە لە ژێر فشار دا بوو.

کاتێك لە کۆتایی سەفەرەکەی دا دەگەڕایەوە کوردستان، لە وەی نیگەران بوو کە ڕێژیم بە دوای خەیاڵ ئاسوودە بوون لە ئاست شەڕ لە گەڵ عێراق، لەمەو دوا هەموو هێز و توانای خۆی بۆ لە نێو بردنی بزووتنەوەی کورد تەرخان بکا. بێ ئەوەی لە غرووری کوردی یەکەی مایە دابنێ گوتی : ئێمە هیچمان لە براکانمان ناوێ. ئەوە نەبێ بەو قسە ناخۆشەیان کە قاسملوو و حیزبەکەی جیاوازیخوازن، ئاگر لە جەرگمان بەرنەدەن و پاشان ئەگەر لە

کیسەی پیاوەتییان کەم نابێتەوە، یارمەتیی برایانی کوردیان لە کوردستان بدەن کە یەکەمین ئامانجیان، جێگیر کردنی دێموکراسی و بەدیهێنانی دەسەلأتی نیشتمانی بۆ خەڵکی ئێرانە. چونکە بە بێ جێگیر کردنی دێموکراسی، خودموختاریی خەڵکی کوردستان وەدی نایە. ئەو چاوەڕوانی یەی هەبوو کە هاونیشتمانان بە جلوبەرگی گەرم و دەواو دەرمان، یارمەتیی خەڵکی کوردستان بدەن، ئەگینا لە باری چەك و تەقەمەنی یەوە گیر و گرفتێکی ئەوتۆیان نەبوو و هەرکات لەو بارەوە کەم و کەسری یەکیان هەبایە هێرشیان دەبردە سەر بنکە و پێگەیەکی سوپای پاسداران و کەم و کەسریی درێژەدانی بەربەرەکانی یەکەیان، پڕ دەکردەوە.

پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستان، نامەیەکم لە کاك عەبدوڵڵا قادری یەوە پێ گەیشت کە وێڕای ناردنی سڵاو و پەیامی گەرم و دۆستانەی دوکتور، لە زمانی وی یەوە گوتبووی : ئەم پێشەکی یەی بۆ وتووێژەکەمت نووسیبوو زۆرم بە دڵ بوو. هەروەها لەوەش کە زۆر بە ئەمانەتەوە هەموو قسەکانمت لە گۆڤاری " الدستور " دا بڵاو کردبۆوە، سوپاست دەکەم. هیوا دارم هاوینی داهاتوو یەکتر ببینین و بە دوور و درێژی قسان بکەین.

* * *

لە یەکەم دیدارمان دە ساڵ رادەبرد. لەوە پێش ناویم لە سەر نامیلکە بچووك و گەورەکان کە لە کتێب فرۆشیی " کۆلیت " ی لەندەن دادەنران، بەرچاو دەکەوت. دوای شۆڕش کاتێك بۆ دیتنی سەرزەوی یەك کە هەر نەبێ لە بەر کورد بوونی هاوسەرەکەم، خۆشم دەوێ، چوومە کوردستان، ناوی هێشتا لە پانایی دڵانی دەردەداری ئەو هەرێمە دا، ئەوەندە ریشەی دا نەکوتابوو. ئەو کات موددەعیی دیکەش هەبوون بۆ وێنە عەللامە موفتی زادە کە بە قازانجی رێژیم مەیدانداریی دەکرد و پێی وا بوو بەو هۆیەوە کە لە دادگاکانی شۆڕش دا، سەرە پەتێکی بە دەست بووە و، لە سەرەتای خوتبەی نوێژی جومعە دا، بە کوردی بە ئیمامی هەڵگوتوە، کەوابوو قسەی تێدا نیە " ئاغا " [ خومەینی ] لە

پشتی قەباڵەی برایەتیی خۆی و ئەو دا، کوردستانی پێشکێش دەکا و... و شێخی ساویلکە " عیزەدینی حوسێنی " یش، بۆ خۆی ناو و ناوبانگێکی هەبوو و... موسوڵمانە سوننی یەکان گوێیان بۆ قسەکانی رادەگرت. ئاکامی ئەو سەفەرە بێجگە لەو وتوویژو و راپۆرتانەی بڵاوم کردنەوە، ناسینی دوکتور قاسملوو بوو : ئینسانێکی بە تەواوی مانای وشە رووناکبیر، زمانزان، ئوگری فەرهەنگ و ئەدەبیات و فەلسەفە، شارەزا لە ئابووری وسیاسەت، ئاشنا لە گەڵ شێعر و ئەدەبیاتی فارسی و خاوەنی باوەڕێکی قووڵ بە دێمۆکراسی ، سەربەخۆیی و ئازادی و یەکپارچەیی ئێران و، خوازیاری جێگیر بوون و بەدیهاتنی حاکمیەتی نیشتمانی لە وڵات دا کە ماناکەی بە پێی قسەی ئەو، وەدیهاتنی خودموختاری لە کوردستان بوو.

ئەو کات قاسملوو ژیانی نهێنیی نەبوو. لە گەڵ ئەوەش دا ئیمام بە هێرش کردنە سەر ئەو و شێخ عیزەدین حوسێنی، رێگای بەشدار بوون لە مەجلیسی خیبرەگانی لێ گرتبوون، بەڵام کاك عەبدولڕەحمان ئەوەندەی بڕوای بە خۆ هەبوو کە لێرە و لە وێ، لە مەهاباد، نەغەدە و سەردەشت وەدیار کەوێ و تەنانەت جار و بارە سەرێکیش لە ورمێ هەڵێنێ و لەو کۆڕانە دا کە بۆ رێز گرتن لە خەباتگێڕانی کورد دا پێك دەهاتن، بەشدار بێ. راستی یەکەی ئەوم لە وانی دیکە کە سەروبنی قسەیان کوردستان بوو بەرزتر هاتە بەر چاو. ئەو رووی قسەکانی لە هەمووی ئێران دا بوو. لێیان راسپارد بچێتە تاران و جڵەوی کاروباری کوردستانیان دایە دەستی چەمران و، خەڵخاڵی و داروودەستەکەی هاتنە سنە و مەهاباد تا هەر کەسێك ناوی دێمۆکراسیی بە زار دا دێ، دەستبەجێ گوللەبارانی بکەن. هیچ کات ئەو شەوەم لە بیر ناچێ کە هاوڕێ کوردەکەم، فەرهادی رەشید، لە حاڵێك دا فرمێسکی خوێناوی لە چاو دەتکان، وێنەی دوو براکەی هێنا کە بە دەستی هەڵبەستراو و ئەوەکەی دی کە خەریکی خوێندنی دوا ساڵی لە زانستگە بوو، بە لاقی هەتا نێو قەد لە گێچ دا، لە زەویی فرۆکەخانەدا و بە بڕیاری خەڵخاڵی– موفتی زادە، لە تەنیشت هەشت

قارەمانی دیکە، گوللە باران دەکران. ئەم وێنەیە کە بەختی چاپ و بڵاو بوونەوەی بۆ ڕەخسا، ڕەنگە زیندووترین بەڵگەی جینایەتی ڕێژیمێك بوو کە دەیویست عەدڵ و دادی ئیسلامی لە ئێران دا پەرە پێ بدا و، کورد و تورك و بەلوچ و فارس و عەرەب و... لە سەر خوانی دادپەروەری و لە سەرچاوەی تەبایی و برایەتیی ئیسلامی، تێر و پاراو بکا.

قاسملوو زۆر زوو تامی عەدالەتی ئیمامی چێشت. ئەگەر ئاگربارانی گوندی قاڕنی و پاشان کوشتاری بە کۆمەڵی دانیشتووانی، سەرەتای کار بوو، گەمارۆی نەغەدە و پاشان هاتنی چەمران و چەکدارەکانی و مل لە زنجیر کردنی کوردەکان و هەڵاوەسینیان بە پەنجەرەکانی دەفتەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بەر لە وەی گوللە باران بکرێن، ئیدی هیچ گومانیان بۆ دوکتور قاسملوو نەهێشتەوە کە ئەم خەلیفە مەندیل بەسەرە، بە جێ پێی شایە تاجدارەکەش دا ناڕوا. نە " اصول " ی قەبووڵە نە " فروع "، پەکیشی بە کەس نەکەوتوە، بۆشی گرنگ نیە کە ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست، ڕێکخراوی نێو نەتەوەیی لێبووردن و بە گشتی کۆمەڵگای جیهانی لە سەر کردەوە دژی ئینسانی یەکانی و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ، مەحکوومی بکا. هێرشە پەیتا پەیتاکان کە لە هەوا و زەوی یەوە دەکران و خەنجەرلەپشتدانی حیزبی توودە، قاسملوویان ناچار کرد چاو بە بەرنامەکانی دا بخشێنێتەوە . ئەو هاتبوو تا کۆتایی بە ڕەنج و مەینەت و بێ بەشی یەکانی گەلی کورد بێنێ نەك " بیانکا بە گۆشتی سەر چەپەرێ " بۆ خومەینی. بەم جۆرە بوو کە دوکتور قاسملوو لە کۆتایی یەکانی ساڵی ١٣٥٨ دا وازی لە مانەوەی بەربڵاو لە شارەکان و تێکۆشانی حیزبی و سیاسی و هەر لەو کاتەدا دیفاع کردن لە خۆ هێناو، ڕووی کردە هێرش کردن و خۆ وەدەست نەدان و جێگیر بوون لە گوندەکان و ناوچە شاخاوی یەکان.

لە شار سادە دەژیا، لە چیا سادەتریش. لە گەڵ ژنێك دا دەژیا کە یادگاری ڕۆژانی دوور خرانەوە بۆچیکوسلۆواکی بوو و جلکی کوردی دەکردە

بەر و خەمخۆر و یارمەتیدەری ژنانی کورد بوو.

لە چیا دڵی هەمووانی دەدایەوە، فرمێسکی چاوانی دەسڕین و دەیگوت نیگەران مەبن هەتا هەبم نیشتمانی باب و باپیرانم دەپارێزم.

ئێستا منیش لەم شەوە دا لە نێوەندی شەقامەکانی ڤییەن دا لە خۆم دەپرسی : لەمەو دوا کێ نیشتمانی باب و باپیران دەپارێزێ ؟

هاوڕێ یەکی کورد کە لە سیمای دوکتور قاسملوو دا سمایل ئاغای سمکۆ ( یان وەك ئێمە دەڵێین سمیتقۆ ) و حەمە رەشید [خان] وقازی محەمەدی یەکڕا بەدی دەکرد، لە تەنیشتم دانیشتووە و بە دەنگێگی بە سۆزەوە دەڵێ :

هۆ براکەم ! برا ئازیز و رەشیدەکەم!

لە ترۆپکی چیاکانەوە بڕوانە، دوژمن بە فێڵ بەرگی دۆستی کردۆتە بەر گیانەکەم، برایەکەم، رەحمانەکەم، قاسملووەکەم، دوکتورەکەم، خەمخۆرەکەم !

...

به پاوه چ بێژم ؟ چی وەڵامی مەهاباد بدەمەوە ؟
به سنه کە سەر هەتا پێ ئاگرە، بە چ ڕوویەك بڵێم :
چەم وشك بوو، دەریا کوێر بۆوە، باران وەستا، هەتاو رۆیی

...

هەروا رێگا دەبڕین، ئەو دەیڵێ و من بیر لە سێ چوار رۆژ پێشتر دەکەمەوە. لە گەڵ کاك عەبدوڵڵا قادری بەرپرسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران [ لە ئورووپا] لە گەڵ دوکتور قاسملوو دیدارێك رێك بخەین. وتم عەلیی لیمونادیی دۆستمان کە بەڕێوەبەری تەلەویزیۆنی ئێرانی یەکان لە لۆس ئانجلێسە، وەك سالانی رابردوو، ئەم ساڵیش هاتۆتە ئورووپا و دەیهەوێ چاوی بە دوکتور بکەوێ. گوتی سەفەرێکی کورتیان لەبەرە و، باشترین کات بۆ ئەم چاو پێکەوتنە ئێوارەی شەممۆی داهاتوویە. چونکە شامی شەوی هەینی،

یا بەرەبەیانی شەممۆ دەگەڕێتەوە پاریس. پاشان گوشی یەکەی دایە دەستی دوکتور.

بەر لەوەی بچێتە سوئێد، بە کورتی قسەم لە گەڵ کردبوو. ئێستا پێی ڕاگەیاندم کە لە [ کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست ]لە لایەن خەڵکی ئێرانەوە بەشدار بووە. وشەی ئێرانی بە تەئکید دەگوت. گوتم حیزبێك کە پێی لە سەر خاکی نیشتمانە، هەر دەشێ وەك نوێنەری خەڵکی ئێران لە ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست دا بەشدار بێ.

پاشان باسی وەلید جونبەلات، جێگری سکرتێری گشتیی ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیستەکان و ڕێبەری حیزبی سۆسیالیستی پێشڕەوی لوبنانی کرد لە ماوەی بەڕێوە چوونی کونفرانسەکە [ کۆنگرەکە] دا زۆر بە توندی دیفاعی لە مافی کوردەکان کردبوو، و کردەوە دژی ئینسانی یەکانی دژ بە کوردەکانی ئێرانی مەحکووم کردبوو. گوتم : جونبەلات شتی وای لێ نایە. لەم دوایی یانە دا بۆنی دۆلارە ئیسلامی یەکانی بۆ چووە و نوشتووی ئایەتوڵڵاکان پیس کاری لێ کردوە. گوتی : فەزای کۆنفرانسەکە جۆرێك بوو کە ناچار بوو لە خێری چەند میلیۆن دۆلاری بەڵێندراو لە لایەن تارانەوە چاوپۆشی بکا و بە لایەنگری لە ماف کوردان قسە بکا. پاشان قسەکانی هێنایە سەر دیدار و چاوپێکەوتنەکانی خۆی لە پاریس. گوتی فەزای پاریس گۆڕاوە. هەر لە جێ دا فەزای ئۆپۆزیسیۆن بە دوای مەرگی خومەینی دا گۆڕاوە. کەم و زۆر هەموو لا بۆیان دەرکەوتوە کە بە تەنیا ناتوانن کارێکی ئەوتۆ بکەن، کەم کەم دەبیسم کە پێ لە سەر خۆ داگرتن و " من من " کردن کەم بۆتەوە، تەنانەت کوڕی شاش بۆی دەرکەوتوە ئەوانەی " اعلیحضرت " ی پێ دەڵێن، پێی ڕادەبوێرن. ئێستا ئیدی لە هەموو جێ یەك باس باسی حاکمییەتی میللی و مافە ڕەواکانی قەومەکانی ئێران، [ ئێستا ئیدی ] ڕێز دانان بۆ فەرهەنگ و داب و نەریتەکان و ویست و بڕیاری کەمایەتی یەکان، تاوان نیە. تاوانبار ئەوانەن کە دەیانهەوێ لێرەوە بڕیار لە سەر چارە نووسی خەڵك بدەن و لە بەرگی

ئاریامێهری، نیزامی یان شەخسی دا جارێکی دیکە دام و دەزگای فێرعەونی بێننەوە سەر کار.

زۆر خۆشحاڵ بوو کە خەڵك دەستی ئەوانەی خوێندۆتەوە و ئیدی کەس فریو نادریێ. تەنیا نیگەرانی یەك کە هەیبوو، ئیحتمالی هێرشی رێژیم بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان بوو : " بە هەر جۆرێك بووە دەبێ پێشی ئەو هێرشە بگیرێ. ئێمە ئیمکاناتێکی کەممان هەیە و پشتمان بە هیچ کوێوە نیە. ئەم دوازدە هەزار رۆڵە فیداکارە و دەیان هەزار ئینسانی لەخۆبردوو و ئازادەی کوردستان، سەرمایەی وڵاتن، نابێ رێگا بدەین میراتگرانی خومەینی، لەسەر زەویی ئێمە دا رووباری خوێن وەڕێ بخەن ".

زۆری شایی بە سەفەری خۆی بۆ ئەمریکایە بوو. چەندین رێکخراوی نێونەتەوەیی لایەنگری ماف مرۆڤ،کەمایەتی یەکان و ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی ئازادیخوازی کۆنگرە بانگهێشتنیان کردبوو تا بۆ روونکردنەوەی هەلومەرجی خەباتی خەڵکی کوردستان و بەربەرەکانیی میللەتی ئێران لە گەڵ سەرەڕۆیی و کۆنەپەرستی، سەردانی ئەمریکا بکا و وێڕای قسەکردن بۆ ئەوان، لە گەڵ ئەم کۆڕ و کۆمەڵانە و شەخسییەتەکانیش چاوپێکەوتن و وتووێژ بکا. دوکتور قاسملوو دەیهەویست لە سەفەری خۆی بۆ ئەمریکا دا، لە هەموو جێ یەك بانگی یەکگرتن بدا و بڵێ :

" ئێستا ئیدی کاتی دەست وێکدان و یەکبوونە. "

گوتم لە هەموو ئەو گیروگرفتانە دا کە لەسەر رێی هاتنی من بۆ فەرانسە هەن باوەڕم بە بەڵێنی ئەو دۆستەم هەیە کە کاردرووستایی سەفەرەکەی گرتوەتە ئەستۆ. هەر بۆیە هیوادارم کە بتبینم و هەتا ئەو رۆژە دادێ " لیمونادی " وەکیلی منیشە بۆ دیتنت. نەمدەزانی ئەم دیدارە تەنانەت بە نەسیبی ئەویش نابێ. پێنج رۆژ دواتر، ئێوارە درەنگانی چوارشەممۆ، کاك عەبدوڵڵا تەلەفوونی بۆ کردم. پەیامی منی پێ گەیشتبوو و جارێکی دیکە پێی داگرتەوە کە ئێوارەی شەممۆ لە پاریس دەبن. بە لیمونادی کە لە تەنیشتم

**وێستابوو، گوتم خەمت نەبێ و پرسیارەکانت ئامادە بکە.**

**هەواڵەکەم کە بیست، زمانم نەدەگەڕا، تا ئێستا هەواڵی لەوە تاڵترمان نەبیستبوو. دوکتور لە تەمەنی ٥٩ ساڵی دا بە گوللەی رق و کینی سەربازانی بێناوی ئیمامی زەمان بەو شێوەیە کە لە دەزگای " حوجەتولئیسلام رەیشەهری " دا بە چاکی فێری بوون، کۆتایی بە ژیانی هاتبوو. لە تەنیشتیشی یەوە کاك عەبدوڵلا و کاك رەسووڵ کە هی ئەودیوی سنوورەکان بوو...**

(*)ئاغای ئیسماعیل پوروالی رۆژنامە نووسی بە ئەزموون و ناسراوی ئێران و سەر نووسەر و خاوەن گۆڤاری بە نرخی " روزگار نو " کە لە پاریس دەردەچوو.بە داخەوە شەوی ٢٢ی خەرمانانی ١٣٨١ کۆچی دوایی کرد.

**ئەم وتارە لە ژمارە ٩٠ی گۆڤاری "روزگار نو" چاپی پاریس، گەلاوێژی ١٣٦٨ بە زمانی فارسی چاپ و بڵاو بۆتەوە.**

**وەرگێڕاوی کوردیی ئەم وتارە لە ژمارە٤ی گۆڤاری "تیشك"،پووشپەڕی١٣٧٨دا، کە لە لایەن کۆمیسیۆنی فێرکردن و لێکۆڵینەوەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوەدەردەچی بڵاو بۆتەوە. هەر وەها لە کتێبی"دوکتور قاسملوو،رێبەرێکی مودێرن و شۆڕشگێڕێکی دیموکرات"دا، (کۆ کردنەوە و ئامادە کردنی کاك کاوەی بەهرامی)، بێ ئەوەی ئاماژە بە ناوی وەرگێڕ و سەرچاوە کوردی‌یەکە کرابێ، بڵاوکراوەتەوە!**

# قاسملووی ژیرو زانا سەفیرێکی هەڵسووڕ بۆ جووڵانەوەیەکی بێ یار و یاوەر

مارك كراويتيز

عەبدولرەحمان قاسملوو کە ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩ لە ڤییەن تیرۆر کرا، هەم وەك رێبەری یەکێك لە کۆنترین و رەسەنترین بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی نەتەوەیی و هەم لە باری سەرنجراکێش بوونی کەسایەتی یەوە، هەروەها لە باری ئیعتیبار و نفووری نێونەتەوەییشەوە بەو توانا و لێهاتوویی یە کەم وێنەیە ئەگەر نەڵێین بێ وێنەیەی لە شیکردنەوەی داب و نەریتەکان و خەباتی گەلێکی هەزار ساڵە لە توێی بایەخەکانی دوا ساڵەکانی سەدەی بیستەم دا کە بریتین لە : ئازادی، دیموکراسی وئەنتێرناسیۆنالیزم، پیاوێکی بێ هاوتا بوو. بەڵام بۆ خەڵك [ ی جیهان ] ئەوەندە نەناسرابوو و لەوانەیە ژمارەیەکی زۆر لە ئینسانەکان، لە بوون و مەرگی ئەو هاوکات ئاگادار بن.

قاسملوو نە کارەکانی شاراوە بوون و نە ژیانێکی نهێنی و پڕرەمز و رازی هەبوو. ئەو کە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەگەر پێویست بوایە سەرکردەیەکی شەڕ و لەمەش زیاتر رێبەرێکی سیاسی بوو، ئۆگری دیالۆگ و باسکردن و هەبوونی پێوەندیی گەرم و گوڕ بوو. ئەو سەفیرێکی هەڵسووڕ و بەهەست بوو بۆ بزووتنەوەکەی و، بۆ باشتر ناساندنی، سەفەری بۆ سەرانسەری جیهان دەکرد. بەڵام ژیان لە نێو پێشمەرگەکان لە خانوویەکی قوڕین – لە قووڵایی دۆڵێك و لە سنوورەکانی نێوان ئێران و عێراقی دا –زیاتر پێ خۆش بوو . ناوچەیەك کە زوو زوو ناچار بە گوێزە گوێز و گۆڕینی شوێنی ماڵ و بنکەکەی دەبوو. بەڵام کتیبخانەکەی هەمیشە لە گەڵ بوو.

ئۆگر و ئەویندارى کتێب و شەڕابی چاك بوو. دیارە زۆر بە هاسانی

دەیتوانی چاوپۆشی له دووهەمیان بکا بەڵام لە یەکەمیان نا. هەروا کە زۆر بە سانایی لە سەر مێزی خواردن لە پاریس دادەنیشت، هەر بەو هاسانی یەش تەنیایی و ژینی سادەی لە هەوای ساردی زستانە سەختەکانی چیاکان دا تەحەممول دەکرد. لە تەمەنی نزیك ٦٠ ساڵی –لە دیسامبری داهاتوو دەبوو بە ٥٩ ساڵ – سەفا و گەرم وگوڕی و خۆمانە بوونی ئینسانێکی وریای ڕۆژهەڵاتی لە گەڵ دینامیزمی پیاوێکی لاو و، وردبینیی ئەندامێکی فەرهەنگستان ( کۆڕی زانیاری ) و زەوقی ئەویندارێکی ژیان ئاوێتە کردبوو. قاسملوو هەر بەو ڕادەیە کە لە سەر بیروڕاکانی خۆی سوور بوو، ئەوەندەش پیاوی مەیدانی کردەوە بوو..ئەو بە هاسانی دەیتوانی توند و تیژیی پێویست بۆ خەباتێکی سیاسی ـ چەکدارانە لە گەڵ شك و گومانێکی سەرچاوە گرتوو لە ژیانی زانستیی خۆی ئاوێتە و یەکدیگر بکا.

قاسملوو لە بواری ئابووری دا پلەی دوکتۆرای هەبوو، ئۆگری مێژوو و ئەدەبیات بوو و بە تایبەتی لە شێعری کوردی، فارسی و عەرەبی دا، شارەزا بوو. جگە لەمەش بە هاسانی وتەکاتی ویکتۆر هۆگۆ، بۆدلێر، واڵت ویتمەن یا تی. س. ئیلیۆتی بە نموونە دێناوە. ئینسانێکی سەمیمی، بێ فیز و خۆشەویست بوو و ئەوەندەی بە پاراوی و بە هاسانی بە شەش حەوت زمان قسەی دەکرد و دەینووسی، ئەوەندەش کەیفی بە نوکتە و قسەی خۆش دەهات. لە گەڵ هەر کەس دوابا و هەڵسوکەوتی هەبا چ لایەنگرانی بزووتنەوە [ ی ژێرڕێبەرایەتی ]ی خۆی، چ ڕووناکبیران، دوکتوران، وەزیران، سەفیرە گەورەکان و سیاسەتمەدارانی چەپ و ڕاست، هەستێکی وەك یەکی تێدا پێك دێنان. هەموویان، تەنانەت ئەگەر ماوەیەکی زۆر لەوە پێشیش چاوپێکەوتن و وتووێژیان لە گەڵ بووبێ، پێ لەم ڕاستی یە دەنێن کە شەخسییەتی دوکتور قاسملوو کاری تێ کردوون و بۆ لای خۆی ڕای کێشاون. لەم سەدەیە دا کەم کەس هەیە ئەو هەموو ئینسانە جۆراوجۆرە لە بارەی شەخسییەتەکەیەوە هاودەنگ بن.

قاسملوو ژیانی سیاسیی خۆی وەك كۆمۆنیستێك و لە حیزبی توودەی ئێران دا دەست پێ كرد و هەتا ئاستی ڕێبەرییش لەو حیزبەدا چووە پێش. پاش پازدە ساڵ گوتنەوەی دەرسی ئابووری لە [ زانستگەی ] پراگ، لە ئووتی ١٩٦٨ لە سەر مەسەلەی دەخاڵەتی شوورەوی لە كاروباری چیكوسلۆواكی دا، وازی لە حیزبی كۆمۆنیست هێنا. ئەگەرچی بیرۆڕای تێكەڵ بە دەمارگرژی و دووگماتیكی ماركسیزمی وەلانا، بەڵام قەت حاشای لە رابردووی خۆی نەكرد. بەڵكوو بە هەڵەكانی خۆی دا چۆوە و بۆ تێگەیشتنی ئەم مەسەلەیە كە لە كوێ و كەنگێ دادپەروەری لە گەڵ بێعەداڵەتی و راستی لە گەل درۆ و -–تەنانەت لە گەڵ تیرۆر و وەحشەت – دا ئاوێتەی یەك بوون، هەلومەرج و بارودۆخە سیاسی یە جیاوازەكانی شی دەكردەوە و لێك دەدایەوە. ئەو بە تایبەتی زیرەكی و هەستێكی ئەوتۆی هەبوو كە گیروگرفتەكانی خەباتی سیاسی لە كۆمەڵێكی " دواكەوتوو " دا بە باشی تێ دەگەیشت ( بۆخۆی هەموو جارێ وشەی دواكەوتووی بەكار دەهێنا ). كۆمەڵێك كە بە هۆی نەبوونی هەرچەشنە پێوەندی یەك لە گەڵ دنیای دەرەوە داو بە هۆی بێبەشی لە مافی بیروڕا دەربڕین و بڕیاردان، تەنانەت لە بواری دەستراگەیشتن بە فەرهەنگەكەی خۆشی دا، وەدوا كەوتوە. بەڵام ئەو ئامادە نەبوو ئەم دواكەوتوویی یە بكا بە بیانوویەكی ئیدئۆلۆژیكی بە مەبەستی پەنا بردن بۆ زێدەرۆیی جۆراوجۆری وەك برەو پێدانی توند و تیژی تەنیا لە بەر نەفسی توند و تیژی، برەو دان بە پەرستنی شەخسییەتی ڕێبەر ( كیش شخصیت ) لە ڕێكخراوەیەكی سیاسی دا، یان دیكتاتۆریی حیزبی سیاسی بە سەر گەلێك و هتد دا.

جگە لە مەش، لە گەڵ ئەو بۆچوونە دا نەبوو كە گرینگ نیە لە پێوەندی یە گشتی یەكان و لە وتووێژ لە گەڵ راگەیەنە گشتی یەكان دا، بە جۆرێك بدوێ، بەڵام لە مەیدانی كردەوە دا ئەو قسانەی كردوونی لە بیر خۆیانی بەرێتەوە.

شانازیی گەورەی كە هیچ كات لە دووپات كردنەوەی ماندوو

نەدەبوو،ئەوە بوو کە ئەوەندەی دەگونجێ دەبێ بایەخ و ئیدەئالە ئینسانی یەکان لە تێکۆشان و کاروباری ڕۆژانەی بزووتنەوە دا، ڕەنگدانەوەیان هەبێ. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هیچ کات لە گەڵ زیندانی یەکان بە خراپی ڕەفتاری نەکردوە. لە پێوەندی و هەڵسوکەوت لە گەڵ خەڵك دا پەنای بۆ فشار و زۆرەملی نەبردوە. قەت بارمتەی نەگرتوون، هیچ کات فڕۆکەی نەڕفاندوە یان لە نێو ئوتوبووسێك، بازاڕێك یان یەکێك لە شارەکانی دوژمن دا بۆمبی نەتەقاندۆتەوە.دیارە حیسێبی شوێن و ناوچە نیزامی یەکان جوێیە. قاسملوو ئەگەرچی ئینسانێکی بێباك و نەترس بوو، بەڵام لە باری ئوسووڵی یەوە دژی تیرۆریزم بوو، ئەگەرچی دەیزانی دەبێ چ نرخێکی گران بابەتی هەڵوێستێکی لەم بابەتە ببژێرێ. هەر بۆیە زۆر جار وێڕای ئیشارە کردن بەم مەسەلەیە، زۆر بە داخەوە نارەحەتی لەوە دەردەبڕی کە ڕاگەیەنە گشتی یەکان گرینگی یەکی ئەوتۆ بە مەسەلەی کوردەکان نادەن. جارێك لە جێ یەك نووسیبووی : تاقمێکی بچووك دەتوانێ لە ڕێگای بارمتە گرتنەوە، یان دانانەوەی بۆمبێك ناوبانگێکی زۆر بۆ خۆی پەیدا بکا، ئەوەش لە حاڵێك دایە کە بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەیی یەکان کە پەنا بۆ تیرۆریزم نابەن، بە تەواوی لە بیر کراون.

نوامبری ١٩٧٩، هەر لە یەکەم ڕۆژی بە بارمتە گیرانی دیپلۆماتەکان و کارمەندانی سەفارەتی ئەمریکا لە تاران دا، ئەم کردەوەیەی مەحکووم کرد. بە بڕوای دوکتور قاسملوو، ڕزگاریی ئێران لە ژێر دەسەڵاتی ئەمریکا، یان ڕزگاربوونی دنیای سێهەم لە زلهێزێکی ئیمپریالیستی، هەر وەك لە بەرنامەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دا هاتوە، ئامانجی درێژخایەنی خەباتێکی سیاسی یە کە ئازادی و دێمۆکراسی بۆ هەمووانی بە دواوەیە.

بەم حاڵەش سەرەڕای بوختانەکانی ڕێژیمی تاران، واشنگتۆن ئاوڕێکی لە کێشەی کورد نەدایەوە. ئەگەرچی دیپلۆماسیی ئەمریکا لە شەڕی کوردەکان لە گەڵ دەوڵەتی عێراق ( ١٩٧٥-١٩٦١ ) چالاکانە وەخۆ کەوت، بەو هۆ

ستراتیژیکی یانەی کی سینجێر شییان دەکاتەوە و لە مێشکی خۆی دا بە نیازخراپی یەوە بیریان لێ دەکاتەوە، دەوڵەتی ئەمریکا هیچ کارێکی بە مەبەستی خزمەت بەم کێشەیە نەکرد. قاسملوو بۆخۆی هەتا مانگێك بەر لە مردنی کە ویزای سەفەر بۆ ئامریکای پێ درا ، قەت ڕێگای چوون بۆ ئەمریکای پێ نەدرا. ڕاست لە ڕۆژەکانی بەر لە سەفەری ڤییەن، خۆی بۆ سەفەری ئەمریکا ئامادە دەکرد، وڵاتێك کە ئەو هیوادار بوو بۆ ناساندنی کێشەی کورد زۆری هەوڵ تێدا بدا. ئەگەر چی لە سەر ئاکامە سیاسی یەکانی سەفەرێکی ئەوتۆ، زۆریش ناڕوون نەبوو.

ئەو چاك دەیزانی کە هاوپێوەندی و هاودەردیی بەشێك لە خوێندەوارانی جیهان لە گەڵ کێشەی کوردەکان ( نەك هەر لە گەڵ ٥ میلیۆن کوردی ئێران بەڵکوو لە گەڵ ٢٥ میلیۆن کورد کە بە سەر چەند وڵات دا، دابەش کراون ) ئەگەرچی بەر بەرینتریش بێ، بە هیچ جۆر ناتوانێ دیپلۆماسیی دەسەڵاتە گەورەکان و تەنانەت دیپلۆماسی یە ئورووپایی یەکانیش بە قازانجی کورد، ببزێوێ. چونکە هەر لە جێ دا ئەوان لە بیری قازانجەکانی خۆیان دان.

ئەو بە هۆی ئەو هەموو سەفەرانەی بە تایبەتی بۆ ئورووپا کردبوونی، ئەم ڕاستی یەی بۆ دەرکەوتبوو. چونکە ئەگەرچی بە گشتی ڕێزیان بۆ دادەنا، بەو حاڵەش زۆر بە کەمی لە کۆڕ و کۆمەڵە ڕەسمی یەکان دا وەردەگیرا. لە باشترین حاڵەت دا بە کەلکوەرگرتن لە دۆستایەتیی لە مێژینە و پێوەندیی [ حیزبەکەی ] خۆی لە گەڵ ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست، جاروبار دەیتوانی کەمێك یارمەتیی مرۆڤدۆستانە بۆ گەلەکەی وەدەست بێنی یان لە ڕێگای دوستێکی یەوە، گیروگرفتێك کە بۆ وی گرنگ بوو، چارەسەر بکا. ژان فرانسوا دیناو، یەکێك لە وەزیرەکانی کابینەی ژیسکار دێستەن، بە هەستێکی تا ڕادەیەك دۆستانەوە باسی ئەوەی دەکرد کە سەردەمێك دوکتور قاسملوو ئەوی خستۆتە ژێر فشار، تا سەرەنجام توانیویێتی فەرهەنگێکی فەرانسە – کوردی

كه له مێژ بوو چاوەڕوانی چاپی دووباره بوو، سەر له نوێ چاپ بكاتەوه.

قاسملوو ئینسانێكی ریئالیست بوو. باش لە بیرمە جارێكی گوتی لە كۆتایی سەدەیەك دا كە هەوڵدانی نەتەوە جۆراوجۆرەكان بە مەبەستی سەقامگیر كردنی ناسیۆنالیزمێكی لەرزۆك و ناقایم، لە تایبەتمەندی یە بەر چاوەكانیەتی " هەر چەشنە هەوڵدانێك بۆ تێكدانی نەخشەی جوغرافیا بەو مەبەستە كە ئیجازە بە كوردەكان بدرێ لە سەر وێرانەكانی ٣ نەتەوەی دیكە، وڵاتێكی سەربەخۆ پێك بێنن " ناتوانێ شتێكی دڵخواز بێ. هەر بۆیە خودموختاریی بۆ كوردستانی ئێران دەویست نەك سەربەخۆیی بۆ كوردەكان. بەڵام دوژمنەكانی لە تاران پێیان وابوو ئەمە هەر تاكتیكێكی فریو دەرانەیە ، تاكتیكێك كە بە شێوەیەكی ناشیانە بۆ شاردنەوەی بیرۆڕای جیاوازیخوازانە كە ناوێرێ دەری ببڕێ و یەكەم هەنگاوە بۆ پێكهێنانی " كوردستانی گەورە " و یەكگرتوو كردنی كوردەكانی ئێران، عێراق، توركیە و تەنانەت كوردەكانی سووریە و یەكیەتی شووروەوی، كەلكی لێ وەردەگرێ.لەم بارەوە تەنانەت كەسێكی نائاخوندی وەك بەنی سەدریش لە گەل ئاخوندە بنیاتگەراكان تەواو هاو بیروڕا بوو.

دەستووری كوشتنی قاسملوو، لە ساڵی ١٩٧٩وە كە وەك تەنیا كەسی غەیرە رووحانی بۆ مەجلیسی " دامەزرێنەران " هەڵبژێردراو، لە بەر هۆی ئەمنییەتی لە چوون بۆ تاران خۆی پاراست، درا بوو. ئایەتوڵڵا خومەینی لە وتووێژێكی تەلەویزیۆنی دا بە ئاشكرا بە داخبوونی خۆی لە نەهاتنی ئەو دەربڕی و گوتی : " خۆزگە هاتبا. من وام دانا بوو ئەگەر هاتبا لێرە رامگرتبا".

سێزدەهەمی ژوئیە رۆژی جێژنی گەورەی موسوڵمانان [جێژنی قوربان] بوو، هەروەها شیعەكانیش لەم رۆژەدا، رێزیان لە چلەمین رۆژی مەرگی خومەینی دەگرت. داخوا ئەمە شتێكی بە رێكەوت بوو ؟ ئایا ئەو بكوژانەی بەرگی نوێنەرانی ئاشتییان كردبووە بەرو، لە لایەن هاشمیی رەفسەنجانی یەوە مەئمووریەتیان پێ درا بوو و بە پاسپۆرتی دیپلۆماتیكەوە كە ویلایەتی [

وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ] ئیمزای کردبوون، لە تارانەوە هاتبوون، بە ئەنقەست لەم رۆژەدا کە رۆژی تازیەباری بوو، فەرمانی کوشتنیان بەجێ گەیاند ؟!

ئەم وتارەساڵی ١٩٨٩ لە ژمارەی ٧ی ئووتی رۆژنامەی لیبراسیۆن دا بڵاو ببۆوە، بەڵام نەکرابوو بە کوردی. ساڵی١٣٧٨ بردمە خزمەت کاك فەتاح کاویان، وەری گێڕایەسەر زمانی فارسی، منیش کردم بە کوردیو لە ژمارە ٢٧٢ی رۆژنامەی "کوردستان"،تایبەتی ١٠ ساڵەی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو دا بڵاوم کردەوە.

هەر وەها لە کتێبی"دوکتور قاسملوو، رێبەرێکی مودێڕن و شۆرشگێرێکی دیموکرات"دا، (کۆ کردنەوە و ئامادە کردنی کاك کاوەی بەهرامی) بڵاوکراوەتەوە،بەڵام ناوی سەرچاوە ی بابەتەکە(رۆژنامەیکوردستان) نەهاتوە وئاماژە بەم رستەیەش نەکراوە کە "کارزان لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە فارسی".

# چەند پەیامی هاودەردی له یەکەمین ساڵوەگەڕی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو دا

## پەیامی کۆمارخوازانی میللیی ئێران

بەڕێز بێ یادی " عبدالرحمن قاسملوو " و " عبدالله قادری "

ساڵێك بە سەر تیرۆری عەبدولڕەحمان قاسملوو دا تێ دەپەڕێ. بە تیرۆری قاسملوو میللەتی ئێران و خەڵکی کوردستان یەکێك لە شەخسییەتە گەورەکانی خۆیان لە دەست دا. ئەزموونی ژیانی پڕ لە هەوراز و نشێوی قاسملوو، ئەوی هێنابووە سەر ئەم بڕوایە کە عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و بەختەوەریی خەڵکی کوردستان و هەموو میللەتی ئێران بەستراوەتەوە بە جێگیر کردنی حکوومەتی خەڵك و لەبەر چاوگرتنی مافی ئەفراد و زۆر بوونی بۆچوونە سیاسی یە لێك جیاوازەکان لە کۆمەڵ دا.بە ئیبتیکاری دوکتور قاسملوو بوو کە سۆسیالیزمی دێموکڕاتیك بوو بە ڕێبازی جێگرتوو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا و، ئەم حیزبە یەکەم حیزبی چەپی ئێران بوو کە بە هەڵسەنگاندنی شێوە بیرکردنەوەی چەپی سوننەتی، دێموکراسیی وەك ئامانجی بەرز و ئامانجی دوارۆژی خەباتی خۆی دیاری کرد. بەستراني ڕێکوپێك و یەك لە دوای یەکی پلینۆم و کۆنگرەکانی ئەو حیزبە لە دژوارترین ترین هەلومەرجی شەڕدا و وەپێش خستنی داوای " دێموکراسی بۆ ئێران " باشترین نیشانەی جێگا و شوێنی دێموکراسی لە بەرنامە و کردەوەکانی ئەم حیزبە دان. با گرینگیی خەبات بۆ دێموکراسی لە ئێران دا لە زمانی دوکتور قاسملووە ببیسین :

" دەمەوێ ئەوەش زیاد بکەم کە ئێمە دێموکراسی لە ئێران دا وە پێش خودموختاری دەخەین. بە دوو هۆی سەرەکی : یەکیان ئەوە کە حیزبێکی بە

تەواوی دێموٚكراتیكین و باوەڕمان بە دێموٚكراسی لە نێو حیزب و پلوٚڕالیزم لە دەرەوەی حیزب، واتە لە نێو وڵات دا هەیە، هەر بوٚیە لە سەر دێموٚكراسی پێ دادەگرین... هوی دیكە ئەوەیە كە گریمان لە كوردستان دا خودموختاریشمان وەدەست هێنا، بوٚ ڕاگرتنی خودموختاری دوو ڕێگامان زیاتر نیە. یا چەكدار بوون و بە كلاشینكوٚف دیفاع كردن، یان پێكهێنانی هەلومەرجێك كە لە درێژخایەن دا خودموختاری بپارێزێ. ئێمە جگە لە دێموٚكراسیی سەرانسەریی ئێران و جێگیر كردنی دێموكڕاسی یەكی ڕاستەقینە لە ئێران دا هیچ دەستەبەرێكی دیكە بوٚ خودموختاری نابینین ".

دوكتور قاسملوو بە هەڵسەنگاندنی واقیع بینانەی هەلومەرجی ئێران و ڕوٚژهەڵاتی نێوەڕاست بەو ئاكامە دروستە گەیشتبوو كە كوردستان ڕێگا چارەی نیزامی نیە. هەر لەبەر ئەمەش بوو وتووێژی بە ڕێگایەكی پێویست بوٚ گەیشتن بە ئامانجەكانی حیزبەكەی دادەنا. ئەمڕوٚ ئیدی گومانێك نەماوە كە ئەو كەسانەی دەستیان بە خوێنی ئەو سوور كردوە، ویستوویانە لەگەڵ هەر جوٚرە وتووێژێكی نێوان هێزە سیاسی یەكان دژایەتی بكەن. ئەو جینایەتە كاری كەسانێكە كە دەیانەوێ درێژە كێشان یا جێگوٚڕینەوەی سەرەڕوٚیی لە ئێران دا، تەنیا و تەنیا لە ڕێگای شەڕ و خوێنڕێژی یەوە جێبەجێ بكرێ و پاوانكردنی دەسەڵات لە دەستی تاقمێك دا، وەك قانوونی زاڵ بە سەر مەیدانی سیاسەتی ئێران دا بمێنێتەوە. ڕقەبەرایەتیی سیاسی، بیر چەوتی و ڕادیكالیزمی خەڵك هەڵخەڵەتێنەری زاڵ بەسەر بەشێك لە فەزای سیاسیی ئێران دا، بووە بە هوٚی ئەوە كە زوٚر ڕێكخراوی سیاسی، بە تایبەتی لە بەرەی چەپ بیانەوێ بە كەلكوەرگرتن لە هەستی وەجوٚش هاتوو لە كوٚچی دوایی قاسملوو و قادری، سیاسەتی دروست و ئوسوولیی حیزبی دێموٚكراتی كوردستانی ئێران، لە پێوەندی لەگەڵ پێویستیی وتووێژدا بە خراپ نیشان بدەن و، بە جێگای تێگەیشتن لە مانای واقیعیی ئەو شتە نوێ یە لە ڕوانینی سیاسی دا ، هەتا ڕادەی ساتوسەودای سیاسی بیهێننە خوارێ. باشترین وڵامی ئەو توٚمەتانە

دەبێ لە زمانی هاوسەنگەرانی قاسملووەوە ببیسین. دوکتور سەعید، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تەئیید و گرینگیی سیاسەتی وتووێژ لە گەڵ هێزە سیاسی یەکانی ئێران و پێوەندی قووڵی ئەو مەسەلەیە بە دروشمەکانی دیکەی حیزبەوە دەنووسێ : " پێمان وایە ئەم ئەسلە –ئەسلی وتووێژ وەك شێوەیەك لە خەبات – ئێستاش شتێکی دروست و ئوسوولی یە. هەر شەڕێك و خەباتێك . ئەگەر قەرار بێ رۆژێك بە نەتیجە بگا، ئاکامەکەی سوڵح و ئاشتی و وتووێژە بۆ گەیشتن بە سوڵح و ئاشتی. بێجگە لە لایەنە گشتی یەکەی، سەبارەت بە وەزعی تایبەتیی خۆشمان ئەو شتە جێگای دوو دڵی نیە. ئێمە داواکاری خودموختاری لە چوارچێوەی ئێران داین. خودموختاری ماناکەی روونە، لە گەڵ سەربەخۆیی کە مانای جیابوونەوە دەدا، فەرقی هەیە. ئەگەر مەسەلە سەربەخۆیی و جیابوونەوە بێ، ئەو دەم دیارە دەبێ ئەوەندە شەڕ بکەی تا حەریف بە چۆك دادێ و دەشکێ. بەلام ئەگەر ئامانج بریتی یە لە خودموختاری لە چوارچێوەی ولاتێك دا، ئەوە ئاخرەکەی دەبێ بە رەزایەتی حکوومەتی ئەو ولاتە و، بە شێوەیەکی گشتی تر بە رەزایەتی هەموو، یان زۆربەی خەڵکی ئەو ولاتە بێ، کە ئەمە لە واقیع دا یانی چارەسەر کردنی مەسەلەکە لە رێگای وتووێژ و ئاشتی یەوە ". دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چەند ساڵی رابردوو دا هەول و تەقەلایەکی بە نرخیان بە مەبەستی هاوکاری و یەکیەتیی نێوان هەموو کۆمار خوازانی ئازادیخوازی ئێران بە کار هێنا. ئێمە رێز لەو هەوڵ و تەقەلایانە دەگرین و، هیوادارین بە سەرکەوتن و پتەو بوونی بۆچوونە دێموکراتیکەکان لە نێو لایەنە سیاسی یە جۆراوجۆرەکانی ئێران دا، بناخەی هاوهەنگاوی و هاوکاریی هەرچی زیاتری ئازادیخوازان بۆ دامەزراندنی حکوومەتی خەڵك لە ئێران دا پێك بێ. هاوهەنگاو بوونی خەباتی ئازادیخوازانەی هێزە دێموکرات و ئازادیخوازەکان لە قوناغی ئێستا دا، دەتوانێ باشترین و کاریگەر ترین پشتیوانەی سیاسەتێك بن کە لە کۆبوونەوەی دەسەلات، واتە پێکهێنانی لانی

زۆری ئیمکاناتی جێگای پەسند و یەك لە وان پێکهێنانی بنیاتەکانی هەڵبژاردنی ناوچەیی بە مەبەستی بەشداریی خەڵك لە بریار دان و ئیدارەی کار و باری ناوچەی خۆیان دا بە یەکێك لەو کەرەسە پێویستانە بزانێ کە بۆ دابەزاندنی دێمۆکراسی و پەرە ئەستاندنی حاکمییەتی میللی پێویستن. هاو هەنگاو بوون لە خەباتی ئێستا دا باشترین زامنی لێك نیزیك بوونی بیر و بۆچوون و هاوکاری یەکانی داهاتوو بە مەبەستی دانانی قانوون و وەدیهێنانی بەرنامەی کاریگەر بۆ لە نێو بردنی جیاوازی و بێ بەشی یە کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی یەکانی بەشە جۆراوجۆرە رەگەزی، زمانی و مەزهەبی یەکانی خەڵکی ئێرانە.

دوکتور قاسملوو بۆ پاراستنی سەربەخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرامبەر سیاسەتی ولاتانی دەرەوە لە رۆژهەلاتی نێوەراست دا زۆری هەوڵ دا و بە لێك گرێدانی هەرچی زیاتری خەباتی خەڵکی کوردستان لە گەڵ خەبات بۆ دێمۆکراسی لە سەرانسەری ئێران دا، رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر رێز و خۆشەویستیی حیزب و رێکخراوە میللی و ئازادیخوازەکانی ئێرانی بۆ لای حیزبەکەی راکێشا. لە خۆڕا نیە کە یادی ئەو لە مێشکی کەسانێك دا کە بیر لە بەختەوەری و هاوپێوەندیی یەك یەکی خەڵکی ئێران دەکەنەوە، بیرخەرەوەی قسەیەکە کە هەمیشە بە سەربەرزی و جاروباریش –بە هێندێك وردە گلەیی یەوە– دووپاتی دەکردەوە. " من بە هیچ کەس رێگا نادەم خۆی لە من بە ئێرانیتر بزانێ ".

لە ساڵی رابردوو دا هاوسەنگەران و هاورێیانی دوکتور قاسملوو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پێداگرتن لە سەر رێبازی میللی و ئازادیخوازانەی ئەو، جارێکی دیکە سەلماندیان کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بۆ بەشداریی کاریگەر لە خەبات بە مەبەستی وەدیهێنانی دێمۆکراسی لە ئێران دا ئیمکاناتی بەر بلاوی هەیە. کۆمارخوازانی میللیی ئێران رێز لە یادی کاك عەبدولرەحمان و کاك عەبدوڵلا قادری دەگرن و لە خەمی

له دەستچوونیان دا خۆیان بە شەریکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، خەڵکی کوردستان و هەموو ئازادیخوازانی ئێران دەزانن.

پاریس – ۲۱ ی پووشپەڕی ۱۳٦۹

* * *

## پەیامی شووڕای ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتیکی خەڵکی ئێران

بۆ کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران !

شووڕای ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتیکی خەڵکی ئێران لە ساڵرۆژی تیرۆری ناجوانمێرانەی دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو و عەبدوڵڵا قادری ئازەر، سکرتێری گشتی و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا، وێڕای ڕێز دانان بۆ بیرەوەریی پڕشنگداری ئەم دوو هاوڕێ یە، ڕێورەسمی هاودەردی بە جێ دەگەیەنێ.

ساڵێك لە تیرۆری ئەم دوو شەخسییەتە ئازادیخواز، میللی و خەباتگێڕەی کوردی ئێران و، لە گەڵ ئەوان دا دوکتور فازڵ لە تیرۆرێکی بەرنامە بۆ دانراوی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا تێ دەپەڕێ. ئەگەر چی بەڕێوەبەرانی ئەم قەستەسەرە خائینانەیە ناسراون و، سەرەڕای هەوڵی بەردەوامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و، پشتیوانیی ڕێکخراو و شەخسییەتە سیاسی یەکانی ئێران، دەوڵەتی ئوتریش هەتا ئێستاش تەنیا بۆ پاراستنی قازانجە ئابووری یەکانی خۆی، بە شێوەی جۆربەجۆر کۆسپ دەخاتە سەر ڕێگای دەزگا پۆلیسی و قەزایی یەکانی ئەو وڵاتە و، ڕێگا نادا شوێن پێی تاوانبارانی ئەم ڕووداوە تراژیکە هەڵگرن و عەدالەتیان لە بارە دا بەڕێوە بەرن. بە داخەوە سیاسەتی دەوڵەتە ڕۆژئاوایی یەکان کە هەمیشە قسە لە ماڤی مرۆڤەوە دەکەن و، دەوڵەتە ڕۆژهەڵاتی یەکان کە بە ڕواڵەت لایەنگری لە سیاسەتی پێکەوە ژیانی بە ئاشتی دەکەن، پێوانەیەکی وەك یەکیان بۆ پێوەندی یەکانیان لە گەڵ کۆماری تیرۆریستی ئیسلامی هەیە کە هەروەك کاربەدەستانی دەوڵەتی ئوتریش، چۆنایەتیی دابین بوونی قازانجە ئابووری

یەکانیان، پلە و رادەی ئەم پێوەندییانە دیاری دەکا. حیزبی دێموکراتیکی خەڵکی ئێران وێڕای مەحکووم کردنی ئەم سیاسەتە سازشکارانە و شەرماوی یە، لە هەرچی لە توانای دا هەیە بۆ ئەوەی کاربەدەستانی دوڵەتی ئۆتریش ناچار بە بەڕێوە بردنی عەداڵەت بکا، درێغ ناکا.

جارێکی دیکە لە بەرامبەر شەخسییەتی هەڵکەوتوو، دوکتور قاسملوو و هاوسەنگەرانی شەهیدی دا کە لە پێناوی خەبات بۆ ئێرانێکی دێمۆکراتیك و کوردستانێکی خودموختار دا بوون بە قوربانیی سیاسەتی دژی ئازادی و خوێنخۆرانەی رێژیمی ئیسلامی، سەری رێز دادەنوێنین و بە بەشداری لە پەژارەی لە دەستچوونیان دا ئەم جینایەتە دژی ئینسانی یە بە توندی مەحکووم دەکەین.

شووڕای ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتیکی خەڵکی ئێران

١٢ ی ژوئیەی ١٩٩٠

* * *

## پەیامی رێکخراوی فیدایی یەکانی گەلی ئێران ـ (اکثریت)

بۆ کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران !

ساڵێك بەسەر شەهید بوونی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، عەبدوڵلا قادری و دوکتور فازڵ رەسووڵ بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی دا رابرد. بە تیرۆری قاسملوو بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران یەکێك لە سیما پڕشنگدارەکان و گەلی کورد یەکێك لە بە نرخترین رۆڵەکانی خۆی لە دەست دا. گەرچی خەساری لە دەست چوونی قاسملوو گەورە بوو، بەڵام لە یەك ساڵی رابردوو دا پەرە گرتنی خەباتی ئیعترازیی سەرانسەری لە دژی کۆماری ئیسلامی و، گەشە کردنی بەرچاوی خەباتی حەقخوازانەی گەلی کورد بە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نیشانی دا کە رێگای قاسملوو بەردەوامە و، تەواوی ئازادیخوازانی ئێران و خەباتگێڕانی گەلی کورد تا رووخاندنی کۆماری ئیسلامی ساتێك لە تێکۆشان ناوەستن. رێکخراوی

فیدایی یەکانی گەلی ئێران (زۆرایەتی) رێز بۆ بیرەوەریی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو و هاوڕێ یەکانی دادەنێ و لە ماتەمیان دا خۆی بە شەریکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، گەلی کورد و هەموو ئازادیخوازانی ئێران دەزانێ.

رێکخراوی فیداییەکانی گەلی ئێران ـ (اکثریت)

٢٢ ی پووشپەڕی ١٣٦٩

ئەم پەیامانە لە ژمارە ١٦٤ ی " کوردستان " گەلاوێژی ١٣٦٩ (ئوتی ١٩٩٠ )دا بلاو بوونەوە.

## له سەر دوکتور قاسملوو گوتراوە :

خوا لێخۆشبوو دوکتور " عەبدولڕەحمانی قاسملوو " خەباتگێڕێکی مەحکەم و هەڵکەوتووی گەلی برامان بوو و ژیانی خۆی وەقفی مافەکانی گەلی کورد کرد. ئەو بە هەموو تێکۆشان و دڵسۆزی یەکەوە، بۆ پتەو کردنی پێوەندی دۆستایەتی و خۆشەویستی لە گەڵ گەلی خەباتگێڕی فەلەستین هەوڵی دا و لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵێك دا دیفاعی لە مەسەلەی ڕەوای گەلەکەمان کرد ولە خەباتی ڕەوای گەلەکەمان لە پێناوی مافی دیاریکردنی چارەنووس و دانانی دەوڵەتی نیشتمانیی سەربەخۆی، بەڕیبەرایەتیی تەنیا نوێنەری قانوونیی خۆی ڕێکخراوی ڕزگاری خوازی فەلەستین دا، یار و پشتیوانی بوو.

**یاسر عەرەفات**

**بە بۆنەی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو**

* * *

بە مردنی دوکتور " عەبدولڕەحمان قاسملوو " حیزبی دێموکڕات شەخسییەتێکی گەورە و ئێمە دۆستێکمان لە دەست چوو. لە کۆنگرەی ئەنترناسیۆنالی سوسیالیست دا ئێمە چاومان بە یەکتر کەوت. ئێمە ئەومان بە دێموکڕاتێکی گەورە و سەرۆکێکی مەزن ناسیبوو کە دەیویست ڕێگایەك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی گەلەکەی بە مافی بەرامبەر لە گەڵ گەلانی دیکە و یەکگرتنێکی دۆستانە و ئازادانە بگەیەنێ.

**هانس کوشنیك بەرپرسی کۆمیسیۆنی نێونەتەوەیی**

**هانس ئیبر هارد دینگلین بەرپرسی دەبیرخانەی نێو نەتەوەیی**

**حیزبی سوسیال دێموکڕاتی ئاڵمان**

* * *

دوکتـور قـاسملوو وەك سـكرتێری گشـتی حیزبـی دێمـوكڕاتی كوردسـتانی ئێـران خـاوەنی ئـەو تایبەتمەنـدی یـە بـوو كـە وێـڕای هەسـت كـردن بـە بەرپرسایەتی یەكی گەورە بۆ دۆزینـەوەی ڕێگایـەك بە مەبەسـتی ئـازادیی گـەلی كـورد تـێ دەكۆشـا كـە تـا ئـەو جـێ یـەی دەكـرێ ڕادەی قوربـانی یـەكانی ئـەو ڕێگایە كەم بكاتەوە. ئێمە دەزانین كە هۆ و مەبەستی هەولدانەكەی بۆ وتووێژ لە گەڵ حكوومەتی ئێرانیش هەر ئەوە بووە.

**یورگین رینتس**

**له دەفتەری فێدڕاڵی حیزبی سەوزەكان لە ئاڵمان**

* * *

بە لە دەستچوونی كاك قاسملوو هێزە چەپ و دێموكڕاتیكەكانی ئێران شەخسییەتێكی خەباتگێڕ، سیمایەكی گەورە و جێی بڕوا لـە ئاستی میللـی و نێونەتەوەیی دا لە دەست دەدا.

**كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموكڕاتیكی خەڵكی ئێران**

* * *

هـەتا چیاكانی كوردستان و گـەلی ئێمـە بمێنن هـاواری ئاشتیخوازانەی قـاسملووی نـەمر لـە لوولـەی تفـەنگی پێشـمەرگەكانی كوردسـتان دا دەنـگ دەداتەوە. ئەو دەنگە هەتا سەركەوتنی یەكجاریی گەلەكەمان هەر دەمێنێ.

**هەڵسووڕێنەران، نووسەران و خوێنەرانی گۆڤاری " ئوزگورگەلەجەك "**

* * *

قـاسملوو چل سـاڵ بـێ ڕاوەسـتان بـۆ مافـەكانی گـەلی كـورد تـێ كۆشـا. خەباتی وی نەك هەر لە نێو گەلی كورد دا بەڵكوو لە هـەر چوار سووچی دنیـادا ناسرابوو.شەهید بوونی وی بو هەمووومان كەلێنێكی گەورەیە.

**كۆمیتەی ناوەندیی ئاڵای ڕزگاری**

* * *

دوکتـور قـاسملوو خـەباتگێڕێکی ناسـراو و سـەرکردەیەکی بـە توانـا و لێهاتووی قۆناغی ئێستای تەڤگەری کورد بوو. لە دەستدانی ئەو رێبەرە هێژایە نەك تەنها زیانێکی زۆری گەیاندە خەباتی گەلی کوردمان لە ئێران، بەڵکوو زیـان و کەلێنێکی گەورەی خستە ناو بزووتنەوەی رزگاریی گەلی کورد لـە کوردستان دا و برینێکی قووڵی خستە ناو دڵی هەر شۆڕشگێڕێکی کورد.

مەکتەبی سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی گەلی کوردستان

* * *

هــاوڕێ قــاسملوو رێبــەرێکی هەڵکــەوتووی کوردســتانی ئێــران و شەخسـییەتێکی کاریگـەر و بـە ناوبـانگی بزووتنـەوەی رزگاریخوازانـەی کـورد بوو. بۆیە شەهید بوونی نەك هەر بۆ حیزبی ئێوەو گەلی کورد لـە کوردستانی ئێران دا، بەڵکوو بۆ هەموو هێزەکانی نێو بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد لـە هەموو بەشەکانی کوردستان دا زیانێکی گەورەیە.

سەلاح بەدرەدین

سکرتێری گشتیی حیزبی یەکیەتی گەلی کوردی سوریە

* * *

ئـەم شـەهیدە بـە راسـتی رێبـەرێکی سیاسـیی لێهـاتوو و شەخسـییەتێکی ناسراو بوو لە سەر ئاستی کوردستان و جیهان دا. دوکتور قاسملوو لە پێنـاوی زامــن کردنــی تــەواوی مافــە رەواکــانی گــەلی کــورد لــە ســەر بنچـینەیەکی دێموکڕاسییانە هاتبووە مەیدان و هەر لەو رێگایەش دا شەهید کرا.

بەرەی کوردستانی عێراق

* * *

دیـارە دەبـێ پـێ لـە سـەرئەم راسـتی یـە دابگـرین کـە مێـژووی پـڕ لـە شانازیی حیزب، بێجگە لە خەباتی ئافەرین هـەڵگری پێشمەرگەکان و کۆمەڵانی گـەلی کـورد ئاکـامی رێبەرایـەتی یـەکی تێگەیشتووشـە. لـە سـەرووی هـەموان

قەرزداری ڕێبەری پایە بەرز دوکتور" عەبدولڕەحمانی قاسملوو" ی نەمرە. کاك ڕەحمان کە من شانازیی دوستایەتی یەکی لە مێژینەم لە گەلی هەبوو هەر ڕێبەرێکی کورد نەبوو کە ئێران دەتوانێ دوای " موسەددیق " ی مەزن پێ یەوە بنازێ. ئەمەش ڕاستی یەك بوو کە ڕێژیمی خوێنخۆر و وەحشی سیفەتی حاکمی ناچار کرد داماوانە و ریاکارانە کۆتایی بە ژیانی بێنێ. بێخەبەر لەوە کە تۆوێك هاوڕێ قاسملوو لە سەرانسەری کۆمەڵی ئێمە دا دای چاند و ئێستا لە داوێن و دەشتە سیاسی یەکانی ئێران دا بووە بە ڕووەك و داری بە هێز، لە نێو ناچێ...

**لە پەیامی ئاغای " بەهمەن نیرومەند " بۆ کۆنگرەی قاسملوو**

* * *

دوکتور قاسملوو هەم شۆڕشگێر بوو هەم دێموکڕات. ڕوانینی وی لە بارەی مەسەلە جۆر بەجۆرەکانەوە تیژتر و بەرینتر لە ڕوانینی ئەو ئینسانە سیاسی یە کورتبینانە بوو کە بێجگە لە بەر پێی خۆیان شتێکی دیکە نابینن. نفووزی شەخسییەتی دوکتور لە سنوورەکانی ئێران زۆر بەولاوە تر بوو. بێگومان ئەو گەورەترین و بە ئیعتیبارترین شەخسییەتی کوردی هەموو ناوچە بوو. ئەمەش شتێکە کە هەموو کوردەکانی وڵاتە جۆربەجۆرەکان دەیڵێن.

**" راه ازادی " بڵاو کراوەی حیزبی دێموکڕاتیکی خەڵکی ئێران ـ ژمارە ٣**

* * *

لە دەستدانی عەبدولڕەحمان قاسملوو، لە ڕێبەرە هەڵکەوتووەکانی گەلی کورد و خەباتگێڕی شێلگیر و بە ڕابردووی ڕێگای دێموکڕاسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان، خەسارێکی گەورەبوو بۆ گەلی کورد و بزووتنەوەی دێموکڕاتیکی ئێران.

**بڵاوکراوەی " اتحاد کار "، ژمارە ٢١، پووشپەڕی ١٣٧٠**

* * *

دوکتـور قـاسملوو بـە تێگەیشـتنی سیاسـی و هەڵسـەنگاندنی واقیـع بینانەی هەلومەرجی ئێران هیچ شێوە خەباتێکی بە " مطلق " دانەدەنا. ئەو لە حالێك دا خەباتی چەکدارانەی کوردستانی ئێرانی بەڕێوە دەبرد، لە وتووێژ و دانیشتن لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامییش ترسێکی نەبوو. ئەو دەیزانی شەڕی چەکدارانە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان دا بۆتە هۆی هاوکێشی یەکی تازە لە هێزەکان دا و لەو ڕێگایەوە دێموکڕاسی جێگیر بووە.

**کۆمارخوازانی ئێران**

***

دوکتـور قـاسملوو نەتـەنیا یـەکێك لـە گـەورەترین ڕێبـەرانی خـەڵکی کوردستان بوو، بەڵکوو یەکێك لە شەخسییەتەکان و ڕێبـەرانی گەورەی خەبات لە پێناوی جێگیر کردنی دێموکڕاسی لە ئێران دا بوو.

**کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوی فیدائیانی گەلی ئێران**

* * *

قـاسملوو یـەکێك لـە پرشـنگدارترین رووممایـەکانی بزووتنـەوەی بەرهەڵستکار لە ئێرانی ئەمرۆ دا بوو و لە دەستچوونی نەك هەر بۆ دۆستەکانی لە نێو حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران دا بەڵکوو بۆ هەموو خەباتگێڕانی ڕێگـای سـەربەخۆیی و ئـازادیی ئێـران، خەسـارێکی قـەرەبوو نـەکرابوو. خـەباتگێڕێکی مانـدوویی نـەناس کـە هـیچ کـات چارەنووسـی کوردسـتانی لـە چارەنووسـی ئێـران جیـا نـەدەکردەوە. خودموختـاری بـۆ کوردسـتان و دێموکڕاسی بۆ ئێران بیر و بۆچوونی خەباتگێڕێکی ئەوتۆی دەردەخست کە خـۆی پـێ لـە هـەر کوردێـك کـوردتر و لـە هـەر ئێرانـی یـەك ئێـرانیتر بـوو. هـەتا سـاڵانێکی زۆر چـاوە گەشـەکان و لێـوە بـە بزەکـانی قـاسملوو لـە یـادان دا دەمێننەوە.

**بڵاوکراوەی " چشم انداز " ژمارە ٦**

لە ژمارە ١٨٧ی "کوردستان"، پووشپەڕی ١٣٧١(ژوئیەی١٩٩٢) لە یادی سێ ساڵەی شەهید بوونی دوکتور قاسملووی نەمردا بڵاو بۆتەوە.

* * *

# دوکتور قاسملوو له ئاوێنەی بیروڕا دا

"... دوکتور قاسملوو بەشی هەموو کوردێك و بەڵکوو هەموو ئازادیخوازێکی پێوەیە "

*له پەیامی هاودەردیی ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕ*

* * *

"... دوکتور " عەبدولڕەحمان قاسملوو " مینبەرێکی بەرزی کوردستان بوو کە لە هەموو جیهان دا دیار بوو و دەردی گەلەکەمانی لێوە را بە گوێی جیهانیان رادەگەیشت. "

*له پەیامی هاودەردیی ڕێکخراوی خەبات*

* * *

" گەلی کورد لە کوردستانی تورکیە دوکتور قاسملوویان باش دەناسی و وەك سەرۆکێکی کورد، ڕێز و حورمەتێکی تایبەتیان بۆ دادەنا و پڕ بە دڵ خۆشیان دەویست. "

*له پەیامی هاودەردیی حیزبی پێشەنگی کرێکاری کوردستان*

* * *

" ئێمە دڵنیاین ئەو پیاوکوژانەی کە ئەم تاوانە دڕندانەیان ئەنجام دا، لە توانا و زیرەکی و لێهاتوویی ئەو کەڵە سەرکردەیە زەندەقیان چووبوو. "

*له پەیامی هاودەردیی کۆمیتەی بەڕێوە بردنی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن*

* * *

" بە تیرۆر کردنی دوکتور قاسملوو هەموو گەلی کورد ڕێبەرێکی گەورەی خۆی لە دەست دا. "

*لە پەیامی هاودەردیی محەممەد عەلی ئەرەن، نوێنەری خەڵکی ئیستانبول لە مەجلیسی گەورەی تورکیە*

* * *

" دوکتور قاسملوو نەتەنیا یەکێك لە گەورەترین رێبەرانی خەڵکی کوردستان بوو، بەڵکوو یەکێك لە شەخسییەتەکان و رێبەرانی گەورەی خەبات لە پێناوی جێگیر کردنی دێمۆکراسی لە ئێران دا بوو. "

*لە پەیامی هاودەردیی کۆمیتەی ناوەندیی رێکخراوی فیدائیيانی گەلی ئێران ( اکثریت )*

* * *

" دوکتور قاسملوو پیاوێکی خاوەن بیر و قەڵەم و سیاسەتمەدارێکی ئازادیخواز بوو. "

*لە پەیامی هاودەردیی کانوونی نووسەرانی ئێران ( لە تەبعید دا)*

* * *

" دوکتور قاسملووی نەمر زۆر شتی فێری رێبوارانی حیزبی ئێوە کرد. بەڵام بێگومان بە نرخترینیان دێمۆکراسیی نێوخۆی حیزب و خەباتی تێکەل بە دووربینی و واقیع بینیی سیاسی یە. "

*شەهید نووری دێهکوردی، پەیام بۆ کونگرەی نۆهەمی حیزب*

* * *

" قاسملوو مەرڤێکی دوور دیتی بوو. بیر و باوەرێن وی دەحەقا دێمۆکراسی و سۆسیالیزمێ دا ئیرۆ لە هەمبەرێن بوویەرێن دنیایێن داوی و هێژانیا خۆ چێتر نیشان ددن. مەرۆ دەمرن، لێ بیروباوەری تەڤگەر و میللەت دەژین. "

*کەماڵ بورقای، پەیام بۆ کونگرەی نۆهەمی حیزب*

* * *

**دوکتور قاسملوو هەم شۆڕشگێڕ بوو هەم دێمۆکرات**

" [ بــه تــیرۆر کردنــی د. قــاسملوو ] ئۆپۆزیســیۆنی کۆمــارخواز و دێمـۆکراتی ئێـران یـەکێك لـه مـەزنترین مورەکـانی ئـەم چـەند دەیـەی خـۆی لـه دەست داوه. ئێمه کەم کەسایەتیی ئەوتۆمان هەیه که هـەم خـاوەنی ئیعتیبـاری نێونەتـەوەیی و هـەمیش خـۆڕاگر و خۆشەویسـت بـن، کـاك ڕەحمـان یـەکێك لـەو کەسـایەتی یـه کـەم وێنانـه بـوو، زۆربـەی رووناکبیران و کـادره سیاسـی یـەکان، کاتیٚ دەبنه دێمۆکرات، شۆڕشگێڕ نامێنن و کاتێك شۆڕشگێڕن، دێمۆکرات نین. کەچـی د. قـاسملوو هـەم شۆڕشـگێڕ بـوو هـەم دێمـۆکرات. ئـەو لـه بـارەی زۆر مەسەلەوه بۆچوونێکی شـوێندانەری هـەبوو بەربـەرینتر لـه ئینسـانه سیاسـی یـه بـیر تەسـکەکان کـه چـەند هـەنگاو بـەولاوەتر نـابینن دەیڕوانیـه مەسـەلەکان. ڕۆانینـی ئـەو لـه سۆسـیالیزم و بـه تایبـەت گونجانـدنی لـه گـەڵ هەلومـەرجی تایبەتیی ئێران و کوردستان خاوەنی ڕەوایی و ڕەسـەنایەتیی زۆر بـوو. ئێسـتا ئیتر ئەو و حیزبەکەی له دارشتنی ئەو دروشمانه دا بەتەنیٚ نین و بەشێکی زۆر لـه چـەپەکانی ئێـران وەك وان بیر دەکەنـەوه و هـەموویان دەزانـن کـه دوکتـور چ نەخشێکی بەرچاوی له سەلماندنی ئەو بەرنامه و شێوه بیرکردنەوەیەدا هـەبوو. نفـووزی کەسـایەتیی دوکتـور قـاسملوو سـنوورەکانی ئێرانـی تـیٚ پەڕانـدبوو، گومـانی تێدا نیـه ئـەو مـەزنترین و بـه ئیعتیبـارترین کەسـایەتیی کوردی هـەموو ناوچەکه بوو و کوردەکانی وڵاتانی دیکه بەر له هەمووکەس دان بـەو ڕاسـتی یـه دادەنێن.

***بڵاوکراوەی " راه ازادی " ژماره دوو پووشپەڕی ١٣٦٩ به بۆنەی یەکەمین ساڵڕۆژی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو***

* * *

میّهدی خانبابا تیّهرانی :

**بزووتنەوەی کوردستان بۆ زۆر لە**

**دەسکەوتەکانی خۆی قەرزداری زانایی و زیرەکیی سیاسیی قاسملوویە**

بە بڕوای من بزووتنەوەی کوردستان بۆ زۆر لە دەسکەوتەکانی خۆی قەرزداری زانایی و زیرەکیی سیاسیی قاسملوویە.ئەو پاش تەواو کردنی خوێندنی زانستگە لە پاریس، ساڵانێکی زۆر لە چیکۆسلۆواکی ژیاوە و پاش هاتنی میوانە نەخوازرەوەکانی شوورەوی بۆ ئەوێ، ساڵی ١٩٦٨ ناچار بوو ئەو وڵاتە بە جێ بێڵێ. قاسملوو لە گەل مەسەلەکانی پێوەندیدار بە وڵاتانی ئورووپایی ئاشنایە و ئاگای لە بارودۆخ و سیاسەتی ولاتانی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەراستیشە.ئینسانێکی دنیا دیتوویە و لە راستی دا ئەزموونی دەوڵەمەندی ئەو، یارمەتیی زۆری بە گەشەکردنی سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کردوە.

بە راستی دەتوانم بڵێم کە قاسملوو یەکێك لە لێوەشاوەترین سیاسەتمەدارانی ئێرانە.ئەوەی لە کاتی مانەوەم لە کوردستان دا، شوێنی لە سەر دانام، ئەوە بوو کە دەمدی لە پێوەندیی ئینسانیی نێوان رێبەران و کەسانی سادە و پێشمەرگەکانی حیزب دا هیچ فەرق و جیاوازی یەك نیە. پێشمەرگەکان بە رۆژ دەچوونە عەمەلیاتی نیزامی و شەوانە لە دەوری یەك کۆ دەبوونەوە و بە ساز و گۆرانی هەڵ دەپەڕین و شادییان دەکرد. قاسملوو دەیگوت : "شۆڕش خەم خواردنی ناوێ. ئینسان شۆڕشی بۆ شەهید بوون ناوێ و شەهید بوون هەر لە جێ دا ئامانج نیە. ئینسان دەبێ هەول بدا تا لە مەیدانی خەبات دا بیر لە ژیان بکاتەوە. ئەگەر شەهیدیش بوو، ئەوە شتێکە لە خەبات دا دێتە پێش. بەلام مەبەست لە هەوڵ و تێکۆشانی ئینسان، ژیانێکی باشترە و هەمیشە دەبێ بیر لە ژیان بکرێتەوە. "

دەمەوێ بڵێم ئەم چەشنە بیرکردنەوەیە، ئەو [ قاسملوو] بردوویەتە نێو

بزووتنـــەوەی کوردســـتان. بـیر کردنەوەیـــەکی نـــوی کـــە بـــە ســـەرنجدان بـــە دوا کەوتوویی ئابووری و کۆمەڵایـەتیی کوردسـتان، گرنگـی یـەکی دووقـاتی هەیـە. لایـەنی دیکـەی ئـەم شـێوە بیرکردنەوەیـە، پێکهـاتنی دەرەتـان بـۆ لـە گـەڵ یـەك ڕووبـەڕوو بوونـەوەی ئازادانـەی بیروبۆچـوون و ڕۆانگەکانـە کـە لـە نێـو حیزبـی دێمــۆکراتی کوردســتانی ئێــران دا هەیــە و نــەك هــەر هــەبوونی موخالیفــان تەحەممول دەکرێ، بەڵکوو هەر کەس دەتوانێ بە ئازادی بۆچوون و بیروڕای خـۆی دەربـبڕێ. بـە بـڕوای مـن ئـەوە لـەو دەسـکەوتانەیە کـە قـاسملوو لـە پێکهێنانیان دا نەخشی زۆر بە چاوی هەبووە. گرتنە پێشی ئەم سیاسەتە بووە بە هـۆی ئـەوە کـە حیزبـی دێمـۆکرات نەبێتـە دیلـی سیاسـەتە سوننەتی یـەکان، ئـەو سیاســەتانەی کــە پــەیڕەوی لــە یــەك ئۆلگــوی تایبــەتی دەکــەن و یــان لــە ڕۆانگـەی ئۆلگویـەکی دیـاریکراوەوە دەڕواننـە شـۆڕش، سـەرکەوتنی خۆیـان لـە گرەوی پشتیوانی دەسەڵاتێکی خاریجی دا دەبینن.

*کتێبی " نگاهی از درون به جنبش چپ ایران "*

* * *

# ڕێوڕەسمێك لە پاریس بۆ ١٠ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی

ڕۆژە ١٨ی ژوئەنی ١٩٩٩ (٢٨ی جۆزەردانی ١٣٧٨) بە بۆنەی دەیەمین ساڵی تیرۆری دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی ڕێورەسمێك لە یەكێك لە ساڵۆنەكانی پارلمانی فەرانسە لە پاریس بە بەشداریی هاوڕێی بەڕێزو تێكۆشەر عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سكرتێری گشتیی حیزبی دێموٚكراتی كوردستانی ئێران پێك هات.

لەو ڕێوڕەسمەدا كە لە سەعات ٢/٣٠ هەتا ٧ی ئێوارە درێژەی كێشا، زیاتر لە ٢٥٠ كەس لە كەسایەتی‌یەكانی كورد، ئێرانی‌و ئورووپایی بەشدار بوون كە لە نێویان دا ئەم كەسایەتی‌یانە هەبوون: مادام دانیەل میتران، د. بێرنارد كوشنێر، لۆرد ئەڤیبێری، پیتر گالبرایت سەفیری پێشووی ئەمریكا، بێرنارد دورەن سەفیری پێشووی فەرانسە، پی‌یەرگیدۆنی سەفیری پێشووی فەرانسەو بەرپرسی ئێستای پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەكانی حیزبی سوسیالیستی فەرانسە، د. بێرنارد گرانژۆن، ژێرار شالیان، ئالێن شێنال، مارك كراویتیس، ژوولیەت مەنی، یوواخیم ئێریگ، د. پیتر پلیتس، خاتوو ژویس بلوو، خاتوو هێلێن قاسملوو، د. مەحموود عوسمان، د. كەندال نزان، د. ناسر پاكدامەن، عەلی ئەسغەر حاجی سەید جەوادی، باقر موئمێنی، د. كەریم لاهیجی، ئارەش فرووهەر، (كوڕی نەمر داریوش فرووهەر)، عەلی میر فتروس، ڕەزا مەرزبان‌و خاتوو عاتیفە گورگین.

دەستەی نوێنەرایەتی ئەم حیزب‌و ڕێكخراوانەش بەشدار بوون: حیزبی سوسیالیستی فەرانسە، حیزبی كومونیستی فەرانسە، ڕێكخراوی پزیشكانی جیهان، پارتی دیموكراتی كوردستانی عێراق، یەكیەتیی نیشتمانیی كوردستان، حیزبی سوسیالیستی كوردستان (توركیە)، كۆمكار، حیزبی كاوە

(کوردستانی تورکیه)، ئەنستیتۆی کورد لە پاریس، حیزبی شیوعیی عێراق، ڕێکخراوی ڕێگای کرێکار، ڕێکخراوی یەکیەتیی فیدائیانی گەلی ئێران، ڕێکخراوی فیدائیان (کەمایەتی)، حیزبی دێموکراتیکی خەڵکی ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبیکاری ئێران (توفان)، کانوونی نووسەرانی ئێرانی (لە دەرەوەی وڵات)، ئەنجومەنی دیفاع لە زیندانیانی سیاسیو بیروباوەڕ لە ئێرانو کومیتەی ئێرانیی دژی تیرۆری دەوڵەتی.

بەرنامەکە لە لایەن دوکتور بێرنار گرانژۆن سەرۆکی ئیفتیخاریی ڕێکخراوی دوکتورانی جیهانو خانمی ژوولیەت مەنی نووسەرو کۆمەڵناس کە هەر دووکیان لە دۆستانی بەوەفای گەلی کوردو بە تایبەتی حیزبی دێموکراتن بەڕێوە چوو.لەم ڕێورەسمەدا زیاتر لە ١٥ کەسایەتی وتاریان پێشکێش کردیاپەیامەکەیان خوێندرایەوە.لێرە دا ئەو پەیامو وتارانەم هێناون کە بۆخۆم کردوومن بە کوردی.

## پەیامی‌بەرێز پی یەر مۆروا

## سەرۆکی ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست

لێرە بە بۆنەی ڕێز دانان بۆ بیرەوەریی دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی شەهیدی حیزبەکەتان کە دە ساڵ لەمەوبەر لە ١٣ ی ژوئیەی ١٩٨٩ بە شێوەیەکی ناجوانمێرانە تیرۆر کرا، لێك کۆ بووینەتەوە.

پێم خۆشە بەم بۆنەیەوە جارێکی دیکە وەبیر بێنمەوە کە دوکتور قاسملوو ڕێزێکی یەکجار زۆری لای دێمۆکراتەکانی سەرانسەری جیهان بە تایبەت سۆسیال دێمۆکراتەکان هەبوو. ئەو سەمبولی خەبات لە ڕێگای ئازادی و دێمۆکراسی و دادپەروەری بۆ زۆر لێکراوان بوو. بە ناوی خۆم و بە ناوی ئەنتێرناسیونالی سۆسیالیست و ١٤١ ڕێکخراوی ئەندامەوە، بە یادی ئەو سەری ڕێز دادەنوێنم.

لە گەڵ ئەوەش دا، وەبیر دێنمەوە کە بە مردنی ئەو، خەباتەکەی لە نێو نەچووە و هەتا گەیشتن بە دێمۆکراسی یەکی ڕاستەقینە کە مافی ئینسانەکان بە تەواوی ڕەچاو بکا، درێژەی هەیە و درێژەی دەبێ.

ڕووداوەکانی ئەم دوایی یانە لە ئورووپا و، هەروەها لە تیمۆری ڕۆژهەڵات و لە ئەندونێزی و بە تایبەتی لە ئێران دا، ئەم دڵنیایی یەیان تێدا پێك هێناوم کە ئەگەر خەباتی خۆمان بە هێمنی و بەڵام بە شێوەیەکی لێبڕاوانە درێژە بدەین، ئازادی و دادپەروەری سەرەنجام سەردەکەوێ. گومانی تێدا نیە کە سەدەی بیست و یەکەم، نەك هەر سەدەی ئازادیی میللەتانە، بەڵکوو سەدەی ئازادیی فەردیی ئینسانەکانیش دەبێ.

## وتاری مادام دانیەل میتران
## سەرۆکی بنیاتی فرانس لیبرته

ڕۆژتان باش !

لێره ژمارەیەکی زۆر له دۆستانی ناسیاو دەبینم که له دیفاع له ئامانجی کورد و داخوازی کوردەکان و له دیفاع له ئامانجی ئاشتی دا له گەڵ ئێمه هاوکارییان کردوه. چەند سات لەمەوبەر، کاتێك دوکتور گرانژۆن ( کاتی خوێندنەوەی دەقی وتاری عەبدوڵڵا حەسەن زاده، سکرتێری گشتیی حیزب به زمانی فەرانسەیی ) دەیگوت که دەوڵەتی ئوتریش تیرۆریستەکانی ئازاد کرد، بۆ ماوەیەکی کورت له مەبەستەکەی تێنەگەیشتم، دەزانن بۆچی ؟ چونکه له کۆڕ و کۆمەڵه ڕەسمی یەکان دا که پارلمانی فەرانسه یەك له وانه، ئەوه هەمیشه کوردەکانن که به تیرۆریست دەژمێردرێن. ( بەشدارانی ڕێوڕەسم پێ دەکەنن ) بەڵام دیاره من و ئێوه له بارەی کوردەکانەوه وا بیر ناکەینەوه. به هەرحاڵ پاشان بیری خۆم کۆ کردەوه و له مەبەستەکەی تێگەیشتم.

له کۆتایی سەده دا دەبینم که له نێوان سیاسەتی دەوڵەتان و گەلەکانیان دا جیاوازی یەکی ئەوەنده زۆر هەیه که ئینسان سەری لێ دەشێوێ. ئەگەرچی ئەو دەوڵەتانه هەموویان دەوڵەتی دێمۆکراتیکن.

عەبدولرەحمان قاسملوو مرۆڤدۆست و لایەنگری ئاشتی بوو و باوەڕێکی قووڵی به ئاشتی هەبوو. له سەر بناغەی ئەو باوەڕەش بوو که پێی وابوو توند و تیژی و چەك، له گەڵ پێکەوه ژیانی به ئاشتیی ئینسانەکان و لێك تێگەیشتنی ئەوان، نەگونجاوو ناتەبان. هەر بۆیه هەموو هەوڵی خۆی بەکار هێنا تا له گەڵ دەوڵەت وتووێژ بکا و قەناعەت بەو دەوڵەته بێنێ که ئێرانی یەکان و کوردەکان دەتوانن پێکەوه بژین و هەروەها جگه له کوشتار و قەڵاچۆ کردن، ڕێگایەکی دیکه بۆ لێك حاڵی بوون و لێك نزیك بوونەوه هەیه. ڕاست له کاتی جێبەجێ کردنی ئەو مەئموورییەته ئاشتیخوازانەیه دا بوو که کوژرا. به

کوژرانی وی بێزاری و نەفرەتێکی گەورە پێك هات و بیرو رای گشتیی داگرت. بیرو رای گشتیی ئەوانەی کە راستەوخۆ لە گەڵ کوردەکان لە پێوەندی دابوون و هەروەها ئەوانە کە کوردەکانیان دەناسی. دیارە ئەمڕۆ بە بڕوای من، هەموو دنیا کوردەکان و مێژووی ئەوان دەناسێ و بۆ ناساندنیان پێویست ناکا هەموو ئەو کارەساتانەی بە سەریان هاتوە، بگێڕینەوە. بەڵام لە لایەن دەوڵەتانەوە ( دیارە مەبەستی من دەوڵەتە ئورووپایی یەکانە ) جگە لە دەربڕینی چەند وشە بە نیشانەی بەداخبوون و نیگەرانی دەربڕین، شتێکی گەورە رووی نەدا. دیارە ئەگەر ئەمڕۆ لەم شوێنە ئەم قسانە دەکەم، بەم هۆیەیە کە دەزانم بێئەژمار نوێنەری ئەوتۆ هەن کە بەر لەوەی نوێنەر بن ئینسانن و وەك ئێمە بیر دەکەنەوە. بەڵام چ کەسێك ئەو هەموو هێزە دەبزوێنێ تا دەوڵەتەکانیان ناچار بن گوێ لە قسەکانیان بگرن. بەداخەوە دەوڵەتان دەنگی گەلان نابیسن و تەنیا سیاسەت دەکەن. جا تازە ئەگەر بشتوانین پێی بڵێین سیاسەت. لە راستی دا دەبێ بڵێین ئەوان دەسەڵاتێکیان نیە. هەر بۆیە ئەمن بە بیر کردنەوە لە عەبدولڕەحمان قاسملووکە بۆ ئێمە قوتبێك بوو، هاتوومە سەر ئەو باوەڕە کە کەسێکی ئەوتۆ پێویستە تا ئێمە ناچار بە بیرکردنەوە بکا. دیارە لەو بوارەدا من لە فرانسوا [ میتران ] یش سەرمەشق وەردەگرم. بەڵێ بە سەرمەشق وەرگرتن لەم جۆرە کەسانە و رێنوێنی وەرگرتن لە بیر و ئەندیشەی ئەوانە کە ئینسان دەتوانێ لێبڕاوانە و قورس و قایم و بە توانایی یەوە هەنگاو هەڵ بگرێ و سیاسەتی ئاشتی لە نێوان گەلانی هاوپشت و هاوپێوەند دا برەو پێ بدا.

## قسەکانی دوکتور بیرنارد کۆشنیر وەزیری لەشساغی و کار و باری کۆمەڵایەتیی فەرانسە

خانمی سەرۆك !

ئاغای حەسەن زادە سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران !

خانمی قاسملوو !

دۆستانی بەڕێز !

ئێمە زۆر بیرەوەریمان پێکەوە هەیە. جارێکی دیکە وەك ئەندامانی بنەماڵەیەك لە دەوری یەك کۆبووینەوە تا ڕێز لە بیرەوەریی دوکتور قاسملوو لە دەیەمین ساڵی شەهید بوونی دا، بگرین. دەساڵ چەند زوو رابرد. هێشتا وتەکانی دە ساڵ لە مەوبەری مامۆستا لە گۆڕستانی پێرلاشیزم لە بیرە کە دەیگوت : " قاسملوو ! ئەمڕۆ هەموو [ درێژەدەرانی ڕێگاکەت و دۆستان و لایەنگرانی ڕێبازەکەت ] بۆت دەگرین و فرمێسك هەڵ دەوەرێنن. بەلام نەك لە بەر داماوی و ناهومێدی. چونکە گەلێك ڕۆڵەی وەك تۆی پێگەیاندبێ، ناهومێدی ناناسێ. ئەوان بۆت گریان تا بە ئاوی چاوی خویان و، خاکی ڕێگای تۆ قوڕێك بۆ سەری دوژمنانی ئازادی بگرنەوە. "

بەڵێ دوکتور قاسملوو !

زۆر لە دۆستانت ئەمڕۆ لێرە کۆبوونەوە و زۆری دیکەش لە پێتەختەکانی دیکەی ئورووپا کۆ بوونەوە و کۆ دەبنەوە.

دەساڵ لەمەوبەر، کۆمەڵێك ئینسانی خاوەن بیر، پێشکەوتنخواز و هیممەت بەرز، لە ڤییەن پێتەختی ئوتریش تیرۆر کران.

قاتڵەکان هەر ئەوانە بوون کە سێ دۆستی دیکەمان : شەرەفکەندی، عەبدولی و ئەردەلانیان لە ١٧ ی سیپتامبری ١٩٩٢ دا لە بێرلین شەهید کرد.

بەڵێ، هەموویان بە هۆی بەرپرسانی وڵاتی خۆیان واتە ئێران کوژران،

بەرپرسانێك كە بۆ پاراستنی دەسەلاتی خۆیان بە هەر نرخێك، تیرۆریزمی دەوڵەتی لە دژی هاونیشتمانانی خۆیان، لە دژی ئازادی و لە دژی كەسایەتی یەكانی خۆیان بەكار دێنن.

بەلام لە بارەی وەحشیگەری یەوە :

كوردەكان باشتر لە هەر كەسێكی دیكە دەتوانن لەم بارەوە بدوێن. چونكە لە مێژ ساڵە گەلی كورد بوون بە قوربانیی ئەم دیاردەیە و هەموو رۆژێ لە گەڵی بەرەو روون و بە ئێسك و پێستەوە هەستی پێ دەكەن، بە تایبەتی لە توركیە.

بەڵێ، دوكتور قاسملوو !

كوردستانی ئێران ئێستاش كە ئێستایە، هێشتا خودموختاریی وەدەست نەهێناوە.بەلام كوردستانی عێراق كە تۆ بە باشی دەتناسی و لێی دەژیای و ئێمەش لە گەڵت دا بووین، تا رادەیەك خودموختارە. بەڵێ ئەم هومێدە دەڵەمەیە كە لە سێبەری رێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان لەم بەشەی كوردستان دا پێك هاتوە، دەتوانێ هەتا كەنگێ درێژە بكێشێ ؟ لە بارەی دروشمی " دێمۆكراسی بو ئێران و خودموختاری بو كوردستان " یش دەبێ بڵێم دێمۆكراسی لە ئێران دا كە یەكێك لە ئارەزووەكانت بوو، هێشتا نەهاتۆتە دی، بەلام خەباتی تۆ لە پێناوی جێگیر بوونی دێمۆكراسی، كۆتایی پێ نەهاتوە. چونكە حیزبەكەت، حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران هەروا درێژە بە خەبات دەدا و، لە نەبوونی خۆت دا رێرەوان و خەباتگێرانی دیكە درێژە بە رێگاكەت دەدەن. بۆیە گومانی تێدا نیە، درەنگ یا زوو ئامانجەكانت دێنە دی.

بەڵێ قاسملوو !

مافی دەخاڵەتی ئینسانی كە ئەوكات ئەوندە جێی خۆی نەكردبۆوە، نزیكەی سێ مانگە بووە بە مەسەلەیەكی [ قەبووڵكراوی ] جیهانی. نەتەوە دێمۆكراتەكان سەرەنجام بڕیاریان دا بچنە شەڕی وەحشیگەری، بچنە شەڕی دیكتاتۆرێك كە ماوەیەك لە مەوبەر بە ئەنجامدانی جینایەت لە دژی مرۆڤایەتی

تاوانبار کرا .

ئەمڕۆ نا سبەی، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەم مەسەلەیە وەك ماددەیەکی قانوونی پەسند دەکا و ئەو کاتەیە کە کوردەکانیش دەگرێتەوە ! ئاشکرایە کە لە هەلومەرجی ئێستا دا، ئەم مەسەلەیە تەنیا تایبەتی ئورووپایە. بەڵام دەزانین کە ئەم هەنگاوە بۆ داهاتووی مافی مرۆڤ و مافی کەمایەتی یەکان مەسەلەیەکی یەکجار گەورە و گرنگە.

قاسملوو !

لە نەمانی تۆ دا وەك مرۆڤێکی ژیر و زانا، ڕەخنەگر، قسەخۆش، خاوەنی فەرهەنگێکی قووڵ و پێکەنینێکی شوێندانەر، هەست بە کەمایەسی دەکەم. تۆ ژیانت لە ڕێگای گەلی کورد و لە پێناوی دێمۆکراسیی دنیا داگر دا، بەخشی.

لە وە کە دۆستت بووین، هەست بە شانازی دەکەم. دەبێ هەوڵ بدەین لێوەشاوەیی و تێکۆشان لە پێناوی بەدیهێنانی بیر و بۆچوون و ئامانجەکانی تۆمان هەبێ. بەڵێ خەباتی تۆ خەباتی ئێمەش بوو، هەر خەباتی ئێمەش دەبێ و گەلەکەت سەرەنجام بە ئازادی دەگا.

## قسەکانی دوکتور بیرنارد گرانژۆن

## سەرۆکی ئیفتیخاریی ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان

لە سەر ئیجازەی ئێوە أ من دەمەوێ لە لایەن ئەو ڕێکخراوە ئینسانی یانەی لە گەڵ دوکتور قاسملوو دا هاوکارییان هەبوو، کەمێك بدوێم. قاسملوو بۆ ئێمە هەر تەنیا کەسێك نەبوو کە بە باشی ئەو گیر و گرفتانەی لە کاتی ئەنجام دانی خزمەتە ئینسانی یەکان دا دەهاتنە سەر ڕێمان، دەرکی دەکردن. بەڵکوو کەسێکی زۆر لەوە بەرزتر بوو. ئەو بۆ ئێمە نموونەی مرۆڤدۆستێکی گەورە بوو. ئەگەر بمەوێ تایبەتمەندیی دوکتور قاسملوو، باشتر دەربخەم، دەبێ بە دووپاتە کردنەوەی دوو وتە، کۆتایی بە قسەکانم بێنم. یەکێك لەم دوو وتانە، هی دوکتور قاسملوو خۆیەتی. وتەیەك کە حەز دەکەم دووپاتی بکەمەوە و پێم وایە هەتا دوا ساتی ژیانیشم هەر دەیلێمەوە، ئەویش ئەوەیە : " دەزانی، لە نێوان قەناعەت پێهێنان و داسەپاندن، قەناعەت پێهێنان سەختترە و کات و خۆ ماندوو کردنی زیاتری دەوێ. بەڵام سەرەنجام ئەو کەسە سەردەکەوێ کە لە ڕێگای قەناعەت پێهێنانەوە، گیروگرفتەکان چارەسەر دەکا ". وتەکەی دیکە هی منداڵێکی هەشت ساڵەی کوردە. چەند مانگ دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوو، لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کە ئەوکات لە ماتەمی لە دەستدانی شەخسییەتێکی ئاوا گرینگ دا بوو، چاوم بەو منداڵە کەوت و لێم پرسی : دوکتور قاسملوو بۆ تۆ سەمبولی چ شتێکە ؟ ئەم منداڵە لە وڵام دا گوتی : " دێمۆکراسی " . من پێم وایە ئەو منداڵە هەموو تایبەتمەندی یەکانی دوکتور قاسملووی بەم یەك وشەیە دەربڕی.

## وتاری بەڕێز ئالین شێنال
## دەبیری نەتەوەیی حیزبی سوسیالیستی فەرانسە
## لە کار و باری میدیتەرانە دا

دۆستانی بەڕێز !

ڕێگا بدەن منیش بە کورتی چەند وتەیەك بە مەبەستی ڕێزنان لە یادی دوکتور قاسملوو، پێشکەش بکەم. هەرکات کەسێك لە نێو دەچێ، وەك عادەت دەڵێن جێگای خاڵی یە. لە بارەی دوکتور قاسملوو ئەم قسەیە، بە تەواوی مانای وشە لە جێی خۆی دایە و ئێمە زۆر بە قووڵی نەبوونی وی هەست پێ دەکەین. چونکە ئەگەرچی دەساڵ لە مردنی رابردوە، هێشتا عادەتمان بە مەرگی ئەو نەگرتوە و هێشتا پێویستیمان پێیەتی. دوکتور قاسلوو لە هەموو رۆژهەڵاتی نزیك دا، شەخسییەتێك بوو کە ئێمە هاوتایەکمان بۆ ئەو بەدی نەدەکرد. دوکتور قاسملوو، دۆستێکی راستەقینە بوو و ئێمە متمانەی تەواومان پێی بوو. روانگەیەکی مۆدێرنی هەبوو. بە بڕوای ئەو، هیچ هۆیەك نەیدەتوانی ئەم مەسەلەیە پاساو بداتەوە کە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە رەوتی دێمۆکراتیزاسیۆنی جیهان، بێ بەش وەمێنێ. لەم بارەوە عەبدولرەحمان ئاڵا هەڵگر و پێشڕەو بوو.

ئەو وەك دۆستێك هەمیشە یارمەتیی دەداین. بۆ وێنە دەتوانم نەخش و هاوکاریی کاریگەری ئەو لە ئازادکردنی بارمتەکان لە سەرەتای دەیەی هەشتا دا، وەبیر بێنمەوە.

شەخسییەتی قاسملوو زۆر لەوە گەورەتر بوو کە لە پاوانی کەس دا بێ. بەڵام ئیجازە بدەن بڵێم کە ئێمە ئەومان بە یەکێك لە خۆمان دەزانی. ئەو لە نێو بنەماڵەی سۆسیال دێمۆکراتەکان دا زۆر زوو جێگای خۆی دیتەوە و ئەندامەتیی لەو بنەماڵەیەدا پێ خۆش بوو. جاری یەکەم ساڵی ١٩٧٦ هاتە دەفتەری حیزبی سۆسیالیست. ئەو کات لیۆنێل ژۆسپەن دەبیری یەکەمی جیهانی سێهەم بوو. لەو رۆژە بە دواوە هیچ کات پێوەندیی لە گەڵ ئێمە نەپچڕا و هەمیشە لە کۆنگرەکانمان دا بەشدار دەبوو. پاشان حیزبەکەی بوو بە ئەندامی تەواو عەیاری ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست و ئێمە لەو بارەوە زۆر

خۆشحاڵ بووین. ئەو رۆژە تاڵەم هەر لەبیرە کە لە گەڵ تەرمەکەی دا بەرەو گۆڕستانی پێرلاشێز دەچووین. جگە لە ئاغای بیرنارد کۆشنێر کە بەشدار بوو و قسەی کرد و قسەکانیمان هەر لە بیرە، ئاغای لیۆنێل ژۆسپەن وەزیری پەروەردە و فێرکردنی ئەو کات و سەرۆك وەزیری ئێستای فەرانسەش، پەنامەکی وەزارەتەکەی خۆی بە جێهێشت و بە مەبەستی دەربڕینی هاوپێوەندی و سەبارەت بە ئۆگریی بە عەبدولڕەحمان قاسملوو، دەگەڵ خۆ نیشاندەران کەوت.

لە تایبەتمەندی یە بەرزەکانی دوکتور قاسملوو، دەتوانم بیری کراوە و بەربەرینیی روانینی ئەو لە بارەی مەسەلەکانی جیهانەوە، ناو بەرم. روانین و بۆچوونەکانی وی لە چوار چێوەی تەنگی ناوچەدا، بەرتەسك نەدەبوونەوە. لەو بارەوە ئەو لە گەڵ هەموو شەخسییتە سیاسی یەکانی ئەم ناوچەیە جیاوازی یەکی زۆری هەبوو. ئەویندارى ژیان و هەڵسوکەوت لە نێو خەڵك دا بوو. هەر بۆیە هەڤاڵەتی و دۆستایەتی لە گەڵ ئەو، بە راستی خۆش و مایەی خۆشحاڵی بوو. ئەو دەیتوانی لە رێگای شۆخی و تەنزەوە، بیرورا جیدی یەکانی خۆی دەربڕێ.

دیارە نابێ هاوڕێیانی شەهیدی دوکتور قاسملوو لە بیر بەرینەوە. عەبدوڵڵا قادری کە ئینسانێکی گەرم و گوڕ و خۆش رەفتار بوو و نەخشێکی بەرچاوی لە پێوەندی یەکانی ئێمە و حیزبی دێمۆکرات دا هەبوو. هەروها فازڵ رەسووڵ کە کوردێکی عێراقی بووو وەك دێمۆکراتێك بیری دەکردەوە و بە راستی خوازیاری ئاشتی و هاوپێوەندیی نێوان کوردەکان بوو. بۆچوونەکانی لای ئێمە بە نرخ بوون. ئەو فێری کردین لە لێکدانەوکانمان دا داهاتووی کوردەکانی ئێران و عێراق، لێك جیا نەکەینەوە. دیارە ئەمڕۆ دەبێ داهاتووی کوردەکانی تورکیەشمان لە بەرچاو بێ.

سوپاسی ئێوە دەکەم کە گوێتان لە قسەکانم راگرت. پێم وایە هەموومان لە رێگای بە جێ گەیاندنی بەڵێن و بەرپرسایەتی یەکانمان لە بارەی پشتیوانی کردن لە وانەی کە خەباتی دوکتور قاسملوو درێژە دەدەن، بە ناو و یادی دوکتور قاسملوو وەفادار دەمێننەوە.

## وتاری دوکتور کەندالّ نزان،

## سەرۆکی ئەنیستیتۆی کورد له پاریس

من وەك دۆستێکی چەند ساڵەی دوکتور قاسملوو قسه دەکەم. قسەکانی دۆستانی ئێرانی و ئەو کەسانەی دیکه که قاسملوویان دەناسی، زۆریان کار تێ کردم. پێم وایه ئەوه ڕەسمی گەوره پیاوانی هونەر و سیاسەته که دەبن به ئاوێنەیەکی گەوره له بەرامبەر میللەت و کۆمەڵی خۆیان دا تا هەموو لا بتوانن خۆیانی تێدا ببینن. لێرەدا دۆستانی ئێرانی و فەرانسەیی ڕێزیان له شەخسییەتی دوکتور قاسملوو گرت. لەوانەیه ئەگەر عەرەبێك له عێراقەوه، تورکێك له تورکیەوه، ئازەری یەك و ئاشوری– کەلدانی یەکیش قسەیان کردبا، مەبەستەکانی خۆیان هەر بەو هەست و سۆز و تین و گوڕەوه دەربڕیبا و دوکتور قاسملوویان به هی خۆیان زانیبا. چونکه دوکتور قاسملوو له ناتەبایی و جیاوازی یه ناوچەیی، نەتەوەیی و مەزهەبی یەکان، زۆر بەرزتر بوو. ئەو هێزه نادیارەی ئەمڕۆ ئێمەی له دەورەی یەکتر کۆ کردۆتەوه، هەموو ئەو بایەخانەیه که قاسملوو بنچینەی خەبات و تێکۆشانی خۆی له سەر دانابوون، واته ئازادی، دێمۆکراسی و دادپەروەریی کۆمەلایەتی.

کاتێك ساڵی ١٩٧٦ له پاریس له گەڵ دوکتور قاسملوو ئاشنا بووم گەلی کورد کارەساتێکی نەتەوەیی بەسەر دا تێ دەپەڕی. چونکه ڕاپەڕینی ژێنراڵ بارزانی، که هومێدێکی زۆری له دڵی خەڵکی کورد دا پێك هێنابوو، به دوای ڕێککەوتننامەی ئەلجزایر له نێوان شای ئێران و سەدام حوسێن دا و، نیشاندرانی چرای سەوز له لایەن ئەمریکاوه تێك شکابوو. جگه لەوەش ئەو کات کوردەکان شایەدی پشتیوانیی ئەمریکا له ڕێژیمه دژی گەلی یەکانی ئێران و تورکیه بوون. هەر بۆیه دژ کردەوەی هێزه سیاسی یەکانی کورد بۆ وێنه موحافیزەکارەکان ئەوه بوو که سیستمی شوورەوی بکەن به ڕووگەی خۆیان و ڕێبازی خۆیان له سەر بناغەی سۆسیالیزمی زانستی واته مارکسیزم لنینیزم،

دیاری بکەن. قاسملوو کە لە پراگ هاتبۆوە و سیستمی سۆسیالیستیی لە نێوەوە دەناسی، ئەزموونێکی یەکجار زۆری هەبوو. من بۆخۆم چەند جار چوومە ولاتانی رۆژهەلات و دلنیابووم کە مۆدێلی شوورەوی گەیشتۆتە بنبەست. بەلام ئەوکات دەربڕینی روانگەیەکی ئەوتۆ لە کۆڕ و کۆمەلەکانی رۆژهەلاتی نێوەڕاست دا زۆر بە زەحمەت بوو و تەنانەت بە جۆرێك کوفروێژی و خەیانەت لە قەلەم دەدرا.

قاسملوو بڕوایەکی قوولی بە دێمۆکراسی هەبوو و لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە دێمۆکراسی، شتێك نیە تایبەتی هێندێك ولاتان بێ. بەلکوو دەسکەوتێکی مرۆڤایەتی یە کە هەموو لا و بەتایبەتی ولاتانی جیهانی سێهەم مافی ئەوەیان هەیە هەیانبێ و کەلکی لێ وەربگرن. لە روانگەی ئەوەوە دێمۆکراسی وەك ئامرازێك بوو بۆ یەکگرتوو کردنی میللەتێکی وەك نەتەوەی کورد کە لە ئاکامی هۆکاری جۆراوجۆر دا لەت لەت و دابەش کراوە. ئەو دەیەویست لە رێگای دیالۆگ و قەناعەت پێ هێنانەوە کوردەکان لێك نزیك بکاتەوە و، یەکگرتوویان بکا نەك لە رێگای پەنا بردن بۆ زۆر و زۆرەملی و توند و تیژی. ئەو دێمۆکراسی یەکی ناتەواوی وەك دێمۆکراسی بورژوازی یان ئەوەی پێی دەلێن دێمۆکراسیی سیاسی لە باشترین سەرەڕۆیی یان دیکتاتۆریی خەلکی و پرۆلیتاریا، پێ باشتر بوو. بەلام لەو باوەڕە دا بوو کە دەبێ ئەو دێمۆکراسی یە قوولتر بکرێتەوە و باری کۆمەلایەتییشی پێ بدرێ کە بریتی یە لە دادپەروەریی کۆمەلایەتی. لە سەر بناغەی ئەو بۆچوونە بوو کە پێی وا بوو لە نێوان سیستمی ئەمریکا و مۆدێلی شوورەوی رێگایەکی دیکە هەیە کە سۆسیالیزمی دێمۆکراتیکە. ئەو سۆسیالیزمی دێمۆکراتیکی لە سەر دەمێك دا لە ریزەکانی حیزبەکەی دا شی کردەوە و برەوی پێ دا کە کارێکی ئەوتۆ ئازایەتی یەکی سیاسیی زۆری دەویست.

ئەم وتارانەلە ژمارە٢٧٢ی"کوردستان"،٢٢ی پووشپەری ١٣٧٨(١٣ی ژوئیەی١٩٩٩) تایبەتی١٠سالەی شەهید بوونی د.قاسملوودا بلاو بوونەوە.
هەر وەها لە کتێبی"دوکتور قاسملوو، رێبەرێکی مودێرن و شۆرشگێرێکی دیموکرات"دا بلاوکراونەوە.

# کریس کۆچیرا :
# دوکتور قاسملوو ئەنسیکلوپیدیایەکی زیندوو بوو

کریس کۆچیرا نووسەر، ڕۆژنامەنووس و شەخسییەتی کورددۆستی فەرانسەیی کە چەند کتێب و زۆر وتاری بە نرخی تا ئێستا لە سەر کورد نووسیوە، لە دۆستانی بە نرخ و لە مێژینەی دوکتور قاسملوو و حیزبی دێمۆکراتە. لە ژوئەنی ئەمساڵ(١٩٩٩) دا دوو جار لە گەل هاوسەرەکەی سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی کرد. بە دەرفەتمان زانی و بە بۆنەی دەیەمین ساڵی شەهید کرانی دوکتور قاسملووی ڕێبەرمان، ئەم وتووێژەمان لە گەڵپێك هێنا.

پ : بەڕێز کریس کۆچیرا ! پێمان خۆشە بزانین یەکەم جار چۆن لە گەڵ دوکتور قاسملوو ئاشنا بووی ؟ لە کوێ و چ وتووێژێك لە نێوانتان دا رابرد ؟

و: چاو پێکەوتنێکی سەیر بوو. ساڵی ١٩٧١ لە دەربەندی چۆمان لە میوانخانەی بارزانی لە گەڵ دوکتور قاسملوو ئاشنا بووم. بۆ دیتنی بارزانی چووبوومە ئەوێ. لە میوانخانەکە پیاوێکی بەڕێزم دیت کە جلوبەرگی ئورووپایی لە بەر دا بوو. بەو هۆیە کە پێم وابوو هیچ کەس بە زمانی ئێمە نازانێ، بە زمانی فەرانسەیی لە هاوسەرەکەم پرسی : " داخوا ئەم کابرا لەگەل ئێمە نانی بەیانی دەخوا یان نا ؟ " بەو پەڕی سەر سوڕمانەوە دیتم کابرا بە زمانی فەرەنسەیی وڵامی دامەوە و گوتی : " بەڵێ ئەم کابرایە دەیەوێ نانی بەیانی لە گەل ئێوە بخوا " !

لە سەر نان خواردن، لە بارەی سیاسەتەوە پێکەو دواین. زۆر زوو منی

کردە ئۆگری خۆی، چونکە زانیاری یەکی یەکجار زۆری هەبوو. لەو پیاوەی وەك بەڵەد و چاوساغ لە گەڵمان بوو پرسیم ئەو کابرایە کیٚ یە ؟ گوتی دوکتور قاسملوویە. لە دوکتور قاسملووم پرسی دەتوانم لە بەغدایە بتبینم ؟ ژمارە تەلەفوونی خۆی پێدام. بەم جۆرە ئەو یەکەمین مامۆستای من بوو لە ناسینی مێژووی کوردستان دا. لە بارەی باوکی خوالێخۆشبووی و چوونی ئەو بۆ باکۆ و هەروەها لە بارەی کۆماری مەهابادەوە قسەی بۆ کردم. لە بارەی بارزانی یەوە زۆر زانیاریی ورد و تێر و تەسەلی دامیٚ. لە راستی دا ئەنسیکلوپیدیایەکی زیندوو بوو. هەر لەو کاتە دا کەیفی بەوە دەهات نوکتەی خۆش بگێڕێتەوە و پێبکەنیٚ. زۆر رووخۆش بوو، ئەزموونەکانی سەردەمی خوێندکاریی خۆی لە پاریس بۆ گێڕامەوە. بە کورتی بناغەی دۆستایەتی یەکی پتەومان دانا.

پ : وەکوو ئێمە بیستوومانە بە دوای یەکەم چاوپێکەوتن دا، لە گەڵ خێزانتان لە بەغدایە سەردانی دەفتەری حیزبی دێمۆکراتتان کرد. گویا لەویٚ قەولت بە دوکتور قاسملوو دا سەبارەت بە مەسەلەی کورد لە ئێران لە گەڵ کاربەدەستانی ئێران وتووێژ بکەی. ئایا ئەو هەلەت بۆ رەخسا ؟ لە گەڵ کام یەك لە کاربەدەستانی ئێران توانیت وتووێژ بکەی ؟ گەیشتیە چ ئاکامێك ؟

و : لە راستی دا من چاوم بە ئاغای هووەیدا کەوت. خەریك بوو بۆ زاهیدان دەچوو، داوای لیٚ کردین لەو سەفەرە دا هاوڕێی بین، لە نێو فرۆکە دا وتووێژم لە گەڵ کرد و لە بارەی کێشەی کوردەکانیشەوە هێندێك پرسیارم لیٚ کرد. پێم وایە ئەم سەفەرە لە ساڵی ۱۹۷۳ دا بوو. ئەم وتووێژە لە گۆڤاری " ئیکسپرێس " دا چاپ بوو. هەموو وتووێژەکەم بە وردی وەبیرنایەتەوە. پێم وایە هووەیدا گوتی " ئێمە لە ئێران دا گیروگرفتێکمان بە ناوی کێشەی کوردەکان نیە ". ئەم چاو پێکەوتنە ماوەیەك بەر لە رێککەوتنی ئێران و عێراق بۆ من رەخسا. بەڵام هووەیدا هیچ ئیشارەیەکی بە شتێکی ئەوتۆ نەکرد. دەقی تەواوی ئەم وتووێژەم لە ئارشیوی خۆم دا، هەر وا پاراستوە. بەڵام بە داخەوە ئێستا هەموویم لە بیر نیە. هووەیدا سیاسەتمەدارێکی بە توانا بوو و دەستێکی

بالآی هەبوو لە خۆ دزینەوە لە وڵامی پرسیارە ئاستەمەکان دا.

لە سەر دەمی شا دا، چەند جاران چوومە ئێران. لەو هۆتێلانەی لێیان دەماینەوە، بەو هۆیەوە کە میکرۆفۆنی نهێنییان لێ دادەنان، هەرکات باسی دوکتور قاسملوومان دەکرد، پیتی یەکەمی ناوی خۆی و شۆڕەتەکەی ( A.R.G ) مان بە کار دەهێنا. ئێستاش لە ئورووپا و لە مەجلیسی دۆستانە و خۆمانەدا هەر لەم پیتانە بۆ یادکردنەوەی دوکتور قاسملوو کەلك وەردەگرین. هاوسەری دوکتوری ڕەحمەتی بۆ خۆشی لە کاتی قسە کردن لە گەڵ ئێمە دا، بۆ ناو بردنی دوکتور هەر ئەم پیتانە بە کار دەبا.

پ : ئایا ئاشنایی لە گەڵ دوکتور قاسملوو و حیزبی دێمۆکرات، بوو بە هۆی ئەوە کە پتر خۆتان بە کێشەی کورد و خەباتی ئەم گەلەوە ماندوو بکەن ؟

و : هەر وەك لە وڵامی پرسیاری یەکەم دا گوتم دوکتور قاسملوو شەخسییەتێکی یەکجار سەرنج ڕاکێشی هەبوو. ئەو لە بارەی مێژوو و فەرهەنگی نەتەوەی کوردەوە ئەوەندەی زانیاریی بە نرخ و سەرنج ڕاکێشی دامێ کە بە ڕاستی من بوومە ئۆگری مەسەلەکە. هەر وەك گوتم بووین بە دۆستی زۆر نزیکی یەکتر. زۆر جار چاومان بە یەکتر دەکەوت. چەند جار لە بەغدایە میوانی بووم. بە سواری ماشێنە پێژۆیە کۆنەکەی دەگەڕاین. هێندێك جار دەیگوت : " چاوت لێ یە نەیارانم دەڵێن بە سواری بێنزی ئاخرین سیستم دەگەڕێم ! ".

دوکتور قاسملوو منی لە گەل چەندین شەخسییەتی ناوداری کورد بۆ وێنە " هەژار " و " هێمن " ئاشنا کرد. لە گەڵ هێمن جگە لە شەڕاب هیچ خاڵێکی هاوبەشی دیکەمان نەبوو. بەو حاڵەش پێکەوە زۆر شەوی خۆشمان ڕابوارد. جگە لەمەش هێندێك شەخسییەتی بە وەجی دیکەی وەك هەمزە عەبدوڵلا ی پێ ناساندم. ئەم مەسەلەیە بۆ من زۆر گرنگ بوو. چونکە ناسیاوی و چاوپێکەوتنی کەسایەتی یە گەورەکان، لای من هەمیشە گرنگی یەکی تایبەتی هەبووە. بۆ هەواڵنووسێك زۆر گرنگە کە دەستی بە شەخسییەتێکی

کلیدی رابگا و، دوکتور قاسملوو له پێوەندی له گەڵ کێشەی کورد دا، کلیلێکی گرنگ بوو، به تایبەتی که زۆر زانا بوو و هەستێکی قووڵی ئینسانیی هەبوو.

پ : بیستوومانه پلینۆمێکی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات له ماڵی ئێوه له فەرانسه گیراوه که دوکتور قاسملوو سەرپەرستی کۆبوونەوەکه بووه. ئەگەر دەکرێ پێمان خۆشه بزانین چۆن بوو رێگاتان دا ئەم کۆبوونەوەیه له ماڵی ئێوه پێك بێ ؟

و: له کتێبی دووهەمی خۆم له بارەی کێشەی کوردەکان دا، ئیشارەم پێ کردوه. له دۆڵێك نزیکەی " شامبور " له کۆشکێکی گەوره دا دەژیاین. جێگا و رێگایەکی زۆرمان هەبوو. ئەو کات حیزب له باری ماڵی یەوه وەزعی باش نەبوو. به دوکتور قاسملووم گوت ئەوێ جێ یەکی زۆر له باره، بۆیه دەتوانێ له گەل هاورێیانی بێته وێ. پیرێژنێك له وێ دا دەژیا که دوکتور قاسملووی زۆر باش دەناسی. ئەم ژنه له ماوەی ئەم سێ چوار رۆژه دا که کۆبوونەوەی " کۆمیتەی ناوەندی " درێژەی هەبوو، کاری چێشت لێنانی ئەنجام دەدا. بەشدارانی پلینۆم زۆریان ئەو ژنه خۆش دەویست و له کارەکان دا یارمەتییان دەدا. بەڵام ئەو نەیدەزانی ئەم تاقمە، تێکۆشەری سیاسین که دژی رێژیمی شا خەبات دەکەن.

پ : دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتی چەند جار سەری کوردستانتان داوه ؟ ئەوەندەی ئێمه ئاگادارین جارێك له جەنگەی شەڕی رێژیمی کۆماری ئیسلامی و گەلی کوردستان [ شەڕی سێ مانگه ] دا هاتوویەته کوردستان، بێگومان ئەوکاتیش له گەل دوکتور قاسملوو دیدار و وتووێژت هەبووه. چ بیرەوەری یەکتان لەو سەفەره هەیه و وتووێژەکانتان زیاتر له بارەی چ مەسەلەیەکەوه بوون ؟

و: له راستی دا سێپتامبری ۱۹۷۹ بوو که سەری کوردستانی ئێرانم دا. ئەوکات نه شەڕ هەبوو نه ئاشتی. له دێی " پشکاوێ " چاوم به دوکتور قاسملوو کەوت. له خانوویەکی بەردین دا دەژیا که تەنیا ژوورێکی هەبوو.

دەیگوت ئەوە یەکەم جارە بوومە خاوەنی چاوە خانوویەك. کەواوپاتۆڵی لەبەر دابوو و دەمانچە ( یەکی ٧ تیر )ی لە قەدی بەستبوو. دەیگوت : " پێشمەرگەکان پێیان گوتووم چۆن تەقەی پێ بکەم بەڵام هێشتا فێر نەبووم چۆنی دەکار کەم ! "

شانسێکی باشمان هەبوو کە لەو ڕۆژانەدا لە وێ بووین. چونکە [ دوکتور قاسملوو] چەند ڕۆژ دواتر ئێمەی لە گەل خۆی برد بۆ میتینگێکی گەورە لە مەهاباد. لەوێ پێی گوتین ئێرە هەر ئەو جێگایەیە کە قازی محەممەدی لێ بە دار دا کراوە. هەزاران کەس لەو مەیدانەی وێ کۆ ببوونەوە. [ ئەم ڕووداوە ] زۆر کاری تێ کردین، بە ڕاستییش جێگای سەر سوڕمان بوو. چونکە لە سەر تەپۆڵکەکانی قەراغ شاری مەهاباد، تانکەکان دەبینران. پێم وایە ئەوە دواجار بوو کە هێمنم دیت. وێنەیەکی زۆر جوانی دوکتور قاسملوو، یەکێك لە براکانی و هێمنم گرت. ئەم وێنەیە هەر ئێستا لە سەر مێزی نووسینەکەمە. لەم سەفەرە دا هێندێك لە واحیدەکانی پێشمەرگەم بینی کە زۆر ڕێکوپێك بوون و بە باشی ڕێکخرا بوون. لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندییش دا بەشداربووین. هەستمان بە خۆشی یەکی زۆر کرد. سێ حەوتوو لە وێ بووین.

پ : ئایا دوکتور قاسملوو سەبارەت بە کێشەی کورد هیچ کات پرس و وتووێژی بە جەنابت وەکوو ڕۆژنامەنووس و شارەزایەکی مەسەلەی کورد، دەکرد ؟

و: ئێمە لەو بارەوە زۆر پێکەوە دەدواین. بەڵام پێم وایە ئەمن لەو ئاستەدا نەبووم کە ڕێنوێنیی ئەو بکەم. ئەو مامۆستا بوو من قوتابی. بەڵام زۆر جار لە سەر ستراتێژی بزووتنەوەی کورد، ئامانجی دوارۆژی خەباتی کوردەکان و لە سەر پێوەندیی حیزب و بەغدا و هێندێك مەسەلەی لەم چەشنە پێکەوە قسە و باسمان دەکرد. من باوەڕم بە یەکبوونەوەی هەر چوار بەشی کوردستان هەیە و لەو باوەڕە دام کە دەبێ ئەوە ببێتە ئامانجی دواڕۆژ.

پ : ئاغای کریس کۆچیرا ! کاتێك هەواڵی شەهید کرانی دوکتور قاسملووت بیست تووشی چ هەستێك بووی ؟

و: ئەو کات ئێمە لە ئیرلەند بووین. هەموو بەیانان گوێمان دەدایە رادیۆ. بەیانی یەك گوێمان لێ بوو گوتی سێ کەس لە رێبەرانی کوردەکان کوژراون. دوای ماوەیەکی کورت ناوی ئەوانیشی گوت. ئەم هەواڵە ئێمەی بە توندی هەژاند. خێزانم دەستی کرد بە شیوەن و گریان، نەمزانی چ بکەم. لە دەستدانی دۆستێکی وەك دوکتور قاسملوو، دەردێکی گەورە بوو و پەژارە و نارەحەتیی لە رادە بەدەری خێزانمیشی هاتبووە سەر. هەر وەك پێشتر گوتم دوکتور قاسملوو دۆستێکی زۆر نزیکم بوو. هەژدە ساڵ بوو دۆست بووین. ئەوم لە هەلومەرجی جۆراوجۆر دا دیتبوو : وەك پەنابەرێکی سیاسی و، وەك رێبەرێکی بزووتنەوەیەکی چەکدارانەی بە هێز. بەڵام ئەو هەموو کاتێك لە دۆستایەتی دا گەرم و گوڕ و خۆبەکەمگر بوو.

پ : بۆخۆت چ تایبەتمەندی یەکت لە دوکتور قاسملوو دا بەدی کرد کە ئەوی لە رێبەرانی دیکەی کورد جوێ دەکردەوە ؟

و: دوکتور قاسملوو تاقە رێبەرێکی کورد بوو کە لە ئورووپایەی خوێندبوو، چەند زمانی خاریجیی بە باشی دەزانی، خەڵکی ئورووپای باش دەناسی و دەیزانی چلۆنیان رەفتار لە گەڵ بکا، توانایی و لێهاتوویی یەکی زۆری لە دامەزراندنی پێوەندیی دۆستانە لە گەڵ رێبەرانی سیاسیی ئورووپادا هەبوو. پیاوێکی بە فەرهەنگ و سیاسەتمەدارێکی بە تەواو مانا بوو. بە بڕوای من ئەگەر دوکتور قاسملوو ئێستا مابایە، لە وانە بوو وەزعی کوردەکان لە کوردستانی عێراق و کوردستانی تورکیەش، گۆڕابا.

ئەم وتووێژە بە هۆی کاك فەتاح کاویان لە ئینگلیزیەوە کراوە بە فارسی، منیش کردومە بە کوردی. لە ژمارە ٢٧٢ی رۆژنامەی "کوردستان"،تایبەتی ١٠ ساڵەی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو دا بلاو بۆتەوە.

هەر وەها لە کتێبی"دوکتور قاسملوو،رێبەرێکی مودێرن و شۆرشگێرێکی دیموکرات"دا، (کۆ کردنەوە و ئامادە کردنی کاك کاوەی بەهرامی) بلاوکراوەتەوە.

# به یادی کاك دوکتور له شەوی هەزارەی سێهەم دا

**عەلیرەزا نووری زادە**

ئومید، کوڕی گەورەم کە ئێستا بووە بە لاوێکی رەشید، دوو سێ مانگە بوو کاتێك بۆ یەکەم جار ئەو شەوەی لە سەربانی ماڵی خەزوورم تێپەڕبوو، زەمزەمەی پڕ لە خۆشەویستی " ئاغاجەلالەدین " م گوێ لێ بوو کە ئومیدی لە ئامێز گرتبوو و دەیلاواندەوە : باوکەکەم، گیانەکەم، مانگەکەم، رەشیدەکەم، ئازیزەکەم، کاکەکەم و... لە گوێی بانەوە روانیم و ئەوم، کە لە حەوشی ماڵەکەیان پیاسەی دەکرد و هەوڵی دەدا نەوە خۆشەویستەکەی بخەوێنێ، دیت.

گۆرانی یە کوردی یەکەی، ئاوێتەی شەو دەبوو و ئومیدی بچکۆلەی من، بە دەنگە بلاوێنەکەی چووبووە خەوێکی شیرین. لە سەربان هاتمە خوارێ. ئاغا جەلالەدین ئومیدی لە سەر تەختێك دانا بوو، لە تەنیشتی دانیشتم. وەك ئەوەی لە پڕ خەونێك لە خەوی راپەڕاندبێ، دەستی بە قسان کرد : باوکەکەم ئەو رۆژەی حەمە رەشیدخان راپەڕیبوو، ئەو کات کە تەرمی قازیمان بە فرمێسك شوشت، ئەو رۆژەی کۆلانەکانی مەهاباد بۆنی خوێنیان لێ دەهات،... ئاغاجەلالەدین بۆ حەمە رەشیدخانی خۆی، بۆ قازی خۆی، بۆ کۆلانە خوێناوی یەکانی مەهاباد و سنەی خۆی، لاوکی دەگوت...

رۆژێك دەستی منی گرت و لە گەڵ خۆی بردمی یە نێو بیرەوەری یەکانی سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵیی خۆی. کابرایەك دەف لە نێو دەست دا بوو، مەولوودنامەی دەخوێندەوە، لاوێك لە چیاکان رامابوو و ژنێك لە حەساری ماڵەکەیان گۆرانی یەکی کۆنی دەگوتەوە.

* * *

داریووشی فەرووهەر تەلەفۆنی کردبوو کە ئەوە دەچێتە کوردستان. لەو

رۆژانەدا ئاغاجەلالەدین زۆر بێ کەیف بوو. ئەو هەموو ژیانەی بە گوللەکانی رق و نەفرەتی خەلخالی یەوە، کۆتایی یان پێدەهات، دڵە پڕ لە بەزەیی یەکەیان زامدار کردبوو. کاتێك ئاغا " نیزام " هەواڵی هێنا کە مێرمنداڵە کوردەکان، سێ سێ بە سیم لە میلەی پەنجەرەیان دەبەستنەوە و بە کلاشینکۆف، لە سەر لەشیان نەخش و نیگار دەکێشنەوە، مات دەبوو و لە گەڵ کەس نەدەدوا.

بە تاقی تەنێ چوومە سنە. سێ جار پێشیان پێ گرتم. لە نێو ساختومانی رادیۆ تەلەویزیۆن دا بە دوای دۆستانی قەدیمیم دا دەگەڕام، دەتگوت هەموویان رۆیشتوون. پاسدارێکی ئەردەبیلی پێشی پێ گرتم گوتی بۆ کوێ ؟ مەگەر تەویلەیە ؟! هیچم نەگوت و وەدەر کەوتم. بە هۆی تەلەفۆنەوە ژمارە تەلەفونی شێخ محەممەد... م لە مەهدی کە لە تاران بوو وەرگرت و سەعاتێك دواتر لە دەفتەری کارەکەی بووم... دوو رۆژ دواتر بوو کە شەریف هات و منی سواری پەیکانەکەی خۆی کرد. پێج شەش سەعات بەرێوە بووین. سەرەنجام کاتێك گەیشتینە بنکەی دوکتور، عەبدوڵڵا گوتی دوکتور لە شوێنێك لە دەرەوەی شار کۆبوونەوەی هەیە. لە نێو ماشێن دا خەوم لێ کەوتبوو و کاتێك لە شنە شنی شنەی بەربەیان دا چاوم کردەوە، پێشمەرگەکان لە دەورەم رێزیان بەستبوو. دوکتور فەرمووی کردین و دانیشتین. خوان و نانێکی پڕ لە سەفا و خۆمانە بوو، بە چایی و هەنگوین و دەریایەك رێز و خۆشەویستی کە پێشکێشمان کرابوو.

بە دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو پیاوێك کە لە قۆناغی خوێندکاری لە لەندەن دا، ناویمان لە کاتی گوڕاندن و تووڕەیی بە سەر زار دا دەهات و وشەکانیمان بە پیتی ورد لە سەر لاپەڕی نامیلکە بچووکەکان دەقۆستەوە، چم گوتبا کە شایانی بێ. لێی رامابووم و ئەویش لە ئاواتەکان و لە داهاتوو، دەدوا. میللەت سەرکەوتنێکی گەورەی وەدەست هێنابوو.بەڵام گۆڕهەڵکەنانی ١٤٠٠ ساڵە، بە پاچ وپێمەڕە و خۆمپارەو کلاشینکۆف و، تەناف و کابڵەوە، دەستیان کردبوو بە ئێعدام کردن و دەستیان بەسەر ئەم سەرکەوتنە مەزنەدا

گرتبوو. دوکتور هیوادار بوو کە هەوڵەکانی فرووهەر و هەیئەتی ئاشتی بە ئاکام بگەن. هێشتا پێی وابوو ئاغا [ خومەینی ]، بۆخۆی زۆری حەز لە هەڵ لووشینی گیانە ئەویندارەکان نیە. شێعرەکەی شاملووم بۆ گوت : " دێن بۆن بە دەمتەوە دەکەن "... گوتی نابێ نا هومێد بین، دووچەرخەسوارەکان سەرەنجام ناچار دەبن مەیدانەکە بە جێ بێڵن. گوتم چ لە کەر سوارەکان بکەین کە لە پێنج تمەنی چوونە سەر مینبەر را بە سەر گەنجینەی نادری دا کەوتوون...

* * *

لە گۆڤاری " امید ایران " ( هومێدی ئێران ) دا رووماى خوێناویی کوردستانم نیشان دا، گۆڤارەکەمیان داخست. فەرهاد بە دەنگێکەوە کە بۆنی مەرگ و فرمێسکی لێ دەهات تەلەفونی بۆ کردم و گوتی : عەلی رەزا براکەمیان کوشت. حەسەنیان کوشت و... ئیدی لێی حاڵی نەبووم. ئیمام لە قوم فەرمانی زەوتکردنی بزەی سەر لێوانی خەڵکی ئێران و، قوت دانی کوردانی، بە زیندووخۆرەکانی دابوو. ئەوەندەی رق لە کاك دوکتور بوو کە نەیدەتوانی خۆی کونترۆڵ بکاو سەرەنجام بە جۆرێك ناوی دوکتوری هێنا کە دەمانزانی ئەگەر لە بەرامبەری دا بوایە، پیرە پیاو بەسەری یەوە نەدەچوو... فەرهاد وێنەی دووبراکەی و ئەو قارەمانانەی لە سەر خاکی فرۆکەخانەی سنە گیانیان لێ ستێنرا، دا بە من. یەکێکیان تا نێو قەدی لە گێچ دا بوو، هەر بە راکشاوی ئێعدامیان کردبوو... کە گەیشتمە پاریس خۆم گەیاندە [ گۆڤاری ] " المستقبل "، سەرنووسەرەکەیم لەو رۆژانەوە کە لە بەیرووت بووم، دەناسی. وێنەکانی کە دیت تەلەفونی بۆ دۆستێکی خۆی لە [ گۆڤاری ] " پاری ماچ " کرد. حەوتوویەك دواتر وێنەکان لە چەند بڵاوکراوەی گرنگی فەرانسە، ئاڵمان، ئینگلیس و ئەمریکا و ئیتالیا دا بڵاو بوونەوە. کاتێك گەیشتمەوە تاران " دوکتور م. م " لە وەزارەتی ئێرشاد ئاگاداری کردمەوە کە زانیویانە کە وێنەکان تۆ بڵاوت کردوونەوە. وێنەی ئەو قارەمانانەی کە بەرەبەیان لە فرۆکەخانەی

سنە بە دەست و پێی بەستراوو یەکێکیان بە لەشی تا نێو قەد لە گێچ گیراو گوللەباران کران، دڵتەزێنترین و شوێندانەرترین وێنە لە بارەی تیراژێدیی نەتەوەیەك بوو کە لە کۆلکەی سەرەڕۆیی و، چەکمە و لەم دوایی یانەدا لە پۆتینەکانی شارل ژوردن رەویبوونەوە و بە سەر بەرازی " ولایت فقیە " دا کەوتبوون.

کەمتر لە ساڵێك دواتر، سەر لە نوێ بوومەوە بە چامەبێژی تاراوگە و ژیان لە دوور خراوەیی. دوکتور " بەروومەند " هەواڵی دامێ کە کاك عەبدولرەحمان گەیشتۆتە پاریس. بەڵام مانەوەکەی کورتخایەن بوو. مەهدی خانبابا تێهرانی برا گەورە و پیری تەریقەتی خۆشەویستی، کە هەستی بە نیگەرانی کردبوو بە دەست لە شانی دەدام و ستایشی دوکتور قاسملووی دەکرد کە " نا " ی بە ویلایەتی فەقیهان لە تاران و " کەشەن " * گوتبوو. مەگەر دەکرا یەکێك سەردارێکی هەتا سەربێ و ئاڵای حەمەرەشید[خان] و قازی بەرز بکاتەوە و پاشان لە گەڵ " ظل الله " ی پاریسی بەیعەت بکا ؟ لە دڵم چەقیبوو کە کاك عەبدولرەحمان لە چاوبەست و تەڵەکەبازی موقاوەمەتی مەسعوودی دا، هیچ نەخشێك وە ئەستۆ ناگرێ. کاتێکیش هەواڵی هاتنە دەرەکەیم بیست، تەلەفونم بۆ" قادری" کرد کە بەرنامەکە رێك بخا، دڵم تەنگە و حەز دەکەم سەرم بێنمە سەر شانی کاك دوکتور.

* * *

لە ماوەی ژیانم دا چوار جار دوکتور قاسملووم دیوە و شەش حەوت جاریش بە تەلەفون قسەم لە گەڵ کردوە، وتووێژەکەم لە گەڵ ئەو کە لە [ گۆڤاری ] " الدستور " دا بلاو بۆوە، حەوتوویەك بەر لە کارەساتی ڤییەن ئەنجام درابوو. هەموو جارێ کە لە کوردستان را دەهات، تەلەفونی دەکرد و دەیگوت دەستت نەڕزێ. ئیمام و جەماعەتەکەی چاك دەهەژێنی، ئەویش بە عەرەبی. منیش یەك بە دوای یەك دا هەواڵی نیشتمانم لێ دەپرسی : داخوا ئێستاش پاسداری ئەردەبیلی لە ئیدارەی رادیۆوتەلەویزیۆنی سنە، هەروا رێ لە عاشقان دەگرێ ؟

* * *

ئاغا" جەلالەدین " م لە قیبرس هەڵگرت و هاتینە لەندەن. شێرپەنجە ( سەرەتان ) بە جۆرێك قەپی بە گیانی دا کردبوو کە ئیدی نارەناری سروودی لە سەر زار نەبوو. گوتم دووسێ ڕۆژان دەچمە پاریس، کاك عەبدولرەحمان هاتوە قەرارە وتووێژی لە گەل بکەم. دوکتور بەروومەند هەواڵی دابوومێ کە دوکتور بووە بە مزگێنیدەری یەکیەتی و ئاشتی و، پێکەوە دیدارێکی گیانانەیان بووە و شاپوورخانیش ڕەگەڵ کۆڕی ئازیزان کەوتوە و هەر مەپرسە چ گوتراوە و چ بیستراوە... عەبدوڵڵای قادری هاتە پێشوازم و پێکەوە چووینە لای دوکتور. شەش سەعات پێکەوە قسەمان کرد. وشەکانیم بە گوێی دڵ بیست. هێندێکیان هەر بۆخۆم بوون. سکالاکان، ئەو ئازار و مەینەتی یانەی پێشمەرگەکان چێشتبوویان، ئەو هەموو دەردو زام و هاوارە... ئەو هەموو سەختی و سەربەرزی و ئازادەیی یە، ڕەتکردنەوەی هاوکاری لە گەڵ دوژمن و، بێدەنگ بوون لەو کاتانەدا،کە... شەڕابی قسەکانی کاك دوکتور بە چەشنێك مەستی کردبووم کە تا دەگەیشتمە لەندەن، نیوەی وتووێژەکەم دەهێنایە سەر کاغەز.

ئاغا جەلالەدین هەر کە دەمبینێ بە کۆمەڵێك پرسیارەوە باوەشم بۆ دەکاتەوە : گیانەکەم کاك دوکتور چی گوت ؟

بۆی دەگێرمەوە و دەنگی دوکتور لە " زەبتی سەوت " ەکەم دەبیسێ. قەرارە دوو ڕۆژی دیکە، وتووێژەکەم بەر لە بڵاو کردنەوە، بۆی بنێرمە پاریس تا بیخوێنێتەوە. عەبدوڵڵا تەلەفونم بۆ دەکا کە بۆ کارێکی بە پەلە، سێ چوار ڕۆژ، لە پاریس وەدەر دەکەوین. تەزوویەکم بە لەش دادێ، بە نیگەرانی یەوە دەڵێم بۆ کوێ ؟ ئەدی وتووێژەکە چی لێ دێتەوە ؟ کاك عەبدوڵڵا بە دەنگی پڕ لە خۆشەویستی یەوە دەڵێ : ئەتۆ بینێرە، ئێمە دوو سێ ڕۆژی دیکە دەگەڕێینەوە.

* * *

شایستە تەلەفون دەکا. تازە گەیشتوومەتە سەر کارەکەم. دەڵێ باوکم ئارام و قەراری نیە و حاڵی زۆر شپرزەیە. خێرا دەگەڕێمەوە ماڵێ.ئاغا " جەلالەدین

" ڕەنگــی بــە ڕووانــەوە نــەماوە. بــەڵام لەبــەر خۆیــەوە نارەنــاری دێ : باوکەکەم،گیانەکەم، براکەم، دوکتورەکەم، کاکەکەم... بە سەر سوڕمانەوە لێی دەڕوانم. شایستە بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە دەڵێ:دوکتوربەرووەمەند نیو سەعات لەمەوبەر تەلەفونی کرد و گوتی قاسملوویان کوشتوە.

ئاغا جەلالەدین هەروا نارە ناریەتی، فرمێسک بە سەر گونا کزەکانی دا دەتکێنە خوار.

(*)گەڕەکێکە لە نزیك پاریس

لە ژمارە٢٧٢ی"کوردستان"،٢٢ی پووشپەڕی ١٣٧٨(١٣ی ژوئیەی١٩٩٩) تایبەتی١٠ساڵەی شەهید بوونی د.قاسملوودا بلاّو بۆتەوە.

هەر وەها لە کتێبی"دوکتور قاسملوو،ڕێبەرێکی مودێرن و شۆڕشگێڕێکی دیموکرات"دا، بلاّو کراوەتەوە.

# پێش‌بینی یەکان و بۆچوونەکانی دوکتور قاسملوو زۆر زوو وەڕاست گەڕان

**(وتاری بەڕێز عەلیرەزا نووری زادە**

**له کۆبوونەوەی"ئێران و داهاتووی کوردان له ئێران دا")**

**ڕۆژی ٣١ی ژانویەی ٢٠٠١ لە سەعات ٧ی ئێوارە تا ٩/٣٠ی شەو لە SW1 (Room10)، London،House of Commons Westminste لە شاری لەندەن بە هەوڵی ڕێکخراوی لیبراسیۆن کۆبوونەوەیەك لە ژێر ناوی "ئێران و ئایندەی کوردان لە ئێران"دا پێك هات.**

**لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا لە لایەن خانمی "مەگی" سکرتێری ڕێکخراوی لیبراسیۆن بەخێرهاتنی میوانان کرا. ناوبراو لەوە کە بەڕێز "ستان نیونز" سەرۆکی لیبراسیۆن نەی‌توانیبوو لە کۆبوونەوەکەدا بەشداری بکا داوای لێبوردنی کرد، بە دوای ئەودا کاك محەممەد عەلیار یەکەم کەس بوو کە وتاری خۆی پێشکەش کرد. لە وتاری ناوبراودا وەزعی جوغرافیای کوردستانی ئێران و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە درێژی باس کرا.**

**ا. پاشان لە لایەن خاتوو "مەگی"یەوە پەیامی ڕۆژنامەنووسی ناسراوی ئێرانی دوکتور "عەلیرەزا نووری زادە" کە بە هۆی وەزعی جیسمی، نەیتوانی بوو لە کۆنفرانسەکەدا بەشدار بێ، خوێندرایەوە. دوای وتاری دوکتور نووری زادە وتاری خاتوو "مونیرە موفتی زادە" (لە لایەن کومیتەی ژنانەوە) لە سەر وەزعی ژنان لە کوردستان دا پێشکەش کرا.**

**دوایە نۆرە گەیشتە بەشداران و هێندێك پرسیار کران کە لە لایەن بەڕێز محەممەد عەلیارو خوشکە مونیرە موفتی زادەوە وەڵام درانەوە. یەکێك لە بەشداران بەڕێز دوکتور مەحموود عوسمان بوو کە لە سەر خەباتی حیزبی دێمۆکرات و وەزعی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان دا قسەی کرد.**

پێویسته بگوترێ "جێرمی کۆربین" ئەندامی حیزبی کرێکاری بریتانیاو ئەندامی پارلمانی ئینگلستان بەرپرسی ئەو کۆبوونەوەیە بوو.

**له جەریانی کاری کۆبوونەوەکەدا بەڵگه نامەو بەیاننامەو پەیامەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بڵاوکرانەوە.ئەمە دەقی وتاری بەڕێز نووریزادەیە که بەشێکی زۆری تەرخان کراوە بۆ باس له کەسایەتی و بیرو روانگەکانی دوکتور قاسملووی شەهید:**

خانمان! ئاغایان!

دۆستانی خۆشەویست له رێکخراوی "لیبراسیۆن"دا!

هاونیشتمانانی خۆشەویستی کوردی ئێرانی!

بۆ من وەك نووسەرێك که له ماوەی بیستو دووساڵی رابردوودا زۆرجار بۆ کەوتنی سەروە سەربەرزەکانی کوردستان، ئەو پارچه زامدارەی نیشتمانم، شینم گێڕاوەو شێعرو وتارم نووسیوە، مایەی سەربەرزییه که له کۆبوونەوەی ئەمرۆدا بەشدار بمو به سەرنجدان به چڕوپڕیی بەرنامەکەو کەمیی وەخت، پەیامێك که له راستیدا پەیامی هەموو رووناکبیرانو ئازادبیرانی ئێرانییە، به ئاگاداریتان بگەیەنم.

بیستو دووساڵ لەمەوبەر، کاتێك که رێژیمی کۆماری ئیسلامی به دروشمی ئازادی، دادپەروەریو حاکمییەتی میللی هاته سەر کار، به سەرنجدان بەوە که نیزامی تازە هەر له یەکەم حەوتووەکانی له دایکبوونیدا، له جیاتی خۆ خەریك کردن به گیروگرفتەکانی وڵات به دوای چەندین مانگ تێکهەڵچوونو پێکدادانو مانگرتنو دەربڕینی رقو توورەییدا، به پەله دەستی کردەوە به ئێعدامو رامالینی خوێناویو دەست بەسەرداگرتنی سامانو دارایی و، جێگیر کردنی دەستەواژەی" خودای جەببارو قەههار"، له جیاتی "خوداوەندی بەخشەندەو دلۆڤان" که له مێژ ساڵ بوو ئێمه بەوناوەو به بوونی له دڵەکانماندا خوومان گرتبوو، من و زۆر له دۆستانو هاوبیرانم، پێمان وابوو

نابێ هیچ جۆره هومێدێك به ئاڵوگۆڕ پێكهاتنی ئاشتیخوازانه له وەزعی وڵاتدا، هەبێ و به زوویی شمشێری خواری عەداڵەتی ئاخوندەکان به خزمەت یەکە یەکەی میللەتی ئێران دەگا.

کوردستان یەکەم مەیدانێك بوو که به کردەوه ڕاست بوونی پێشبینی و چاوەڕوانییەکانی ئێمەی، دەرخست. فەرمانی هێرشی خومەینی بۆ سەر کوردستان ئەو پارچە زامارەی وڵاتەکەم، بۆ هەمووانی ڕوون کردەوه که ڕێژیمی مەزهەبیی دەسەڵاتبەدەست له ئێران، به چاوی دوژمن دەڕوانێته چەند میلیون کوردی ئێرانی" که دیاره هەموو ئەو ئێرانییانەی سەدان ساڵه پاراستنی سنوورەکانی نیشتمانی منیان له سەر شان بووه، هەر بەو چاوه سەیریان دەکرێ. مەبەستم جگه له کوردەکان، تالێشییەکان، دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی خوراسان، بەلووچەکان و ئەو قەومه سوننی مەزهەبانەیه که له جنووبی وڵات و دوورگەکانی ئێران له کەنداوی فارسدا دەژین و له درێژایی سەدان ساڵدا وەفاداریی خۆیان به پەیمانی نەنووسراوی یەکیەتیی نێوان دانیشتووانی ئێران سەلماندوه و له هێندێك قۆناغی مێژوویی ئێراندا، زۆر زیاتری له منی فارسی شیعه، پیاوەتی، ئازایەتی و خۆبەختکەرییان له پاراستنی ئەم خاکەدا له خۆیان نیشان داوه.

ڕێژیمی مەزهەبیی ئێران زۆر قین لەدڵانە، دوای شۆڕش له جیاتی هەوڵدان له پێناوی لابردنی ستەم و فەرق و جیاوازی له سەر کەمایەتییە ڕەگەزی و ئایینییەکان له ئێراندا، دەستی کرد به سەرکوت و قەڵاچۆی ئەو کەمایەتییانە. دیاره ئەم قسەیەی من بەو مانایه نیه که تاقمی دەسەڵاتدار هەموویان فارس بوون، کەوابوو دەیانەویست غەیره فارسەکان بێننه ژێر دەسەڵاتی خۆیان. فارسەکانیش له نێو خەڵکی ئێراندا، کەمتر له کوردەکان و بەلووچەکان ستەمیان لێنەکراوه. بەڵام له پێوەندی لەگەڵ کوردەکان و سوننی مەزهەبەکانی ئێراندا، تاقمی دەسەڵاتدار وەك له کردەوەکانیانڕا دەردەکەوێ دووقات ڕق و کینەیان بەکار هێناوه. له بیرم ناچێ له یەکەمین چاوپێکەوتنم که

لەگەڵ شەهیدی گەورەی ڕێگای ئازادیو دیمۆکراسی دوکتور قاسملووی نەمردا، کە بەدوای شۆڕشدا بوو، لەو مامۆستا مەزنەی ڕێگای ئازادیم پرسی لە هەلومەرجی شۆڕش لێدراوی ئەمڕۆدا ئایا هێنانەگۆڕی دروشمی خودموختاری بۆ کوردستان، نابێتە هۆی ئەوە کە ڕێژیم ئێوە بە جیاییخوازی تاوانبار بکاو لانی کەم لە بەرچاوی کۆمەڵانی خەڵك، سەرکوتی بزووتنەوەی کوردەکانو کردەوەی سەرکوتکەرانەی خۆی لە دژی کوردانی، پێپاساو بدا. بەر لە منیش شەهیدی دیکەی ڕێگای ئازادی داریووش فرووهەر ڕێبەری حیزبی میللەتی ئێران کە دوو ساڵ لەمەوبەر، لەگەڵ هاوسەرەکەی (پەروانە)دا بە دەستی مەئموورانی وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیمو بە فتوای مەزهەبیی دوو کەس لە ئاخوندە بەناوبانگەکان کوژرانو ئەو کات ئەندامی کابینەو ماوەیەکیش ئەندامی شووڕای ئینقیلاب بوو، لە قاسملووی ویستبوو لە جیاتی خودموختاری لە وشەی "خودگەردانی" کەڵك وەربگرێ. دیارە دوکتور قاسملوو دیلی وشە نەبوو، ئەو خوازیاری وەدیهاتنی ئامانجەکانی خەڵکێك بوو کە دەیانەویست لە چوارچێوەی نیشتمانێکییەکگرتوو، واتە ئێراندا، خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوە بەرن. خەڵکێك کە شانازییان بە زمانو فەرهەنگی خۆیانەوە دەکرد بەڵام ئیجازەیان نەبوو بە زمانی زگماکیی خۆیان بدوێنو بخوێننەوەو بنووسن. خەڵکێك کە لە دەستدرێژیو بێحورمەتیی حاکمییەت بەرامبەر بە مەزهەبەکەیان دڵ ئێشاو و تووڕە بوون. لە وەڵامی مندا دوکتور قاسملوو گوتی، پێویست ناکا ئێمە کوردەکان، ئێرانی بوونیخۆمان بسەلمێنین. سەدان ساڵە سنوورەکانی ڕۆژئاوای ئێران ئێمە دەیان پارێزینو لەگەڵ ئەو هەموو ستەمەشدا کە لێمان کراوە، هیچکات لە فکری جوێبوونەوە لە ئێراندا نەبووین. ئەمەش لە حاڵێك دایە کە هەر قەومێك ئەو هەقە قانوونییەی هەیە کە بۆخۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکا. ئەو ڕێژیمە لە فکری بیانوو دۆزینەوەو پاساودانی دەستدرێژیی خۆی بۆ سەر کوردەکاندا نیە، چونکە بەڕێوەبەرانی ئەو ڕێژیمە سەرکوتی ئێمە کوردەکان بە ئەرکێكو

ئامـانجێکی پـیرۆز دەزانـن، هـەر بۆیـەش لـە دژی کوردەکـان وەحشـیانەترین توندوتیژی‌یەکان بە کار دێنن.

پـێش‌بینی‌یـەکان‌و بۆچـوونەکانی دوکتـور قـاسملوو زۆر زوو وەڕاسـت گەڕان. کاتێکیش کە هێرشی عێراق بۆ سەر ئێران دەستی پێ‌کرد، کوردەکان کە لە لایەك لە ژێر ئاگربارانی ڕێژیمی ئیسلامی‌دا بوون‌و لە لایەکی دیکەوە، عێراق هەوڵی دەدا بە پێشکێش کردنی یارمەتیی سەخاوەتمەندانە ئەوان بۆ کردنەوەی بەرەیەك‌و شەڕی ماڵ بە ماڵ لە دژی ڕێژیم هان بدا،هیچکات ڕێگایان نەدا هێزە هێرشکەرەکانی عێراق پێ‌بنێنە نێو کوردستان‌و هاوکات لە گەڵ ڕاگرتنی هێرشی نیزامیی خۆیان دژی پاسدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، دەستی ئەو هێزانەیان بۆ بەربەرەکانی کردن لە گەڵ ئەرتەشی عێراق دا ئاوەڵا هێشتەوە. دیارە دوای تەواو بوونی شەڕ، ڕێژیم وەڵامی نیشتمانپەروەری‌و فیداکاریی کوردەکان‌و حیزبی قارەمانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە سەرکوتی زیاتر، وێرانکردنی گوندەکان‌و ئاوارەکردنی هەزاران هاونیشتمانی کورد، دایەوە. جارێکی دیکە دەرکەوت کە مەبەست لە نێو بردنی بزووتنەوەی میللی‌و دێموکراتیکی کوردستانی ئێران‌و زنجیر کردنی هاونیشتمانانی کورد‌و ناچار کردنی ئەوان بە دەست هەڵگرتن لە مەزهەبی خۆیانە.

ڕۆژێك کە دڵی پڕ لە ئەوینی دوکتور قاسملوو و یارو یاوەرو هەڤاڵەکەی عەبدوڵلاّ قادری لە وییەن بە گوللەی ڕق‌و کینی مەئموورانی وەزارەتی ئیتلاعات‌و دەزگای ئیتلاعاتی سوپای پاسداران ئاژن ئاژن کراو، ئەو شەوە شوومەی لە میکونووس دوکتور سادق شەرەفکەندی‌و هاوڕێکانی لە خوێن گەوزین هەتا تینوویەتیی کۆتایی نەهاتووی ڕێژیمی ئیسلامی بۆ ساتێك دامرکێ، قسەکانی دوکتور قاسملوو ڕوونترو پرشنگداتر لە ڕابردوو، لەبەرچاوم بوون. بە جینایەتەکانی وییەن‌و بیرلین، ئێستا ئیدی خەڵکی جیهانیش دەیانزانی کە نوێنەرانی ئەڵلا لە سەر زەوی‌و پاسدارانی "ئیسلامی شۆڕشگێرانە‌و ناب" درێژەدەرانی ڕێگای هەر ئەو کەسانەن کە نیو سەدە

لەمەپێش، ئورووپاو ئاسیاو ئەفریقایان نوقمی خوێن کرد. ئەگەر هیتلەرو نازی‌یەکان، پاك کردنەوەی رەگەزی ئاریایان مەبەست بوو و قەرەجەکانو جوولەکەکانیان رەوانەی کوورەخانەکانی ئینسان سووتاندن دەکرد تا شوێنەواریان لە سەر زەوی پاك بێتەوە، لە نیشتمانی منیشدا کەسانێك بە دەسەڵات گەیشتبوون کە دەیانەویست ئیمپراتۆریی شیعەی دوور لە موزاحیمانی سوننی مەزهەب پێك بێنن. ئاشکرایە لەو نێوەدا کەمایەتی‌یە ئایینیو رەگەزی‌یەکانی دیکەش لە گەڵ هێرشی قین لەدڵانەی پەیرەوانی "ئیسلامی شۆرشگێرانەی ناب" بەرەوروو بوون.

سێ ساڵو نیو لەمەوبەر میللەتی ئێران بە گوتنی " نا"یەکی راشکاوانە بە حاکمییەتو هەڵ نەبژاردنی ناتقی نووری کاندیدای "ولی فقیە" بە سەرکۆمار، دەنگیان دا بە محەممەدی خاتەمی. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران رێبەری خەڵکی کوردستانی ئێران بە ناسیاویی قووڵی خۆی لە وەزعی وڵاتو روحیەی هاونیشتمانانی کورد، بە پێچەوانی زۆر لە تاقمو رێکخراوەکانی ئوپوزیسیون، خەڵکی بۆ گوتنی ئەو "نا"یە هان داو لە جیاتی تەحریم کردنی هەڵبژاردن، خوازیاری بەشداریی مەرجدار (مشروط) بوو. لە سەرەتادا هومێد دەکرا خاتەمی بە سوور بوون لە سەر ئەو دروشمانە کە لە کاتی ملبەملەی هەڵبژاردندا هێنابوونیە گۆرێ، بۆ لابردنی ستەم لە سەر خەڵکی ئێران بە تایبەتی لە سەر ئەوانەی کە زوڵمی زۆرتریان لێ کرابوو (بۆ وێنە کوردەکان)، هەوڵ بدا. بەڵام هێرشی بەربڵاوی مافیای دەسەڵات لە لایەكو شێلگیرنەبوونی هێندێك لە بەناو ریفورمخوازەکان لە سەر پەیمانی خۆیانو پاشەکشەو ملدانو رازی بوونەکانی خاتەمی، بۆتە هۆی ئەمە کردەوەی سەرکوتکەرانە دژی ئازادیخوازانو کەمایەتی‌یە قەومیو دینی‌یەکان توندتر لە پێشوو برەویان هەبێ. کوژرانی ژمارەیەك لە روحانی‌یە سوننی‌یەکان بە هۆی وەزارەتی ئیتلاعاتو بە دەستووری راشکاوانەی دەسەڵاتبەدەستە پایەبەرزەکانی رێژیمو وەزیرەکانی ئیتلاعات، لە سەردەمی خاتەمیو هەر لەو

بەهارە کورتخایەنەی ئازادیی چاپەمەنیدا، پەردەیان لە سەر لادرا. بەڵام دەرەتانیان نەدا لێکۆڵینەوە لە پەروەندەی قەتڵەکان بکرێو دەستووردەرانو ئەنجامدەرانی ئەو قەتڵانە موحاکەمە بکرێن. ئەمڕۆ بە سەرنجدان بەو حوکمانەی لە دژی کۆمەڵێك لە ڕووناکبیرانی ئازادیبیری ئێران بە تاوانی بەشداری لە سمینارێك لە شاری بیرلیندا دەرچوون، و بەوەبەر چاوگرتنی بڕیاری هەڵگیرانی هەرچەشنە لێپرسینەوەیەکی قانوونی لە سەر ژمارەیەك لە کاربەدەستە ئەمنییەتیو مەزهەبییەکانی ڕێژیم کە دەستیان لە قەتڵە زنجیرەییەکاندا هەبوو، دەوڵەتانی ئورووپاییو ڕۆژئاواییو یەك لەوان بریتانیا، تێ گەیشتوون کە هومێد بەستن بە پێکهاتنی ئاڵوگۆڕێکی قۆناغ بە قۆناغ لە ڕێگای بەڕێوەچوونی پرۆژەی ئیسلاحات، بەخۆراییە. مافیای دەسەڵات بە هیچ جۆر ڕێگا بە خاتەمیو کەسانی وەك ئەو نادا ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە قەوارەی نیزامو سیاسەتەکانی ئێستای وڵاتدا پێك بێنن.

ئەمڕۆ ژمارەیەك لە لێهاتووترین ڕۆڵەکانی کوردی ئێران، لە هەلومەرجێکی تاقەت پڕووکێندا دوور لە زێدی خۆیان، لە کوردستانی عێراقدا، تێدەکۆشن تا بڵێسەی ئاگری خۆراگری لە دڵی ڕۆڵە کوردەکانی ئێراندا گەشاوە ڕابگرن. پێشمەرگەکانو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە میراتگرانی بە حەقی قاسملووو شەرەفکەندیو سەدان شەهیدی ڕێگای ئازادی لە کوردستانو ناوچەکانی دیکەی ئێرانن، بە ڕێبەریی مامۆستای خۆشەویست عبداللە حسنزادەو یارانی بە بڕواو دلێری، لەگەڵ هەموو سەختییەکانداو سەرەڕای هەموو پیلانو جینایەتەکانی بەکرێگیراوانی ڕێژیم، هەروا بە هومێدی وەدیهێنانی ئاواتەکانی قاسملوو لە بارەی جێگیرکردنی دێموکراسی لە ئێرانداو دەست ڕاگەیشتنی کوردە ئازادیخوازەکانی ئێران بە مافی بەڕێوەبردنی سەرزەویی خۆیانو نووسینو قسەکردن بە زمانی زگماکیو کەڵك وەرگرتنی دادپەروەرانە لە سامانی نەتەوەیی، خەبات دەکەن.

دڵنیام ئەو ڕۆژەی وێنەی قاسملووو شەهیدانی دیکەی ڕێگای ئازادی لە کوردستان، لە جیاتی پەیکەرەکانی نەزانیو دوژمنیو ملهوڕی، لە چوارڕێیەکانی نیشتمانەکەم دادەنرێن، دوور نیە. لەو نێوەدا هیچ گومانێك نیە کە پشتیوانیی نێونەتەوەیی بە تایبەتی پشتیوانیی ڕێکخراوەکانی لایەنگری لە مافی مرۆڤ و دژی فەرقو جیاوازیدانانی ڕەگەزیو مەزهەبی لە خەباتی خەڵکی ئێران، بە تایبەتی لە کوردەکان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، یارمەتیدەری کوردەکان دەبێ لە گەیشتن بە بەرەبەیانی ئازادیو خەڵكسالاری بە دوای شەوی تاریکی پڕ لە ڕقو قینو دەمارگرژیو نەزانیدا.

جارێکی دیکە بە بۆنەی ئامادە بوونتان لەم کۆڕەدا، لە قووڵایی دڵمەوە سوپاسی هەمووانتان دەکەمو بە شێعرێکی کورت لە چامەیەکی درێژی خۆم، قسەکانم کۆتایی پێدێنم:

*لە نیشتمانی من*
*ئەو جێیەی کانیاوەکانی بەیانی*
*لە ژێر لێزمەی بارانی خوێن*
*حەشار دراون،*
*لەو جێگایەی، هەتاو*
*دەست لە ملی ستران و ماچ*
*لە پشت میلەکان لە بەند خراون،*
*ئاسمانێك،*
*دڵێك*
*لە گەڵ وڵاتێك*
*ناوی شیرینی قاسملووی مەزنیان لە سەر زارانە.*

# فەسڵی چوارەم

## لە بارەی
## پەروەندەی تیرۆری
## دوکتور قاسملۆوە

# سەفەری هەیئەتی ئوتریشی بۆ ئێران

لـە حـەوتووی رابـردوودا هەیئـەتێکی پایەبـەرزی ئوتریشـی بـۆ پەرەپێـدانی پێوەندی‌یە ئابووری‌و بازرگانی‌یەکان لە گەڵ دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی هاتە تـاران‌و لەگـەڵ پێشـوازیی گـەرم‌و گـوڕی کاربەدەسـتە رەسمی‌یـەکانی رێـژیمی ئێران بەرەوروو بوو.

لــە چــاوپێکەوتنی هەیئــەتی ئوتریشــی‌و نوێنــەرانی رێــژیمی کۆمــاری ئیسـلامی‌دا هـەر دوولا لـە سـەر پێویسـتیی پەرەپێدانی پێوەندی‌یـە ئـابووری‌و بازرگانی‌یەکانی نێوان ولاتاکانیان‌و بردنەسـەری رادەو ئاستیان پێیان داگرت. ئەفخـەمی جێگـری وەزیـری پیشەسازی داوای لـە هەیئـەتی ئوتریشـی کـرد کـە ولاتـی ئـوتریش لـە سـازکردنی سـەنعەتی کاغەزسـازی، مـەوادی خـۆراکی، دەرهێنانی سەرچاوە ژێرزەوی‌یەکان، سەنعەتی قورس وبارهێنـانی پسپۆران دا یارمـەتیی دەوڵــەتی ئێـران بـدا. هەیئــەتی ئوتریشـییش عەلاقـەو ئامـادەیی دەوڵەتەکەیانی بۆ بەشداری لە بنیاتنانەوەی ولاتی ئێران دا راگەیاند. هـەر لـەم چاوپێکەوتنەدا هەر دوو لایەن چوونەسەری ئاستی "صادرات"ی ولاتی خۆیـان بۆ ولاتەکەی دیکە وەبیر هێنایـەوەو پێکهێنـانی کۆمیسیۆنێکیان بۆ دیتنـەوەی رێگاکانی زیاتر کردن‌و پەرەپێدانی هاوکاری‌یەکانیان بە پێویست زانی.

هـاتنی هەیئـەتی دەوڵـەتی ئوتریش بۆ ولاتـی ئێـران پـاش ئـەو قسانەی کـە نزیکـەی مـانگ‌و نیوێك لەمەوبـەر کاربەدەسـتانی دەوڵـەتی ئـوتریش لـە بـارەی تاوانبـار بـوونی رێـژیمی ئاخونـدی لـە مەسـەلەی تـیرۆری دوکتـور قـاسملووو هاوڕێیـانی‌دا رایـان گەیانـدو، ئـەم پێشـوازی‌یە گـەرم‌و گـوڕەی کاربەدەسـتە پایەبـەرزەکانی کۆمـاری ئیسـلامی لـەم هەیئەتـە کردیـان، دەتوانـێ زۆر بـاش نیشـاندەری هۆیـەکانی ئـەو کەمتەرخەمی‌یانـە بـێ کـە دەوڵـەتی ئـوتریش لـە پێوەنـدی لەگـەڵ گـرتن‌و لـەقاودانی بەرپێوەبـەرانی تـیرۆری دوکتـور قـاسملوودا لەخۆی نیشانی دا.

یەکەم پرسیار کە لـەم پێوەندی‌یـەدا دێتـە گۆڕێ ئەوەیـە، لـە حاڵێك دا پـاش

ئـەوی لـە مـانگی نـوامبردا ئـوتریش دەوری سـەفارتی ئێرانـی گـەمارۆ داو، هەروەها ئەو دەوڵەتە، ڕێژیمی ئیرانی بە دەستهەبوون لە جینایەتی وییەن دا تاوانبار کردو، حوکمی گیرانی چەند کەس لە تیرۆریستەکانی ئێرانی دەرکرد، جگـە لەمانـەش پـاش ئـەو هـەمووە هەڕەشـەیەی بەڕێوەبـەرانی ڕێـژیمی تیرۆریسـتپەروەری کۆمـاری ئیسـلامی لـە دەوڵـەتی ئـوتریش لـە مانگـەکانی رابردوودا، چۆنە ئێستا– وەك ئەوەی نە بای هاتبێ و نە باران– نوێنەرانی ئەم دوو دەوڵەتە پێکەوە دادەنیشن و لە بارەی پەرەپێدانی پێوەندی یە ئابووری و بازرگانی یەکانیان دەدوێن؟ داخوا ئەگەر بەڕاستی دەوڵەتی ئەوتریش بەرامبەر بە مەسەلەی کارەساتی وییەن بەرپرسانە جوولابـاوەو بـەگوێرەی یاسـاکانی وڵاتەکـەی و ڕێوشـوێنە نێونەتەوەیی یـەکان ڕەفتـاری کردبـا، یـانی ئەگـەر بـۆ ڕێژیمی ئاخوندی مایەی دانەنابا و مەسڵەحەتە تایبەتی یەکانی خۆی لەبەرچاو نەگرتبا،کۆماری ئیسلامی ئاوا باوەشی بۆ هەیئەتی ئەو وڵاتە دەکردەوە؟!

وەك دەزانین دەوڵەتی ئوتریش ئەو کاتە تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی لەبـەر دەسـت دا بـوو، بـە جۆرێـك ڕەفتـاری کـرد تـا ڕێگـا بـۆ دەربـازبوونی تیرۆریستەکان ئاوەڵابێ. سەحراوودی بەناو دیپلۆماتی کۆماری ئیسلامی کە لـە رووداوی ١٣ی ژوئیـەی وییـەن دا برینـدار ببـوو، بـەو بیـانووە کـە برینـدارە، ئـازاد کـراو ڕێگـای درا بگەڕێتـەوە ئێـران. بوزورگیـان یـەکێکی دیکـە لـە تیرۆریستەکان ماوەیەکی کەم راگیراو پاشان ئازاد کرا، ئەویش لە سەفارەتی ئێران دا خۆی شاردەوە. ئەگەر ئەوکات دەوڵەتی ئوتریش ویستبای دەیتوانی نـاوبراو رابگـرێ و جـەریانی رووداوەکـەو تاوانبـاران و چـۆنیەتی کارەسـاتەکە زووترو باشتر روون بکاتەوە.

دەوڵەتی ئوتریش لە سەرەتادا ئەو دەرفەتەی پێك هێنا کە تیرۆریستەکان خۆیـان رزگـار بکـەن، کـاتێکیش کـە حیزبـی دێمـۆکراتی کوردسـتانی ئێـران، ڕێکخراوە سیاسـی یە ئێرانی و کوردستانی یەکان و بە گشتی بیروڕای گشتیی خەڵکی جیهان ناچاری کرد جەریانی رووداوەکە روون بکاتـەوەو، بەڕێوەبەرانی

ئەسڵیی ئەم کارەساتە بناسێنێ، تازە تاوانبارەکان لەبەر دەست دا نەمابوون.

بەوحاڵەش ئەگەر دەوڵەتی ئوتریش دوای ئەو هەموو کەمتەرخەمی‌یەو پاش ئەوە بۆی دەرکەوتبوو کە ڕێژیمی ئێران وڵاتی ئەوانی بۆ مەبەستی تیرۆریستانەی خۆی هەڵ بژاردوەو قانوونو یاساکانی ئەوانی بە هیچ داناوە، بە پێچەوانەی رابردوو رەفتاری لەگەڵ ڕێژیمی ئێران کردباو ئاستی پێوەندی‌یەکانی خۆی هێنابایە خوار، یان لە کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکان دا لە ڕێژیمی ئێران سکاڵای کردباو لەقاوی دابا، دیسان دەیتوانی تا رادەیەك کەمتەرخەمی‌یەکانی رابردووی قەرەبوو بکاتەوە.

بەڵام دەوڵەتی ئوتریش نەك هەر ئەوەی نەکردوە، هەیئەت بۆ پەرەپێدانی پێوەندی‌یە ئابووری‌و بازرگانی‌یەکان دەنێرێتە ئێران. پێشوازیی دەوڵەتی ئێران لەو هەیئەتەو تێڕادیتن‌و خۆشبین بوونی ئوتریش بە پێوەندی‌یەکانی داهاتوویان، نیشانەی ئەوەیە کە هەر دوو دەوڵەت پێشتر ساغ بوونەتەوە کە ئەمەیان واتە دەوڵەتی ئوتریش چۆن پاش کارەساتی تیرۆری دوکتور قاسملوو بجووڵێتەوەو، ئەویان (یانی ڕێژیمی ئێران) چۆن بەگەرمتر کردن‌و بەرینترکردنی چوارچێوەی پێوەندی‌یە ئابووری‌و بازرگانی‌یەکان، پاداشی بداتە. ئەو رەفتارەی دەوڵەتی ئوتریش جگە لەوە کە بیروڕای گشتیی جیهانی تووڕەتر بکاو سەرنج نەدانی ئەو دەوڵەتە بە یاساکانی وڵاتی خۆی نیشان بداو ئیددیعاکانی ئەو دەوڵەتە لەسەر سەربەخۆبوونی دەزگای قەزایی ئوتریش بەرێتە ژێر پرسیار، ناتوانێ هیچ مانایەکی دیکەی هەبێ. دیارە پاش ناساندنی ڕێژیمی ئاخوندی وەك بەرپێوەبەرو گەڵاڵەدارێژی تیرۆری دوکتور قاسملووو هاورێیانی لە لایەن وەزیرانی کاروباری دەرەوەو نێوخۆی ئوتریش حەق ئەوە بوو کە دەوڵەتی ئەو وڵاتە بەرانبەر بە ڕێژیمی ئاخوندی هەڵوێست بگرێ‌و ئیعترازی خۆی بە گوێرەی پێویست دەربڕێ.کە چی بە پێچەوانەی ئەمە لەسەر هێندێك مەسەلە رێك کەوتوون کە داهاتوو روونتری دەکاتەوە. بەڵام ئەگەر ئوتریش ئەرکی قانوونیی خۆی لەو پێوەندی‌یەدا لەبیر بردۆتەوە، گەلی کوردو

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و بیروڕای گشتیی جیهانی‌و کەسایەتی‌یە بەشەردۆستەکان ئەرکی خۆیان هەر لەبیرەو لە داهاتووش دا هەوڵ‌و تێکۆشانی خۆیان هەروا درێژە دەدەن بۆ ئەوەی سەرئەنجام دەوڵەتی ئوتریش مەجبوور بێ ئاکامی لێکۆڵینەوە رابگەیەنێ‌و عامیلانی ئەو جینایەتە بە ڕەسمی بە دنیا بناسێنێ.

لەبەرنامەی رۆژی ١/١١/ی١٣٦٨ رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران دا بلاوبۆتەوە.

## هەواڵێکی تازە!! لەبارەی پەروەندەی تیرۆری ویەن!!

دادگوستەریی ئوتریش رۆژی ١٢ی ژانویەی ١٩٩٩ رایگەیاند:

*"لە لێکۆڵینەوەی پەروەندەی تیرۆری کوردەکان دا (١٩٨٩) کە سەرلە نوێ دەست پێکرابۆوە، هیچ نیشانەیەك لە "سوء استفادة اداری" بەدی نەکرا.*

*شکایەت دژی سەرکۆماری پێشوو "کلێستێل" و وەزیرانی پێشوو "فورێگێر"، "لوێشناك" و "مۆك" رەت دەکرێتەوە.*

*لێکۆڵینەوە دژی ٣ ئێرانی یە گومانلێکراوەکە لە جێی خۆی دەبێ و حوکمی گرتنیان هەڵناوەشێتەوە".*

پاش دەرچوونی بڕیاری ئازایانەی دادگای میکونووس و بە تاوانبار ناسرانی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی دا، نوێنەرانی هێندێك لە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئوتریش لە پارلمان، خوازیاری پێکهاتنی کۆمیسیۆنێکی پارلمانی بۆ لێکۆڵینەوەی تازە لەبارەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و هەڤاڵانی بوون.

ئەو پارلمانتێرانە و چاپەمەنیی ئوتریش، سەرکۆمارو چەند وەزیری ئەو کاتی وڵاتی خۆیان(کە لەو راپۆرتەی سەرەوە دا ناویان هاتوە) بەوە تاوانبار کرد کە لە کاتی رووداوەکەدا، تەسلیمی فشاری رێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی بوون و سەبارەت بە وەدەستهێنانی ئیمتیازی زیاتری ئابووری، جینایەتەکەیان بۆ کۆماری ئیسلامی داپۆشی و، تیرۆریستەکانیان بە رێزو حورمەتەوە بۆ ئێران رەوانە کردەوە. دەولەتی ئوتریش بۆ قەبووڵی داخوازی پێکهاتنی کۆمیسیۆنێکی پارلمانی ملی نەدا، بەڵام موافەقەتی کرد کە دادگوستەریی ئوتریش لێکۆلێنەوەیەکی تازە لەبارەی ئەو پەروەندەوە ئەنجام

بدا. وادیاره لێکۆڵینەوەکە کراوەو ئەوەی رۆژی ١٢ی ژانویە رایگەیاندوە ئاکامەکەیەتی!!.

لێکۆڵینەوەی تازە لە پێش دا لەو بارەوە سەرنج راکێشە کە دەڵێ "لێکۆڵینەوە دژی ٣ ئێرانی‌یە گومانلێکراوەکە لە جێی‌خۆی دەبێ و حوکمی گرتنیان هەڵناوەشێتەوە". ئەو سێ ئێرانی‌یە کە تێرۆری ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩ی وییەنیان ئەنجام دا، دوا بە دوای رووداوەکە لە دەست پۆلیسی ئوتریش دابوون. دەوڵەتی ئوتریش ئەو کات لە حاڵێك دا زۆر باش دەیزانی ئەوانە دەستیان لە ئەنجامدانی جینایەتەکە دا هەیە، یەکیانی بە ڕێزو حورمەتەوە بەڕێ کردەوەو رێگای بەوانی دیکەش دا بچنەوە ئێران. ئەگەر هیچ سات و سازانێك لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەگۆڕێ‌دا نەبوو، چۆن بوو ئەو کات ئیجازە بەو تێرۆریستانە درا ئوتریش بەجێ‌بهێڵن؟ ئەگەر ئەوان تاوانبارن و بەڕێ‌کردنەوەی تێرۆریست و تاوانبار بۆ وڵاتەکەی خۆیان و دەرباز کردنیان لە چنگی عەداڵەت شتێکی خراپە، ئەدی چۆنە شکایەت دژی ئەو کەسانەی بەرپرسایەتیی ناردنەوەی ئەوان بۆ ئێرانیان لەسەر شانە، رەت دەکرێتەوە؟ ئەگەر ئەو تەون و بەست و سات و سەودایانەی کە بوونە هۆی نەجاتی چەند تێرۆریست لە دەستی عەداڵەت "سوء استفادۀ اداری" نین، ئەدی چ ناوێکی دیکەیان دەبێ لەسەر دابنرێ؟.

راستی‌یەکەی ئەوەیە ئەم لێکۆڵینەوە تازەیەش!! بە هەوڵێکی دیکەی دەوڵەتی ئوتریش بۆ داپۆشینی ساتو سەوداو تەون و بەستی ئەو کاتی کاربەدەستانی ئەم وڵاتە لە گەڵ کۆماری ئیسلامی دادەنرێ. کاربەدەستانی ئوتریش ئەگەر پەروەندەیەکی خاوێنیان لە پێوەندی لەگەڵ رووداوەکانی دوای تێرۆرەکەدا هەبا، لە دەرکەوتنی راستی‌یەکان و پێکهاتنی کۆمیسیونێکی پارلمانی بۆ لێکۆڵینەوە لەم بارەوە نەدەترسان و دژی نەدەوەستان. ئەوان دەیانەوێ بەم هەنگاوەی وەزارەتی دادگوستەری، لە فشاری ئۆپۆزیسیۆن و چاپەمەنیی وڵاتەکەیان بۆسەر خۆیان کەم بکەنەوەو، هەر لەو کاتەدا پێ لە

ئەسڵی مەسەلەکەش –تەسلیم بوون بە فشاری دەسەڵاتدارانی تێرۆریستی ئێران لە ساڵی ۱۹۸۹دا– نەنێن.

سەرەڕای ئەم هەوڵەش، دەوڵەتی ئوتریش ناتوانێ لە دەست ئەم مەسەلەیە بەرۆکی خۆی رزگار بکا. دەوڵەتی ئوتریش لە هەلومەرجێك دا دەیەوێ حەقیقەتەکان داپۆشێ کە بەشداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کردەوە تێرۆریستی‌یەکان بە دژی موخالیفان‌و ئازادیخوازانی ئێرانی‌دا چ لەنێو خۆو چ لە دەرەوەی وڵات بۆ هەموو دنیا ئاشکرا بووە. ئەگەر تا پێش لە بڕیاری دادگای ئازایانەی میکونووسیش تەپڵی ریسوایی ئەم ڕێژیمە تێرۆیستە لە سەرانسەری دنیادا لی ٘نەدرابوو، هی ئەوە بوو هێندێك دەوڵەتی وەك ئوتریش بۆ قازانج‌و بەرژەوەندی تایبەتی، خوێنی قوربانی‌یەکانی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامییان دەکردە دەسمایەی ساتو سەودا. بەڵام ئایا ویژدانی مرۆڤایەتیی ئاگاو دژ بە تێرۆریزم‌و ئینسانکوژی، ڕێگا دەدا خوێنی دوکتور قاسملووو هەڤاڵانی هەروا فیدای قازانج‌و بەرژەوەندی ناڕەوای دەوڵەتی ئوتریش بێ؟

ئەم وتارە لە ژمارە ٢٦٦ ی "کوردستان"،بەفرانباری۱۳۷۷(ژانویەی۱۹۹۹)دا بڵاو بۆتەوە

# یادی١٠ ساڵی شەهیدانی ویەن لە ویەن

سـەعات ٦ی ئێـوارەی ڕۆژی شـەممە ٣ی ژوئیـەی ١٩٩٩ (١٢ی پووشـپەڕی ١٣٧٨) لە ساڵۆنێکی سەر بە زانستگە بەناوی کوول پیینگ هاوس Kolping Havse ڕێـورەسمی دە سـاڵەی شـەهید بـوونی دوکتـور قـاسملووی نـەمرو هاوڕێکانی بەرپا کرا. ئەم ڕێورەسمە بە وتارێکی کورتی بەخێرهێنان لەلایـەن کاك خوسرەو بـەهرامی نوێنـەری پێوەندی‌یـەکانی حیـزب لـە ئـوتریش دەستی پـێ‌کردو دوای دەقیقەیـەك بێـدەنگی بـۆ گیـانی شـەهیدان، هاوڕێـێ تێکۆشـەر عەبدوللا حەسەن زادە سکرتێری گشتیی حیزب قسەی کرد.

بـە دوای سـکرتێری گشـتیی حیـزب دا دوکتـور پیتێـر پلیـتس ئەنـدامی ڕێبەرایەتیی حیزبی سەوزەکانی ئوتریش کـە کتێبێکـی بەناوی "گەڕانـەوە بـۆ تـاران" لەسـەر کارەسـاتی ویـیەن نووسـیوە قسـەی کـرد. نـاوبراو لـە بەشـێکی قسەکانی‌دا گوتی:

# قسەکانی دوکتور پیتر پلیتس نووسەری کتێبی "ئیسکۆرت بەرەو تاران"

"ئێمە هیچمان لەگەڵ پیاوکوژەکان (کە پێم وایە چوار کەس بوون) پێنەکرا. کەس جوابی کوردەکانی نەدایەوە. فەزای سیاسیی ئوتریش وای کرد کە قاتڵەکان بە ئیسکۆرتی پۆلیس چوونە فرۆکەخانە. پەروەندەکە بێ لێکۆڵینەوە داخرا.

چەند ساڵ دواتر دادگایەکی سەربەخۆ زۆر شتی روون کردەوەو ئێمە توانیمان جارێکی دیکە پەروەندەی قەتڵی قاسملوو زیندوو بکەینەوەو توانیمان زۆر شت لە بارەی پێش و پاش ١٣ی ژوئیەوە دەربخەین. بۆمان دەرکەوت کە ئەوەی کراوە لە نەزانییەوە نەبووە، بەڵکوو هەنگاوێکی ئاگایانەی سیاسی بووە کە پێشی کاری پۆلیس و دادگای گرتوە. ئەو کەسەی ئەودەم ئەم تاوانەی پەردەپۆش کرد ئێستا خانەنشینە، لە ماڵی خۆی دانیشتوەو هیچ موحاسبەیەك نەکراوە.

وەزیری دادگوستەریی ئوتریش لە کۆبوونەوەیەکی گشتیدا پێی لەوە ناوە کە بۆچی مەسەلەکە لەلایەن کاربەدەستانەوە پەردەپۆش کراوەو ئەو ئامانجانەیلە پشت ئەو بڕیارە بوون چ بوون. دیارە ئامانجی ئابووری بوون. بەپێچەوانەی ئەوەی کە گوتراوە، ترس لە تێرۆریزمی ئێران نەبووە، بەڵکوو ئامانجی ئابووری بووەو جاری دیکەش دیومانە کە ئوتریش بۆ قازانجی ئابووری ئەم جۆرە رەفتارەی کردوە.

کێ نایەڵێ ئوتریش بەرامبەر بە دەوڵەتی تورکیە راوەستێ و پێشی ئێعدامی ئۆجەلان بگرێ یان لە ئەمریکا و لە بەرامبەر هەموو دنیا دیفاع لە کورد بکا؟ لەو دە ساڵەدا دەرکەوتوە ئوتریش ترسنۆکەو قازانجی خۆی پێ لە هەموو

شتێك گرنگتره. هەموو كەس دەزانێ كێ تاوانباره [له كارەساتی ١٣ی ژووئیەدا] پۆلیس، دادگا، وەزارەتی دەرەوه. دەبوو قازانجی[نارەوای]ئوتریش فیدا بكرێ. بەڵام ئەوان حازر نەبوون وابكەن.گرنگترین كەس لەوانە كە ئیجازەیان دا قاتڵەكان دەرباز بن ئێستا سەركۆمارەو، جوابێكیش ناداتەوه.

ئێمە زۆرمان هەوڵدا لە پارلمان ئەو جەریانە روون بكەینەوه. موخالیفەت كرا. نەیان هێشت لە سەركۆمار بپرسرێ كاتێك لە ١٣ی ژوئیە تەلەفونێكی بۆ كرا، ئەو چ هەنكاوێكی نا؟ (پلیتس پێی وایە پێش رووداوەكە تەلەفونێك كراوەو گوتراوە كە ٣ كوردی ئێرانی لە مەترسیی تێرۆردان).

ئەوكات هەموو بەرپرسەكان گوتیان حاڵەتێكی "اضطراری" (نائاسایی) بوو. هەر دەبوو بەو جۆرە رەفتار بكەین. نەماندەتوانی تێرۆریستەكان راگرین. لە دادگای میكونووس هێلمۆت شمیت گوتی ئێمە دەبێ دیفاع لە قانوون بكەین نەك لە دەوڵەت.

ئەمڕۆ ترسەنۆكیی سیاسی بۆتە گەورەترین كۆسپی سەر رێگای ئێوەو دۆستانتان لە كوردستان.بەڵام شتێك گۆڕاوە، هەموو كەس مەسەلەی كورد دەناسێ، خەڵك لە مەسەلەی كوردو رۆژهەڵاتی نێوەراست ئاگادارنو دەزانن كە كوردان لە ئێرانو توركیەو عێراقو سووریە دەژین، دەزانن كە شاری ئەستەمبول بە تەنیا چوار میلیۆن كوردی لێ یەو لە ئەلمان نیو میلیۆن كورد هەیە. ئێستا كەس ناتوانێ مەسەلەی كورد بشارێتەوه. كەس نازانێ توركیەو پەكەكە چۆن دەچنە پێش. وادیارە توركیە هەڵوێستی خۆی ناگۆڕێ. ئەمە دەتوانێ ئەمنییەتی ئوورووپاش بشێوێنێ.

بە نەزەری من ئوتریش دەبێ بۆ چارەسەری مەسەلەی كورد تێبكۆشێ. دەمەوێ بە هەمووان بسەلمێنم كە پێویستە كۆنفرانسێكی نێو نەتەوەیی بۆ مەسەلەی كورد پێك بێ. توركیە بەشداری دەبێ یا نا؟ پرسیارێكە، بەڵام دەبێ دیالۆگ دەست پێبكا. دەبێ پەكەكەش بەشدار بێ. دیارە پەكەكە تێرۆری كردوەو دەبێ لەو بارەیەشەوە لێی وەپرسرێ.

## قسەکانی دوکتور هاینس فیشێر سەرۆکی پارلمانی ئوتریش

دوکتور فیشێر سەرۆکی پارلمانی ئوتریش لە قسەکانیدا گوتی: "هاتنم بۆ ئەم ڕێورەسمە نیشانەی ئەوەیە کە دەمەوێ دۆستایەتیی خۆم لەگەڵ گەلی کوردو کوردەکانی دانیشتووی ئوتریش نیشان بدەم. کە تەماشای تەقویمی ساڵانی رابردوو دەکەم دەبینم کە سەعات دەی رۆژی ١٤ی ژوئیەی ٨٩ قەراری چاوپێکەوتنم لەگەڵ دوکتور قاسملوو هەبووە. بەڵام سەری نەگرت، چونکە رۆژی پێشتر تێرۆر کرابوو. دوکتور فازل رسوول و بنەماڵەکەیم دەناسی. لە ماڵی ناوبراو لەگەڵ ئەحمەد بێن بێللا دانیشتبووین بۆ ئەوەی لەبارەی دۆستە کوردەکانمانەوە نەك هەر لە ئێران (بەڵکوو لە هەموو کوردستان) بیروڕا بگۆڕینەوە.

ئەمن دوکتور قاسملووم وەك سۆسیال دێموکراتیك دەناسی. ئەوەم لە ستۆکهۆلم لە دیدارێکی هاوبەش لەگەڵ ویلی برانت دا بۆ دەرکەوت. قاسملوو ئینسانێکی ئازادو دێموکرات بوو. بۆی گرنگ بوو مەسەلەی کورد بە رێگای سیاسی و ئاشتیخوازانەدا چارەسەر کرێ. هەموو وەخت خەباتی چەکدارانەی بە شتێکی ناچاری و داسەپاو دادەنا.

لە چەند ساڵی رابردووش دا دیومانە کە بە شەڕو هێزی نیزامی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ هیچ گیرو گرفتێك حەل ناکرێ. ئەمڕۆ مەسەلەی مافی مرۆڤ بایەخی زیاتری پێدەدرێ. هەروەك لە کۆسۆڤۆ دیتمان ئەمە سەنگی مەحەکە بۆ هەموو ئورووپا. ئەو حەقەی بۆ میللەتێك هەیە دەبێ بۆ هەمووان هەبێ. مافی هەموو ئینسانەکان دەبێ وەك یەك بێ. "بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ" وا دەڵێ: جا ئەلبانی رەگەز لە کۆسۆڤۆ بێ، عەرەبی فەلەستین بێ یان کوردی کوردستان. ئەگەر قاسملووش مابایە هەروای دەگوت.

قسەی تێدا نیە کە ئەوەی رووی‌دا جینایەتی تەواو بوو. بەداخەوە روونکردنەوەی ئەو مەسەلەیە نەچۆتەپێش. دەبێ بەداخ و پەژارەوە باسی

بکەین. تاقیکردنەوەیەکی تاڵە. سوپاسی ئەو کەسانە دەکەم کە ئەم بیرەوەرییەیان ڕێك خستوەو لە کۆتاییدا دەڵێم ئەو کەسە مردوە کە کەس یادی ناکاتەوە."

دوای دوکتور فیشێر، پەیامی خاتوو دوکتور مادلین پیترۆڤیچ سەرۆکی حیزبی سەوزەکان (کە بۆ خۆشی هاتبوو) خوێندرایەوە. ئەویش لە پەیامی خۆی دا گوتبووی زۆر جێی داخە کە ئەم کارەساتە لە ئوتریش ڕوویداوەو،زۆرایەتیی پارلمانی ڕێگا نادا روون بێتەوەو قاتڵەکان سزا بدرێن. پاشان خانمی هێلێن قاسملوو (خوشکە نەسرین)و دواتر دوکتور وریرەواندزی شەخسییەتی بەناوبانگی کوردی عێراقی قسەیان کرد.

## کورتەیەك لە قسەكانی خاتوو نەسرین( هێلێن ) قاسملوو، هاوسەری دوكتور قاسملووی شەهید

بەڕێزان!

دە ساڵ لە كوژرانی عەبدولڕەحمان قاسملوو، عەبدوڵڵا قادریو فازڵ ڕەسووڵ بە هۆی ئەو تیرۆریستانەی لە لایەن كۆماری ئیسلامیو سەركۆماری ئەو كات، ڕەفسەنجانییەوە نێردرابوون، تێدەپەڕێ.

بەداخەوە تا ئێستا عەداڵەتو دادپەروەری لەم بارەوە بەڕێوە نەچووە. ئێستا كە ئێمە لەم ڕۆژەدا ڕێز لە یادو بیرەوەرییان دەگرین، زۆر گرنگە كە نەیەڵین ئەم مەسەلەیە لە بیر بكرێ. من نازانمو بۆم ناچێتەوە سەریەك كە دوكتور قاسملوویان بۆ شەهید كرد.

ئێستا كە مەسەلەی كۆسۆڤۆو یوگوسلاوی هاتۆتە گۆڕێو ناتۆ لە دژی دیكتاتۆریو بۆ دابین كردنی دێمۆكراسی هەنگاوی هەڵێناوەتەوە، داخوا ناكرێ پاش دە ساڵ كە تیرۆریستەكانیان ئازاد كردو ناردیاننەوە ئێران، كارێك بكەن؟

چ كەسانێك لەم كارەدا بەرپرس بوون؟ چ كەسانێك نەیانهێشت عەداڵەت بەڕێوە بچێ؟ ئەمرۆ پیترپلیتس خەڵكی دیكەو بیروڕای گشتی هاواری بەڕێوە بردنی عەداڵەت دەكەن، نابێ لەوە زیاتر مەسەلە ئابوورییەكان كۆسپی سەر ڕێگای بەڕێوەچوونی عەداڵەت بن.

ئەگەرچی تا ئێستاو پاش دە ساڵ ئەم مەسەلەیە چارەسەر نەكراوە، بەڵام من دڵنیام كە سەرەنجام ڕۆژێك ڕاستی دەردەكەوێو عەداڵەت بەڕێوە دەچێ.

ئەم وتارانە لە ژمارە ٢٧٣ی ڕۆژنامەی "كوردستان"٣١ی پووشپەڕی١٣٧٨(٢٢ی ژوئیەی١٩٩٩)دا بڵاو بوونەوە.

## کرۆنۆلۆژیی پەروەندەی تیرۆری د. قاسملوو

□ مانگی ١٢ی ١٩٨٨: هەیئەتێکی ئێرانی بە سەرۆکایەتیی جەعفەری سەحرارووديو بە هاوڕێیەتیی مستەفا ئەجەوادی (مستەفەوی) گەیشتە ڤییەن بۆ ئەوەی لەباری خودموختاریی کوردستانی ئێرانەوە لەگەڵ سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات وتووێژ بکا.

□ ١٩٨٨/١٢/٢٧:دوکتور قاسملوو لەگەڵ عەبدوڵڵا قادری ئازەر (نوێنەری حیزب لە ئوروووپا) بەناوبژێوانیی مام جەلال تاڵەبانی لە ڤییەن لەگەڵ هەیئەتێکی کۆماری ئیسلامی کۆ بوونەوە.

□ ١٩٨٨/١٢/٣١: جارێکی دیکە هەیئەتی حیزبی دێموکرات و هەیئەتی کۆماری ئیسلامی هەر لەو شارە کۆبوونەوە. کۆبوونەوەکە نزیك بە ٨ ساعاتی خایاند.

□ ١٩٨٩/١/١٩: دەوری دووهەمی کۆبوونەوەکان لە نێوان هەیئەتی حیزبی دێموکراتو هەیئەتی کۆماری ئیسلامی دەستی پێکرد. دوکتور قاسملوو بە بێ مام جەلال بەشداری کۆبوونەوەکان بوو، لە جیاتی مام جەلال نەوشیروان مستەفا بەشدار بوو. هەیئەتی کۆماری ئیسلامییش بریتی بوون لە سەحرارووديو مستەفەويو بوزورگیان.

□ ١٩٨٩/٦/٢٦: ئەمیر مەنسوور بوزورگیان لە سویسەوە هاتە ڤییەنو چاوی بە دوکتور فازل رەسووڵ کەوتو ٣ خاڵی پێ راگەیاند: ١ـ ئێران ئامادەیە بۆ وتووێژ ٢ـ ئێران پێی باش نیە تاڵەبانی بەشدار یا تەنانەت ئاگاداری کۆبوونەوەکان بێ ٣ـ لە جیاتی تاڵەبانی، ئێران پێی باشە د. فازل رەسووڵ وەك ناوبژیکەر بەشدار بێ.

□ ١٩٨٩/٦/٢٧: د. فازل رەسووڵ تەلەفۆنی بۆ دوکتور قاسملوو کردو پێی

گوت کە هەیئـەتێکی ئێرانـی پێیـان ڕاگەیانـدوە کـە ڕەفسـەنجانی دوای مردنـی خومـەینی بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد زۆر تامەزرۆیـە. ئێرانی‌یـەکان ئامادەن ڕۆژی ١٩٨٩/٦/٢٩ لەگەڵ لایەنی کورد دابنیشن.

□ ١٩٨٩/٦/٣٠: دوکتـور فـازل ڕەسـووڵ بـە فرۆکـە چـووە پـاریس بـۆ لای دوکتور قاسملوو. پاش ئەم دیدارە دوکتـور فـازل، ئـەمیر مەنسـوور بوزورگیـانی ئاگـادار کـردەوە کـە دوکتـور قـاسملوو ئامادەیـە سـەرلەنوێ لەگـەڵ هەیئـەتی کۆماری ئیسلامی کۆ بێتەوە.

□ ١٩٨٩/٧/٦: وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند کە ڕۆژی ٧/١٤ ڕۆژی چـلەی مـەرگی خومەینی‌یـەو، وریـایی دا کـە ئەگـەری ئەنجامـدانی کـاری تێرۆریستی هەیە.

□ ١٩٨٩/٧/١٠: پاشـنیوەڕۆی ئـەو ڕۆژە سـەحراروودی گەیشـتە ڤییـەن‌و ڕۆژی دوایی چووە هەمان هۆتێل کە مستەفا ئەجوادی پێشتر لێی جێگیر ببوو، ئەوان تا ڕۆژی ٨٩/٧/١٤ ژووریان لەم هۆتێلە ڕیزێرو کردبوو.

□ ١٩٨٩/٧/١١: دوکتور قاسملووو عەبدوڵلای قادری‌ئازەر گەیشتنە ڤییەن. پاش چەند ساعات چوونە ماڵی د.فازل بۆ بینینی سەرۆکی پێشووی ئەلجەزایر ئەحمەد بێن بیللا.

□ ١٩٨٩/٧/١٢: دەوری سێهەمی کۆبوونـەوەکان لـە نێـوان هەیئـەتی حیزبـی دێمـوکرات‌و کۆمـاری ئیسـلامیی دەسـتی پـێ‌کرد. پـاش دانیشـتنێکی چـەند سەعاتە هەیئـەتی کۆماری ئیسلامی گوتیـان پێویستە ئـەنجامی کۆبوونـەوەکان بە تاران ڕابگەیەنین‌و بۆ سبەینێ دووبارە ئامادەن درێژە بە وتووێژ بدەنەوە.

□ ڕۆژی ١٩٨٩/٧/١٣: دوکتـور قـاسملووو عەبـدوڵلای قادری‌ئـازەر سـەعات ٤ی پاشـنیوەڕۆ بـە هاوڕێیـەتیی خوسـرەو بـەهرامی نوێنـەی حیـزب لـە ڤییـەن سـەردانی وەزارەتـی نێوخـۆی ئوتریشـیان کـردو چـاویان بـە سـەرۆکی بەڕێوەبـەری گشـتیی وەزارەت کـەوت. هـەر لەوێشـەوە وەڕێ کـەوتن بـۆ شـوێنی کۆبوونەوە لەگەڵ هەیئەتی کۆماری ئیسلامی.

□ رۆژی ١٩٨٩/٧/١٣ کۆبوونەوەی دووهەم لە شوێنی رۆژی پێشوو دەستی پێکرد. دەوری سەعات ٧:٢٠ دوکتور قاسملوو، عەبدوڵڵای قادریئازەرو د. فازیل رەسووڵ درانە بەر گوللە. لەو رووداوەدا سەحرارووديیش بە هۆی دەست کردنەوەی عەبدوڵڵای قادری ئازەر، بە گوللەی خۆیان برینداربوو. سەعات ٧:٣٧ پۆلیس گەیشتە شوێنی رووداوەکە.

□ ١٩٨٩/٧/١٤: بە هۆی فشاری وەزارەتی دەرەوەی ئوتریش بۆ سەر دادگای ڤییەن‌و پۆلیسی ئەو وڵاتە، پرۆسەی دەرکردنی بەڵگەی تاوانبار بوونی دوو ئێرانی‌یەکە (سەحرارووديو بوزورگیان) بەو بیانوویە کە هیچ شتێکیان لەسەر ئیسپات نیە، نەچووە پێش. بوزورگیان نێردرا بۆ باڵوێزخانەی ئێران.

□ ١٩٨٩/٧/١٦: دەفتەری رێکخراوی موجاهیدینی گەلی ئێران لە شاری کۆڵن زانیاریی وردی لەسەر سەحرارووديو بوزورگیان بڵاو کردەوەو رایگەیاند ئەمانە نەك دیپلۆمات بەڵکوو لە بەرپرسانی بەرزی دەزگای ئیتلاعاتی ئێران‌و بە فەرمانی رەفسەنجانی‌و فەللاحیان ئەم تێرۆرەیەیان ئەنجام داوە.

□ ١٩٨٩/٧/١٩: دوکتور دانیك، (دادوەر لە دادگای ڤییەن، پاش بازجوویی لە Maihart (خاوەن فرۆشگەیەك) بۆی دەرکەوت کە ئەو ماتۆرسیکلێتەی پۆلیس دۆزیویەتەوە، سەحرارووديی بە ناوی ساختەی "مستەفا یالچین" کڕیویەتی.

□١٩٨٩/٧/١٩: خاتوو هێلێن قاسملوو رایگەیاند ئەوانەی مێردەکەیان تێرۆر کردوە هەرسێکیان سەر بە دەزگای ئیتیلاعاتی ئێران‌و بە فەرمانی رەفسەنجانی (سەرکۆماری ئەوکات) ئەم تاوانەیان ئەنجام داوە. خاتوو هێلێن لە رێگای پارێزەرەکەیەوە داوای زیندانی کردنی تاوانبارانی کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی کاربەدەستانی ئوتریش بۆ خۆیان لە نێو خۆیان دا رێك کەوتبوون، داواکەیان رەت کردەوە.

□ ١٩٨٩/٧/٢٠: تەرمی دوکتور قاسملوو بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر کورد، ئێرانی‌و فەرانسەیی کە زۆر کەسایەتیی ناسراوو بەناوبانگیان لە نێودا

بوو، لەپاریس لە گۆرستانی پیرلاشێز بە خاك سپێردرا.

□١٩٨٩/٧/٢٢: سەعات ٧ی ئێوارە، سەحراروودی لەگەڵ چەند لێپرسراوی باڵوێزخانەی ئێران و بە یاوەریی پۆلیسی ئوتریش گەیشتە فرۆکەخانەی ڤییەن و لەوێشەوە بە سلامەت گەیەنرایەوە ئێران.

* ٢٧ی ژوئیەی ١٩٨٩: رۆژنامەی سەربەخۆی ئوتریشیی "دێرئێستاندارد" (دوو حەوتوو دوای تێرۆرەکە) نووسی: بە تەواوی دیارە کە کاربەدەستانی دەوڵەتی هەرچی لە دەستیان هات کردوویانە بۆ ئەوەی کارهاسانی بۆ چوونەوەی شاهیدان و تاوانباران بۆ ئێران بکەن و نەهێڵن نهێنییەکانی ئەم تێرۆرە ئاشکرا بی".

* ٣١ی ئۆکتۆبری ١٩٨٩: ئەنجومەنی دۆستانی گەلی کورد لە ئوتریش لە کۆبوونەوەی خۆیدا بە تێکڕای دەنگ بڕیاریدا دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو بە ناوی کاندیدای وەرگرتنی خەڵاتی ساڵی ١٩٩٠ بە کومیتەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل بناسێنێ. بە دوای پشتیوانیی دەیان پرۆفیسۆر و نوێنەری پارلمان لە وڵاتانی ئورووپایی لەو پێشنیارە، ئەنجومەنی ناوبراو پێشنیارنامەکەی خۆی و سەنەد و بەڵگەی پێویستی لەو بارەوە لە رۆژی ٢٤ی ژانویەی ١٩٩٠دا بۆ کومیتەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لە نۆروێژ نارد.

* نوامبری ١٩٨٩: فرانتز لویشناك وەزیری نێوخۆی ئوتریش لە سەفەرێك دا بۆ واشنگتۆن رایگەیاند کە دەوڵەتی ئێران لە تێرۆری ١٣ی ژوئیەی ڤییەن دا راستەوخۆ دەستی هەبووە.

*٢٨ی نوامبری ١٩٨٩: فەرمانی گرتنی سەحراروودی، حاجی مستەفەوی و ئەمیر مەنسوور بوزورگیان بە تاوانی بەشداریی راستەوخۆ لە تێرۆری ٣ خەباتگێری کورد لە لایەن دادگای ئوتریشەوە دەرچوو!

* کۆتایی نوامبری ١٩٨٩: ئاکامەکانی لێکۆڵینەوە لەسەر گوللەکان، نیشانی هێلێن قاسملوو دران. بە پێی ئەو ئاکامانە ١ـ ئەم دوو چەکەی کە دەنگ کپ کەر (صداخفەکن) یان لەسەر بوو هەر لە ژووری رووداوەکەدا و بە

هۆی ٢ کەسی بەشداری کۆبوونەوەکە، کەلکیان لێ وەرگیراوە ٢ـ گوللەکان لە دوو شوێنی جیاوازەوە کە هەر دوو چەکەکەش لە نزیک کوژراوەکانەوە ببوون، هاوێژراون ٣ـ دوکتور قاسملوو، ٣گوللەی بە دوو چەك لێ دراوە، عەبدوڵڵای قادریئازەر بە یازدە گوللە کوژراوەو فازل ڕەسوول بە پێنج گوللە ٤. هیچکام لە تەقەکەرەکان لەبەر دەرکی هاتنە ژووری ئاپارتمانەکە نەبوون ٥ـ لەسەر تەرمی عەبدوڵڵای قادری ئازەر خوێنی سەحراروودی هەبووە ٦ـ لێکۆڵینەوەکان دەریان خست کە سەحراروودی ڕاست ناکا کە بکوژەکان لەدەرەوە هاتبوونە نێو ئاپارتمانەکە.

* ٨ی دیسامبر تا ١٢ی نوامبری ١٩٨٩: برۆنۆکرایسکی، راوێژکار (صدراعظم)ی پێشووی ئوتریش بە خاتوو هێلێن قاسملووی ڕاگەیاند کە لە لایەن خاتوو دانیەلو ئاغای میترانیشەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەم پەروەندەیە پشتیوانیی لێ دەکرێ.

* ٢٨ی نوامبری ١٩٨٩: پیتێر پلیتس نوێنەری سەوزەکان لە پارلمانی ئوتریش چلو دوو پرسیاری تازەی لە وەزیری دادگوستەریو، دوازدە پرسیاری نوێی لە وەزیری دەرەوە کرد.

*١٩٨٩/١٢/١١: دادگای نێونەتەوەیی لاهە لە هۆلەند ولاتی ئوتریشی ئاگادار کردەوە کە تاوانبار ئەمیر مەنسوور بوزورگیان خۆی لە سەفارەتی ئێران لە ڤییەن شاردۆتەوە، پێویستە حکوومەتی ئۆتریش ڕێگایەك بدۆزێتەوە بۆ گرتنی ئەو تاوانبارە.

* مارسی ١٩٩٠: ڕاگەیەنە گشتییەکانی ئوتریشو ئامریکاو یەك لەوان ڕۆژنامەی سەربەخۆی "دێرستاندارد" قسەکانی وەزیری نێوخۆی ئوتریشیان لەو بارەوە کە تێرۆری ڤییەن بە هۆی کەسانی سەر بە ئێرانەوە ئەنجام دراوە، بڵاو کردەوە. ئەم قسانە لەبەردەم هەواڵنووسانی تەلەویزیۆنو چاپەمەنییەکانی ئوتریش کرانو لەوانیش دا بڵاو بوونەوە.

*٢٨ی فیوریەی ١٩٩٠: وەزیری نێوخۆی ئوتریش بە هاوسەری دوکتور

قاسملووی گوت ئەمن لە بیرم نیە لە بارەی بەشداریی راستەوخۆی ئێران لەم تێرۆرەدا شتێکم گوتبێ. بە پێی مەنتیقیش نەم دەتوانی شتی ئەوتۆ بڵێم، چونکە هیچ بەڵگەیەکی قانوونیم بەدەستەوە نەبوو!

*١٠ی ژوئیەی ١٩٩٠: مانفرێد وایدینگێر وەکیلی ئوتریشیی بنەماڵەی دوکتور قاسملوو لە وتووێژێکی چاپەمەنیدا رایگەیاند، فەرمانی گرتنی ٣ تاوانبارەکە لە کاتی خۆیدا دەر نەچوو. بەر لەوەی ٢کەس لەو ٣کەسە خاکی ئوتریش بەجێ بێڵن، ئەو گومانەیان لەسەر بوو کە ئێستا بە هۆی لێکۆڵینەوە لە تەرمەکانو گوللەکان بۆ دادگوستەری پێك هاتوون. روون نیە کەمتەرخەمیی لە کاتی خۆیداو، دەرنەچوونی فەرمان لەسەر کام دەزگایە، بەڵام شتێك کە هیچ گومانێکی تێدا نیە ئەوەیە بەرلەوەی سەحراروودی لە ٢٢ی ژووئیەدا ئوتریش بەجێ بێڵێ، هەموو شتێك روون ببۆوەو بەڵگەو دەلیلی تەواو بۆ پێشگیری لە ناردنەوەی هەبوون.

*١٣ی ژوئیەی ١٩٩٠: بە بۆنەی یەکەمین ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور قاسملووو هاورێیانی، ژمارەیەك لە نووسەران، رووناکبیرانو پارێزەرانی مافی مرۆڤ لە وڵاتانی ئورووپا لە بەیاننامەیەك دا رایان گەیاند کە ساڵێك دوای ئەو تیرۆرە بە هۆی نێردراوانی کۆماری ئیسلامی " دەوڵەتی ئوتریش نە راستییەکەی روون کردۆتەوەو نە ئەو هەموو ئامرازانەی دەوڵەتێکی قانوونی لە دەستیدا هەن، بە کاری هێناون تا دادپەروەری بە بێ هیچ کۆسپێك کاری خۆی بکا"، ئەوان داوایان کردبوو ئەم جینایەتە بێ سزا نەمێنێتەوەو ئاکامی لێکۆڵینەوەکان بڵاو بکرێتەوەو رێکخەرانی ئەم تاوانە بە بیروڕای گشتیی بناسێندرێنو بدرێن بە دادگا.

*١٨ی ژوئیەی ١٩٩٠: کاناڵی دووهەمی تەلەفیزیۆنی ئەڵمان لە راپۆرتێکی بەڵگەدار لە بارەی رایەڵکەی تێرۆریستیی ئایەتوڵڵاکان لە ئورووپادا بەشێکی سەرەکیی بۆ تێرۆری دوکتور قاسملووو هاورێیانی تەرخان کرد. بە پێی راپۆرتەکە: تێرۆرەکە بە هەموو وردەکارییەکانییەوە لە پێشەوە بەرنامەی بۆ

دارێژرابوو. ١٤ ئێرانی به پاسپۆرتی سیاسی‌یەوە لە هوتێلی ئێم ئێشتێفانزدۆم (١٨) نیشتە جێ ببوون. ئەوان لە بێرلینەوە هاتبوون و ئەو مەئموورییەتەیان هەبوو کە ئەگەر تیمی تیرۆر سەرکەوتوو نەبوو، ئەوان دەست بە کار بن و کارەکە تەواو بکەن.

* ١٩٩١/٢/٨: خاتوو هێلێن قاسملوو (لە ڕێگای پارێزەرەکەیەوە Manfred weidnger جارێکی دیکە بە ڕەسمی حکوومەتی ئوتریشی تاوانبار کرد و سکاڵای خۆی پێشکەشی دادگای ڤییەن کرد. لە ڕۆژی ١٩٩١/٩/١٥ دادگا وەڵامی نیگەتیڤی پێ دایەوە و تەنانەت داوای بژاردنەوەی هەزینەی کارکردن لەسەر ئەو سکاڵایەی لێ کرد!

○ ١٥ی دیسامبری ١٩٩٥: دادستانی ئەڵمان لە درێژەی کاری دادگای میکونووس دا، ئاگادار بوون لە دەخاڵەت و ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆری ڤییەنی بۆ ڕوونبوونەوە لەسەر تیرۆری میکونووس بە پێویست زانی. هەر بۆیە داوای کرد: ١. حوکمی جەلبی دەزگای قەزایی ئوتریش لەبارەی سەحراروودی، بوزورگیان و مستەفا ئەجوادی لە دادگای میکونووس دا بخوێندرێتەوە. ٢ـ کارناسی پولیس و بەرپرسی بازجوویی پەروەندەی تیرۆری ڤییەن بەناوی "فرانتس ئۆستۆڤێس" وەك شاهید بۆ دادگای میکونووس بانگ بکرێ. (سەفەری بێگەرانەوە، سەلام عەزیزی)

○ ٢٣ی فیوریەی ١٩٩٥: بەرێز ئۆستۆڤێس کارمەندی وەزارەتی نێوخۆی ئۆتریش لە بەشی بەربەرەکانی لەگەڵ تیرۆریزم لە ئیدارەی جینایاتی سیاسی لە دادگای میکونووس دا وەك شاهید ئامادە بووو لەسەر تیرۆری ڤییەن و لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراو لە لایەن پۆلیسی ئوتریشەوە، شیکردنەوەی خۆی خستە ڕوو. (سەفەری بێگەرانەوە، سەلام عەزیزی)

○ ١٤و١٥ی ئوکتوبری ١٩٨٩: بە ئیبتیکاری بنیاتی فرانس لیپرتێ و هاوکاریی ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس یەکەمین کونفرانسی نێونەتەوەیی لەسەر کورد لە شاری پاریس پێك هات. ئەو کونفرانسە کە زیاتر لە دووسەد

شەخسییەتیی بەناوبانگی جیهانی تێی دا بەشدار بوونو بەناوی "کونفرانسی کورد، مافی مرۆڤو کەسایەتی فەرهەنگی ئەوان" ناسرا، بۆ ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدی مەزن دوکتور قاسملووی نەمر، پێشکێش بە یادی ئەو تێکۆشەرە ناسراوە کرا. ("کوردستان" ژ ١٧٣، مای ١٩٩١، بانەمەڕی ١٣٧٠)

○ ٨ی ژوئەنی ١٩٩١: کۆرت والدهایم سەرکۆماری ئوتریش بە سەرۆکایەتیی هەیئەتێکی ئابووری، بازرگانیی ئوتریش بە سەردانێکی ڕەسمی هاتە ئێرانو لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا. پتەو کردنو بەهێز کردنی پێوەندییە ئابووریو بازرگانییەکانی نێوان ئوتریشو ڕێژیمی ئاخوندیو هەوڵدان بۆ ئازاد کردنی ئەو بارمتە ڕۆژئاواییانە کە لە مێژە دیلی دەستی تاقمە تیرۆریستییەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی بوون، گرینگترینی ئەو مەبەستانە بوون کە ناوبراو لەو سەفەرەدا بە دوایان دا دەگەڕا. شایانی باسە لە بەهاری ساڵی ١٣٦٩ (١٩٩٠)دا کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند لەو ماوەیەدا (لە دوای تیرۆری دکتور قاسملۆوە) زیاتر لە سەد پرۆتۆکۆڵی ئابووریو بازرگانی لەگەڵ ئوتریش ئیمزا کراوە. ("کوردستان"، ژ١٧٥، ژوئیەی١٩٩١، پوشپەڕی ١٣٧٠)

○١٥و١٦و١٧ی مارسی ١٩٩١: کۆنفرانسی بەرەسمی ناسینی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا کە لە شاری ستۆکهۆڵم بەڕێوە چوو، لە دوا خاڵی بەیاننامەی خۆیدا ئەم بڕیارەی لەبارەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملووە پەسند کرد:

"کونفرانس بڕیاری دا لە پێوەندی لەگەڵ تیرۆری دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو عەبدوڵڵای قادری نامەیەك بۆ دەوڵەتی ئوتریش بنووسرێو لەو دەوڵەتە داوا بکرێ وەك دەوڵەتێك کە ئەو کارەساتە لە وڵاتەکەیدا قەوماوە، بیروڕای گشتیی جیهانی و خەڵکی کوردستان لە جوزئیاتی تیرۆری دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی کە بە ئاشکرا لەژێر پێنانی ئوسووڵی ئەخلاقیو نێونەتەوەییە، ئاگادار بکا". ("کوردستان"، ژ١٧٢، ئاوریلی ١٩٩١، خاکەلێوەی ١٣٧٠)

○ ٢٧و٢٨ی سێپتامبری ١٩٩١ (٥و٦ی ڕەزبەری ١٣٧٠): کۆنفرانسی نێونەتەوەیی "گەلی کورد، داهاتوویەکی بێ مافی ئینسانی" کە بە سەرپەرستیی گێرهارد شرۆیدەر سەرۆك وەزیری دەوڵەتی ساکسی خواروو لە بۆن پێك هات، لە بڕیارنامەی خۆیدا داوای لە وڵاتی ئوتریش کرد: " لێکۆڵینەوەی خۆی لەبارەی تیرۆری دوکتور قاسملوو، عەبدوڵڵای قادریو دوکتور فازل ڕەسووڵ لە ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩ لە ڤییەن بە دەستی نوێنەرانی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕێوە چوو، تەواو بکاو وێڕای بڵاو کردنەوەی ئاکامەکانی لێکۆڵینەوەکە، پیاو کوژەکان بخاتە بەر تەعقیبی قانوونی. ("کوردستان" ژ١٧٨، ئوکتوبری ١٩٩١، ڕەزبەی ١٣٧٠)

○ ٢١ـ٢٨ی دیسامبری ١٩٩١(٣٠ی سەرماوەز تا ٦ی بەفرانباری ١٣٧٠): کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (کۆنگرەی قاسملوو) یەکێك لە بڕیارە سیاسییەکانی خۆی "بۆ سیاسەتی سەوداگەرانەی ئوتریش" تەرخان کرد. لەو بڕیارەدا پاش ئامازە بەوە کە سەرەڕای رابردنی دووساڵو نیو پاش تیرۆری دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی هێشتا دەوڵەتی ئوتریش ڕێگای نەداوە عامیلانی ئەسلیی ئەو جینایەتە بناسێندرێن، هاتبوو: "کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی قاسملوو لە کاتێك دا سیاسەتی کاسبکارانەی دەوڵەتی ئوتریش لەو پێوەندییەدا مەحکووم دەکا، لە هەموو کۆڕو کۆمەڵە بەشەردۆستەکان داوا دەکا فشاری زیاتر بخەنە سەر ئەو دەوڵەتە بۆ ئەوەی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی بێ پەردەو بە ڕاشکاوی بە دنیا بناسێنێو عامیلانی ئەسڵیی ئەو جینایەتە کە بێجگە لە کاربەدەستانی ڕێژیمی ئاخوندی کەسێك نین، لەقاو بدا". (کوردستان١٨١، ژانویەی ١٩٩٢، بەفرانباری ١٣٧٠)

○ ٢٠ی سیپتامبری ١٩٩٩ (٢٩ی خەرمانانی ١٣٧٨): تۆماس کلیستیل سەرکۆماری ئوتریش بە سەرۆکایەتیی هەیئەتێکی پایە بەرزی دەوڵەتی بە سەردانێکی ڕەسمی گەیشتە ئێران. سەفەری تۆماس کلیستیل بۆ ئێران لە

کاتێـك دا بـوو کـە کۆمـاری ئیسـلامی حـوکمی ئیعـدامی بـۆ چـوار کـەس لـە بەڕێوەبـەرانی خۆپیشـاندانە خوێندکاری‌یـەکان دەرکردبـووو، سـەدان کـەس لـە لاوانـی ئـازادیخوازی ئێـران بـە تۆمـەتی بەشـداری لـە نائارامی‌یـەکانی مـانگی پووشپەڕی تـاران، تـەورێز، ئیسفەهان دا لـە بەندیخانـەکانی ئـەو ڕێژیمـە لەگـەڵ ئازارو ئەشکەنجە بەرەورووو بوون. ئەو سەفەرە بە دوای یادی دەساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو کە لەودا سەدان شەخسییەتی بەناوبانگی سیاسی، زانستی‌و کۆمەڵایـەتی داوایـان لـە دەوڵـەتی ئـوتریش کـرد، پەروەنـدەی ئـەو جینایەتـە وەجەرەیان بکەوێتەوەو عامیلانی بناسێندرێن، ئەنجام درا. هەر بۆیە سەفەری توماس کلیستیل بۆ ئێران لەگەڵ نارەزایەتیی توندی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیون‌و ڕۆژنامـەکانی لایـەنگری ئـازادی‌و مـافی مرۆڤ بـەرەورووو بـوو. لـە دەرەوەی ئـەو وڵاتـەش بێزاریـی کـۆڕو کۆمەڵـەکانی پـارێزەری ئاشـتی‌و دیمۆکراسـیی بـۆ لای خۆی ڕاکێشا. ("کوردستان" ٢٧٥، خەرمانانی ١٣٧٨)

○٣١ی ژوئیـەی ٢٠٠٣: دوکتـور مانفرێـد وایـدینگێر وەکیلـی ئوتریشـیی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران بـۆ پەروەنـدەی تـیروری دوکتـور قـاسملوو، بێ‌سـەرو شـوێن کـرا. تـەرمی ئـەو پـارێزەرە ڕۆژی ١٣ی سـێپتامبری ٢٠٠٣ پاش مانگێك‌و٣ ڕۆژ لە بێ‌سەرو شوێن بوونی لە دارستانێك لە دەرەوەی ڤیەن دۆزرایەوە. (کوردستان، ژمارە ٣٧٤، ٧ی ئوکتۆبری ٢٠٠٣)

○ ٢ی ژوئیـەی ٢٠٠٥: ڕۆژنامـەی ئوتریشـیی "دێر ستاندارد" مـەحموودی ئەحمـەدی نـژاد، سـەرکۆماری تـازە هەڵبـژێردراوی ئێرانـی بـە دەسـتەبوون لـە تـیرۆری دوکتـور قـاسملوو دا تاوانبـار کـرد. پیتێـر پلیـتس وتەبێـژی حیزبـی سـەوزەکانی ئـوتریش‌و نووسـەری کتێبـی "*ئیسـکۆرت بـەرەو تـاران*" هێنـدێك بەڵگەنامەی خستنە روو کە نیشانیان دەدا ئەحمەدی نژاد لە تیرۆری دوکتور قاسملوو دا دەستی هەبووە. (کوردستان، ژمارە ٤١٦، ١٥ی پووشپەڕی ١٣٨٤)

○ ١٤ی پووشـــپەڕی ١٣٨٤ (٥ی ژوئیـــەی ٢٠٠٥) بەڕێوەبـــەری گشـــتیی وەزارەتـی دەرەوەی ئێـران، سـەفیری ئـوتریش لـە تـارانی بـانگ کـردو بـە توندی

دژی تاوانبار کردنی ئەحمەدی نژاد بە دەستەبوون لە تیرۆری دوکتور قاسملوو دا ناڕەزایەتی دەربڕی و داوای ڕوونکردنەوەی کرد. (کوردستان، ژماره ٤١٦، ١٥ی پووشپەڕی ١٣٨٤)

**پەڕاوێز:**

□ ئەو زانیاریيانەی ئەم نیشانەیان لەسەره له پوختەی کتێبەکەی دوکتور پیترپیلتز "ئیسکۆرت بەرەو تاران" وەرگیراون که به زمانی کوردی ئامادە کراوه.

* ئەو زانیاریيانەی ئەم نیشانەیان لەسەره له نووسینێکی خاتوو هێلێن کرۆلیش (قاسملوو) که شەیدا نەبەوی کردوویه به فارسی و له ژێر ناوی "معمای قاسملو" له ژماره ١٨، زستانی ١٣٦٩ی گۆڤاری "چشم انداز"دا بلاو بۆتەوه، وەرگیراون.

○ ئەو زانیاریيانەی ئەم نیشانەیان لەسەره، سەرچاوەکەیان له تەنیشت خۆیان نووسراوه.

---

له ژماره٤١٧ی"کوردستان"٣١ی پووشپەڕی ١٣٨٤ دا بلاو بۆتەوه.


# ئەلبۆمی کتێب







چەند وێنەیەك
لەسەردەمی
لاوەتیی دوكتور
قاسملوو
وێنەی یەكەم
دوكتور قاسملوو
لەگەڵ نەسرین
(هێلێن) قاسملووی
هاوسەری دا





دوکتور قاسملوو لە دەیەی ٨٠ی زایینی دا



دوکتور قاسملوو و نەسرین خانمی هاوسەری



دوکتور قاسملوو و لەگەڵ مام جەلال دا (کۆنگرەی ٦ی حیزب، گەڵاڵە،
ڕێبەندانی١٣٦٢ (ژانویەی١٩٨٤)






کۆنگرەی حەوتەمی حیزب، کانی مێو، سەرماوەزی ١٣٦٤ (١٩٨٥)



دوکتور قاسملوو لەگەڵ محەممەد حەسەنپوور و خوالێخۆشبوو سەید ڕەسووڵ دێهقان




دوکتور قاسملوو له زەماوەندی هاوڕێیان نەسرین حەدادو محەممەد حەسەنپووردا




دوکتور قاسملوو له کۆنفرانسێکی چاپەمەنی دا، پاریس، ١٩٨٧




گەورە دێ، زستانی ١٣٦٢ (١٩٨٤)



کانی مێو، کۆتایی سەرماوەزی ١٣٦٤



ساتێک له ژیانی ڕێبەرێک



کۆبوونەوە لەگەڵ پێشمەرگەکانی  هێزی کێلەشین، مامەخەتیب، بەهاری ١٣٦٧



شەهید دوکتور قاسملوو و عەبدوڵڵا قادری ئازەر لە کۆنفرانسێکی چاپەمەنی دا




هاوڕێیان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادەو کاک حەسەن شەرەفی، ئەنستیتۆی کورد لە پاریس، ژوئیەی ١٩٨٩، (کاتی دوا ماڵئاوایی لە شەهیدەکان)



١٩٨٩، بەرەو گۆڕستانی پێرلاشێز، *لە ڕاستەوە:* میشێل بۆنۆ، بێرنارد کۆشنێر، لیونێل ژۆسپەن، کەندالْ نزان.



مادام میتران لە مەراسمی ١٠ ساڵەی تیرۆری د.شەرەفکەندیو هاوڕێیانی دا، پاریس، ٢٠٠٢



د.کوشنێر لە کاتی وتار پێشکەش کردن لەسەر گڵکۆی شەهیدان، پێرلاشێز



ڕێوڕەسمێك بۆ ١٠ ساڵەی تیرۆری د.قاسملوو و هاوڕێیانی ـ ستۆکهۆڵم، سوئێد



خاتوو هێلێن قاسملوو



د. عەلیرەزا نووریزادە



شەهیدان د. قاسملوو و عەبدوڵڵا قادری ئازەر




د. مارك كراویتیز



پیتێر پلیتز



د. هاینس فیشێر



کریس کۆچێرا



مانفرێد وایدینگێڕ







پێرلاشێز، گڵگۆی ڕێبەری شەهید د. قاسملوو